# گەلاوێژی نوێ

**گۆڤارێکی ئەدەبی و روناکبیرییە بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ دەری دەکات**

41

Email:
galawezhinwe@yahoo.com

www.madaneat.org

**ناونیشان**
کوردستانی عێراق- سلێمانی گردی عەلی ناجی
بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ

(تەلەفون: 2134498 میدیا تیلیکوم)

**نەخشەسازی کۆمپیوتەر:**
یادگار عبدالله حمە مستەفا

**پیتچن**
سەلاحەدین عوسمان

**سەرنووسەر**
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**سکرتێری نووسین**
بەیاد عبدالقادر

**دەستەی نووسین**
سامی هادی – ئاوات حەسەن ئەمین
فەرەیدون پێنجوێنی - ئەحمەد ڕەزا
بەختیار سەعید

**مۆتیڤ**
ڕێبوار سەعید

ئەیلول
2006

# لەم ژمارەیەدا

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئەدەبی پۆست مۆدێرن | ساڵەح سوزەنی | 5 |
| گۆڕانی توانای کار | د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی | 9 |
| ماتماتیکی زمانی هۆنراوەی کوردی | فوئاد عەبدول رەحمان | 26 |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| داو | حوسێن شێریەگی | 34 |
| کۆیلە | ئەمین گەیلانی | 39 |
| گڕناڵە شاخێك | سەلام مەنمی | 42 |
| کاتیا | و: هۆمەن مەردانی | 44 |
| چەپکە ژمارەیەك لەتێڕا مان | رۆژ هەڵەبجەیی | 49 |
| رەوینەوەی گومان لەساتێکی وەنەوشەیدا | هەڤاڵ کەمال عەلی | 53 |
| ماڵئاوایی | سوارە قەڵادزێیی | 56 |
| فێرم بکە لەوێڕا چۆن بێمەوە | ئاوێزان نوری | 64 |


## هەڤپەیڤین


| | | |
|---|---|---|
| هەڤپەیڤین لەگەڵ شتراوس – دا | یاسین فەقێ سەعید | 68 |


## دۆسیە


| | | |
|---|---|---|
| دۆسیەی سۆزان سۆنتاگ | محێدین مەحمود | 87 |

## ڕاگەیاندن

بەدخویی — بەهات حەسیب قەرەداغی — 112

## ڕەخەی سینەمایی

کیسەڵەکان دەفڕن — هیوا محەمەد ئەمین — 117

## خوێندنەوەی کتێب

کۆدی داڤنشی — هیشام تاهیر — 122

## دۆسیە

دۆسیەی جەزا بەکر — بەختیار سەعید — 128

## کەوانە

گەلەری ئارام سەنتەرێك بۆشێوەکاران — بەختیار سەعید — 168
ڕۆشنبیرانی بێ غیرەت — ئا: فەرەیدون پێنجوێنی — 173
دانەرو پەیوەندی بەدەقە ئەدەبییەکانەوە — عەبدول خالید سابیر — 177
لۆرکا — و: تەبا — 181
ئیتالو کالفینۆو نووسین لەناوەوە — و: ئاوات حەسەن — 184
ئەسیری لەنامەکەیدا — فەیسەڵ هەمەوەندی — 190
نیکۆڵ کرۆس — و: ئازیز — 195
ئەدرێۆ — و: گەیلان محەمەد — 201

«گەلاوێژی نوێ»

# سپێده

سنوقی گەشەکردنی رۆشنبیری، ئەمە ناوی دەزگایەك، یا کۆمەڵەیەکی رۆشنبیرییە، رەنگە هەر لە ناوەکەوە، بێ خوێندنەوەی پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆیشیەوە، یەکسەر هەندێك لە ئامانجی بزانیت.

بۆ ساڵێك دەچێت لە عێراقدا سنوقی گەشەکردنی رۆشنبیری دامەزراوە، لە چەندین وڵاتی تریشدا هەر بەم ناوە یان چەندین ناوی تر سنوقی گەشەسەندنی رۆشنبیری هەیە. دیارە ئامانجی سنوقێکی وەها خزمەتکردنی ئەدیبان‌و رۆشنبیران‌و بزوتنەوەی ئەدەبی‌و رۆشنبیرییە. چ بەوەی کۆمەکی مادییان بکات یان سلفەیان بداتێ یان چارەسەرکردنی ئەدیبان‌و رۆشنبیران بگرێتە ئەستۆ.

لە هەندێك وڵاتدا بەخشش بەوانە ئەدات کە پڕۆژەیەکی ئەدەبی‌و رۆشنبیرییان هەیە، یا ئەیانەوێ کتێبێك چاپبکەن.

سنوقێکی لەم جۆرە لە هەموو کات‌و ئانێکدا دابمەزرێت بەرهەمێکی چاك دەبێت‌و سوودیشی زۆر دەبێت.

ئێمە ناڵێین لە دەرەوەی چاوچێوەیەکی لەم چەشنەدا هیچ یارمەتی ئەدیبان‌و نوسەران نەدراوە، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بێت، یا دەستکورتی، یا جێبەجێکردنی پڕۆژە یا چاپکردنی کتێب بێت، بەڵام هەوڵ‌و یارمەتییەکان بەپێی بەرنامەیەکی دروست رێکنەخراون. جاری وا هەیە یەك دوو ئەدیبێك یا چەند هونەرمەندێك یارمەتی دەدرێن‌و چارەسەردەکرێن، بەڵام دەیەهای تر فەرامۆش دەکرێن چونکە دەستیان ناگاتە شوێنی مەبەست، هەر بەم شێوەیەش چەندەها پڕۆژەی رۆشنبیری ئەدیبانی تر فەرامۆش دەکرێت، بەڵام ئەگەر بێت‌و سنوقێکی رۆشنبیری هەبێت ئەو کات پێویست ناکات نوسەر لە دەرگای تاك بدات، چونکە کۆمەڵێك خاڵ‌و مەرج دەبێت تا لەسەری بڕۆین‌و یارمەتی نوسەرانی پێبدەین.

دەکرێ دامەزراندنی سنوقێکی رۆشنبیری لە چوارچێوەی دەزگایەکی رۆشنبیریدا بێت‌و بە باشی سەرپەرشتی بکات، یا دەکرێ سەربەخۆ بێت‌و من ئەمەی دووەمیان بە باشترو چاکتر دەزانم.

سەرنوسەر

# ئەدەبی پۆست مۆدێرن سەرهەڵدانێکی تر...

**ساڵح سوزەنی**

فێردمورا مارکۆ یەکێ لەهۆیەکانی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرن لەئەدەبدا بە کێشەی نێوان دەقی شیعری و رۆمان /چیرۆک/ دادەنێ ودەڵێ کە خوێنەری شیعر لە ئەمریکادا کەمەو بە پێچەوانە رۆمان زۆر دەخوێندرێتەوە هەر بۆیە زۆر لەنووسەران هەوڵی نزیکخستنەوەی تایبەتمەندی یەکانی شیعر و رۆمانیان داوە،

«کاردانەوەی شەڕی سارد و گەرمی دوو جەمسەری دەسەڵاتی جیهانی...ڤیتنام...تروورگەلی سیاسی/رامیاری/ واتێرگیت، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی ماف شارستانی /مەدەنی/ چوون بۆمانگ، قەیرانی ئنرژی و.. لە سەرروناکبیران /شاعیران ونووسەران/ دوو جۆربوو:

یەکەم ئەو ئەدیبانەی کە سەرنجیان دایە ئاڵ وگۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو رووداوە ترسهێنەرانە «نورمەن میلێر»،«ئالێن گینزبۆرگ» «ئاردیان ریچ» «جان دیدبۆن» توێنەرانی ئەو گرووپەن..

دووهەم ئەو ئەدیبانەی کە سەرنجیان دایە لایەنی ئاڵو گۆڕی فەلسەفی– ستاتیکیای هونەر «جان بارت»«جان ئاشبری» دانێلد بارتێڵمی، چارلزئولسۆن/ لەبەرهەمەکانی



دوایی‌دا/ هەر وەها زۆرنووسەری‌تر وەك «کێرك وانەگات»تامس پینچن«رابێرت کووپ» «ئادۆران»یش لە هەر دوو بەرەدا کاریان دەکرد...تێکەڵ بوونی عیلاقاتی کومەڵایەتی وستاتیکی بووە هۆی سەرهەڵدانی ژانرێکی‌تری ئەدەبی کە بە ناوی ئەدەبی پۆست مۆدێرن سەری هەڵدا و تایبەتمەندیەکانی شیعر «کە لە

ئەمریکادا خوێنەری کەم بوو/ و ڕۆمانی /کە لەئەمریکا زۆردەخوێندراوە/ لە یەکدی نزیک خستەوە» ئەگەرلە هێندی وردکاریتر چاوپۆشیبکەین دەتوانین ڕێکەوتی سەرهەڵدانی ئەدەبی پەسامودێرن بە وردی دیاری بکەین، سالی1956 زاێینی واتە ئەوساڵەی کە«ئالێن ..بۆرگ» کۆمەڵە شیعری «لوورە»ی بلاوکردەوە شیعری پۆست مۆدێرن لەدایك بوو. هەروەها لە سالی 1957 واتە ئەو ساڵەی کە «جەك کێرواك» ڕۆمانی «لەجادە»دای بلاو کردەوە، ڕۆمانی پەسامۆدێرن تێکەلاوی ئەدەبی سەردەم بوو.

بەرهەمە شیعرییەکانی «ئالێن..بۆرگ» و نووسراوەکانی «جەك کێرواك»لە لایەن زۆرێ لە ڕەخنەگرانەوە درانە بەر پلاری دژایەتی، بەتایبەت لە لایەن ناوەندە ئەدەبی-ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کاتە کەخۆیان بە پارێزەری ئەدەبی مۆدێرن ئەزانی..، ئەو دەقانەی بۆرگ وجەك کێرواك بلاویان کردەوە، جەخت کردنی دووبارەبوو لەسەرخودی/self/ خاوەن ئەزموون، وەك سەرچاوە و کەرەسەی بەرهەمەکانیان /پیشتریش «تامس ولف» و ویلیام کارلۆس و ویلیازمز تئودێر رووتکە هەولی زۆریان دابوو کە ئەو باسە بسەلمێنن، هەر بۆیە بەرهەمەکانیان لە دەرەوەی ستاتیکیای مۆدێرنیستییەوە دەستنیشان دەکرا. ئەو کاتە ئالاهەلگرانیئەدەبی مۆدێرن ئەمانە بوون، تی.اس.ئلیووت، ئیزراپاوند، جیمزجۆیس،والاس ئستیونس،...

بە پێچەوانەی مودێرنیستەکان کە پایان لەسەر ریوایە و کەنایە و مێژوو داگرتبوو کێرواك و بۆرگ گەڕانەوە سەر ئەو ڕۆمانسیسمەی کەماوەیەکی زۆروەك مانگ چووبوە ژێر هەور و لەناکاودا لاپەڕە ئەدەبییەکانیان داچلەکاند و درەوشانەوەیەکی تریان دەست پێکرد. سالی 1960 ئەو دوانە لە هەلبژاردەی شیعری نوێی ئەمریکی/دانێلدئالێن/دا راوبۆچوونێکی سەیریان دەربڕی،بە پێی ئەو بەیاننامە «خێرایی» /سرعت/ و خۆهەژاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەریدا دەوری دەگێرا وەدەچوونە جێگەی شێوەی بەئاگا و هەلبژاردەی پاوند و ئلیووت لە شیعرداوجوێس وهمینگوێی لە چیرۆکا...

کێرواك لەو کتێبەدا ئەنووسێ: «مۆسیقا/کێش/ چۆنیەتی بڕیاردانی ئێوە بۆدەربرینی خێراخێرای دێرەکانتان دیاری دەکا. هەرچەند ئەوشیعرەتایبەتمەندی و یاسای دیاری کراوی شیعری هەبێ یان لە قالبی پەخشاندا نووسرابێ ...رواڵەتی/شکل/ نووسینی دێرەکان، شۆرشی بێسەروبەری چیرۆکەشیعر یان پەخشانی شاعیرانەیە، کە لە دێری کۆتاییدا دووپات بوونەوەمان بیردەخاتەوە /تەداعی/»

بێگۆمان ئەومانیفێستە ئەدەبییە لە خۆوێژی/خۆژەنی/ مۆسیقای«جاز»ەوە سەرچاوەی گرتووە.. جان کێرواکJaekkerovac لە کەڵە مۆسیقاژەنی جاز /ساکسیفۆن ژەنی بەناوبانگ/ ئالتۆ چارلی پاگێرئیلهامی وەرگرتووە بێرگیش لە یاداشتەکانی ئەو کتێبەدا ئامارە دەکاتە پێوەندی نزیکی شیعروپەخشان و موسیقاو ئەو شێوانەی کە لە نووسنی«لوورە »دا کەلکی لێوەرگرتووە،

هەموو بەشی سەرەتایی شیعرەکە لە نیوەرۆیەکدا ساز بوو ... کاتێ کە سەرقالی تماشای فیلمێکیکومێدیکلاسیكبووم بەمۆسیقای جازەوە..فەزایەکی گێلگەوجانە و«ئابسترە»ی هەبوو... جوانی وێنەکان بەهۆی بێ مەنتیق بوونیانەوە بوو، بۆوەی زێهن هیچ هەولێکی نەدابوو ئەو وێنانە بخاتە یەك و پێوەندییان بۆ سازکا...»

جاك کێرواك دەلێ کە: «جادە»م ئەوەندە بەپەلە تایپکرد کە مۆلەتی گۆرینی کاغەزەکانم نەبوو... ئەم جۆرە نووسینە بە پەلا و بێ راوەستانە، لەسەریەك،تا دە ڕۆژان درێژەی هەبوو...» هەر بەو بۆنەشەوە ترۆمنکاپووتە» دێڕە بەناوبانگەکەی خۆی نووسی ، «ئەمە ئیتر نووسین نیە، تایپ کردنە»

هەرچەند بەرهەمەکانی بێرگ و کێرواك لە لایەن خوێندکارانی زۆرەرە پەسەنداکرا و

سەرکەوتنێکی باشیان وەدوست هێنا بەڵام ئەوە بەرهەمەکانی "ویلیام بارۆز" بوو کە لە کۆتایی پەنجا وشەستەکانا ئەدەبی ئەمەریکی ئێجگار کەوتە ژێر کار دانەوەی بەرهەمەکانییەوە. ئەو زمانی لە کۆت و بەندی سوننەتی رزگار کرد و بۆ یەکەمجار دژیە کردەوەی ساختەچیانەی نووسەرانی هاوسەدەی خۆی، لە تکنیکی تیکە تیکە کردن /cui-up/ کەلکی وەرگرت. لەو چەشنە نووسینەدا شادێرەکانی شیعر و پەخشان و بەڵگە ئەدەبییەکانی پێشوو کۆلاژ /تێکەڵ/ دەبوون و بەرهەمێکی ئەدەبی پێ سازدەکرا...

بارۆز بەوتێکەڵاو کردنە شەمەنەفەری بە پرتاوی ناوا /1965/" بلیتێ کە تەقیەوە /1967/ نەرمە ماشین/1965/و.. چیرۆکگەلێکی زۆری نووسییەوە... هەروەها ئەو لەگەڵ برێون گیش دەقە ئەدەبییەکانی پێشووی لەدەقێکی نوێدا کۆکردەوە و هەوڵیاندا کە ئەو کارگەلە ئاسایی بنوێنن، هەرچەند ئەو چەشنە بەرهەمانە لەرووی کاری دادائیستەکانەوە بوو لەسەدەی بیستدا، بەڵام ئەوان ئەوەشیان پێزیادکرد کە نووسەر قۆپیەکاری وشەیە و وشەکان پێکەوە مونتاژ دەکەن

ئیهابحەسەن پەیوەندییەکی گرینگ دەخاتە نیوان بەرهەمە ئاوانگارد /پیشرو/ەکانی بارۆز و تایبەتمەندی پارودیک/بەرەونەمان/ی زمانی لە رۆمانە پاشمۆدێرنەکانا. ئەو ئاماژەدەکاتە بەرهەمی نووسەرانی پۆست مۆدێرنی وەك جان بارت وتامس پینچن– دانێلد بارتێلمی– رابێرت کوور–روودۆلف–ویێرلیتزێر و رونالد سۆکە و دەڵێ" ئەم نووسەرانە حەزیان لەو بۆچوونە /لەبەرهەمەکانی بارۆزدا/ نەکردوە کە دەبێ جیهان بسرینەوەو نەیهێڵین یا حەز بکەین لە ناسینی ئەو سرینەوەیە..ئەوان هەروەها ئەو بۆچوونەی بارۆزیان پەسەند نەدەکرد کە سازکردنەوەی جیهان بوو لە قالبێکی/چوارچێوە/ ئابسۆرد و رووبە زەواڵ و تاقەکە سیدا..

پسپۆریکی تری زیبازیی ئەدەبی پۆست مودێرن لە ئەمریکادا چارلزئولسنە کە پشتیبانێکی جێیبڕوابوو بۆ نوسەران و هونەرمەندانی نوێخواز لە پەنجاکاندا.. چارلز لەساڵی1950دا وتارێکی سەبارت بەشێعر بڵاوکردەوە ..کاتی ئەو وتارە دوای چەند ساڵ لە هەڵبژاردەکانی ئالێن‌دا بڵاو کرایەوە سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی راکێشا و بەپیریەوە چوون. بەیاننامە ئەدەبییەکەی ئوڵسن باوەکوو لە رووی ناوەرۆکەوە لە نووسراوەکانی گینزبێرگ و کێرواك ئەچوو بەڵام جەم و جۆرتر ورۆشنبیرانەتر ئەینواند، ئۆڵسن پای لەسەر ئەوە داگرتبوو کە «دەنگی نووسەر لە نەفسییەوە دێ» ئوڵسن پەرەی دایە ئەو ژانێرەی کە بۆخۆی «فورمی ئازاد»ی ناو نابوو... مەبەستی ئولسۆن لەو ناوە ئەوە بوو کە نووسەر لە کاتی نووسین‌دا پشت نەبەستێ بەهیچ بینا و ناوەرۆکێکی دیاری کراوەوە... بەڵکوو دەبێ ناوەرۆك و بنەما/ساختار/ لە کاتی نووسین‌دا پێکبێ. ئەو هەروەها ئاماژە دەکاتە شیعرەکانی رابێرت کریلی و ئەڵێ،« فۆرم چشتێ نیە جگە لە گەشەی ناوەرۆك»... دیسان چیرۆکەکانی ئدوارد داڵبرگ دەستنیشان دەکا و دەڵێ: ئەوەی وەردەگیرێ /دریافت/ دەبێ راستەوخۆ و بەخێرایی ببێتەوە بە گرتنێکی‌دی..»

ئەم بنەما نەزەری‌یە، بووە هۆی ئەوەی کە زوریێ لە نووسەرانی نوێخواز بە شێوەی راستەوخو لە ساڵی 1960 بە دوا وەدووی کەون و سەریێ لە نێو سەرانا هەڵێنن.. ئەو سەرهەڵدانەش بە دوو شێوەی دژبەیەك هاتنە ئاراوە"

لە لایەکەوە سووربوون لەسەر لایەنی نەست و خودی‌نووسەر/ego/ و دواجار رەوانناسی تاك کە دەبووە هۆی گەشە و کرانەوەی دەروونی و زێهنی پر لە ئاژاوەی نووسەر.. نموونەیەکی بەناوبانگی ئەم چەشنە خوێندنەوە«ژیان»ی رابێرت لاول» بوو کە لە ساڵی 1959 دا بڵاو کرایەوە و بووە هۆی باو بوونی شیعری ئێعتراف / confessional poetry/ لەناو رەخنەگرەکانا...

ئەو تەعبیرە /ئیستلاح/ بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرانەی دەگرتەوە کە بە شێوەی نائاگا دەروونی شاردراوەی خۆیان دەرئەبڕی.. ئەو ناوە، جگە لەوەی سوننەتی تۆبە و گوناح لە ئایینی کاتۆلیکدا وەبیردەخاتەوە، ناوی گۆڤارێکی جەماوەر پەسەندی/ئیعتراف حەقیقی/ش بوو... لەم شێوەدا شاعیر هەموو کردەوەو گوناحەکانی خوی دەهاوردە سەر کاغەز و ترسێکی لە ئاشکرابوونی دەروونی خوی نەبوو... ئەم چەشنە نووسینە بەرەبەرە هاتە ناو چیرۆك و رۆمانیشەوە...
هەر لەو ساڵەدا «نورمەن میلێر» پروپاگەندە بۆخۆمی بڵاوکردەوە... کتێبێکی بێ وێنە کە نەدەچوە هیچ خانەیەکی دیاری کراوەوە.. لەو کتێبەدا «میلێر» هەموو نەهێنی و خواستە دەروونییەکانی خۆی../ لە هەستی خۆیەوە بەرامبەر رەخنەگرەکان، تا حەز بە تووڕەیی و زۆربێژی و غەرق بوون لە جیهانی رۆماندا دەگێڕێتەوە.. رۆمانی ئیعتراف راستەوخۆ، بەورۆمانەی نورمەن میلرەوە بوو بە باو،... هەرچەندە لە دەهەکانی 1960 ـ 1970 دا رۆمانگەلێکی‌تری لەو چەشنە نووسران، «دەنگی ناحەزی زەنگ»ی سیلۆیاپلاس» شکایەتی ..
فلیپ راس و... لەو رۆمانەدا تابۆی کەسایەتی ساز کردن دەشکێ و نووسەر بە بێ ئەوە هەست بە شەرم بکا، زۆربە روونی خوێندنەوە و لێکۆلینەوە دەکا لە رۆحی خۆی ...
لەرۆمانی پۆستمودێرندا گەڕانەوە بۆناوخۆ/self refrentialit/ تایبەتمەندییەکی سەرەکیبوو کە لە ناو نووسەراندا پەرەیسەند، هەرچەند دواجار زۆر لە نووسەرانیش گاڵتەیان پێکرد.
نموونەیەکی بەرچاوی کارکردی ئەو گاڵتە پێ کردنە« سپی بەفرین»ی دانێڵد بارتێلمی»ە بارتێلمی پرسیار نامەیەك دەخاتە بەرچاو خوێنەران و داوایان لێدەکا کەسایەتی ناو رۆمانەکە هەڵسەنگێنن، بۆ وێنە لە سەرەتای رومانەکەدا ژیانی جان بارت دادەبەزێنێ و زۆر بچووك دەینوێنێ، « چ زەجرێکی گەورەیە دەستپێکردنی چیرۆکێکی‌تر.. چیرۆکێکی‌تر سەبارەت بە چیرۆکنووسێ کە ئەیەوێ چیرۆك بنووسێ، رۆچوونێکی‌تر!» / لە رۆمانی کوردیدا باڵندەکانی دەم با بەئاشکرا جێ‌پەنجەی ئەم بۆچوونەی لە سەرە/
بەڵام مامۆستای گەڕانەوە بۆ ناوخۆ و دەروون، نابـاکۆفە، pale fire کتێبێە کەهەموو چوارچێوە و رواڵەتە سوننەتییەکانی رومان تێك دەشکێنی و هەڵیاندەوەشێنێتەوە،
ئەو کتێبە بە پێشەکی‌یەك دەست پێدەکا و ئینجا 999 شیعر دێنێتەوە و دواجار 16 لاپەڕە سەبارەت بەو شیعرانە ئەدوێ و 10 لاپەڕەش سەبارەت بە ناوەرۆکە...
بەم جۆرە ئەوەی کە سەدان ساڵ لە سەر ئەدەب گوترابوو یان هاتبووە نووسین.. هەڵوەشایەوە.......

# گۆڕانی توانای کار

د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

ئەم باسە لەساڵی (1991)دا نووسراوەو لە ساڵی (1993) دا رەزامەندیی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوەو لە رووی زانستییەوە لەلایەن توێژەران و خوێندکارانی ماستەرو دکتۆراوە، سوودی لێ بینراوەو دەبینرێت، بە پێویستم زانی کە لەم گۆڤارە خۆشەویستەدا بڵاوی بکەمەوە.

فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

نیسانی 2006

1-سەرەتا:

مەبەست لە گۆڕانی توانای کار بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی هێزی کارە لە نێوان تێپەڕی و تێنەپەڕیدا. هۆی ئەم گۆڕانەش زیادکردنی مۆرفیمی ترە بۆ چاوگێکی کار تێپەڕ یان کار تێنەپەڕ.

ئەگەر (اندن) وەك مۆرفیمێك بۆی هەبێت چاوگێکی کار تێنەپەڕ بکات بە چاوگێکی کار تێپەڕ، ئەوا مۆرفیمی تر هەن کە دەچنە سەر چاوگی کار تێنەپەڕو دەیانکەن بە چاوگی کارتێپەڕو لە ئەنجامدا دەبنە هۆی گۆڕانی واتای چاوگە سەرەکییەکان و واتای نوێیان پێ دەبەخشن، ئەم گۆڕانی واتایەش دوای گەردانکردنی چاوگ دەشێت توانای کار بگۆڕێت و لە باتی ئەوەی کارەکە یەك بۆشایی لە پێش خۆیەوە بەجێبهێڵێت، بە هۆی زیادکردنی مۆرفیمێك یان زیاترەوە وای لێبێت کە پێویستیی بە دوو بۆشایی هەبێت کە بۆشایی بکەرو بەرکارە.

بە پێچەوانەی (اندن)ـەوە کە مۆرفیمی هێزەو چاوگی کارتێنەپەڕ دەکات بە کارتێپەڕ، مۆرفیمی (ر) کە نیشانەی نادیارییەو کار لە بکەر دیارەوە دەکات بە بکەر نادیار، مۆرفیمی بێهێزکردنی کارەو تەنیا یەك بۆشایی لە پێش کارەوە دەهێڵێتەوە. جگە لە مۆرفیمی (ر)یش مۆرفیمی تر هەیە کە دەچێتە سەر چاوگی کارتێپەرو دەیکات بە چاوگی کار تێنەپەڕ.

ڕێگەیەکی تری گۆڕینی توانای کار، زیادکردنی کارێکی یاریدەدەری تێپەڕ یان تێنەپەرە بۆ چاوگی ئەو کارەی دەمانەوێت توانا یان هێزی بگۆڕین، جا لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ بێت یاخود بە پێچەوانەوە، ئەو کارانەش بریتین لە (هاتن، کەوتن) بۆ تێنەپەڕ و (هێنان، خستن، کردن) بۆ تێپەڕ.

بەشەکانی داهاتووی ئەم باسە دەربارەی بابەتی بەهێزکردن و بێهێزکردنی کارە یان گۆڕانی توانای کارە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەرو بە پێچەوانەوە. هەر بۆیە باسەکەشمان بە پێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕۆنانی کارەکەدا دێت بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە:

-گۆڕانی توانای کار بە هۆی (اندن)ـەوە.

-گۆڕانی توانای کار بە هۆی مۆرفیمی نادیارییەوە.

-گۆڕانی توانای کار بە هۆی کارێکی یاریدەدەرەوە.

-گۆڕانی توانای کار بە هۆی پێشگرەوە.

-گۆڕانی توانای کار بە هۆی گۆڕینییەوە بۆ کارێکی لێکدراو.

2-گۆڕانی توانای کار بە هۆی پاشگری (اندن)ـەوە:

بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی کە لەسەر کارو چاوگیان نووسیوە باسی چۆنیەتیی گۆڕینی کار یان چاوگی تێنەپەریان کردووە بۆ کارو چاوگی تێپەڕ. سەرنجدانی ئەو سەرچاوانەی کە باسی (اندن)یان کردووە، دەریدەخات کە هەندێکیان وەك پاشگری (اندن) ناویان هێناوەو چاوگی تێپەریان پێ دروستکردووە، دوای ئەوە گەردانیان کردووەو کەرەستەی پێویستی تریان لێ ئەنجامداوە. هەندێکی تریش لەو سەرچاوانە بە پێی گۆڕانی نیشانەی چاوگ یان گۆڕانی کات و سروشتی کارەکان، (اندن)یان بە شێوەی جیاجیا نووسیوەو باسکردووە. بۆ نموونە: نوری عەلی ئەمین لە دوو سەرچاوەدا[1] بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئەم پاشگرە دەکات:

1-دن: چاوگی ئەلفی تێنەپەڕی پێ دەکات بە تێپەڕ، وەك:

خشان: خشاندن، قرتان: قرتاندن..هتد.

2–اندن: چاوگی یائی و تائی تێنەپەڕی پێ دەکات بە تێپەڕ، وەك:

فڕین: فڕاندن، خەوتن: خەواندن،..هتد.

3–ند: کاری تێنەپەڕی چاوگی ئەلفی پێ دەکات بە تێپەڕ، وەك:

ئاوەکە شڵەقا: ئاوەکەم شڵەقاند،..هتد.

4–اند: کاری تێنەپەڕی چاوگی دالی و تائی و یائی پێ دەکات بە تێپەڕ، وەك:

منداڵەکە خەوت: خەو: منداڵەکەم خەواند.

گەڵاکە وەری: وەر: گەڵاکەم وەراند.

منداڵەکە مرد: مر: منداڵەکەت مراند.

5–ێن: کاری رانەبردوو فەرمانی تێپەڕی پێ دەکات بە تێپەڕ، وەك:

سەگەکە ئەوەڕێ: (وەڕین) سەگەکە ئەوەڕێنم.

پەیژەکە ئەشکێ: (شکێن) پەیژەکە ئەشکێنم.

دارا: (بخەوە): (خەوێن) دارا بخەوێنە.

د.پاکیزە رەفیق حیلمی لە باسێکیدا[2] دوای ئەوەی کە پێناسەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەکات و روونیان دەکاتەوە، تەنیا باسی مۆرفیمی (اند) دەکات و بە مۆرفیمی هێزی دادەنێت و وەك ناوبەندێك (ناوگر) لەم نموونانەی خوارەوەدا دەینووسێت:

سووتا + اند + ی = سووتاندی.

خنکا + اند + ی = خنکاندنی.

جووڵا + اند + ی = جووڵاندی.

رووخا + اند + ی = رووخاندی.

د.نەسرین فەخری[3] زیادکردنی (اند) بە تەنیا بنکە دادەنێت بۆ گۆڕینی چاوگی کارتێنەپەڕ بۆ چاوگی کارتێپەڕو هەروەها بە تەنیا پاشگری دادەنێت بۆ دروستکردنی کاری تێپەڕی سادە[4] لە تێنەپەڕەوەو رای وایە کە هەر پاشگرێکی تر کەوتە بەرچاو پاشگرێکی سەربەخۆ نییەو بریتییە لە تێکدانی شێوەی ئەم پاشگرە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو وشانەدا کە پێیانەوە دەلکێت[5].

عەمید ئەحمد حەسەن-یش لە باسێکیدا( ) کە دەربارەی پێشگرو پاشگرە، تەنیا وەك (اند) باسی دەکات و چەند دەستوورێك بۆ دروستکردنی کاری تێپەڕ بە هۆی ئەم پاشگرەوە سازدەکات.

مستەفا خورەم دڵ لە کتێبی (صرف دستور زبان کردی سورانی) دا( ) بە لابردنی نوونی چاوگ و (پیتی) پێش نوون لە چاوگە تێنەپەڕەکەو زیادکردنی پاشگری (اندن) چاوگی تێپەڕ دروستدەکات و ئەم نوونانەش دەنووسێت:

مردن: مراندن، کەوتن: کەواندن، پسان: پساندن

لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد لە کتێبی ئاخاوتنی کوردیدا( ) بە شێوەیەکی فراوانتر دەربارەی کارو چاوگی تێپەڕو تێنەپەڕ دواون و بە پێی جۆری چاوگ و کارەکان دەستووری گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕیان دیاریکردووەو بە تایبەتی باسی (اندن) و (اند)یان کردووەو دەوری ئەم دووانەیان لە دروستکردنی کارو چاوگی تێپەڕدا روونکردووەتەوە( ).

بە گشتی دەتوانین کورتەی سەرنج و رای خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1-زمانەوانە کوردەکان کە باسی ئەم پاشگرە دەکەن، تەنیا وەك (اندن) سەیریان نەکردووە، بەڵکو جگە لە (اندن)، (دن)و (ند) و (اند) و (ێن)یان باسکردووەو چاوگی کارتێپەڕو کاری رابردوو و رانەبردوو و فەرمانیشیان پێ کردوون بە تێپەڕ کە بە لای ئێمەوە ئەمە تێکدانی رواڵەتی پاشگرەکەیەو بۆ دانی هێز بەکار تەنیا (اندن) وەك پاشگرێك دەخرێتە سەر هەندێك چاوگی کارتێنەپەڕو دوای گەردانکردن بە پێی چەند یاساو دەستوورێك کاری رابردوو و رانەبردوو و فەرمان و ناوی کاراو ناوی بەرکاری لێ دروستدەکرێت.

---

-پێشگرو پاشگر، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، 3-1، 1975: 319-350.

-صرف دستور زبانی کردی سۆرانی، مصطفی خرم دل، چ/موفق، مهاباد: 129-130.

-ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی-لیژنەی زمان و زانستەکانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد-بەغدا 1976: 107-129.

-سەرچاوەی تر زۆرن کە باسی گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕیان کردووە بە هۆی (اندن)ـەوە، ئێمە بۆ درێژنەکردنەوەی باسەکەو لەبەر ئەوەی بیروڕاکان دووبارەکردنەوەی ئەوانی ترن هەر ئەوەندەمان لێ نیشاندان، بۆ نموونە بڕوانە: ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی-عەزیزی ئیبراهیمی: 35-37. ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی زانکۆی کوردیی سەلاحەدین، د.نەسرین فەخری و د.کوردستانی موکریانی، 1982: 120-122..

2–نەبوونی ناوێزە( ) لە دروستکردنی کاری تێپەڕ لە کاری تێنەپەڕ بە هۆی (اندن)ـەوەو گەردانکردنی چاوگە بە تێپەڕکراوەکان بۆ دەمەکانی رابردوو و رانەبردوو و فەرمان، وامان لێ دەکات کە پێ لەسەر خاڵی یەکەم دابگرین و بڵێین: پێویست ناکات لە (اندن)ـەوە شێوەی پاشگری جیاجیا وەربگیرێت و بۆ دروستکردنی هەر کەرەستەیەکی رێزمانی شێوەیەکی جیای پاشگرەکە وەربگرین( ).

3–ئەگەر لەگەڵ (اندن)دا باسی (دن)و (اند) و (ند)و (ێن) مان کرد، ئەو کاتە دەبێت بۆ ناوی کاراو ناوی بەرکاری ئەم جۆرە چاوگانە پاشگری (ێنەر)و (ێنراو) زیادبکەین لە باتی ئەوەی بڵێین: (ـەر)و (راو) ناوی کاراو ناوی بەرکار دروستدەکەن، بۆ نموونە:

خەو + ێنەر = خەوێنەر

خەو + ێنراو = خەوێنراو

لە کاتێکدا ئەمە هەڵەیەو دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

خەوێن + ەر = خەوێنەر (خەوێن) رەگی چاوگی (خەواندنە).

خەوێن + راو = خەوێنراو.

کەوابوو (اندن) وەك پاشگرێك دەورێکی گەورە لە بەهێزکردنی کاردا دەبینێت و دەچێتە سەر زۆربەی( ) چاوگە کارتێپەرەکان و دەیانکات بە چاوگی کارتێپەرو کە گەردانیش کران بۆ کاری رابردوو، راناوە لکاوەکان دەبێت لە کۆمەڵەی (م–مان)بن و ئاسایی ئەگەر کارەکان لە رستەدا بن، دەبێت راناوی لکاو بە بەرکارەوە بلکێنرێت. سەرنجی ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە بدە:

مندالەکە    خەوت    Ø

-مەبەست لە نەبوونی ناوێزە ئەوەیە کە گەردانکردنی ئەم جۆرە چاوگانەی کە بە هۆی (اندن)ـەوە بوون بە کارتێپەڕ بە پێی یاسایەکی گشتی کاری (رابردوو و رانەبردوو و فەرمان) یان لێ وەردەگیرێت و ناوێزەیان تێدا نییە، چونکە رەگی رابردوویان بە لابردنی نوونی چاوگ و رەگی رانەبردوو و فەرمانیشیان بە لابردنی نیشانەی چاوگ و گۆڕینی دەنگی /ا/بە/ێ/ دروستدەبێت، بەڵام دروستبوونی رەگی رانەبردووی چاوگە ئاساییەکان (ئەوانەی "اندن"یان پێوە نییە)، پێویستیی بە چەند یاساو دەستوورێکی دەنگی هەیە بۆ ئەوەی چارەسەری ناوێزەکانی پێ بکەین.

-ئەم رایە پەسەندکردنی رای د.نەسرین فەخری-یە کە تەنیا پاشگری (اندن) بە تەواو دەزانێت و شێوەکانی تری ئەم پاشگرە (اند، ند، ێن، دن) بە شێواندنی پاشگرەکە دادەنێت. بڕوانە: پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا: 213.

-بۆ جیاکردنەوەی ئەو چاوگە کارتێنەپەڕانەی (اندن) وەردەگرن یان وەرناگرن، بڕوانە: رێزمانی ئاخاوتنی کوردی: 123. هەروەها بڕوانە: تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، د.وریا عومەر ئەمین، رۆشنبیریی نوێ، ژمارە 107: 200، هەروەها: پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا: 212.

| | | |
|---|---|---|
| بۆشایی بکەر | کارێکی تێنەپەڕ (رابردوو) | راناوی لکاو کۆمەڵەی (م–ین) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مـن | منداڵەکە | م | خەواند |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بۆشایی یەکەم بکەر | بۆشایی دووەم بەرکار | راناوی لکاو کۆمەڵەی (م–مان) | کاری تێپەڕ بە یارمەتیی (اندن)، رابردوو |

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێت کە:

1–رستەی یەکەم کارەکەی تێنەپەڕە بۆیە یەك بۆشایی لە پێش خۆیەوە بەجێهێشتووەو راناوێکی لکاوی لە کۆمەڵە راناوی (م–ین، یت–ن، ∅–ن) بۆ بکەر وەرگرتووە.

2–لە رستەی دووەمدا بە هۆی (اندن)ـەوە کاری رستەکە هێزی پەیداکردووەو لە جیی یەك بۆشایی، دوو بۆشایی لە پێش خۆیەوە بەجێهێشتووە کە ئەوانیش بۆشایی بکەر و بەرکارن. هەروەها لەبەرئەوەی کارەکە بووە بە تێپەڕ، ئەو راناوە لکاوەی کە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە بریتییە لە راناوێکی لکاو لە کۆمەڵەی (م–مان، ت–تان، ی–یان).

دوا سەرنجمان دەربارەی (اندن) ئەوەیە کە ئایا چاوگی کارتێپەڕ (اندن) وەردەگرێت..؟ بێگومان چاوگێکی دیارو ئاشکرامان هەیە کە کارتێپەڕەو (اندن)یشی وەرگرتووە ئەویش چاوگی (ناسین)ـە کە دەبێت بە (ناساندن)، هەرچەندە هەندێك لە زمانەوانەکانیش لەگەڵ ئەم رایەدا نەبن( ) کە کاریان چاوگی کارتێپەڕ (اندن) وەردەگرێت، بەڵام ئاشکرایە کە هیچ کاتێك کاری (ناسین) جێگای کاری

---

-د پاکیزە رەفیق حیلمی رای وایە کە فرمانی تێپەڕ، چونکە خۆی بەهێزە، پێویستیی بە مۆرفیمی هێز نییە. دوای ئەوە چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە کەتێپەڕ (اندن) وەرناگرێت (بڕوانە بووژاندنەوەی زمان: 166-167). وەك:

ناسی-ناساندی، سمی-سماندی، کڕی-کڕاندی، بردی-براندی.

لە پاشدا کارە تێپەڕەکان دەکات بە بکەر نادیار: ناسی-ناسرا، سمی-سمرا، کڕی-کڕرا، بردی-بردرا.

بەڵام ئاشکرایە کە (ناسین) (اندن) وەردەگرێت و دەشکرێت بە بکەر نادیار:

(ناسین ناساندن ناساندی ناسێنرا)

ئازاد دەناسم ئازاد بە تۆ دناسێنم.

ئازاد دەناسرێ ← ئازاد بە تۆ دەناسێنرێ.

(ناساندن) له ئاخاوتن دا ناگرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر (ناساندن) مان گەردان کرد بۆ کار ئەوکاتە رستەکەی پێویستیی بە دوو بەرکار دەبێت و پێشگری (پێ)ش وەردەگرێت، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:


ئاکۆم بە نەوزاد ناساند.

*ئاکۆم بە نەوزاد ناسی.

لە رستەی یەکەمدا دیارە کە (ئاکۆ) بەرکاری یەکەمەو نەوزاد بەرکاری دووەمە (ئەگەرچی بە ناڕاستەوخۆشی دابنێین).

3–گۆڕینی توانای کار بە هۆی مۆرفیمی نادیارییەوە:

پێشتر وتمان کە (اندن) مۆرفیمی هێزەو دەچێتە سەر چاوگی کارتێنەپەڕ و دەیکات بە تێپەڕ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە مۆرفیمی (ر) مۆرفیمی بێهێزکردنی کارەو کاری تێپەڕ دەکات بە تێنەپەڕ. د.وریا عومەر ئەمین لە باسەکی (تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە)دا[ ] رای وایە کە کاری بکەر نادیار کارێکی تێپەڕەو دەکرێت بە تێنەپەڕ، چونکە لە رووی واتاوە لەبەر هەر هۆیەك بێت بکەر ناوترێت و لە رووی رێزمانییشەوە کۆمەڵە راناوی (م–ین، یت–ن، Ø–ن) وەردەگرێت، بەم پێیە تەنیا یەك بۆشایی لە پێش کارەوە دەمێنێتەوە کە ئەویش بۆشایی بکەری رستە بکەر نادیارەکەیە. بۆ نموونە بڕوانە ئەم رستانەی خوارەوە:




[ ]-د.وریا عومەر ئەمین لەو باسەدا هەوڵدەدات لە رووی هێزەوە هاوسەنگیی لەنێوان کاری تێنەپەڕو بکەر نادیاردا بدۆزێتەوە، بۆیە لە سەرێکەوە بە هۆی (اندن)ـەوە کاری تێنەپەڕ دەکات بە تێپەڕو لە سەرێکی ترەوە، بە هۆی چەند پاساوێکی جیاوازەوە رستەو کاری بکەر دیار دەگۆڕێت بۆ بکەر نادیار. بڕوانە تێنەپەڕ فەرمانێکی بکەر نادیارە: 199.

| | | |
|---|---|---|
| بۆشایی بکەری | کاری بکەر نادیار | راناوی لکاو |
| رستەی بکەر نادیار | (تێنەپەڕ) | کۆمەڵەی (م–ین) |

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو رایەی د.وریایە کە هەموو کارێکی تێنەپەڕ بە بکەر نادیار دادەنێت کە لە باسێکی تردا[1] ناتەواویی ئەم بۆچوونەمان روونکردووەتەوە، چونکە ئەگەر لە رستەی (رەزەکە سووتا.) وردبینەوە رەنگە لەبەرئەوەی کە (سووتان) کاری روودانەو هەست بە بوونی بکەرێکی سیمانتیکی دەکەین وەك ئەوە وایە کەکارەکە لە واتادا بکەر نادیار بێت یان بە شێوەیەکی تر رەنگە لە رووی واتاوە (رەزەکە سووتا)و (رەزەکە سووتێنرا) وەك یەك وابن، بەڵام لە رستەیەکی وەك (رزگار خەوت) یان (رزگار رۆیشت) دا دیارە کە رزگار خۆی خەوتووە، یان خۆی رۆیشتووە. بەم شێوەیە نەدەتوانین بکەری سیمانتیکی بۆ کاری رستەکانیش دابنێین، چونکە بکەری رستەکان خۆیان (کارا–**Agent**)ن و رستەکانیش لە رووی واتاوە نادیاریی نابەخشن.

نەك هەر تێپەڕە ئاساییەکان، بەڵکو ئەو تێپەڕانەش کە بە هۆی (اندن)ـەوە کراون بە تێپەڕ بە هۆی مۆرفیمی نادیارییەوە دەبنەوە بە تێنەپەڕ. د.پاکیزە رەفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەڵێت: "بەم جۆرە فرمانی (بێ هێز) کە کرا بە (بەهێز) دەتوانرێت شێوەی فرمانی (مبنی للمجهول–**Passive**)یش لێ دروستبکرێت بە هۆی مۆرفیمێکی تایبەتییەوە کە (را)یە، بەم جۆرە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سووتا | سووتاندی | سووتاندرا | سووتێنرا | لە شێوەی ئێستا |
| پژمی | پژماندی | پژماندرا | پژمێنرا | لە شێوەی ئێستا |
| نووست | نواندی | نوێندرا | نوێنرا | لە شێوەی ئێستادا ماوە |
| هات | هاوردی | هێندرا | هێنرا | لە شێوەی ئێستا"[2]. |

سەرنجی خۆمان دەربارەی ئەم رایەی د.پاکیزە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا روون دەکەینەوە:

1–مۆرفیمی نادیاری تەنیا (ر)ەو (را) نییە، چونکە دەڵێین:

دەنووسرا (رابردووی بەردەوام)

دەنووسرێ (رانەبردوو)

[1]-بڕوانە: نادیاریی (نامەیەکی ماجستێرە)، فەرەیدوون عەبدول محەممەد: 1988: 29-30.

[2]-بووژاندنەوەی زمان: 166.

لەو دوو نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەردووکیاندا (دە) وەکو پێشگر بەکاردێت، رەگی کاری نادیار بۆ رابردوو و رانەبردوو هەر (نووس)ـە، (ر) بە تەنیا مۆرفیمی نادیارییە، مۆرفیمی (ا) و (ێ) بۆ جیاکردنەوەی کاری رابردووی بکەر نادیارە لە رانەبردووی بکەر نادیار( ).

2–ئەگەر کاری (هاوردی) مان وەك کارێکی تێپەڕ بەرامبەر بە کاری تێنەپەڕی (هات) بەکارهێنا ئەو کاتە دەبێت (هاوردی) بەم شێوەیەی خوارەوە بکەین بە بکەر نادیار نەك وەك ئەوەی د.پاکیزە نووسیویەتی:

هات هاوردی هاوردرا

نەك: هات هاوردی (هێندرا..؟) هێنرا

ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە نازانین ئەم دارشتنی (هێندرا)یە چۆن دروستبووە، بەڵکو راستتر وابوو کە بڵێت:

هات هێنای هێنرا

4–گۆڕانی توانای کار بە هۆی کارێکی یاریدەدەرەوە:

هۆیەکی تر بۆ گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بە تێپەڕ یاخود بە پێچەوانەوە، زیادکردنی کارێکی یاریدەدەرە بۆ ئەو کارەی دەمانەوێت بیگۆڕین بە تێپەڕ یاخود تێنەپەڕ، بەڵام دوای ئەوەی کارە بنجییەکە دەگۆڕین بۆ چاوگەکەی یان ناوی چاوگەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش پێنج کارمان هەیە کە دەتوانین توانا بگۆڕن، دووانیان تێپەڕ دەگۆڕن بۆ تێنەپەڕ کە (هات، کەوت)ـن، سیانەکەی تریش تێنەپەڕ دەگۆڕن بۆ تێپەڕ کە لە چاوگی (هێنان، خستن، کردن)ـەوە گەردان کراون. بۆ نموونە لە باتی ئەوەی بە (اندن)، (گریا) بکەین بە (گریاند)، دەتوانین هێز یان توانای (گریا) بەم شێوەیەی خوارەوە بگۆڕین:

منداڵەکە گریا ← منداڵەکەی گریاند. ← منداڵەکەی هێنایە گریان (گریە).
← منداڵەکەی خستە گریان (گریە).
← منداڵەکەی کردە گریان (گریە).

هەر بە هۆی کارێکی یاریدەدەری وەك (کەوت)ـەوە دەتوانین رستەکە بەکار تێنەپەڕی دابڕێژین، یان هێزی کارەکە کەم بکەینەوە:

( )-بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی مۆرفیمی نادیاری، بڕوانە: نادیاری: 64-65.

منداڵەکەی گریـــــــانـد.
منداڵەکەی خستە گریـان.
منداڵەکەی هێنایە گریان.
منداڵەکەی کردە گریـان.

منداڵەکە گریا.
منداڵەکە کەوتە گریان.
منداڵەکە گرێنرا.

بەم پێیە لە رووی هێزەوە:

منداڵەکە گریا = منداڵەکە کەوتە گریان (گریە) = منداڵەکە گرێنرا.

بەڵام:

منداڵەکەی گریاند = منداڵەکەی خستە گریان = منداڵەکـەی هێنایـە گریـان = منداڵەکـەی کـردە گریـان (گریە).

بۆ روونکردنەوەیەکی زیاتری باسەکە ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1–مـەرج نییـە هـەموو کارێـك کـە چـاوگەکەی (یـان نـاوی چـاوگەکەی) وەردەگـرین لـە رووی واتـاو بەکارهێنانەوە بۆ تێپەڕی و تێنەپەڕی هەر پێنج کارە یاریدەدەرەکە وەربگرێت، چونکە هەندێکجار بـۆ تێنەپـەڕی تەنیا (کەوت) یان (هات) وەردەگرێ و بۆ تێپـەڕیش لـە کـاری (هێنـان، خسـتن، کـردن) یـان هەرسێکیان یاخود دووانیان یان هەر یەکێکیان وەردەگرێت، چونکە هەندێك لەو داڕشتنانە لـە ئاخـاوتن دا بەکارنایەن. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

منداڵەکەی خەواند. (تێپەڕە)

منداڵەکەی هێنایە خەو (تێپەڕە).
منداڵەکەی خستە خەو (تێپەڕە).
منداڵەکەی کردە خەو (تێپەڕە).

منداڵەکە خەوت. (تێنەپەڕە)

*منداڵەکە هاتە خەو. (خەوتن).
*منداڵەکە کەوتە خەو. (خەوتن).

کەوابوو لە جێی (منداڵەکە خەوت) ناتوانین بڵێین: منداڵەکە کەوتە خەو (خەوتن)، یـان منداڵەکـە هاتـە خەو (خەوتن)، بەڵام لە جێی (منداڵەکەی خەواند)، دەتوانین بڵێین: منداڵەکەی هێنایـە خـەو (خـەوتن) = منداڵەکەی خستە خەو = منداڵەکەی کردە خەو.

تێنەپەڕ

پیاوەکە کەوتە پێکەنین.
پیاوەکە هاتە پێکەنین.

پیاوەکە پێکەنی.

تێپەڕ

پیاوەکەی هێنایە پێکەنین.

پیاوەکەی خستە پێکەنین.

*پیاوەکەی کردە پێکەنین.

پانکەکە سووڕایەوە.

تێنەپەڕ

پانکەکە کەوتە سووڕانەوە.

*پانکەکە هاتە سووڕانەوە.

تێپەڕ

*پانکەکەی هێنایە سووڕانەوە.

پانکەکەی خستە سووڕانەوە.

*پانکەکەی کردە سووڕانەوە.

ئاشەکە گەڕا.

تێنەپەڕ

ئاشەکە کەوتە گەڕ (گەڕان).

ئاشەکە هاتە گەڕ (گەڕان).

تێپەڕ

*ئاشەکەی خستە گەڕ (گەڕان).

ئاشەکەی کردە گەڕ (گەڕان).

ئاشەکەی هێنایە گەڕ (گەڕان).

چاکە کوڵا.

چاکە هاتە کوڵ[( )].

چاکە کەوتە کوڵ.

چاکەی کوڵاند.

چاکەی خستە کوڵ.

چاکەی هێنایە کوڵ.

*چاکەی کردە کوڵ.

---

- دارشتنی: (کەوتە کوڵ، هاتە کوڵ) جگە لەوەی کار لە تێپەڕەوە دەکاتەوە بە تێنەپەڕ: کوڵاندی (کەوتە/هاتە کوڵ) لە هەمان کاتیشدا لە رووی واتاوە (تاف/سەرەتای کار) نیشاندەدات. بڕوانە: نادیاری: 132-133.

2–ئەگەر کارێکی تێنەپەڕ نەیتوانی (اندن) وەربگرێت بۆ ئەوەی تواناکەی بگۆڕێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانە، کە بە یاریدەی کارێکی یاریدەدەر دروستدەبێت، دەبێتە تەنیا هۆو ڕێگا بۆ بە تێپەڕکردنی. ئەم خاڵەش بە زۆری لە کارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە هۆی زیادکردنی مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان پێشگرێك بۆ سەر کارێکی تێپەڕ دروستبوون. بۆ نموونە کاری ئەم چاوگانەی خوارەوە تێنەپەڕن و بە هۆی (اندن)ـەوە ناکرێن بە تێپەڕ، بۆیە تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە بە یارمەتیی کاری چاوگی (هێنان، خستن، کردن) بکرێن بە تێپەڕ.

ئازاد گومانی کرد. ← ئازادی خستە گومان (کردن).
← ئازادی هێنایە گومان (کردن).
← *ئازادی کردە گومان (کردن).

ئازاد قسەی کرد. ← ئازادی خستە قسە (کردن).
← ئازادی هێنایە قسە (کردن).
← *ئازادی کردە قسە (کردن).

شێرکۆ تکای کرد. ← شێرکۆی خستە تکا (کردن).
← شێرکۆی هێنایە تکا (کردن).
← *شێرکۆی کردە تکا (کردن).

ئەم نموونانەی خوارەوەش کاری لێکدراو نین، بەڵام تەنیا ڕێگا بۆ بەهێزکردنیان بەکارهێنانی کاری یاریدەدەری (هێنان و خستن و کردن)ـە:

کورەکەی پاڕایەوە. ← کورەکەی خستە پاڕانەوە.
(*کورەکەی پاڕاندەوە) ← کورەکەی هێنایە پاڕانەوە.
← *کورەکەی کردە پاڕانەوە.

ژنەکە پێکەنی. ← ژنەکەی خستە پێکەنین.
(*ژنەکەی پێکەناند) ← ژنەکەی هێنایە پێکەنین.
← *ژنەکەی کردە پێکەنین.

ئەم کارانەی لە سەرەوە باسکران وەك تێنەپەڕیش دەتوانین بە هۆی کاری یاریدەدەری (کەوتن و هاتن)ـەوە دایانبڕێژین:

ئازاد کەوتە گومان (کردن).
ئازاد گومانی کرد.
ئازاد هاتە گومان (کردن).

ئازاد کەوتە قسە (کردن).
ئازاد قسەی کرد.
ئازاد هاتە قسە (کردن).

کوڕەکە کەوتە پاڕانەوە.
کوڕەکە پاڕایەوە.
*کوڕەکە هاتە پاڕانەوە.

ژنەکە کەوتە پێکەنین.
ژنەکە پێکەنی.
ژنەکە هاتە پێکەنین.

5-گۆڕانی توانای کار بە هۆی پێشگرەوە:

هەر پێشگرێك کە دەچێتە سەر کار، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای کارەکە، ئەم گۆڕانی واتایەش دەشێت هێزی کار بگۆڕێت و لە تێپەڕەوە بیکات بە تێنەپەڕ[ ] وەك:

دا ⟵ داکردن ⟵ باران دای کرد.

را ⟵ راکردن ⟵ کوڕەکە رای کرد.

هەڵ ⟵ هەڵکردن ⟵ با هەڵی کرد.

لەو رستانەی سەرەوەدا کاری (دای کرد، رای کرد، هەڵی کرد) هەر یەکە یەك بۆشایی وەرگرتووە کە بۆشایی بکەرە، بەڵام زۆرجار پێشگری (پێ) کە چووە سەر کارێکی تێپەڕ، ئەوا هێزی کارەکە زیاتر دەکات بەوەی کە لە جێی بەرکارێك، دوو بەرکار وەردەگرێت. وەك:

پێکردن: کارەکەم بەوان کرد.

---

[ ]-مامۆستا مەسعود محەمەد رای وایە کە پێشگر و پاشگر کار ناکەنە سەر هێزی کار یان کاری تێپەڕ ناکەن بە تێنەپەڕو بە پێچەوانەوە، بەڵام وردبوونەوە لەو کارانەی کە بە نموونە نووسیومانن ئەو راستییە دەردەخەن کە پێشگر هێز دەگۆڕێت لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕو بە پێچەوانەوە. بڕوانە رێزمانی ئاخاوتنی کوردی: 199-120 بۆ رەتکردنەوەی ئەم رایەش بڕوانە: نادیاری: 85-86.

کارەکەم پێیان کرد.

پێ خستن: بارەکەم بە بارام خست.

بارەکەم پێ خست.

6–گۆڕانی توانای کار بە هۆی گۆڕینەوە بۆ کارێکی لێکدراو( ):

لە باسی پێشگرو کاردا ئەوەمان روونکردەوە کە زیادکردنی مۆرفیمێك بۆ کار دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاکەی و رەنگە لە ئەنجامیشدا ببێتە هۆی گۆڕانی توانای کار. کاری لێکدراویش بریتییە لە لێکدانی مۆرفیمێکی سەربەخۆو کارێك، کە ئەم لێکدانە دەبێتە هۆی دروستبونی کارێکی نوێ و بە واتایەکی نوێ، هەر بەخشینی واتا نوێیەکەیە کە کاری لێکدراو لە (فرێزی کاری) جیادەکاتەوە.

بۆ نموونە کە وتمان (سەربڕین) لە مۆرفیمی (سەر + چاوگی بڕین) واتایەکی نوێ دروستبوو بۆیە دەبێتە چاوگێکی نوێ، بەڵام (پیاو کوشتن) نابێتە چاوگێکی نوێ، چونکە واتای تازەی دروست نەکردووە. بەم پێوانەیە دەتوانین چاوگی نوێ جیابکەینەوە( ). لە باسی پێشگرو کاریشدا ئەوەمان روونکردەوە کە گۆڕانی واتا دەشێت ببێتە هۆی گۆڕانی هێز، بۆیە لە کاری لێکدراویشدا زۆر جار گۆڕانی واتاکە دەبێتە هۆی گۆڕانی توانای کارەکە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕو بە پێچەوانەوە:

یەکەم: لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ:

بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

دوا + کەوتن = دواکەوتن ⟵ من دوای ئازاد کەوتم.

پێش + کەوتن = پێشکەوتن ⟵ من پێش کاروان کەوتم.

2–لە رستەی (من دوای ئازاد کەوتم)و (من پێش کاروان کەوتم)دا ئاشکرایە کە بکەری هەردوو رستەکە (من)ـەو بۆشایی دووهەمیش (ئازاد) و (کاروان) یان تێدایە کە ئەگەر وەك بەرکاریش سەیریان نەکەین ئەوا دوو کەرەستەی پێویستن بۆ رستەکان و بە بێ ئەوان (ئازاد، کاروان) رۆنان و واتای رستەکان

---

-مەبەستمان لە کاری لێکدراو لێرەدا ئەو کارانەیە کە کۆڕی زانیاریی کورد بە کاری (لێکدراوو ئاوێتە) ناویان دەبات، چونکە لەگەڵ رای مامۆستا محەمەد مەعروف فەتاح داین کە بە پێی رۆنان کارەکانی زمانی کوردی لە دوو جۆردا کۆدەکاتەوە، ئەوانیش داڕێژراوو لێکدراون. بڕوانە: کار پۆلێنکردن بە پێی رۆنان: 40-58.

-بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جیاکردنەوەی فرێزی کاری لە کاری لێکدراو، بڕوانە: رێزمانی ئاخاوتنی کوردی: 280-282.

ناتەواو دەبن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە دوو رستەکە راناوی لکاویان بۆ بکەرەکە، لە کۆمەڵەی (م—ین) وەرگرتووە کە بۆ کاری تێنەپەڕ بەکاردێت.

دووەم: لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ:

لەم نموونانەی خوارەوەدا تێبینی دەکرێت کەکارە لێکدراوەکان لە کارێکی تێپەڕو مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتوون، بەڵام کارەکان لە رستەدا وەك کارێکی تێنەپەڕ مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی رستەدا دەکەن، چونکە تەنیا بۆشایی بکەر لە پێش خۆیانەوە بەجێدەهێڵن، هەرچەندە بە رواڵەت تێپەڕن، چونکە کۆمەڵە راناوی لکاوی (م—مان) وەردەگرن:

بانگ دان ⟵ مەلا بانگی دا.

پێچ خواردن ⟵ مارەکەی پێچی خوارد.

سواڵ کردن ⟵ پیاوەکە سواڵی کرد.

پێ گرتن ⟵ منداڵەکە پێی گرت.

لەو نموونانەی سەرەوەدا کاری (بانگی دا، پێچی خوارد، سواڵی کرد، پێی گرت) لێکدراون و تێنەپەڕن، چونکە لە رستەدا تەنیا بکەریان هەیەو پێویستییان بە بەرکاری راستەوخۆ نییە، خۆ ئەگەر رستەکانیش فراوان بکەین، جگە لە بکەرەکان کە (مەلا، مارەکە، پیاوەکە)ن کەرەستەیەکی پێویستی تر نابینین کە لابردنی کار بکاتە سەر رۆنان و واتای رستەکە:

مەلا بەیانی زوو لە هەیوانی مزگەوتەوە بانگی دا.

مارەکە لە ناو گیا سووتاوەکەدا پێچی دەخوارد.

پیاوەکە دەروازە دەروازە دەگەڕاو سواڵی دەکرد.

منداڵەکە بە نۆمانگی پێی گرت.

ئاشکرایە کە ئەگەر جگە لە بکەرەکان و کارەکان کەرەستەکانی ترمان لابرد، نە واتاو نە رۆنانی رستەکان تێك ناچن، چونکە پێویست نین و تەنیا زانیاریی زیاترمان دەربارەی (شوێن یان چۆنیەتی)ی ڕوودانی کارەکە دەدەنێ.

7—ئەنجامی باسەکە:

دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گرنگترین ئەنجامی باسەکەمان بخەینە روو:

1–تەنیا (اندن) و مۆرفیمی نادیاری (ر) توانا گۆڕنین، بەڵکو دەتوانین بە هۆی کاری یاریدەدەرو پێشگرو مۆرفیمی سەربەخۆوە کار لە تێنەپەڕەوە بگۆڕین بۆ تێپەڕو بە پێچەوانەوە.

2–(اندن)و مۆرفیمی نادیاری و کاری یاریدەدەر تەنیا توانا دەگۆڕن، بەلام پێشگرو مۆرفیمی سەربەخۆ واتاو تواناشی دەگۆڕن.

3–ئەو کارە تێنەپەڕانەی کە بە هۆی (اندن)ـەوە ناکرێن بە تێپەڕ بە هۆی کارێکی یاریدەدەرەوە دەتوانین تواناییان بگۆڕین.

4–ناتوانین جۆری ئەو راناوە لکاوەی کە بە کارەوە دەلکێت بکەین بە سیمای جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە تێنەپەڕ.

5–سەرنج دەریدەخات کە ژمارەی ئەو کارە لێکدراوانەی کە بە یارمەتیی کارێکی تێپەڕ دروست دەبن فراوانترە لە ژمارەی ئەو کارانەی کە بە یارمەتیی کارێکی تێنەپەڕ دروستدەبن.

6–پێشگر دەورێکی گەورەتر و فراوانتر دەبینێت لە مۆرفیمی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی کار و چاوگی نوێ.

7–ئەگەر ئەو بۆشاییەی کە لە رستەدا لەگەڵ بۆشایی بکەردا دەکەونە پێش ئەو کارانەی کە لە ئەنجامی لێکدانی پێشگرێك یان مۆرفیمێکی سەربەخۆو کارێکی تێپەڕەوە دروستدەبن، بە بەرکار دانەنێین، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە بۆشاییەکە وەکو بۆشایی بەرکار بۆ رستەکە پێویستەو ناتوانین گرنگیی پێ نەدەین، ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر کارەکە راناوی لکاوی کۆمەڵەی (م–مان) وەرگرێت، دەبێت راناوەکە بخرێتە سەر ئەو کەرەستەیەی کە بۆشایی دووەم پڕدەکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1–بووژاندنەوەی زمان، د.پاکیزە رەفیق حیلمی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی 3–1، 1975.

2–پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، د.نەسرین فەخری، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی 3–1، 1975.

3–پێشگرو پاشگر، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی 3–1، 1975.

4–تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، د.وریا عومەر ئەمین، گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ، بەغدا، ژمارە 107.

5–ڕێزمانی کوردی، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، 1976.

6–ڕێزمانی کوردی بە کوردی و عەرەبی، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، دار الجاحظ، بەغدا، 1976.

7–ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی/زانکۆی سەلاحەدین، د.نەسرین فەخری و د.کوردستان موکریانی، هەولێر، 1982.

8–ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی، عەزیزی ئیبراهیمی.

9–صرف دستور زبان کردی سورانی، مستەفا خرم دل، موفق، مهاباد.

10–قەواعیدی زمانی کوردی، نوری عەلی ئەمین، بەرگی دووەم، مەعارف، بەغدا، 1958.

11–کار پۆلێن کردن بە پێی ڕۆنان–محەمەد مەعروف فەتاح، ڕۆشنبیریی نوێ، ژمارە 121، ئازار، 1989.

12–گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی (پێشگرو پاشگر)، نوری عەلی ئەمین، مەعارف، بەغدا، 1958.

13–نادیاری، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، فەرەیدوون عەبدول محەمەد (نامەیەکی ماجستێرە)، هەولێر، ئابی 1988.

# ماتماتیکی زمانی هۆنراوی کوردی

فوئاد عەبدولڕەحمان

**پێشەکی: (پێناسەی عروض و بڕگە):**
گومان نییە، کە وشەی (عروض) وشەیەکی عەرببیە. وشەیەکی (کۆ)یەو (تاك)ەکەی (عرض)ە، کە بە واتای (نیشاندان – پێشاندان – دەرخستن – خستنەڕوو – دەربڕین، هتد...) بەکار دێ. پێویست بە سەلماندنیش ناکا، کە ئەم وشەیە عەرەبی نەبێ و لە زمانێکی دیکەوە، وەك فارسی یاخود تورکی و هتد..ەوە وەرگیرابێ. چونکە لە وشەی (عرض = عروض)دا پیتی (ض = ضاد) بەکارهاتووە، کە لە هیچ زمانێکی تردا جگە لە عەرەبی نییە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە بە زمانی عەرەب دەگوترێ زمانی (ضاد).
ئیدیۆمێکی تریش هەر لە (عروض)ەوە وشەساز کراوە، کە ئەویش ئیدیۆمی (عروضیون)1ە، واتە ئەوانەی پەیوەندییان بە باسی (عروض)ەوە هەیە و لێی دەکۆڵنەوە و پسپۆڕیی تیادا دەکەن. کەواتە (عروضیون) بە زمانی ئێمە (عروض) ناسەکان دەگرێتەوە. هەڵبەت ئەم وشەیەش (عروض) لە واتادا دوو مەبەستی زمانەوانی دەگەیێنێ، یەکەم: ئەو شتانەی پێشان دەدرێن و دەخرێنە ڕووو دەردەبڕێن، دووەم بۆ مەبەستێکی کێش و پێوانەی هۆزان بەکارهاتووە. ئیتر ئەم ئیدیۆمە عەرەبییە بەرە بەرە لە زمانی هەندێ میللەتانی تریشدا وەك فارس و تورك و کورد وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە ئەدەب و هونەری هۆزانیاندا جێگیرکراوە.
ئێمە گەر پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئایا کێش و ڕەزم و پێوانی هۆزانی کوردی لە کوێوە هاتووە و یاخود سەری هەڵداوە؟ ئەوە بێگومان دەمانباتە بەر توێژینەوە و لێکووڵەوەیەکی ئەدەبی – مێژوویی تایبەت و سەربەخۆ، لەم باسەماندا ناکرێ جێگای بە سانایی بۆ بکەینەوە. بەڵام ئێمە دەمانەوێ لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوێ، کە ئایا کێشی هۆنراوەی کۆنی عەرەبی بووە بە نموونە و سەرمەشقی هۆنراوەی کوردی یان نا؟ هەڵبەت ئێمە ئەگەر کێشی هۆزانی خۆمان هەر لەسەردەمەکانی (باباتاهیری عوریان*ەوە (935–1010ن لە (عروض)ی عەرەبییەوە وەرگرتبێ، ئەوا بێگومان هەر دەبێ سەردەمێ پێشتر هەبووبێ، کە هۆنراوەی کۆنی کوردی لە قۆناغێکی پێشتر لە قۆناغی (عروض) بووبێ. واتە بەر لە پەیدابوونی (عروض)و بەکارهێنانی وەك یاسای کێش لە هۆنراوەی کوردیدا، یاسای کێشی دی بۆ هۆنراوە هەبووبێ.
ئەگەر تەماشای مێژووی هۆزانی میللەتانی دەوروبەرمان بکەین، وەك فارس و تورك، دەبینین بە تێکڕا یاساو سیستەمێکی هاوبەشیان تا ڕادەیەك لە نێواندا هەیە، لە شێوەی دانانی، یاخود هۆنینەوەی هۆنراوەکانیان. بناغەی ئەو یاساو سیستەمەش، کە ڕەزمە (ریتم)، کە لە زمانی عەرەبیدا ناوی لێنراوە (ئیقاع)، یاخود (بحر = بحور)، کە مەبەستەکەی کێشی هۆزانە لە (عروض)دا.
(ڕەزم) مرۆڤی سەرەتایی لە بۆنە و کەشەکانیدا، بەر لەوەی مۆسیقا دابێ لەگەڵ سەمای سەرەتاییدا بەکاری هێناوە. ئەمەش بێگومان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە کوردیش وەکو میللەتێکی (نەتەوەیی) زیندوو لەو سیستەمە

جیانەبۆتەوەو بێبەش نەبووە. بە واتایەکی دی، بەر لەوەی (عروض)ی هۆزانی عەرەبی داهاتبێ، کورد هۆزانی خۆی لەسەر بناغەی ئەو سیستەمە داناوە، کە لە رەزمو کێشدا لەگەڵ میللەتو نەتەوەکانی تردا هاورەنگو هاوڕەنگییان هەیە. بەڵام بە کام ئیدیۆم ناوی لێنراوە؟ واتە ناوی چی بووەو چیی پێگوتراوەو بووە بە چیو ئێستا چیی پێدەگوترێ؟ ئەوەیان دیسان باسێکی ترە.

ئێمە لێرەدا تەنها ئەوە دەبێژین، کە کورد هەروەکو فارسو تورکو ... هتد بە هۆی هاتنی دەسەڵاتی ماددیو رووحیی ئیسلامەوە، کە عەرەبەکان پێشڕەوییان کردووە، بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی میللەتانی تر وەك فارسو کوردو .. هتد، لە رووی ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە، وشەی (عروض)ی ناسیوەو ئەوجا دەقاودەق شاعیران فێری یاساکەی بوونو لەسەر رێبازی هۆزانی کلاسیك (عەمودی) هۆنراوەیان داناوەو پێڕەوی ئەو شێوە کێشە هۆزانیەیان کردووەو تاکو ئێستاش هەندێ لە شاعیرانمان پێڕەوی دەکەن. ئیمڕۆ شان بە شانی یاسای (عروچ) لە هۆزانی کوردیدا یاسای بڕگە هەیە، کە بە پەنجە دەژمێررێ. بە بڕوای من ئەم جۆرە یاسایەش سەرچاوەکەی فارسییەو ئێمەش راستەوخۆ لە فارسەکانەوە وەکو زانست وەرمانگرتووە.

شیاوی باسە، ئێمە تاکو ئێستا بە تەواوی بۆمان روون نەبۆتەوەو نەسەلمێنراوە، کە هۆزانڤانی کورد ئایا ئەو (عروض)ەیان راستەوخۆ لە عەرەبەکان خۆیانەوە وەرگرتووە یاخود ناڕاستەخۆ لە رێگای فارسەکانەوە وەرگرتووە؟ کە ئەمەش دیسان هەر باسێکی دییە، چونکە ئەو باسەی ئێمە لێرەدا دەمانەێ بیکەین ئەوەیە، کە ئایا بڕگە، یاخود (عروض) چییەو ماتماتیکی بڕگەو (عروض) لە هۆنراوەی کوردی چۆن دەبێ؟ بڕگەو (عروض) خۆی لە خۆیدا لقێکی سەربەخۆیە لە زانستی ماتماتیکی هۆنراوی زمانو دەتوانرێ بەم سێ بەشەی لای خوارەوە دیاری بکرێ:

1- دەنگ (صوت).
2- بڕگە (ئیقاع).
3- کێش (وزن).

بەشی یەکەم: دەنگ (صوت):

سەرەتا دەبێ بزانین، کە ئیمڕۆ بۆ رێنووسی زمانی کوردی دوو جۆر پیت بەکاردێ، یەکەم: رێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی، کە لە نووسیندا لە کوردستانی باشووردا، واتە ئەو بەشەی، کە ئیمڕۆ لە بەشی کوردستانی ئێرانو عیراقو سوریا بەکاردێ. دووەم: رێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی، کە لە نووسیندا لە کوردستانی باکووردا، واتە ئەو بەشەی، کە ئیمڕۆ لە ژێر دەسەڵاتی تورکیایە، بەکار دێ.[2]

پیتەکانی رێنووسی کوردی بە شێوە عەرەبیەکە ژمارەیان (33) پیتەو لەوانە (7)یان پیتی بزوێنن، واتە دەنگدارن ( vowel)و (24)یان پیتی نابزوێنن، واتە بێدەنگن یاخود کۆنسنەنتن (consent).

پیتە دەنگ بزوێنەکان ئەمانەن: ئا (بزوێنی درێژ)، ئە (ە) (بزوێنی کورت)، ێ،ی، وو،ۆ، و.

پیتە دەنگ نابزوێنەکانیش ئەمانەن: ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ع، غ، و، یی.

هەروەها پیتەکانی رێنووسی کوردی بە شێوە لاتینیەکەش (31) پیتەو لەوانە (7)یان پیتس بزوێنەو (24)یان پیتی نابزوێنە.

پیتە بزوێنەکان: (a) بزوێنی درێژ، (e) بزوێنی کورت، e، i، u، o، u،

پیتە نابزوێنەکان (بێدەنگەکان consents : y, w, n, m, l, g, k, q, v, f, s, s, j, z, r, b, p, t, c, t, c, ç, h, h, x, d .

پیتی (ئ) هەمزە لە رێنووسی کوردیدا لە بنچینەدا فۆنیم نییە، بەڵام دەنگی هەیە، بۆ نموونە: ئازاد = ئ + ازاد، ئەز= ئ + ـەز، ئێك = ئ +ێك، ئێش = ئ +ێش، ئۆف = ئ +ۆف. ئەم دیاردەیەش بە روونی لە رێنووسی بە پیتی لاتینی بە جوانی دەردەکەوێ: AZAD, EZ, EK, IS, OF.

پیتەکانی (ر)، (ل)، بە پێی سووكو گران یاخود لاوازو قەڵەو جیاکراونەتەوە. وەك: (ر، ڕ)، (ل، ڵ). چونکە دەبینین لە شێوازی رێنووسی کوردستانی باکوور (کرمانجی سەروو) هەموو (ر)و (ل) بە سووکی دێنە سەر زار. لە شێوە زاری کرمانجی خوارووش زۆربەی (ر) بە قورسی دێنە

زارنان. ئەگەر وشە بە (و) دەست پێبکا، وەک (رێبوان).

گەرچی هەرچەند هەندێ وشە هەن، کە فۆرمەکەیان لە یەک دەچێ و دوو واتای جیاواز دەنوێنن، رەنگە فۆنەتیکەکەش لە یەکتریان جیابکاتەوە، وەک (گوڵ)، گول). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمە هەر دەبێ (لامەکانیان) لە یەکتر جیابکەینەوە بە شێوازی نووسینیان. چونکە ئەو دیاردەیە لە زمانی نەتەوەکانی تردا هەیە و نەبۆتە هیچ گیرو گرفتێ بۆ رێنووسی زمانەکەیان.

بە پێی بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکانی کورد، پیتەکانی: ع[3] غ، ح، ق، بە پیتی کوردیی رەسەن ناناسن، بەڵکو لە زمانە دراوسێکانەوە خزاونەتە نێو زمانی کوردیەوە. من برِوام بەم بۆچوونە زۆرە. بەڵام، بە هەڵەشی نازانم ئەگەر بەکارهاتبن. یاخود بەکار بێن لە هەندێ حاڵەتی پێویستدا. چونکە بە برِوای من بەکارهێنانیان ئیمرۆ نیشانەی دەوڵمەندکردنی زمانەکەمانە لە رووی فۆنەتیکەوە، نەک لە رووی پیت سازیەوە. هەروەک چۆن لە مۆسیقای کلاسیکیی رۆژهەڵاتیدا هەندێ تۆنی مۆسیقا هەیە، کە پێشتر بەکارنەهاتووە و زیرەکانە مۆسیقادانەرەکان توانیویانە لە مۆسیقای رۆژئاواییەوە وەری بگرن و مۆسیقای خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. بۆ نموونە دیاردەی مۆسیقای کوردی، یاخود کوردەواریمان.

ئەگەر پیتی پێش یاخود پاش (و) بزوێن بوو، ئەوا دەبێ (W) جێگیر بکەین. بۆ نموونە: وەرە wara – بوار bwar – نەورۆز nawroz – وان wan – کردەوە kirdawa – راو raw.

ئەگەر پێش یاخود پاش (ی، ی) بزوێن بوو، ئەبێ (y) جێگیر بکەین. بۆ نموونە: یاسەمین yasamin – بیارە biyare – برایەتی birayeti – پەیرەو payrew – مۆریاس moryas – بەیانی bayani.

پیتی بزرۆک (ی) نادیاری (i) ئەگەرچی رەنگە لە نووسینی کوردیدا بە رێنووسی عەرەبی زۆر بۆمان دیاری نەکرێ. بەڵام بە پێی رێنووسی لاتینی بە تەواوی دەردەکەوێ. بۆ وێنە: ژن jin – بردن birdin – سرکردن sirkirdin – بنکر binkir – کلک kilik.

نیشانەی (ئ) لە زمانی کوردیدا وەک پیت بوونی نییە. بەڵام پێویستە بنووسرێ، چونکە بە رێنووسی عەرەبی ناتوانین ئەو وشانە هەرگیز بنووسین، کە بە پیتی بزوێن دەست پێدەکەن. بۆ نموونە: ئێران eran – ئازا aza – ئۆخەی oxey – ئەندام endam.

ئەم رواڵەتە لە زمانە بێگانەکانی تریشدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە: وشەی ئێران ئەگەر بە زمان و رێنووسی ئینگلیزی بنووسرێ، یەکسەر (ئـ) دەتوێتەوە لە نێو پیتی (i)ی ئینگلیزیدا. هەمان دیاردە لە رێنووسی کوردی بە شێوەی لاتینی بە ئاسانی دیارە و تەنها لە سەرەتای وشەدا هەر بزوێنێ ئەکسنتی (ئـ) وەردەگرێ.[4]

ئەمجا با بێینەوە سەر باسی، کە بچووکترین بەش لە (عروض)دا بریتییە لە یەک پیتی فۆنەتیکی.

لە راستیشدا سێ ڤاوڵی ئە (ە) (e)، و (ئو) (o)، ی (ئی) (i) — لە وشەدا بە شێوەی جودا یاخود تاک دێ و لە ژمارەی (عروض)یشدا تەنها بە یەک ڤاوڵ دەژمێررێ. هەروەها ڤاوڵی ئا a، و u، ی e، دووجاری یەک لە دوای یەک لە وشەدا پەیڤ دەکرێ و دێتە بەر گوێ، کە لە رێنووسی راستیشدا دەبێ دوو جار، واتە بە یەک بو دوای یەک ئەو دوو ڤاوڵە بنووسرێتەوە = aa ، uu ، ee و بەرانبەر بە دوو یەکەی فۆنەتیک لە (عروض)دا بژمێررێ.

هەر یەک لەم سێ ڤاوڵانە: a ، u، e، پێش پیتی (ن) دێن. بە مەرجێ، کە ئەم پیتە لە دوای رستەوە بێ، یاخود پیتەکە لە دوای ئەو کۆنسنەنتەوە بگوترێ. بۆ نموونە: کانی ، روون، تیین، یاخود گیاندار ، روونبوون، تییندار.

بەڵام ئەگەر هاتوو پیتەکە لە پاش ئەو ڤاوڵە بێ، ئەوا هەر یەک لەو سێ ڤاوڵانە بە شێوەی یەک لە دوای یەک دێ و دەبێ لە نووسینیشدا بەدوا نەبێ و بەرانبەر بە دوو یەکەی فۆنەتیکی لە (عروض)دا بژمێررێ. (aa، uu ، ii) بۆ نموونە: jaanii ، chuunin ، kiine . هەر وشەیەک یاخود تەنانەت هەر برگەیەک لە هەر زملنێکدا بێ، دەبێ بە سەرزاری بە کۆنسنەنت دەست پێبکا و چونکە ئەگەر وا نەبێ هەرگیز نایێتە سەر زمان و لە هەر حاڵەتێکدا، کە ئەم کۆنستەنتە سەۆەتاییە یەک لەو

کۆنستەنتانە بێ، کە ناسراون. وەك: ب ، ك ، س ...هتد. بێگومان ئەو کۆنستەنتە دەبێ، یاخود بە واتایەکی دی، لەو کۆنستەنتە بریتی دەبێ. بۆ نموونە: وەك چۆن لە سەرەتای ئەم وشانەوە دێ: ئەگەر agar ، ئەو auu ، ئەبی abii ، ئیش eys .

**بەشی دووەم: بڕگە (ئیقاع):**

لە زمانی کوردیدا چەند دەنگێکی تاك، واتە پیت، کۆدەبنەوەو بڕگەیەکی (عروض) پێکدەهێنن. هەروەها هەر لە زمانی کوردیدا تەنها دوو جۆر بڕگەمان هەیە. جۆری یەکەم: بڕگەی کورت، کە لە دوو پیت پێك دێو جۆری دووەم: بڕگەی درێژ، کە لە سێ پیت پێك دێ.

جۆری یەکەم: بڕگەی کورت: کە پێکدێ لە یەك کۆنسنەنتو یەك ڤاوڵ. دەتوانرێ بەم جۆرە وێنە بکرێ: (CV)، کە هێمای ( V)، واتە ڤاوڵو هێمای ( C ) واتە کۆنسنەنت. لە وێنەکانی بڕگەی کورتیش ئەمانەن: بە = be تۆ= to .

جۆری دووەم: بڕگەی درێژ: ئەم جۆرەش بریتییە لە هەمان بڕگەی کورتو پیتێکی فۆنەتیکی بە پاشەوە دەلکێ، کە ئەمیش دوو ڕواڵەتی جیاوازی هەیە. واتە ئەگەر پیتی سێیەمی لە کۆنسنەنت بێ، ئەوا شێوەی بڕگەی درێژ ( cvc ) وەردەگرێ. بۆ نموونە: ژان jan ، کام kam ، کەم kem ، مەم mem ، بەش bes ...هتد. بەڵام ئەگەر پیتی سێیەم ڤاوڵ بێ، ئەوا ئەو ڤاوڵە لە هەموو ڕواڵەتێ دووبارەبوونەوەی هەمان ڤاوڵەکەیە، کە پیتی دووەمی ئەو بڕگە (عروض)یە پێکدەهێنێ. نموونەی ئەم چەشنەش لە بڕگەی سێ پیتی وەك ( cvv ) دەبینرێ. بۆ نموونە: با baa ، بوو bu ، بی bii ، چوو cuu .

ئەوجا هەردوو جۆری بڕگەی درێژی ( cvc )و ( cvv ) کوتوموت وەکو یەکن. واتە لە ڕاستیدا پیتی سێیەم، کە لە یەك هێمانی کۆنسنەنتو لە یەك هێمای تری ڤاوڵە هەر یەك ئەندازەی (عروچ)یان هەیە.

پاشان بڕگەی کورت لە (عروچ)ی کوردیدا هەمیشە بە یەك کۆمەڵەی دوو یەکەیی دەژمێررێو بڕگەی درێژتریش یەك کۆمەڵەی سێ یەکە. بە واتایەکی دی، دەتوانین بڵێین، کە لە (عروچ)ی کوردیدا زۆر بە وردی ژمارەی (2)ی ماتماتیکی لە بریی بڕگەی کورتدا دابنێینو ژمارەی (3)ی ماتماتیکی لە بریی بڕگەی درێژ بەکاربهێنین.

وشەی یەك بڕگەییش لە زمانی کوردیدا هەیە، کە لە چوار یاخود پێنج پیتی فۆنەتیك پێکهاتووەو وەك لە نموونەی لای خوارەوە دەیبینین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەرد | cvcc | 4 | dard |
| دووگ | cvvc | 4 | duug |
| سوور | cvvc | 4 | suur |
| بیست | cvvc | 4 | biist |

ئێمە هەندێ جار ناتوانین لە پیتە لاتینیەکەدا (y) لە وێنەکردنی بڕگەدا وەکو خۆی بهێڵینەوە، چونکە، کە وێنەی دەکەین، دەبێ بە پێی فۆنەتیکەکە دووبارەی بکەینەوە. ئەم حاڵەتەش لە پیتە عەرەبیەکەدا ئاسانە. وەك: (ی ی)، کە خۆی هەیە وەك (بییست)=( cvvcc)، لەبەر ئەوە ناچارین بۆ وێنەکردنی پیتی ( y ) لە بڕگەدا بیکەین بە دوو بەشەوە، وەك (ii) بۆ وێنە (jeyn) دەبێ بە (jiin)و (seyr) دەبێ بە (siir)و (seyn) دەبێ بە (siin) . بەڵام ئەم حاڵەت ڕەنگە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا کیشەی نەبێ، چونکە بۆ (ی) هەر ( i) دانراوە. بەڵام ئێمە (i)مان کردووە بە بزوێنی شاراوە، کە بەرانبەر بە عەرەبیەکە (الکسرە) دێ.

شایانی باسە، بە پێی یاسای بڕگەی جیهانی هیمای بڕگەی کورت (ب) دانراوە، واتە لە شێوەی پیتی (ب)ی عەرەبی. بەڵام بێ ئەوەی خاڵەکەی لەژێر دابنرێ. هەروەها بۆ بڕگەی درێژیش هێڵێکی کورت (−) دانراوە.

ئێمە لە نووسیندا بۆ نووسینی پیتی عەرەبی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەستپێدەکەینو بۆ نووسینی پیتی لاتینیش لە چەپەوە بۆ ڕاست دەستپێدەکەین. بەڵام بە بڕوای من ئێمە بۆ ئەوەی لە بناغەیەکی (عروض)ی جیهانی نزیکتربین، چاکتر وایە بۆ وێنداندنی نیشانەکانی (عروض) لە چەپەوە دەستپێبکەین بۆ ڕاست، چ لە نووسینو چ لە خوێندنەوەدا.

**بەشی سێیەم: کێش (وزن):**

لە ئەنجامی پێکهاتنی کۆمەڵێ بڕگەی تایبەتی لە هۆزاندا کێش دروست دەبێ، کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ (وزن). هەروەها چەند کێشێ لە هۆزان ستوونێ پێکدەهێنێ، کە بە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێ (بحر)و بە زمانی فارسیش ناوی لێنراوە (رکن).

پێش هەر شتێ دەبێ ئەوە بزانین، کە سەرەتای هۆزانی کوردی لە سەردەمی (باباتاهیری عوریان)ەوە بە چوارینە دەستی پێکردووە. ئەم جۆرە هۆزانانەش بۆیە ناوی لینراوە چوارینە، چونکە هەر کۆپلەیەك لەو چامەیە چوار لە چوار ستوون پێکهاتووەو کێشی ئەو ستوونانەش چوار بڕگەییە. واتە هەر ستوونێ لە چوار بڕگە پێکهاتووە. گومانیش لەوەدا نییە، کە ئێمە ئەو شێوە رەزمی هۆزانە، ئەگەر لە فارسەکانەوە وەرمانگرتبێ، ئەوا لە عەرەبەوە وەرماننەگرتووە. کەواتە ژمارەی چوار لە (عروض)ی هۆزانی کوردیدا رۆڵێکی گرنگی دروستکردووە. چونکە کێشی ستوونە سەرەکییەکان هۆزانی کوردی هەر چوار بڕگەیین. کەواتە هەر لە سەرەتاوە دەتوانین بڵێین، کە باوەگەورە کێشەکانی (عروچ) لە هۆنراوەدا، چ کوردی بن‌و چ عەرەبی، ئەو کێشە، کە لە چوار بڕگەی درێژ پێکهلتووەو، کە بریتییە لە کێشی (عروض)ی ((مفعولاتن)) (ـ ـ ـ ـ).

چەند بڕگەیەك لە (عروض)دا رەزمێ (ریتم)ێ پێکدەهێنن، کە دووەم بەردی بناغەی دروستکردنی کێشە لە هۆزاندا. رەزم لە زمانی عەرەبیدا وشەی (بحر)ی بۆ دانراوە. هەروەها پێشی دەگوترێ (تفعیلە) بە پێی ئەوەی، کە هەر وشەیەك لە زمانی عەرەبیدا یەك رەزمی سەرچاوەیی بۆ دانراوە، کە ئەویش وشەی (فعل= ف.ع.ل)ە. ئیدیۆمی (تفعیلە)ش لە زمانی عەرەبیدا واتە (فعلسازی) یاخود تصریفی فعلەکانی نێو فەرهەنگی عەرەبی[5] کە بناغەکەی (ئیقاع) دروستکردنە لە وشەدا یاخود نیشاندانی هارمۆنیەتی وشەکانە.

بێگومان کۆکردنەوەی چەند بڕگەیەکی (عروض)یش بۆ دروستکردنی رەزمێ لە هۆزاندا چەند یاسای جۆریەجۆری خۆی هەیە. ئەوەی شایانی باسە، ئیمڕۆ بە لای کەمەوە چ هۆنراوەی نوێ‌و چ هۆنراوەی کۆن (کلاسیك)ی کوردیمان، کە پێوانەی دەکەین، دەبینین رەزمەکانی چواربڕگەیین. واتە هەر رەزمێ لە رەزمەکانی هۆزانی کوردی کۆن‌و نوێ ئەگەر بە (تفعیلە)و یاسای (عروض) کێشیان بپێوین، یاخود بە پەنجە بیانپێوین، دەبینین زۆربەی زۆریان چوار بڕگەیین، مەگەر بە دەگمەن ئیمڕۆ لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا سێ بڕگەیی، یاخود پێنج بڕگەیی بەدی بکەین. ئەمەش هەڵبەت ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە هۆزانی کوردی لە کۆنەوە لە یاساکانی هۆزانی فارسییەوە نزیکبووەو ئەوجا پاش دروستبوونی دەسەڵاتی ئیسلام‌و فەرهەنگەکەی لە نێو کورددا بە هۆی عەرەبەکانەوە بۆتە هۆی بەکارهێنانی (عروض) لە لایەن هۆزانڤانەکانمانەوە.

کەواتە بەردی بناغەی کێشەکانی (عروض) ئەو (کێش)ەیە، کە رەزمەکانی لە چوار بڕگە پێکهاتوون، کە درێژن[6] ((مفعولاتن)) (ـــ ـــ ـــ ـــ).

ئیتر هەرچی رەزمی تر هەیە هەمووی لەو ((مفعولاتن))ەوە خوازراون، یان بە هۆی زیادکردنی ئەو چوار بڕگەیە، یاخود کەمکردنەوەی ئەو چوار بڕگەیەیە.

یەکەم پرۆسێسی چۆنیەتیی خواستنی هەر رەزمێکی تر لە رەزمی چوار بڕگەیی ((مفعولاتن)) ئەوەیە، کە یەکێ لە بڕگەکانی ئەو تفعیلە چواربڕگەییەی، کە درێژە بگۆڕرێ بۆ بڕگەیوکی کورت. بە مەرجێ بڕگەی چوارەم نەبێ، کە لە چەپەوە بۆ راست دەست پێبکەین بە ئەژماردنیان. واتە تەنها دەتوانین لە چەپەوە بۆ راست یەکەمجار بڕگەی یەکەمی بگۆڕین، ئەوجا بڕگەی دووەمی‌و ئەوجا بڕگەی سێیەمی. واتە بە گۆڕینی ئەو رەزمە چوار بڕگەی درێژە سێ رەزمی تر بەدەست دەهێنین. وەك لە نموونەی لای خوارەوە دەیانبینین:

مفاعیلن ـــ ـــ ـــ ب لە پاش کورتکردنەوەی یەکەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

فاعلاتن ـــ ـــ ب ـــ لە پاش کورتکردنەوەی دووەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

مستفعلن ـــ ب ـــ ـــ لە پاش کورتکردنەوەی سێیەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

ئەم رەزمانەش بوون بە سێ رەزمی سەرەکیی هەموو (عروض)، چ لە فارسی، چ لە کوردیدا، کە

هەر یەکە لە زمانی عەرەبیدا ناوێکی تایبەتیی لێنراوە[7] .
1ـ مفاعیلن هزج
2ـ فاعلاتن رمل
3ـ مستفعلن رجز
لە ئەنجامی کورتکردنی یەکێ لە بڕگە درێژەکانی، کە ماونەتەوە، تەنها بڕگەی چوارەمیان نەبێ، کە نابێ کورت بکرێنەوە. لەم سێ ڕەزمە چوار بڕگەییانە سێ ڕەزمی تر درووست بوون. ئێمە بۆ مەبەستی باشتر نیشاندانی ئەم پڕۆسێسە لە ڕەزمی (مفاعیلن)ەوە دەست پێناکەین، بەڵکو لە ڕەزمی (فاعلاتن)ەوە دەست پێدەکەین. لەبەر ئەوەی یەکەم بڕگەی (مفاعیلن) لە کاری یەکەممانـدا کورت بۆتەوەو هەر وەکو لەم نەخشەیەی لای خوارەوە دەیبینین:
فعلاتن ـــ ب ب لە ئەنجامی کورتکردنەوەی یەکەمین بڕگەی درێژ لە ڕەزمی فاعلاتن ـ ـ ب ـ
مفتعلن ـــ ب ب ـــ لە ئەنجامی کورتکردنەوەی دووەمین بڕگەی درێژ لە ڕەزمی مستفعلن ـ ب ـ ـ
مفاعلن ـــ ب ـــ ب لە ئەنجامی کورتکردنەوەی سێیەمین بڕگەی درێژ لە ڕەزمی مفاعیلن ـ ـ ـ ب
کەواتە بە پێی چۆنیەتیی ئەو پڕۆسێسی خواستنی سێ ڕەزمی تر لە ڕەزمە سەرەکییەکانی (عروض) بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو کێشەی، لەسەر بناغەی ڕەزمی ((مفاعیلن)) (ـــ ب ـــ ب) دادەمەزرێ لە خێزانی ((مفاعیلن)) (هزج)ە. هەروەها ئەو کێشەی، کە لەسەر بناغەی ڕەزمی ((فعلاتن)) (ـــ ـــ ب ب) دامەزراوە، لە خێزانی ((فاعلاتن)) (رمل)ە. ئەو کێشەی، کە لەسەر بناغەی ڕەزمی ((مفتعلن)) (ـــ ب ب ـــ) دروستبووە، لە خێزانی ((مستفعلن)) (رجز)ە. بەڵام وەکو دەردەکەوێ، تاکو ئێستا ڕەزمێکی چوار بڕگەیی تر نییە، کە ((مستفعل)) (ب ب ـ ـ) بێ و ئەگەر بشبێ ئەوا بە کارێکی نا ئاسایی دەژمێررێ.
بینیمان، کە یەك ڕێگای خواستنی ڕەزم لە ڕەزمی تر هەیە، کە یەکێ لە بڕگە درێژەکانی ڕەزمی باوك دەگۆڕێ بۆ بڕگەی کورت، ئەگەرچی دوایین بڕگەش بێ. ڕێگای دووەم بۆ خواستنی ڕەزمێ لە ڕەزمێکی تر ئەوەیە، کە دوایین بڕگەی ڕەزمی باوك نامێنێ. ئەم ڕێگایەش ئەم خشتەی لای خوارەوە بۆمان ڕووندەکاتەوە.

**بنچینەی چوار بڕگەییەکان:**

ـ ـ ـ ب مفاعیلن
ـ ب ـ ب مفاعلن
ـ ـ ب ـ فاعلاتن
ـ ـ ب ب فعلاتن
ـ ب ـ ـ مستفعلن
ـ ب ب ـ مفتعلن

**ڕەزمی سێ بڕگەیی:**

ـ ـ ب مفاعی (فعولن)
ب ـ ب فعول (بەکارنەهاتووە)
ـ ب ـ فاعلن
ـ ب ب فعلن
ب ـ ـ مفعول (بەکارنەهاتووە)
ب ب ـ فاعل (بەرکارنەهاتووە)

کەواتە بە پێی چۆنیەتیی ئەو پڕۆسێسە، واتە پڕۆسێسی خواستنی سێ ڕەزمی تر لە ڕەزمە سەرەکییەکانی (عروج)، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو کێشەی لەسەر بناغەی ڕەزمی ((مفاعلن)) (ـــ ب ـــ ب) دادەمەزرێ، لە خێزانی ((مفاعیلن)) (هزج)ە. هەروەها ئەو کێشەی لەسەر ڕەزمی ((فعلاتن)) (ـــ ـــ ب ب) دامەزراوە، لە خێزانی ((فعلاتن)) (رمل)ە. ئەو کێشەش، کە لەسەر ڕەزمی ((مفتعلن)) (ـ ب ب ـــ) دروست بووە، لە خێزانی ((مستفعلن)) (رجز)ە. بەڵام وەکو دەردەکەوێ، تاکو ئێستا ڕەزمێکی چوار بڕگەیی تر نییە، کە ((مستفعل)) (ب ب ـــ ـــ) بێ و ئەگەر بشبێ، ئەوا کارێکی نەگونجاوە.
بینیمان، کە ڕێگای یەکەم بۆ خواستنی ڕەزمێ لە ڕەزمێکی تر ئەوەیە، کە یەکێ لە بڕگە درێژەکانی ڕەزمی ((مفعولاتن)) (ـــ ـــ ـــ ـــ) دەگۆڕڕێ بۆ بڕگەی کورت، ئەگەرچی لێرەشدا دوایین بڕگەش بێ. بەڵام جگە لەوە ڕێگایەکی تریشمان هەیە بۆ پڕۆسێسی ئەو خواستنە، واتە بۆ خواستنی ڕەزمێ لە ڕەزمێکی تر. یان بە ئیدیۆمی عەرەبی، وەرگرتنی تەفعیلەیەك لە تەفعیلەیەکی تر ئەویە، کە دوایین بڕگەی ئەو ڕەزمانەی لە ڕەزمی بناغەوە ((فعولاتن)) دروست بوون، ئەمێننو لەنێو بچن. بۆ

ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسێسەش، ئەم نەخشەیەی لای خوارەوەمان دروستکردووە:

**بنچینەی ڕەزمە چوار بڕگەییەکان**

ـ ـ ـ ب مفاعیلن
ـ ب ـ ب مفاعلن
ـ ـ ب ـ فاعلاتن
ـ ـ ب ب فعلاتن
ـ ب ـ ـ مستفعلن
ـ ب ب ـ مفتعلن

**ڕەزمی سێ بڕگەییەکان**

ـ ـ ب مفاعی (فعولن)
ب ـ ب فعول (بەکارنەهاتووە)
ـ ب ـ فاعلن (فاعلن)
ـ ب ب فعلن (فعلن)
ب ـ ـ مفعول (بەکارنەهاتووە)
ب ب ـ فاعل (بەکارنەهاتووە)

لەپاش ئەوە یەکەم: بۆمان دەردەکەوێ، کە لەم ڕێگایەوە سێ ڕەزمی سێ بڕگەیی دروست دەبێ، کە ئەملنەی لای خوارەوەن .

ـ ـ ب فعولن (لە خێزانی هزج) ـ ـ ـ ب مفاعیلن
ـ ب ـ فاعلن (لە خێزانی رمل) ـ ـ ب ـ فاعلاتن
ـ ب ب فعلن (لە خێزانی رمل) ـ ـ ب ب فعلاتن

بەمە ڕووندەبێتەوە، کە لەم ڕێگایەوە سێ ڕەزمی سێ بڕگەیی بەکاردێ، وەکو لەم خشتەیەی لای خوارەوە بەدی دەکرێن:

خشتەی خێزانی (عروض)ی سێ ڕەزمی کاریگەری سێ بڕگەیی:

ـ ـ ب فعولن (لە خێزانی) ـ ـ ـ ب مفاعیلن (هزج)
ـ ب ـ فاعلن (لە خێزانی) ـ ـ ب ـ فاعلاتن (رمل)
ـ ب ب فعلن (لە خێزانی) ـ ـ ب ب فعلاتن (رمل)

بەمەش ئاشکرا دەبێ، کە ڕەزمی سێ بڕگەیی ((مفعول)) (ب ـ ـ)و ((فعول)) (ب ـ ب)و ((فاعل)) (ب ب ـ) لەبەر ئەوەی بە بڕگەی کورت کۆتاییان هاتووەو لە (عروض)ی کوردیدا بەکار ناهێنرێنو ئەگەر کێش وەکو یەکێ لەم ڕەزمانە بێ، ئەوا دەبێ هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدا، کە لە دەستنیشانکردنی ڕەزمەکانی ئەو کێشانەدا هەڵە ڕوو دەداو دەبێ دووبارە بگێڕێتەوە بەو ڕەزمانەدا.

ڕەزمی ئاسایی لە زمانی کوردیدا چوار بڕگەییە. بە ئەمانی دوایین بڕگەش دەتوانین لەوە ڕەزمێکی سێ بڕگەیی بەدەست بهێنین، یاخود دروست بکەین. بەڵام ڕەزمی دوو بڕگەییو یەک بڕگەییمان نییە. لەبەر ئەوە، بە شێوەی یەک بڕگەیی، یاخود دوو بڕگەیی لە جیاتیی ڕەزم لە هەندێ کێشی کوردیدا دەبینرێ، کە پێکهاتووە لە ڕەزمی درێژتر، کە بەشێکی قرتانی (عروچ) لێکراوە. جگە لەمانە ڕەزمێکی سێ بڕگەیی تریشمان هەیە، کە ئەویش ((مفعولن))ە، کە خوازەیەکی تایبەتی لە (عروض)ی کوردیدا بەکارهاتووەو دەبێ بە نیشانەی جیهانی (ـ ـ ـ) نیشان بدرێ.

سێیەمین ڕێگا بۆ خواستنی ڕەزمێ لە ڕەزمێکی تر زیادکردنی بڕگەیەکی درێژە بە کۆتاییەکەیەوە. هەروەها بنچینەی ئەو کارە لە شەش ڕەزمی سەرەکیو لاوەکیی (عروض)دا دەبینین، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بە ڕوونی دیارە:

| **چوار بڕگەیی** | **پێنج بڕگەیی** |
| --- | --- |
| ـ ـ ـ ب مفاعیلن | مفاعیلاتن ـ ـ ـ ـ ب |
| ـ ب ـ ب مفاعلن | مفاعلاتن ـ ـ ب ـ ب |
| ـ ـ ب ـ فاعلاتن | فاعلاتاتن ـ ـ ـ ب ـ |
| ـ ـ ب ب فعلاتن | فعلاتاتن ـ ـ ـ ب ب |
| ـ ب ـ ـ مستفعلن | مستفعلاتن ـ ـ ب ـ ـ |
| ـ ب ب ـ مفتعلن | مفتعلاتن ـ ـ ب ب ـ |

هەر ڕەزمێکی (عروض)، کە زیاتر لە سێ بڕگەی (عروچ)ی درێژی یەک بە دوای یەک بێ، گرانترو قورسترە لەوەی، کە لە شیعری کوردیدا بەکاربێ. بەڵگەش بۆ ئەو ئەوەیە، کە ((مفاعیلاتن)) (ـ ـ ـ ب) لە شیعری کوردیدا بەکارنەهاتووەو تەنانەت ((فاعلاتاتن)) (ـ ـ ـ ب ـ)یش بۆ زمانی فارسی بە قورسو گرانی دێ. بەڵام لە شەش ڕەزمی پێنج بڕگەیی بەرەو سەرەوە چوار ڕەزمی، کە پێکهاتووە لە مستفعلاتن، مفاعلاتن، فعلاتاتنو مفتعلاتن، یاخود لە ڕابوردووی شیعری کوردیدا بەکارهاتووە، یاخود دەتوانرێ لە داهاتوودا بەکاربهێنرێ.

لێـرەدا دەتـوانین هـەنگاوێکی تـریش تـریش لـە زەمینەی خواستنی رەزمەکانـدا بنـچینە پێـشەوەو بڕگەی پێش دواییـنی هـەر یـەك لـەو شـەش رەزمـە پێـنج بڕگەییـەی بـەرەو سـەرەوە، کـە لـە هـەمان حاڵەتـدا بڕگـەی درێـژە کورتکەینـەوە. بـۆ نموونـە وەك لەم خشتەیەی لای خوارەوە دەبینین:

**بڕگەی درێژە پێش دوایین:**

ـ ـ ـ ـ ب مفاعیلاتن
ـ ـ ب ـ ب مفاعلاتن
ـ ـ ـ ب ـ فاعلاتاتن
ـ ـ ـ ب ب فعلاتاتن
ـ ـ ب ـ ـ مستفعلاتن
ـ ـ ب ب ـ مفتلاتن

**دوای کورتکردنی بڕگەی پێش دوایین:**

مفاعیلتن ـ ب ـ ـ ب
مفاعلتن ـ ب ب ـ ب
فاعلاتتن ـ ب ـ ب ـ
فعلاتتن ـ ب ـ ب ب
مستفعلتن ـ ب ب ـ ـ
مفتعلتن ـ ب ب ب ـ

لێرەوە دەبینین، کە دوایین رەزم، کـە (ـ ب ب ب ـ) یاخود ((مفتعلتن))ە لە سێ بڕگەی کورتی یەك بـە دوای یــەك هــاتووە. هــەر رەزمێکــیش، کــە بڕگـەکانی کـورتو یـەك بـە دوای یـەك بـێ، سـێ یـاخود زیـاتر بـێ، خێراتـر دەبـێ، کە لـە شـیعری کوردیدا بەکاردێ. بەڵام لە ((مفتعلتن))دا دەبینین، کە بـە کوردتکردنـەوەی بڕگـەی پـێش دوایـین لـە شـەش رەزم پێـنج بڕگـەیی دەسـتی راستو پێـنج رەزمـی جـوان دروسـت دەبـێ، کـە هـەمووی لـە شیعری کوردیدا بەکارهاتوون، یاخود لە داهـاتوودا بەکاردێنو ئـەو پێـنج دانەیـە ئەمانـەن: مفـاعیلتن، مفاعلتن، فاعلاتتن، فعلاتتنو مستفعلتن.
دواهەمین خاڵ لەم خشتەدا راستەوخۆ ئەمەیە، کە ((فعلاتن)) لە (عروض)ی ئاسایی (کلاسیکی)دا بـە ((متفـــاعلن)) دەخوێندرێتـــەوە. بـــەڵام نـــاوی ((فعلاتـتن)) بـۆ ئـەم گونجـاوترە، چـونکە دەگاتـە ئەوەی خواستنی ئەم رەزمە بە شـێوەیەکی راسـت لە فعلاتاتنو فعلاتنو فاعلاتن (باوکی رمل)ە.

پەراوێزەکان:

[1] - هەندێ لە (عروض) ناسە فارسەکان دەڵێن سەرچاوەی ئەم ئیدیۆمــە، یــاخود وشەیە لە فەرهەنگی فارسییەوە هاتووە. بە بەڵگەی ئەوەی، کە فارسەکان بەر لـە داهاتنی ئایینی ئیسلامیو هـاتنی دەسـەڵاتی ئیسلام (عـروض)یـان هـەبووە. وەلی ئەم بۆچوونە تا رادەیەك راست نییە، چونکە فارسەکان لـەوەدا بـە هەڵـەدا دەچن، کە ئەو کێشو رەزمی هۆنراوەیەی، کە هەر لە کۆنەوە بـۆ دانـانی یـاخود گوتنی هۆنراوەکانیان لەسەری رۆیشتوون بە بڕگە بووەو ناوی (عروض) نـەبووە، چـونکە دەزانـین، کـە وشـەی (عـروض) عەرەبییـە بـە پێـی ئـەو پیتـەی، کـە تیایدایەتی، کە پیتی (ض = ضاد)ەو ئـەم پیتـەش لـە زمـانی هیندوئـەوروپیو هیندوئاریدا وەکو عەرەب بەکاری ناهێنن.

# داو

**دوسێن شێربەگی**

—خۆ من پێم وتبوو: خۆزگەو هەزار خۆزگەم هەر لەوێ دەمایەوە..!! خۆ پێم وت: "لەوێ کاودان لەپاڵ خۆتدا دەبن، هەم ماسیی خوێکراو، هەم کیژی خاوەن چارداخەکەو هەم چارداخەکەشیان".

ئەمە دەنگی ئەو کابرا بەساڵاچووە بوو، کە لەبێستانێکی شانی بێشە چڕوپڕەکەی رۆخی تەنها رووباری شارەکەدا لەگەڵ لاوێك لەمبەرو ئەوبەری ئاگرێك دانیشتبوون. برێ جار دووکەڵ و جارویارەش گڕە مشقاڵی ئاگرەکەی نێوانیان سنگ و بەرۆکی پارچە رەشەکەی شەوی شەقار شەقار دەکرد. ئەمانیش بەبێ نۆرەکردن و چەشنی کێبەرکێ دەستەکانیان لەسەر شۆڵەی ئاگرەکە گەرم دەکردەوە. ئەوەندەی کوڕە لاوەکە بەزار مات و بێدەنگ و لەخۆیدابوو، کابرای بەساڵاچوو دە هێندەی ئەو دەمی دەجوولاو چاوی دەگێڕاو لە لاوەکە و دەوروبەری دەنواڕی و ویشکەڵ و چێوی داویشتە سەر ئاگرەکە. کابرای بەساڵاچوو بەردەوام قسانی دەکرد، بەڵام هەڤاڵەکەی زۆر بێدەنگبوو، تەنانەت زۆر پرسیاری کابرای بەساڵاچوو بەبێ وەڵام دەماوە. هەروەها ئەمیان (کابرای بەساڵاچوو) لەچەشنی بەردێك—سەری نەبێ کە بەردەوام لە چاوگێڕاندابوو، بەبێ جموجووڵ لە جێگای خۆی هەڵترووشکابوو، بەڵام ئەویان (کوڕە لاوەکە)دەمودووی قسەکردن و هۆشوگۆشی سەرنجدانی ئەملاو ئەولای نەبوو، هیچ. بەردەوام لەخۆی دەنووس و خۆی رادەوەشاندو قوونە جووڵەی بوو، بەخێرایی لەسەر ئەم سمتییەوە دەخزایە ئەو سمتی و بەدوایدا چوارمەشقی دادەنیشت و ئەمجار هەڵدەستا سەرپێ و دەستی بەسەر لا قەبرغەکانیداو بەسەر دڵیدا دێنا وەك ئەوەی ناڕەحەت بێت، یان زگ ئێشەو ژانە زگی بێت، حەجمینی نەبوو، کابرای بەساڵاچوو کە لەدەوروبەرو لە لاوەکەی دەڕوانی، لەناکاو وتی: "باشە باش... دەبا لەوە گەڕێین.. دەڵێم.. شەرمی پێ ناوێ.. ئێدی ئێمە دۆست و برادەرین و دەبێت.. دەبێت سەدان سڕوتڕی یەکتری داپۆشین..! دەڵێم... هەستە، هەستە برۆ.. بڕۆو ئەمجارەش.. ئەمجارەش خۆت خاڵی کەوە.. بۆت باشە..!! ناڕەحەتی، خۆت خاڵی کەوە..".

—نا، نا.. دوور لەڕووت.. زۆریش ناڕەحەت نیم.. خۆم رادەگرم (ئەمەیان دەنگی لاوەکە بوو)..

—دۆستم کای خۆت نەبوو، کادێنی خۆت بوو..!! دەزانی چیت بەسەر خۆت هێناوە..؟ هەستە.. هەستەبڕۆو ئەمجارەش بۆی دانیشە.. دانیشەو خۆت خاڵی کەوە.. ئایش.. بۆت باشە..

کابرای بەساڵاچوو ئاوای وت..

کابرای بەساڵاچوو لە پاش ئەم قسانە، بن پیلی لاوەکەی گرت، بەزۆر لەجێگاکەی هەڵیساندو هەر بەپاڵپێوەنان لەئاگرەکە دووری خستەوەو



پێیوت: بڕۆ دەی بڕۆ.. بڕۆ خۆت خاڵی کەوە .. بڕۆ دەی... بڕۆ..
کوڕە لاوەکەش بەکەموموورِی و شەرمەزارییەوە سەری داخست و دوورکەوتەوە.. لە ڕاستیدا قسەو باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوێنێ جەنگەی نیوەڕۆ.. کابرای بەساڵاچوو لەو ساتەوەختەدا، لە دوورەوە زۆری لە لاوەکە ڕوانیبوو، بینیبووی لاوەکە لە ڕەخی گۆمە قووڵەکەی پاش خوڕێنی ڕووبارەکە سەرقاڵی قولاب هاویشتن و ماسی گرتنە..
—هەڵبەت بە ڕواڵەت—کابرای بەساڵاچوو وردە وردە لێی چوویووە پێشێ و سەری قسەو باسی لەگەڵدا دامەزراندبوو. قسەیەك لەملاو دوو قسە لەولا، قسەش قسە دێنێت. لەپاش زۆر قسان لە کوڕە لاوەکەی پرسیبوو:
—دەڵێم.. تۆ ئەو لاوە نیت کە جاروبار لە نێو ئەم دارستانەو بڕێ جار لەسەر هۆو (زنە)یە لەگەڵ (زێنێ)ی ژنی ئەم کابراو هاوسێیەمدا رادەوەستی..؟ بەدەست ئاماژەی بەرەو (زنە)کە کردبوو—دەڵێن سازت کردووەو کەینەو بەینەت لەگەڵیدایە..!!

—من هەوم، ڕاست ئەو لاوەی مەبەستی تۆیە..! بەڵام ئەم قسە وانییە. ئەو ژنە لەسەر هۆو زنەیە دادەنیشێ و قاپ و قاچاخ دەشوا.. ئەویش سەرەڕێی منە. ژنە جاروبار لەبەر خۆیەوە شتێك دەڵێت.. بەڵام من تێدانیم، من لەوانە نیم، بڕوات هەبێ، من لەوانە نیم..!
(لاوەکە ئاوای وەڵامدابووەوە).
دوای ئەم قسانە کوڕە لاوەکە بڕێك بێدەنگ مابوو، ماوەیەك بەدزە دزە سەرنجی کابرای دابوو و لەدواییدا تێهەڵچووبووەوە:
—ئەگەر نیوچاوان نەیهێنا.. نازانم کێ قسەی لەم چەشنەی بەگوێی باوکمدا داوە..؟ ئەویش دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر زۆری قسەو بەدو بێڕا پێیوتم: زۆر خراپی پێکردم، منیش تووڕەبووم و لە ماڵ دەرکەوتم و هاتمە ئەم دەم چەمە.. لێرە ڕاوەماسی دەکەم، ئەو ژنەش وا تۆ دەڵێی ڕۆژێك بڕێك خەیارو نان و ماستی بۆ هێنام.. بەتەمام تا شەختە نەکەوێ، هەر لەم دەم چەمە بم، شەوو ڕۆژ..
کابرای بەساڵاچوو ماوەیەك ماتبوو، لەپاشان وتبووی: لە تازە ڕاوچی وایە.. ئەوە دەڵێی چی..؟ تەنانەت (دوێنێ)ش و ئەمڕۆش لەسەر ئەو زنەیە لەگەڵ (زێنێ)دا بینیبوویانی.. بۆ

حاشا دەکەی..؟ برادەر تازە من و تۆ هەڤاڵین.. وەرە مەرجی دۆستایەتی و برایەتی ببەستین، سرپوتڕی یەکتری داپۆشین.. خاتر جەم..!

لاوەکە بڕێك لە کابرا وردبوو‌بووەوەو وتبووی: خۆ وتم.. بێ مەیل نییە.. هەموو ژەمێ نان و ماست و خەیارو پەنیرم بۆ دێنێ.. ئەو ڕۆژە زۆرم ماسی گرتبوو، داوای (خوێ)م لێکرد.. تۆش دەزانی ماسی بەبێ (خوێ) خۆشنییە.خۆشی چی..؟ ماسی خواردن بەبێ (خوێ) هەر نابێت..تۆش پێت وانییە..؟

هەردووکیان لە قاقایان دابوو، کابرای بەساڵاچوو لە پاش بڕێك بێدەنگبوون و فیکرکردنەوە وتبووی:

—بێت و بەم ڕوبارەدا بڕۆی بۆ خوارەوە لەپاش نێزیك سەعاتێك پاشاوێك لەڕووبارەکە جیادەبێتەوەو بڕێ لەولاترەوە دەبێتە (گۆل)ێك. زەوی دەوراندەوری گۆلەکە شۆرەکاتەو ئاوی گۆلەکە بڕێ سوێرە. گۆلەکە پڕ پڕە لەماسی.. چ ڕاست چ درۆ، من هەوای ماسی لەکەللەم بدات دەچم بۆ ئەوێ، ماسیی ئەو گۆلە (خوێ)ی خۆی پێوەیەو چارداخی شانی گۆلەکەش هی کابرایەکی دیوناسی خۆمە—ئای کیژێکی لووس و لەباری هەیە— لەسەر ئەو گۆلە قولاب باوێی، کاودانت لە پاڵ خۆتدا دەبێ.. بەکابرای خاوەن چارداخ بڵێ دۆستی منی، لەو گۆلە ماسی بگرەو لەو چارداخە بخەوەو لەگەڵ کیژە لووس و لەبارەکەشیدا ڕایبوێرە..

لاوەکە دوورکەوتبووەوە خۆی خاڵیکاتەوە، پاش بەینێك گەڕاوەو دیسانەکە لەبەرامبەر کابرای بەساڵاچوودا لەوبەری ئاگرەکە دانیشتەوە، بەڵام خێرا خێرا مووچڕکی پێدا دەهات و زۆر زیاتر لە پێشوو قونە جووڵەی بوو، ژان و ئێش و پێچی زگی گورچووبڕ بووبوو..

کابرای بەساڵاچوو چەشنی واشە چاوی لەلاوەکە نەدەگواستەوە، هەر بۆیە دیسانەکەش تێهەڵچوو:

—ئەرێ بەڕاست نەتوت چۆن بوو بەریشتەوە..؟ ئاخر بۆچی گەڕایتەوە..؟ چۆن بوو بەریشتەوە..؟

—بوو بەریشمەوە..؟ لاوەکە دەستێکی بەریشیدا هێناو تەماشای دەستی خۆی کرد..!

—حەی حەی.. لەمەبەستم حاڵی نەبووی—دەنگی کابرای بەساڵاچوو بوو، لەپاش قاقایەکی بەرز پرسیاری کرد: هۆش و گۆشت لە کوێیە..؟ زگە شۆرەکەت دەڵێم، ئەم دەردەت چۆن بوو بەریشەوە..؟

لەوەڵامی پرسیاری کابرای بەساڵاچوودا، کوڕە لاوەکە وتبووی: کەگەیشتمە سەر ئەو گۆلەی خۆت وتت، یەکڕاست دەستم کرد بەقولاب هاویشتن. دەبێ بڵێم هەر لەیەکەم سەعاتدا، لەوانەیە ماسی چوار پێنج ژەمم گرت. یەك دوو، کەڕەت سەرم هەڵبڕی و لەچارداخەکەم ڕوانی، کابرایەك بەدەوری چارداخەکەدا دەهات و دەچوو، زۆر لەتۆ دەچوو!...

—ئەرێ بەراست تۆ نەبووی..؟ زۆر لەتۆ دەچوو..!

ڕۆژئاوا ڕوومکردە ئەو چارداخەی وتبووت، کەسی لێ نەبوو، بەڵام بڕێك گۆشت لەقابلەمەیەکداو بڕێ خەیارو باینجانی لێبوو..، بۆ شێوکردن ئەو گۆشت و خەیارو باینجانەم خوارد، ئەم چەند ڕۆژە زۆرم ماسی خواردبوو، ئیشتیام لە ماسی نەبوو، هەر ئەو گۆشت و خەیارو باینجانەم خوارد و خەوتم. نیوەشەو بەدەم ئەم ژان و زگ ئێشەیەوە خەبەرم بووەوە، تا نیزیك نیوەڕۆش هەر لەو دەوروبەرە خۆم ڕاگرت، کەڵکی نەبوو، زگە شۆرەو ژان و بڕکەکەی تادەهات هەر زیادی دەکرد.. ئیدی گەڕامەوە. کارکاری ئەو گۆشت و خەیارو باینجانە بوو، هەم لە کۆن دەچوون، هەم زۆرم خوارد.

—کای خۆت نەبوو، کادێنی خۆت بوو، بۆ وات دەکرد دۆستم..؟ زەردالوو، وەرە بۆ گەروو، زەردالوو وەرە بۆ گەروو..! ئاخر کای خۆت نەبوو،... کابرای بەساڵاچوو ئاوای وت و قاقای کێشا.

کوڕە لاوەکە تێکچوو و بەگومانەوە لەکابرای ڕوانی.. پێچێکی توندو ژان و ئێشێکی

گورچووبڕ برستی لێبڕی و پاش ئەوەی ژان و ئێشەکە بۆ خولەکێك و دووان دوورکەوتەوە، لەکابرای بەساڵاچووی پرسی:
—ئەرێ بەراست.. تۆ نەبووی لە شانی چارداخەکە هاتوچۆت بوو..؟ ها..؟ تۆغا تۆ نەبووی..؟
بەڵام کە وەڵامێکی چنگ نەکەوت، وەك پاڕانەوە نووزاندی: ئەرێ تۆغا.. حەبێ، شەربەتێ، دەواو دەرمانێك شك نابەی..؟
لەپاش بڕێك بێدەنگی، لاوەکە هەمیسان لالاوە: بمبوورە ناتوانم دانیشم.. پێچ و ژان و.. سەیرە.. کوشتوومی.. ئێشێکی کوشندە.. هەناوم.. دڵم.. دەکوڵێن.. تۆغا حەبێ.. شەربەتێ..
—ڕاکشێ، سیاچارە... چارەرەش ڕاکشێ.. فێردەبی فێردەبی..! (کابرای بەساڵاچوو لەمکاتەدا لێوی خوارەوەی خۆی دەگەزی).. فێردەبی.. فێردەبی..
کوڕە لاوەکە لەوە شەکەتتربوو ئەم پلارە وەرگرێ.. کابرای بەساڵاچوو تێهەڵچووەوە:
—هەر لەشانی ئەم ئاگرە ڕاکشێ، ئەوە تازە هاتەوە یادم..! نیو چارداخەکە زۆر تەڕە، ئاوێکی زۆری تێیا ڕژاوە، عەرزەکەی قوڕاوییەو بۆ جێ و بان ڕاخستن نابێ.. بۆ خەوتن و ڕاکشان هیچ، بۆ هەڵترووشکان و دانیشتن نابێ..! هەر لێرە لەشانی ئەم ئاگرە ڕاکشێ، ئەوا دەچم و نێو چارداخەکە دەگەڕێم، بۆ حەبێ، شەربەتێ.. سبەی دەتبەم بۆ دوکتۆر. تازە ئێمە براین برا.. برا بەفیدات بێ.. بۆ وات لێهات..؟ ئەمشۆ خۆت ڕاگرە، ئاو نەخۆی.. زوو زوو خۆت خاڵی کەوە، هیچ نەخۆی ها..! ئاو هەر نا نا نا، دەتکوژێ..
کوڕە لاوەکە گوێی لەم قسانە دەبوو و نەدەبوو، لەژان و ئێشی تەقەفیڕەو زگە شۆرەدا خەریکبوو تێدا دەچووە، کابرا لەو دوور دەکەوتەوەو ئەویش بەرە بەرە هۆش و گۆشی لەکاردەکەوت، یان هۆش و گۆشی پرژوبڵاو دەبوو و بۆ سەد لایان دەچووە. لەشانی ئاگرەکە ڕاکشابوو، تلی دەخواردو جار جار دەرشاوە. ڕشانەوەی چی..؟ هیچی لەنێو زگدا نەبوو، شتێکی وەك ئاوی دەهێناوە، پێچ بەنێو زگ و سەردڵیدا دەهات و تلی دەخوارد. هەر وەکو تلی دەخوارد، هێقی دەکردو پەرۆشی دەکرد (زەرداوێکی روون و بۆگەن)، تلی دەخواردو خۆی لەم زەرداوە هەڵدەسوو. بۆگەن گەمارۆ دابوو. بایەکی بڵندو درێژ و ژان و برکێکی کوشندە شل و فلی کردو لەکاری خست.
ڕەنگە هەستی کردبێ پاش و پێشی خۆی تەڕکردووە! بەڵام چیی لەدەست دەهات..؟ بەخۆیدا دەهات و لەخۆی دەنووساو تلی دەخوارد، لەم شان بۆنەوشان و لەوشان بۆنەم شان. ڕەنگە هێلنجی دابێ و ئاسێدی ترش و زەرداوی بۆگەن سنگ و گەرووی داپووشاندبێ و ڕەنگە دیسانەکە لەو تلاوتل خواردنەدا خۆی لە ڕشاوەی خۆی هەڵساوییبێ و.....
کابرای بەساڵاچوو بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە، بەرەو چارداخەکەی دەچوو و ورێنەی دەکرد: فێردەبی، نێردەبی، ترچۆو.. (زێنێ) سازدەکەی و لەسەر زنەکە لەگەڵیدا ڕادەبوێری..؟ داوای خوێی لێدەکەی..؟ ماسی بەخوێوە خۆشە..!! دەهەڵگیرەوە.. فێردەبی.. خەیارو باینجان و ماست..! بۆتی دێنێ.. ئەی ئەو گۆشت و خەیارو باینجانەی نێو چارداخەکە..؟ خوێی چێشت بێ..! تەنها سەعاتێکی دیکە، هەر تاقە سەعاتێکی دیکە، لەگەڵ زێنێدا شەوی جومعەیەکت بۆ سازکەم..
لەپشت سەری کابرای بەساڵاچوودا، کوڕە لاوەکە بڕێ پرتەوبۆڵەو نووزێکی بێهێزی لێهەستا، زۆر لەخۆی نووسا، ناڵاندی، پێمابێ دیسان ڕشاوە، دیسان تلاولی خواردو ئەمشان و ئەوشانی کردو خۆی لە زەرداو هەڵسوو، بەڵام کەس لەبن سەر نەبوو، ئاگرەکە خەریکبوو دەکوژاوە، تاریکان خەریکبوو لاوەکەی گەمارۆ دەداو لەگەڵ کزبوونی شۆڵەی ئاگرو بەسەرداهاتنی تاریکایی و ڕەشایی لەدەوری کوڕە، بارودۆخی ئەویش لە گۆڕاندا بوو، بەرەو ئاراو قاراگرتن و دامرکان دەچوو، ڕەنگە لەنیوەشەودا لەجموجووڵ کەوتبێ، ڕەنگە.. بڵێی..؟!
کابرای بەساڵاچوو گەیشتە چارداخەکەی، چووە ژوورێ و دوو گۆزە ئاوی قلپکردەوە،

تەختی عەرزەکەی خووساندو قوڕاویی کرد. لەدوایە چووە نێو دێراوی خەیارو باینجان و بیبارو دەستی کرد بەئاوداشتنی بێستانەکەی.
کابرا زۆر لەسەرەخۆ ئەم دێراوی ئاوداو ئەو دێراوی ئاودا، زۆر درەنگ بەرەو لاوەکە گەڕاوە. ئەوە کاتێك بوو کەئاگرەکە کوژابووەوە، لاوەکەش بەبێ جموجووڵ و بەبێ هەست و خوست لەولای ئاگرە کوژاوەکە درێژاو درێژ لاقی بڵاوبوونەوە.
ڕەنگە کابرای بەساڵاچوو وایدانابێت، کوڕە لاوەکە خەوی لێکەوتووە..! بڵێی؟ ڕەنگە وایدانابێت کوڕە لاوەکە مردووە..! بڵێی..؟ ڕەنگە وایدانابێ کوڕە لاوەکە لێی ڕاست دەبێتەوە، هەڕای دەکاتێ، (زێنێ)ش دێتە یاریدەی کوڕە لاوەکەو بەهەردووکیان دەیخنکێنن و لەگۆمەکەی دوای خوڕێنەکەی دەهاون. ڕەنگە کابرا وایدانابێ، باشتروایە لەم چۆلگەیە ڕاکات، هەر بۆیە بەرەو چارداخەکە گەڕاوەو دەرگای چارداخەکەی قفڵ کردو بەرەو گوندی پشت بێستانەکە بەڕێکەوت، ڕەنگە قەولی بە(زێنێ) دابووبێ شەوی جومعەیەك سازکەن. شەو درەنگانەو ماڵ و مناڵ خەوتوون و ئەو و زێنێ دەتوانن لەدیوەخانە چۆڵەکەدا بیکەنە شەوی جومعەیەك نەبێتەوە..
ڕەنگە وای بۆچووبێ دەتوانن هەموو نهێنییەك لەمەزاری سنگیاندا بنێژن، وەك چۆن بەردێك دەخەنە گۆمی پاش خوڕێنی ڕووبارەکەوە، تەنها بڵقێك، بۆ چرکەیەك و تەواو..
ڕەنگە وایدانابێ شەوی جومعە بابەتی ڕاوەماسییە، یان بابەتی شەوی جومعە سازکردن لەگەڵ (زێنێ)دایەو بابەتی بۆگەنبوونی تەرمی ماسییە.. یان بابەتی ماسی سوورکردنەوەو ماسی خواردن بە(خوێ)وەیە.. لەگەڵ زێنێدا. ڕەنگە وای بۆچوويێت شەوی جومعە یان ڕۆژی جومعە یان شەممە بابەتی ماسی فڕێدانە بۆ نێو گۆمی پاش خوڕێنی ڕووبارەکە، یان بابەتی ماسیگرتن و ماسی خواردنە، ماسی شاردنەوەو ماسی فڕێدانەو..
کابرا بەرەو گوندی پشت بێستانەکە دەڕۆی و ڕەنگە کەڕاکەی سەری شانە زەردەواڵەیەکی پڕ لەویزەو گڤەگڤ بووبێ.. بڵێی..؟!



# کۆیلە

ئەمین گەردیگلانی-بۆکان

(ئەوە منداڵە بەخێوت کردووە..؟ تازە تا دەمرێ دەبێ هەر ئاوا فەلەج بێ.. ئەوەش وەڵامی ئازمایشەکانی: ئەو منداڵە کاتی لەدایکبوون عەیبی نەبووە. ئەگەر نازانی منداڵێك بەخێوکەی بۆ شووتکرد..؟ چۆن منداڵی سێ ساڵان ئاوایە..؟ دەڵێی نەمەبیوە.. چیت داوەتێ..؟ شیری خۆت یان شیری وشك..؟)
چاوێکت لەمێردەکەت کرد. رووبەرووی تۆ لەسەر کورسیلەیەك دانیشتبوو، چاوت لە چاوی بڕی. چاوت چاوی بەزاند. سەری داخست.
تازە چلەی کوڕەکەت چووبوو، بەدەنگی گریانی راچڵەکیی. تەزوویەك لە تەپڵی سەرتەوە مێروولەی کردو لەبەری پێتەوە دەرچوو. ویستت هەستی. تەکانێکت لەخۆت دا. دەتگوت بە تەختەکەوە دووراوی. ئاوڕێکت دایەوە. خەسووت لەماڵەکە نەبوو. هێواش هاتییە خوارێ. بەرەو گریانی کوڕەکەت رۆیشتی. گریانەکەی ئاسایی نەبوو، پاڕانەوە، برسییەتی. گریانی منداڵێکی برسی. لەدەرگای دیوی خەوەکەتان نزیك بوویەوە. خەسووت لەدەرگای چێشتخانەکە هاتە دەرێ. لەبەر دەرکی دیوەکەدا لووتتان بەلووتی یەکدا تەقی. مەمکە شووشەیەکی پڕ لەقەنداوی بەدەستەوە بوو، دەتگوت پشکۆی ئاورە بە دەستییەوەو دەیهەوێ بینێ بە دڵتەوە..! مۆڕەیەکی لێکردی و لچی هەڵقورتاند. زمانێکی بەملاو بەولای دەمیدا هێناو گوڕاندی:

—ژنەتیوە ساویلکەیە..! تۆ بنیادەم نەبووی. بەقوربانی خودا بم. تۆ خواردنی کوڕەکەی من نەبووی. دڵم خۆشە ژنم بۆ کوڕم هێناوە، دەك تۆوی ژن ببڕێ. چەند جارم پێگوتووی، بۆ هەوەڵ و ئاخر جوان لە گوێی گرە. جارێکی دیکە گوێت لە گریانی ئەو کوڕە بێ و لەسەر فەرشەکە هەستی و بێی بەلایدا خۆم دەزانم..
لە سووچێکی دەرگاکەوە چاوێکت لەکوڕەکەت کرد.. دەگریا. سەری بەلای بێشکەکەدا شۆڕ بووبووەوە. بوغزێکی تاڵ گەرووتی رێك گوشی. تف لەزارتدا وشك بوو. جەستەت قورس بوو. نا، سووك بوو. خۆشت نەتزانی چیت لێهاتووە. دڵت توندبووبوو. راوەستابوو، نا، بە پڕتاو لێی دەدا. ئەوە بۆ وات لێهاتووە..؟ ئەژنۆت دەلەرزی. بەهەنگاوی شل و دڵەکوتەوە گەڕایەوە. بەدوو سێ تەکان توانیت بچیەوە سەر تەختەی فەرشەکە. دەستت دا قولاپەکە. پەنجەکانت دەلەرزین. هێزیان تێدا نەبوو. بەری دەستت مێروولەی دەکرد. چاوت لەرەشەوە دەهات. کوڕەکەت بەدەنگی کپ و دەمی مەمکەمژە تێئاخنراوەوە هەنیسکی دەدا. گەرمایەکی تێکەڵ بەموچڕك لەدڵتەوە داگەڕاو لەهەناوتدا پێچێکی خواردو بەهەردوو لاقدا داگەڕاو بن چۆکت گەرم داهات و هەردوو بەری پێت سڕبوون. سەرت لەگێژەوە دەهات. تاڵەکانت نەدەدی. کزە لەقامکت هەستا. قولاپەکەت لەدەست کەوتەخوارێ. دەستە بێ هێزەکەی دیکەت بێ ئیختیار لە سەر برینەکەت

گیرسایەوە. دوو سێ دڵۆپ خوێن ڕژا سەرکۆشت. لەسەر گۆناتەوە دوو ریز فرمێسک قەتارەیان بەست و لەچەناگەت داوەرین و لەگەڵ خوێنەکە تێکەڵبوون. خۆشت نەتدەزانی بۆ ئەسرین لەچاوت دەڕژێ، لەتاوی کوڕەکەتە..؟ لەبەر ژانی زامەکەی قامکتە..؟ یان بۆ بەخت و نێوچاوانەکەتە..؟

لەبەر خۆتەوە دەگریای. نا ورتەت دەهات:

(خۆ من زۆر لەمێژە فرمێسکم پێ نەماوە. کانیلەی چاوم وشکی کردووە، ئەو دڵۆپە ڕووناکانە چین لەچاوم هەڵدەوەرێن..؟! دڵم لەمێژە ژاکاوە، گریانم لەبیرچووەتەوە. گریانم پێ نەوماوە. ڕەنگە سۆمای چاوم بن هەڵدەوەرێن. چش. چاوم بۆ چییە..؟ ژیانم بۆ چییە..؟)

دکتۆر دیسان گوڕاندی:

(لەگەڵ تۆم نییە..؟! بۆ ویشک بووی. دەڵێم چی دەدەی بەو منداڵەت..؟ شیری خۆت یان..)

چاوت دیسان لەسەر چاوی مێردەکەت گیرسایەوە..

شەو بوو، دەستت خستبووە سەرشانی مێردەکەت و پێت گوتبوو:

(پیاوەکە منت خۆشدەوێ..؟)

قاقای توندی مێردەکەت زرینگەی لەگوێت هەستاندبوو. بەبزەیەکی شیرینەوە پێت گوتبوو:

—سووک پێبکەنە کوڕەکە خەوتووە، دادەچڵەکێ.

پێشت خۆشبوو لەخەو هەستێ. هەتا مەلابانگدان دەمی بەمەمکتەوە بێ و چەک و چڕیان دا. تێر تێر چاو لەچاوی ببڕی و بیگوشی بەسنگتەوە. بەقامکە ڕەقەڵەکانت بەرمل و چەناگەی ختیلکە دەی و بەپشت پشت وەپێکەنینی بخەی. با ئەو لەباتی تۆش پێبکەنێ، بەڵام تەنیا نیو سەعات لەسەر کۆشت بەخەبەر دەبوو و مەمکتی دەمژی. لەپڕ دەمی شلدەبوو و خەوی لێدەکەوت. بەڕۆژدا هێندە دەگریا و برسییەتی پێچی بەزگیدا دێنا، خەو نەدەچووە چاوی. بۆیە شەوێ خێرا خەوی لێدەکەوت. کەم وابوو هەردوو مەمکەکەت بمژێ. مەکێکیانی بەتەواوی نەدەمژی. تێری دەخواردو خەو شلی دەکرد.

(پیاوەکە..! گوێم بۆ رادەگری..؟ دوو سێ کەلیمە قسەم لەدڵ..)

دیسان قاقای کێشابوو. ئەمجارەیان بەتووڕەیی گوتبووی:

(—قسە..! قسەی چی..؟ تۆ قسە چووزانی..؟ دایکم چاکت دەناسێ، تۆ قسە چووزانی..؟ دەزانم دەتەوێ بڵێی چی.. هەر درۆو دەلەسەکەی شەوانی دیکەیە. دەڵێی دایکم..)

(نا، ئەو کوڕ..)


(—دەمت لێکنێ.. تۆو زماندرێژییان نەگوتووە..)

زللەیەکی خێواندبووە لا ڕوومەتت.

تەپییەکی گەرمت لەسەر ناوکت هەست پێکرد. مەلی بیرت بەباڵ لێدانێک گەڕایەوە. مەمکت بزوتووە. تک تک شیری لێدەچۆڕێ. لەمێژە لەگەڵی ئاشنای. هەموو ڕۆژێ دیوتە. هەموو ڕۆژێ لەسەر فەرشەکە مەمکت دەبزووت و بەر زگ و ناوکتی دەخووساند. ئەو کاتانەی بەدەم هیلمە تێوەدانەوە، بەخەیاڵ کوڕەکەت لەباوەش دەگرت و دەتگوشی بەسنگتەوە. لەپڕیش بەتەڕایی مەمکت یان بەگریانی کوڕەکەت رادەچڵەکای. ئێستاش خەیاڵ لەخۆیەوە پێچابووی. وەک خەڕەک مێشکی هەڵدەسووڕاندی و بەنی هەموو ژانەکانتی لەسەر رۆحت هەڵدەکردەوە. بزووتنی مەمکت وەخۆی هێنایەوە، تەنیا شەواوشەو کاتی خەوتن دەتتوانی مەمک بدەی بەکوڕەکەت. ئەویش هەموو شەوێک نا.. زۆریەی شەوان خەسووت لانکەکەی هەڵدەگرت، لەگەڵ مەمکە شووشەی پڕ لە قەنداغ، دەیبردە دیوەکەی خۆی. لەگەڵ ئەوەی بەشەقو کوت بێشکەکەی دەبردو پێچەکەو کەمەی لەچوارچێوەی دەرگاکە دەکوتا، بۆڵەی دەها:

(—چۆن دێڵم دێڵە ساویلکەی وا کوڕم بەخێوکا، چۆن..؟)

ئیتر شەو و دڵگوشران. شەو و ژان. شەو و دابڕان. خوێ لەچاوت دەکرا. ئەگەرچی بەیانی شەوو ڕۆژی تەقە لەدەرگا هەڵدەستاو دەبوو بەدەم باوێشک و وەنەوزەوە بچییە سەر



فەرشەکە، بەڵام ئەو شەوانەی ڕۆڵەت لەبەر هەڵدەگیرا، ژان ڕەپێچەکی دەدای. پرخەی مێردەکەشت دەبووە مشار و کاسە سەرتی دەبڕییەوە. دەبووە مارو بەهووشەهووش لەملت دەهاڵا. دەمی ژەهراویی دەنا دەمتەوەو بەگەرووتا دەچووە خوارێ و بەپەڕەی دڵتیەوە دەدا. ژاراوی تێکەڵ بەخوێن و ڕۆح و هەستت دەکرد.

دکتۆر دیسان وەدەنگ هات:

—لەگەڵ تۆمە..! نەخۆشی دیکەمان هەیە، دەڵێم..

چاوێکت لەمێردەکەت کرد، سەری داخستووە. سوور هەڵگەڕاوە. سەری هەڵێنا. لەبەر تەوژمی نیگاتا خۆی نەگرت. سەری داخستەوە. ڕەنگە قسەکانت لەگوێیدا بزرینگێتەوە:

(گوێم بۆ رادەگری دوو سێ کەلیمە قسە بکەین..؟)

هەستا پێ، ئیتر دەموچاوە سوورهەڵگەڕاوەکەی نەمابوو. زەرد، یان سپی و زەرد، زەردهەڵگەڕابوو. چاوی فرمێسک تێزاوی لەدوکتۆر بڕی و گوتی:

—ئەو، هیچ تاوانێکی.. نییە.. م.. م.. من..

لەپڕمەی گریانی داو بەپڕتاو بەرەو دەرگاکە ڕۆی. تۆش چاوێکت لەدکتۆر کرد. هەنیشکی لەسەر کورسییەکەو بەقەڵەمەکەی ورد ورد لەناوچاوانی خۆی دەدا. کوڕەکەت وەک مەلۆتکە بەباوەشەوە گرت و هەستایە سەرپێ. لەپشت فرمێسکی چاوتەوە دکتۆرت دی خەریکی نووسینی نوسخەیە. بەئەسپایی لەدەرگاکە چوویە دەرێ و دوای مێردەکەت کەوتی.

# گڕناڵە شاخێك



سەلام مەنمی

-1-

لەناوەڕاستی گڕناڵە شاخی پشت گوندەکەی- ئاریا شووراردار-دا، لوتکەیەکی بەرزی باڵدار دەبینرا، باڵەکانی لەدوورەوە لەباڵی مرۆڤیان دەکرد.. بەردو گابەردو کەلەملەو ئەشکەوتەکانی بەچیرۆك و داستان هۆنرابوونەوەو واژەی بەرزی خەیاڵبوون..

هەندێك لەو داستانانە لەعەقڵ بەدەربوون، لەڕۆژگاری کزو بێنورو بۆشاییدا دەخولانەوەو تابووت کێشرابوون.. لەچیرۆك و داستان و بەسەرهاتی زیندوو خۆماڵیش خاڵینەبوون..

یەکێك لەو داستانانە کەهەردوو چەمکەکەی لەئەستۆ گرتبوو، داستانی (لوتکە باڵدارەکە) بوو، کەپێیان دەوت (لوتکەی گڕناڵە شاخەکە)-ئەم داستانە هەزار لۆغانەیە، ئەگەر بەقووڵی بچیتە ناوییەوە لەلایەکەوە دەبینی زڕو کەڕەپوو عەربرشەو ئەڵێی هەوجاڕی قنگەبەلەو مرۆڤ دەخاتە گێژاوو نەهامەتییەوەو گەوهەری خۆی دەدۆڕێنێ.. لەلایەکی تریشەوە خەرمانی بەختەوەریی سووردەکات و مالوسکەی گەنم دەبەستێ و نهێنییەکان دەخاتەڕوو. مرۆڤ لەدەریای ترسێنەر دەپەڕێنێتەوەو ئارامیی بۆ کەمەنکێش دەکات و هاودڵیی لەگەڵ دەبێت.. لەسەر شانی لوتکە باڵدارەکەیش وێنەی ئەسپسوارێك کێشراوە، خەنجەرێکی مشتو ڕەشی بەقەدەوەیەو قاچی لەئاوزەنگی ناوەو سەری لەسەری ئەسپەکەی نزیکبووەتەوە وادەزانی ماچی دەکات و بەرەو

ڕۆژ هەڵدەکشێت و دەڵێن: ئەو سوارە یەکێکە لەپیرشالیارەکانی زەردەشت و بۆ دەربازکردنی ئاڤێستاو یاساکانی لەپێشبڕکێدایە. بۆ ئەوەی ئەو یاساو ڕێسایانەش نەدزن و نەیخەنە سەر شاراو مەڵۆ دزراوەکانی تریان و قۆرخی نەکەن و گەوج نەچێتە سەر شار، کەچووە سەری بۆگەنی دەکات و لای ئەو گۆشتی سەرچەپەرە.. چەندەها سامانی ئێمەیان دزیوەو گوێیان لێ خەفاندووە، گەڕی بارەترێیان کردووە. کێبوو گونمان بۆ لەخوم بدات؟!. بەڵێ گورگە باراندیدە تەکیان

بەئەسپسوارەکە هەڵچنی و لێرە خواوەند کردی بەبەرد. بۆ ئەوەی هەمیشە زیندووبێ نەمرێت و لەپارێزی گورگەکاندابێ و خەنجەرەکەی بێکالان بەدەستەوە بێ و پێیان بڵێت–گەزنەرز دەناسێ– ئەسپەکەیش کلکی کلاَفەکردووەو لغاوەکەی دەمی والاَکردووەو کەف دەچاندو چاوی دەرپەڕاندووەو حیلەو پرمەی لەئەشکەوتەکاندا دەنگی دەدایەوەو لەو ئەسپانەیە ئاوزەنگی گەرەك نەبووەو پێشبڕکێ لەگەڵ شەماڵدا دەکات. ئەو درەختەیە بەقەد زەردێکەوە روواوەو دەستی گەلە گورگی ناگاتێ و جیهانی (نیفیشت)یش لێی بەڕۆژووە.. کەڵەکێوییەکانیش ئالوودەی ئەو لوتکە بوون و کەمتر لێی دوور دەکەوتنەوە.. ئەیانوت: بەرزو پەنابایە، بەڵام ئەوە بەڵگە نەبوو، چونکە لەو دەڤەرەدا لەو لوتکە بەرزو پەناباتر هەبوو، کەمتر دەمی گورگی پێدەگەیشت.. یەکێك لەپیرشالیارەکان دەیوت:

–ئەم گڕناڵە شاخە هەتا بڵێیت بەدەعیەو دەمارو بەسامەو پەچەی کەڵەکێوی و هێلانەی باڵندەو خاوەنی دارستانەو هەتا بتوانێت مل بۆ دوژمن شۆڕناکات.. لەرەنگی ئەسپەکەیش بەگومانبوون.. هەندێك ئەیانوت: شێیە– لەبەرئەوەی سپێتییەکەی ئاودامانە. هەندێکی تر دەیانوت: رەش کوێتە..لەبەرئەوەی سپێتییەکەی بچووك و تووڕییە..!!

–2–

ئەوەی عەقڵی مرۆڤی کولدەکردو لەپێخوێیە قوڕو لیتەدا نوقمی دەکرد، ناوەخنی پاشکۆی ئەسپەکەبوو، کەبەبەنسامۆتەکە شەتەك درابوو.. بەلای زۆریانەوە ئەیانوت: ناوەخنی ناو پاشکۆی ئەسپەکە نەخشە گەورەکەی پێش کلك و گوێکردنی سنوورەکانەو ئاڤێستایشی لەئامێزگرتووە، ئەوجا دەستی ئاخۆران و بخۆرانی پێ نەگەیشتبوو، لەو سەردەمەدا سوێندیان بەلاپەڕەکانی ئاڤێستاو ئەو نەخشە گەورەیە دەخواردو پەرستگایان نەبوو. بەئاشکرا چەمکی شارستانییەتی تیا بەدی دەکرا، بەلاَم شمشێرە ژەنگاوییەکان شارستانییەتەکەیان دزی و ناوی خۆیان لەسەر هەڵکەن، بەلاَم گورگی راودیدە بۆ جارێکیش بێ بەر رەتدەکەوێت..

–3–

لەمانەیش نامۆو سەیرتر ئەوەیە دەڵێن: ئەم ئەسپسوارە لەکاتی پێویستیدا زیندوو دەبێتەوەو بەرەو دوژمن ئاوزەنگی لێدەداو سیلای لێدەگرێت و ناڵی ئەسپەکەی ئاگری لێ دەبێتەوەو شێرەو لەبێشەدایە و رۆژێك دێت ئەو ناوە چۆڵدەکەن و کاڵەك بەئەژنۆ دەشکێنن..

–4–

لەم دنیا دەرچوو، رووی لەو دنیا کردو لەسووچێکەوە پاڵی لێدایەوەو چاوەڕوان و گوێقوڵاخ بوو، نەیدەزانی چارەنووسی بەرەو کوێ باڵدەگرێتەوەو بۆ کەس پرسیاری لێناکات و کەی لەلیتەی زستان دەربازدەبێت و جێگاو رێگای خۆی دەزانێت. بەلاَم کەس نەبوو پێی بڵێت: لەکوێوە هاتوویت و لێرە چی دەکەیت؟!

ئەوەی گوێی لێبوو فیشکەو دەنگی مارو مێروو بوو..

–5–

دەنگێك هاتە بەر بای گوێی.

–لێرە چی دەکەیت و ئەڵێی ئاوەکی کەوتوویت؟ وادیارە هەسانیان لەژێر پێت داوە..؟! یاخود مێشکتیان بەکا ئاخنیوەو لێرەدا مەڕبەنیان کردوویت..!! بۆ کەس هەیە (گۆخۆڵینە)و ولاَتی خۆی بەجێبهێڵێت؟! ئەترسم تابووتکێشەکان رێگاتیان بەدڕکە کەڵەوی داچاندبێت و فریویان دابێتی؟!.

دڵنیابە ئەو چیرۆکانەی لەم دنیا سەر بەگۆیەندانەدا بەگوێتا دراون تیرەکانیان پەتك و پاڵەو وشکە کەڵەکن و هەریان لەبڕیان ناکرێتەوەو هەتا زووە بەرەو جێگاکەی خۆت لەشەققەی باڵ بدە....

# كاتيا

سادق هيدايەت
و: هۆمەن مەردانی

چەند شەوێك بوو ئەو ئەندازيارە ئوترشييە كە لەم دواييانەدا پێيان ناساندبووم، دەهاتە لامان لە قاوەخانە. زۆر جاران كە من لەگەڵ يەك دوو دانە لە هاوڕێكانم دانيشتبووم، دەهاتو ئيزنی وەردەگرت كە لەلای ئێمە دانيشێتو جاری وايش هەبوو مانای وشە فارسييەكانی لە ئێمە دەپرسی، چونكو گەرەكيبوو زمانی فارسی فێربێت. لەبەر ئەوەی چەندين زمانی بيانيی دەزانی، بەتايبەت زمانی توركی، كە ئيديعای دەكرد لە زمانی زگماكی خۆشی باشتر دەيزانێت، هەر بۆيە فێربوونی زمانی فارسی بۆ ئەو زۆر زەحمەت نەبوو. بەڕواڵەت پياوێكی كەڵەگەتو بەخۆوەبوو، بەقەڵافەتی جيددی، كەللەی زلو چاوی شينی تۆخ، دەتگوت رەنگی رووباری دانوّب رژاوەتە ناو چاوەكانی. دەموچاوی سوورو ئاڵبوونو لاجانگی قژی ماشەری تيابوو و حاڵەتی رێگا رۆيشتنو قەدوباڵای وەرزشی، ساغیو سەلامەتیو پتەويی پێوە دياربوو، بەڵام شێوازی جەستەی لەگەڵ ئەو خەموپەژارەيەی كەلەچاوەكانيدا دەبينران دژی يەكبوون.....
نزيكەی چل ساڵ يان زياتر لەوە بوو، بەڵام بەگشتی جاحێڵ تر دەينوواند. هەميشە جددیو لەسەرەخۆ بوو، وا دياربوو كە ژيانێكی هێمنی بووەو شوێن برينێك لە گۆشەی چاوی راستی دەبينرا، كە پێموابوو لەبەر پيشەی ئەندازياری و كاروباری رێگاوبانو بەهۆی تەقينەوەی بەرد يان تاشە بەردی چيا، قەراخ چاوی بريندار بووە.
سەبارەت بە ئەدەبيات، حەزێكی تايبەتی هەبوو و بەقسەی خۆی خاوەن كەسايەتييەكی دووانە بوو. بەرۆژ دەبوو بەئەندازيارو سەرقاڵی فۆرمۆڵەكانی ماتماتيك دەبوو، شەوانەش شاعيری لێ دەهاتەدەر، يان خەريكی كايەی شەترەنج دەبوو و وەختەكەی ئاوا دەبردەسەر.
شەوێك من بەتەنيا لەسەر مێز دانيشتبووم، هەر ئەوەندە ديتم ئەندازياری ئوترشی هاتو ئيزنی وەرگرتو لەلام دانيشت، بەرێكەوت لەم شەوەدا هەر بەتەنيا مابنەوەو هيچ كام لە هاوڕێكانمان بۆ لامان نەهاتن، كەمێك گوێمان لە مۆسيقا راگرت، بێئەوەی پێكەوە قسە بكەين، لەپڕ ئۆركێستێر گۆرانييەكی ناوداری رووسيی بەناوی (ئيستيكارازين) لێدا، لەوكاتەدا من چاوم بەجۆرێ ئێش كە تێكەڵ بەخۆشی بوو لە سيمای ئەودا كەوت.
وا دياربوو بۆ خۆشی تێگەيشت يان ئەوەی كە پێويستی بەوە كرد كە دەردی دڵ بكات. بەجۆرێك بێ وازی وتی: (بريا زانيباتان كە من چ بيرەوەرييەكی خۆشم لەگەڵ ئەم مۆسيقايە هەيە. بيرەوەرييەك كە دەگەڕێتەوە بۆ ژنێكو حاڵەتێكی تايبەتی، لە حەزو ئاواتەكانی تاق لاوێتيم..! !).

(بەڵام ئەو ئامێرە مۆسیقاییە روسییە..؟).
(بەڵێ دەزانم، من ماوەیەکی ژیانم لە روسیا یەخسیربووم).
(رەنگە لە کاتی شەڕی جیهانیی 1914دا بەدیل گیراون..).
(بەڵێ، هەر لەسەرەتای شەڕەوە، من لەفرۆنت سێربی بووم، پاشان لەشەڕدا لەگەڵ روسەکان، بەدیل گیرام. دەزانن کە ژیانی دیلێتی زۆر خۆشنییە..)
(ئەوە شتێکی روونە، بەتایبەت یەخسریی لە سیبریا. ئاخۆ ئێوە کتێبی (بیرەوەریی خانووی مردووەکان)ی دستۆیفسکی–تان خوێندووەتەوە..؟)
(بەڵێ خوێندوومەتەوە، بەڵام راست وەك ئەو نەبوو، چونکو ئێمە وەك یەخسیری شەڕ وابووینو تاراددەیەك ئازادیمان هەبوو، لەحاڵێکدا ئەو لەگەڵ موجیکەکان لە زینداندا بووە، کەچی ناو ئێمە پڕبوو لەپرۆفیسۆرو شێوەکار، کیمیازان، بەردتاش، سەرتاش، نەشتەرگەر، مۆسیقاژەنەکان، شاعیرانو نووسەران. چاوی من کە لەشەڕدا گوللەی بەرکەوتبوو، هەر لەوێ نەشتەرگەرییان کرد.)
(بەو جۆرە زۆر تاڵتان لێ نەچووە..)
(مەبەستتان لەتاڵی چییە..؟ مەعلوومە، سەرەتا پێمان رادەگەیشتن.
راستییەکەتان بوێ، ئەوکات بۆ خۆشمان لە وەزعی خۆمان رازیبووین. هەرچەندە یەخسیر بووین، بەڵام هەتا رادەیەك ئازادیمان هەبوو. شانۆم سازدەکرد، کە وێڵو کەپرمان بۆ خۆمان دروست کردبوو، جگە لەمانە مانگانە بڕی (35) رۆبلیان پارە دەدا بەئەفسەرەکان. ئەوکات لە سیبریا هەموو شتێك زۆر هەرزانبوو، بەڕاددەی پێویست خۆراکمان هەبوو، هەرچەندە پارەی مانگانەی ئێمەیان نەدەدا، هەروەها ئێمە نەماندەتوانی بچینە دەرێ، بیری لێ بکەنەوە کە ئێمە ناچاربووین ساڵەهای ساڵ لە زینداندا بین. من شەکەتو وەڕسبوومو تائێوارە خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووم. ماوەیەك کە تێپەڕی، یانی شەش مانگ دواتر کە دیلە تورکەکان بەئێمە پەیوەست بوون، من بۆ فێربوونی زمانی تورکی لەگەڵیان بووم بەدۆست، لەو بەینەدا لەگەڵ گەنجێکی عەرەب ناسیاوبووم کە ناوی عارف بن عارف بوو و خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. خەریکی خوێندن بوومو لەماوەیەکی کورتدا زمانی تورکی فێربووم، بەجۆرێك کە بەزمانی تورکی کۆنفرانسم دەگرتز. ئیزنیان داین وانە بڵێینەوە، هەر بۆیە بەو جۆرە وانەکانو کۆنفرانسەکان دامەزران، شانۆگەریمان دەکردو ژنە روسەکان لە دەرەوە باشترین شتی جوانکاریو جلوبەرگو پێویستیی دیکەیان بۆ دەناردین، شانۆکانمان هەمیشە باش لەکل دەهاتنەدەر، بە چەشنێك کە لەدەرەوە بۆ دیتنی شانۆکانمان دەهاتن).
(کە وایە ژیانێکی تایبەت بەخۆتان هەبووە؟)
(ئێوە پێتان وایە من تەنیا ژیانی خۆم بۆ ئێوە باسکرد، ئێوە لە بیرتان بووە کە ئێمە لە ئۆردوگایەکدا بەندکرابووین، کە لەسەر تەپکێك هەڵکەوتبوو و بە قەرار دوو کیلۆمەتر لەشاری کراسنۆیارسك مەودای هەبوو. دەورووبەری ئۆردوگایەکەیان بەتێل دڕوو گرتبوو و تیرەگی شەش میترییان لە عەرزی چەقاندبوو و ناوبەناو بورجی تیابوو، کە پاسەوانەکان ئێشکیان دەکێشا، بەڵام من لە کەوێڵەکەم نەدەهاتمە دەرێو هەمیشە خەریکی خوێندنەوەو سازدانی کۆنفرانسەکانم بووم. تەنیا شتێك کە مایەی دڵخۆشیم بوو ئەوە بوو کە دەمدیت ئەم هەموو خوێندکارو پیشەسازو هونەرمەندانە گشتیان گەنج جا چ بەختەوەر یان چارەڕەش، بە یەکەوە هاوچارەنووس بووین.)
(بەڵام ئێوەش وا دیارە لە بیرتان نەماوە کە لەمەترسیی شەڕ، ترانشە، دەنگی تەقوتۆق، گازی خنکێنەرو مردنی دایم، کە هەمیشە لەبەرچاوتان بووە دوور بوون؟)
گوتم ئێوە ئاگاتان لە وەزعی ئێمە نییە، رۆژانە تەنیا دوو سەعات هەقی پشوودان و گەڕانمان هەبوو. کراسەکانمان لۆچیان گرتبوو و گنجاوی بوویوون، ژێرکراسمان نەبوو، پلەی هەوا لە زستاندا (40–50)پلە لەژێر سفر بوو. هاوینان لە (30)پلەی گەرما ئێمە وەك ئاژەڵی ناو هۆڵ لە زینداندا بووین، جگە لەمانە، ئاگر بەربوونەوە، نەخۆشییە درمەکانو رووداوگەلی

ترسناك، كە روویان دەدا، گشتیان خراپتر بوون لە شەڕ.

جار وایە لە ناو ئێمەدا کەسمان لێ شێت دەبوو، شەوێك من لەگەڵ دۆستان کایەی وەرەقمان دەکرد، هاوڕێیەکمان تەور لەسەر شان وەژوورکەوتو زەبرێکی وەها توندی لە مێزەکە دا، کە هەموومان دەرپەڕینو ئەگەر تەورەکەیان لێ نەسەندایە گشتمانی ئەنجن ئەنجن دەکرد.

کەسێکی خەڵکی مەجەر شێت بوو و دایمە وەك سەگ دەوەڕی، باشترین شتێك کە دڵخۆشی دەکردم هاوڕێی عەرەبم عارف بوو، هەمیشە ڕۆحسووكو سەری قاڵبوو، هۆگریی بە هیچ شتێکەوە نەبوو، ئینسانێك بوو کە هەمیشە شادیی لەگەڵ خۆی دەهێنا، جیا لەوەش من بیرەوەرییەکانی دەورانی یەخسیریی خۆم لەگەڵ عارف لە ڕۆژنامەیەکی وییەن دا بە ناوی (کاتیا) چاپکردووە. زۆر دوورودرێژە، کاتم نییە بۆتان باس بکەم.

(بۆچی بە ناوی کاتیا؟)

(ڕاست دەکەیت، گەرەکم بوو سەبارەت بەوە قسە بکەم، دوورکەوتمەوە، ئەو بۆ من یەکەمین ژن و دوایین ژن بوو، دەورێکی گرنگی لەسەر ژیانی من دانا. دەزانن کە هەمیشە ژن دەبێت بۆ لای من بێت، من بۆ لای ژن ناچم، چونکو ئەگەر من بچمە لای ژن—لام وایە کە ئەو ژنە لەبەر من خۆی بەدەستەوە نەداوە، بەڵکو لەبۆ پارە یان زمانلووسی یان شتێکی دیکە بووە. هەست دەکەم کە شتێکی دەستکردو سازکراوەیە، بەڵام بێت و یەکەم جار ژن بۆ لام بێت، دەیپەرستم. ئەو بەسەرهاتەی دەمەوێت بۆتان بگێڕمەوە یەکێك لەو ڕووداوانەیە، ئەمە تەنیا بیرەوەرییەکی دڵداری و عاشقانەیە کە قەت بیرم ناچێتەوە، هەرچەندە کە (18 یان 20)ساڵ زیاتری بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام هەمووکات لەبەرچاومە.

ئەوکاتەی ئێمە نیزیك (کراسنۆیارسك) یەخسیربووین، دوای ناسیاوییم لەگەڵ ئەم لاوە عەرەبە، لەجێدا دۆستایەتییەکی براینەو پتەوم هەبوو، هەردووکمان لە کەوێڵێکدا بەیەکەوە دەژیاین و هەمووکات خەریکی فێربوونی زمان و کایەی وەرەق بووین. من زمانی ئەڵمانیم فێردەکردو ئەویش منی فێری زمانی عەرەبی دەکرد. لەبیرمە ڕۆژێك ئێمە چرامان نەبوو، ڕۆنمان لە شووشەیەك کردو بەقۆڵی کراسەکەمان پلێتەمان دروستکردو لەبەر ڕووناکیی ئەم چرایەدا ئیشمان دەکرد، لەوکاتانەدا من زمانی تورکیم تەکمیل دەکردو لەڕێگای چین لەسویدو نەرویژو دانیمارکەوە کتێبمان بۆ دەهات. عارف جوانچاك بوو و قژی ڕەشی کاکۆڵداری بوو، هەمیشە دەم بەپێکەنین و شادبوو.

(هەر چۆن بێت لە ساڵی 1917دا دیلە عەرەبەکانیان قاوکرد، بۆ ئەوەی کە لە تورکەکان جیاببنەوە، هاوڕێ عەرەبەکەی منیشیان لە من جیاکردەوە. پارەیان پێداو بەڕێیان کرد بۆ شاری کراسنۆیارسك، تاکو کەلوپەلی ڕۆیشتنی بۆ دابین بکەن، تورکەکان لۆمەیان دەکردمو دەیانگوت: دیتت هاوڕێکەت لە ئێمە جیابووەوە تاکو بچێت بەدژی ئێمە بەشەڕبێت..؟!

بەڵام عارف لە بەر ئەوەی جوانچاك بوو و ڕووخساری ڕۆژهەڵاتیی هەبوو، لە شاری کراسنۆیارسك کەوتە بەر دڵی کیژانو خەریکی ڕابواردنو کەیفو ئاهەنگ بوو. جاری واش هەبوو سەردانی ئێمەی دەکرد. ڕۆژێك من بەو سەروسەکوتە چڵکنەوە خەریکی خوێندنەوە بووم، لەپڕ دەرگا کرایەوەو هەر ئەوەندەم دیت کەنیشکێکی جوان و چەلەنگ لێم وەژوور کەوت.

متەقم لێ بڕاو هەر ئاوا چاوم لە کەنیشکەکە بڕیبوو و پێم وابوو فریشتە یان پەرییە، سێ چوار ساڵ دەبوو کە بەو سەرو وەزعە شپڕێوە، ژیانی مەمرەو مەژی، ئەو ردێنەی کە وەك ردێنی راسپۆتین هەتاکو سینگم شۆڕببووبووەوەو ئەو جلەی کە بەجەستەمەوە نووسابوو، لە ناو کتێب و پەڕاوەکانم ژیانم دەبردەسەر. هاتنی کچێکی جوانو خوێنشیرین بۆ کاولبووەکەی من بەبیری کەسدا نەدەهات. ئەو کیژە زمانی ئەڵمانیشی دەزانیو لەگەڵ من قسەیکرد، بە چەشنێك خۆشحاڵبووم کە نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە. لە پاش ئەو

هەمدیسان دەرگا کرایەوەو عارفی هاوڕێم وەژوورکەوتو پێکەنیو تێگەیشتم، بۆ ئەوەی کە من تووشی سەرسوڕمان بکات وایکردووەو بە تایبەتی ئەوی هێنابوو، تاکو بڵێت ئەوە دۆستمە. ئەم کارەی لەبەر ناجنسیو ئیرەیی نەکردبوو کە ئاگر لە دڵی من بەربدات، تەنیا بۆ گاڵتەو شۆخیکردن بوو، چونکو من چاك دەمناسی، عارف پێی گوت: (وەرە با بچین بۆ شار، مۆڵەتت بۆ وەردەگرم) ئەوە دوای چەند ساڵ یەکەم جاربوو کە چوومە شار، ئاخری لەگەڵ عارفو کاتیا کە مۆڵەتی بۆ وەرگرتم، بەرەو شار وەڕێکەوتین، بەفری ناو ڕێگا خەریکبوو دەتوایەوەو بەرەبەری هاتنی وەرزی بەهاربوو، نایەتە مێشکتان کەچ حاڵەتێکم هەبوو.. ! لە لای ڕوویاری (یەنی سێئیی) تێدەپەڕین، لە خۆشیان لە کەوڵی خۆمدا جێگام نەدەبووەوەو بە تەواوی شێتو شەیدای ئەم کچە بووبووم. لەو مەودایەدا کچەکە باسی هەموو شتێکی بۆ دەکردم، منیش وەکو مردوویەك کە لەپاش ساڵانێکی درێژ لەقەبر هاتبێتەوە دەرو لە جیهانێکی ڕووناك چاوی بە دونیا هەڵهێنابێت، نەمدەوێرا قسەی لەگەڵ بکەمو نەمدەتوانی وەڵامی بدمەوە، تاکو گەیشتینە ناو شارو ئێمەی بۆ ژوورێك برد کە لەودا گڵۆپ، مێز بە ڕووپۆشی سپی، کورسیو تەختی خەوتن هەبوون، من وەکو دێهاتییەك سەیری دەورووبەرم دەکردو لەخۆم دەپرسی: ئاخۆ ئەوەی دەیبینم ڕاستەو خەون نییە..؟ منو عارف لای مێز دانیشتین، کیژەکە چایی بۆ هێناین، لەپاشان دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ من، لەو کەنیشکە قسەخۆشو زۆربڵێ و قۆشمانە بوو، دوایی زانیم کە کچ نییە، شووەکەی لەشەڕدا کوژرابوو و منداڵێکی بچووکیشی هەبوو، لە ماڵەکەیاندا ئەندازیارێك لەگەڵ ژنەکەیدا دەژیان، وا دیاربوو کە ژوورێکی لێ بەکرێ گرتبوون، شەومان لەوێ بەسەربرد، شەوێك کە قەت بیرم بۆی نەدەچوو، من بۆ ئەو ژنە جوانە هیچ ئەوینێکم نەبوو، لە جێدا نەمدەوێرا بیر لەو شتە بکەمەوە، ئەوم دەپەرست، ئەو بۆ من ئینسان نەبوو، بەڵکە فریشتە بوو، فریشتەی ڕزگاریی

کە ژیانی تاریك و بێماناو یەکدەستی منی بۆ دەمەوساتێك ڕوونکردبووەوە، نەمدەتوانی قسەی لەگەڵ بکەم یان دەستی ماچبکەم.
(بەیانی گەڕامەوە، بەڵام بەچ حاڵێك..؟! هەر ئەمەندەی دەزانم کە ژیانی ناو زیندان ئیتر بۆ من نەدەبوو، نەدەمتوانی بخەوم، نەدەمتوانی بنووسم یان کار بکەم. لە دوو کۆنفرانسی هەفتانە کە هەمبوو بەهۆی نەخۆشی وازم لێیان هێنا، دوای ئەم پێشهاتە هەموو شتێك لەبەرچاوم مانایەکی لێڵو ناڕوونیان بە خۆیانەوە گرتبوو، دەتگوت گشت ئەم شتانەم بەخەون بینیوە. دوای دوو سێ هەفتە نامەیەکم لە کاتیاوە بەدەست گەیشت.
(چۆن نامەکەتان بە دەست گەیشت؟)
(ژێر یەکێك لەو تیرەگان کە بەدوور لە چاوی پاسەوانەکان بوو، بەندییەکان هەڵیانکەندبوو بەجۆرێك بن تیرەگەکەمان بڕیبوو، کە دانەیەکمان بەدزی دەچوو و پێویستییەکانمانی دەکڕیو دەیهێنان. هەر ئەویش نامەکانی دەهێنا.
هەرچۆن بێت نووسیبووی کە ڕۆژی دووشەممە، کە وەختی مەلەکردنی ئێمە بوو، من بەلای ڕوبارەکەدا بچمو ئەویش دێت بۆ لام، پێموایە عارف پێی گوتبوو کە هەفتەی دوو ڕۆژ هەقی مەلەمان هەیە، چونکو ئەم ژنە جوانو قسەخۆش بوو، بەئاسانی دەیتوانی ئیزنی چوونە ناو هەرێمی قەدەغەکراو وەدەستبهێنێت، بەڵام پێی خۆشنەبوو لەتەك زیندانییەکان پەیوەندیی هەبێت، هەر بۆیە لەو شێوەیە کەڵکی وەرگرتبوو، هەر چۆن بێت ڕۆژی دووشەممە کاتێك ئێمەیان لەلای ڕووبارەوە دەبرد، من بەترسەوە چوومە شوێنی مەبەست، کەمێك لەبێشەڵانەکە تێپەڕیم، کاتیام دیت، بەیەکەوە چووینە قەراغ چۆم، لێرەواری چۆغرو شین دەوران دەوریان تەنیبووین. هەمیسان دەستی بە قسان کرد، من تەنیا دەستم لە ناو دەستی ناو ماچم کرد، کاتیا خۆی پێ ڕانەگیراو خۆی لە باوەشم هاویشت، ئەو خۆی خستە ناو ئیختیاری من، کەچی قەت من بیرم لەو شتە نەکردبووەوە، چونکو ئەو

لەبەر چاوی من وەك بوونەوەرێكی پیرۆزو موفەڕك وابوو..!!

لەو رۆژەوە بەولاوە بەندیخانە زۆر لە جاران زیاتر بۆم ناخۆشترو تاقەت پڕووكێن تر بوو، سێ چوار جار ئەم كارەمان كردو لەرۆژانی مەلەكردندا من بەدزی دەچوومە بینینی، تاكو بۆ ماوەی هەفتەیەك لێی بێ هەواڵ مامەوە، پاشان كاغەزێكی دیكەی پێمگەیشت، كە تیایدا نووسیبووی، بۆ جارێكی تر دەچین بۆ مەلەكردن، ئەو لەگەڵ خۆی جلوبەرگی مەدەنی دەهێنێت، بەهاوڕێكانم گوت، كە لەوانەیە چەند شەوێك نەیەمەوەو داوام لێكردن كە لەجیاتی من واژوو بكەن. ترسمان لەو سەرژمێرییە نەبوو كە چوار بەچوار لەحەوشەكە رادەوەستاین‌و كەسێك ئێمەی دەژمارد، چونكو ئەوە تەنیا كاتی خۆشی‌و رابواردنمان بوو و هەموو كات ژمارەیەك جێگۆڕكێیان دەكرد، بەچەشنێك كە قەت سەرژمێریی وردو باش بەڕێوە نەدەچوو. هەر چۆن بێت رۆژی دیاریكراو، لەقەراغ رووبارەكە چاومان بەیەك كەوت، دیتم قاتێك جلوبەرگی درێژی چەركەسیی‌و كڵاوێكی پێستی بۆ هێناوم، جلەكانم پۆشی‌و كڵاوەكەم لەسەر ناو وەرێكەوتین.

(لەپادگانی بەندیخانەو تاكو شار دوو سەعات رێگا بوو، لەناو رێگادا ئەگەر تووشی كەسێك دەبووین، كاتیا بەزمانی روسی لەگەڵ من دەدوا، بەڵام من هەر وەڵامم نەدەداوە، بەس جاری وا هەبوو دەمگوت: (ئێسپاسیبۆ). ئاخری چووین بۆ ماڵەكەی، هەتاكو بەیانی لە ژوورەكەی بووم، بۆ بەیانییەكەی لەتەك خاوو خێزانی ئەندازیاری رووسی بەمەبەستی سەیران چووین بۆ شاخەكان، گەشت‌و سەیرانەكەمان سێ رۆژی خایاند، چووین بۆ چیای (سێ ئەستوون) كە دوندەكەی سێ بەشی لێ دەبووەوەو لەلێڕەوارەكەی تەنیشتی ئەوێ دامودەزگامان داكوتاو خێوەتمان هەڵداو ئاگرمان كردەوە. لەو شوێنەدا دەتگوت لە جیهانێكی دوورو نادیار لەبەرچاوی خەڵكداین‌و لە هەراهەراو ئاپۆڕای خەڵك لە ئەماندا بووین. خواردنی باشمان دەخواردو مەشروبمان دەخواردەوەو لەنێوان لق‌و پۆپی درەختەكان دەمانڕوانییە ئەستێرەكان، بایەكی فێنك‌و خۆش دەهات، كاتیا گۆرانیی چڕی، گۆرانیی: (كەشتیوانەكانی ولگا)و (ئێستینكارازین)ی بەدەنگێكی سیحراوی دەخوێندو ئەندازیاری روسیش بەدەنگێكی گڕ بۆی دەسەندەوە، دەنگی كاتیا وەك زەنگەكانی كڵێسا لەگوێچكەمدا دەنگیدەدایەوە، سەرم سوڕمابوو، بۆ یەكەمجاربوو كە گوێم لەو گۆرانییە ئاسمانییە دەبوو، لەتاو خۆشی‌و چێژی لەرادەبەدەر، موچڕك بەگیانمدا دەهات‌و پێموابوو كە بێ كاتیا ناتوانم بژیم.

ئەو شەوە كاریگەریی لەسەر ژیانم دانا، هەستم بە تاڵییەكی خۆش كرد، كە حازربووم هەر ئەو كاتە گیانم دەربچێت‌و ئەگەر گیانیشم دەربچوویایە هەتاكو ئەبەد رۆحم شاد دەبوو. ئاخری گەڕاینەوە، قەت بیرم ناچێت، بەیانی هەستام كاتیا سەماوەرەكەی هەڵكردبوو و چایی بۆ تێدەكردم، كە دەرگا كرایەوەو عارف وەژوور كەوت، واقم وڕما، ئەو هیچی نەگوت، بەس چاوێكی لە كاتیا كردو سەیری منیشی كرد، پاشان دەرگای داخست‌و رۆیشت. لە كاتیام پرسی: ئەوە چ بووە..؟) ئەو گوتی، منداڵە، كارت پێیدا نەبێت، لەگەڵ تەواوی كچەكان پەیوەندیی هەیە، من حەز بەو جۆرە ئینسانانە ناكەم.

بە جەهەننەم..! ئەو كەسێكە لەسەر رێگا گوڵەكان لێودەكات، بۆنیان پێوە دەكات‌و فڕێیان دەدات..!

هاوڕێكەم رۆیشت‌و دواتر هەرچەندی سۆراغم كرد نەمتوانی بیدۆزمەوە.

# چەپکە ژمارەیەک لەتێڕامان



ڕۆژ هەڵەبجەیی

1

کەگۆزەیەکی شکاو دەبینم

لەزەینما پۆرترێتی کانییەکە،

بەگۆچانێکەوە دەنک، دەنک

پیری کۆدەکاتەوە ..!

2

کەپەرداخێك ئاو دەڕژێ،

ئەوە گوڵاڵە سوورەیەکە،

کەقاچی لە (با ) هەڵدەکەوێ،

بۆ ئەبەد دەخەوێ..!

3

کەجۆگەیەك .. ڕووبار نادۆزێتەوە

هەتاو دەستی دەگرێ و

هەر چوارپەلی ئەندێشەی،

هەڵم ماچی دەکا ..!

4

بەرد بۆ هەمیشە سکون،

لە هەناویدا نەنوستووە،

کەئاگر دەست و پەنجەکانی پڕدەکا،

لەخۆی دێتە گۆو دەڵێ: کە لەسەر شانی ئۆقرەیەکا بووم

حەرفم دەچووە سەر چیا..!!

5

کەتیشکی خۆر دوگمەی گوڵێك دەکاتەوە،

بەئینجانە دەڵێم: بەسیە چەنەبازی،

لەوێدا دوو دەریا

هەژانیان دەگاتە

حزووری خوا..!!

6

بەهەنارێك دەڵێم: چ حیکمەتێکە،

لەگەڵ سێوا تەبانیت..؟

تۆ لەسپێدەدا پیاسە دەکەی،

کەچی لەئێوارەدا لەسەفەرێکدای

شوناسنامەت وەرین..!!

7

کە مانگ لەحەوشەکانی ئاسماندا،

نان دەخوات

کەناریی ئەندێشەیان،

لەقەفەس دەکەنەوەو

دەبنە ئەسیری شەو..

چۆلەکە دەست هەڵدەگرن،

لەرێنووسی هێلانەوەو

نیگەرانیی پاکدەکەنەوە بەشەو..

مێرووله بەدەنکە گەنمێك دەڵێت: لێم ببوورە

قەناعەتم بە فەتحی شەو..

پەرەسێلکە دەڵێت: بەسیەتی کرێچێتی

کوێستان و گەرمیان

مانگ دەلەوەڕێ.. منیش

دەبمە پاسەوانی شەو..

8


کەشاعیرێك دەمرێ

ئەستێرە بریندار ئەبێ و



هەور سەری پڕدەبێ لەسەرئێشەو
باخچە بێ تەکبیرە.
بۆ ڕەوانبێژیی گوڵێك
ڕەشەبا بەلەتێ قاچەوە بەگیا دەڵێت:
تۆ ئیتر بەپیری لەدایك ئەبی..
گیاش بەباڵندە دەڵێت:
پۆزش بۆ فڕین بهێنەرەوە،
ئاسمان چاویکەکەی ونبووە..!!

9
کەقفڵێك بەدەرگایەکەوە دەبینم،
ئەوە حیجابی درەختێکە، پڕە
لەماندووبوونی میوە..!!
10
چ گەوجە زستان،
کە ناتوانێ دەست و پلی،
درەختەکان پڕکا لەسەرما،
چونکە درەختەکان دەستکێشی چەرم،
چۆتە حەشارگەی هەناویان..!!
11
پەردە بیانووە بۆ پەنجەرە..
پەیژە دۆڕانێکە بۆ نیشتەجێ،
ئاوێنە کتێبێکە، ڕومان
تیایدا موتالا..!!



12
کەچیلکەیەك بەسەر پشتی ئاوەوە دەفڕێ،
ئەوە خوێنی (با) یە لەدەمارەکانیا
دەگەڕێ..!!
13

چ کاڵفامییەکە بگەینە سەر دەریاو

بۆ ئاوی جامێکی مەلوول،

نووچ بدەین و بڵێین: مەرحەبا..!!

14

عەجەب لەکورتیی ژیان..

شەوی عومری من تێنەپەڕێ،

وەلێ چرای وشەکانم، لەشەودا

هەرگیز تێنەپەڕ..!!

15

کەبەرد بگوشین، دەچێتەوە

سەر چەمێکی قەموور،

کەگۆچانێك بگوشین،

دەچێتەوە سەر

درەختێکی پرچ سپی..

کە ئاوی گۆمێك بگوشین، دەچێتەوە سەر

خاکیکیێ پێخاوس..

کەعیشقی منیش گوشرا،

خەڵوەتم.. دڵۆپ، دڵۆپ

سیخناخ لەنوری خوا..!!


سلێمانی

2006/6/15



# ڕەوینەوەی گومان لەساتێکی وەنەوشەییدا

هەڤاڵ کەمال عەلی




لەتیێ سێوی گەنیوی گوناهی بەهەشت و
چەند سکڵێکی ساردەوەبووی گڕی گومانی دۆزەخ و
هەنێ پەرتووکی تۆز لێنیشتووی ساویلکەو
کۆمەڵێك خاچی جۆراوجۆرم
لەهەگبەی تێشووی سەفەرە ئەفسووناوییەکەمدا
مەڵاس دابوو
بەڵام ئەفسووس
جرجی برسی لەهەگبەکەمدا هێلانەی کردبوو..!

*  *  *

یاساکانی فیساگۆرس و
راکێشانی نیوتن
لەبازنەی ئەم زەمەنە لەرزۆکەی ئێمەدا
دوو هێڵی راستەتەریبی هاودژن
چۆنیان یەکخەم؟
لێیان دەگەڕێم بۆ ئەندازیارەکانی عەدەم..!
هەرچی نیشانەی پرسیارەکانی مێشکیشمە
هێدی-هێدی بەرەو فەنابوون دەچن.
من کلیلی پەنهانی ئەو گەردوونە بووم
کەدوێنێ شەو داپیرەم لەخەونە وەنەوشەییەکەیدا
مژدەی پێدرابوو
بەڵام ئەفسووس
بۆ ئەو خەونە وەنەوشەییەی لەخاچ درا..!
بۆن دێ بۆن
بۆنی جیهانێکی غەریب و
بۆنی نیشتمانێکی بێ نەخشەو چەند پارچەیەك نیشتمانی ترو
بۆن کرووزی لاشەی مۆمیاکراوی
فیرعەون و
بن هەنگڵی هۆلاکۆو
پیاوە شەڕانگێزەکانی جەنگەڵستان و
پەپوولە بەرینەکانی (کانی عاشقان)..دێ

* * *

گومان ڤارچکێکی کرماوی بوو
بەبالای
سێوو



سکڵ و

پەڕتووك و

خاچ و

خەون و

بۆن و جیهان و نیشتماندا هەڵتۆقی.

لەگەڵ کردنەوەی یەکەمین پێشانگای دڵم

تەلیسمی سۆزو

سەرابی ڕۆح و

تەونی ئەندێشەم


ڕەوینەوە..!!

20/شوباتی 1999



# ماڵئاوایی

سوارە قەڵادزێیی



هەڵوێستەکە پێ بگرەوە
هەواڵێکم بۆ هێناوی
نە دەمم گوێەکا بیڵێم
زمانم لاڵ بووە لە تاوی
هەڵوێستەکە بابتگەمێ
هەنگاوەکانی پێم شلە
دەستی لەرزۆکم بێ هێزە
مەگەر باسکم بەسەر شان و پەرچەمی تۆ
شۆڕکەمەوە..
دەنا توانای هەردوو پێکەم
ئەو دەرفەتەم نادەنەوە
"بەحوزنەوە تەماشاتکەم
خوا حافیزیت لێبکەم و
تێر تێر لەچاوت رامێنم"..!!
*        *        *
پێ بگرەوە..

ئەمڕۆ هاتووم دوا گۆرانیم بۆ هێناوی
گوێت هەڵبخە بۆ ئاوازم
هەمووی حەسرەت و گریانە
سینگی هەناسەی گەروتم
لەپەنجەرەی لێکدابڕان
بۆ بکەوە..
تا لەئامێزمی وەربێنم
حەزی هەردوو چاوی تینووی بەسالاچووم
لەناو جۆلانەی چاوەکەت
رابژێنم..!!

*　*　*

منی نامۆ..!!
لەم دوا دوای سەفەرەتدا
بووم بەرێگری شەواتت و
چقڵی چاوی خەمەکانت
منی.. نامۆ..
بووم بەخەو لەچاو زڕێنی
کۆرپەی تاسەو حەزەکانت
منی.. نامۆ..
لەم هەورازی دڵەڕاوکێ و دوو دڵییەدا
لەناو پێخەفی ئازارو بێ هیوایی
بووم بەدریۆشە بۆ دوو دیدەی
خەونە نەبالقەکانت..!
وا هاتووم تێر.. تەماشاتکەم
بۆ دوا ساتی



مالئاوایی..!!

*         *         *

لێم مەگرە خونچە ئاڵەکەی

دەست قەدەری هەرزەکاری

سیما ژاکاو..

بەزریانی چارەنووسێك

بۆ تۆی هێناوە بەدیاری

هاتووم ببم بەپیرە داربەڕووی "خۆشی"

بالأی لاوت لەئامێزکەم..

هیچ رەشەبایەك نەتوانێ

ئەم جارە شۆڕتکاتەوە

قەدو جوانیت بشەمزێنێ

بۆ ناو ژووری تەنیایی و چۆڵی

تاریکیت باتەوە..

سەبرێکت بێ و رابوەستە

ئەم وەرزەم لێ مەتۆرێنە

هاتووم تارای خەم رەوێنیت بۆ بچنم..!!

ئەم بەرموورە رەنگاورەنگەی

خەیاڵەم لێ مەپسێنە..!!

گەر دەقتگرتووە بەو عیشقەش

بژیت لەتەکیەی تەنیایی

هەروا زو بەجێم مەهێڵەو..

لێم دامەبڕێ و

بۆم مەنێرە..

نامەی سووتان و پرووکانی



مالْئاوایی..!!

*        *        *

من وادەم دابوو بەخەیاڵ

تا ئەو زوو.. زوو لە مێرگی تەڕو

بژوێنی..

خونچەی وەك تۆ.. دەم نوقوڵ و

لێو هەڵوییم بۆ بچێنیٚ

تاهەستی سرکی راهێنان

تاو.. تاو.. لەرەوەزی عەشقا

بووکە خەونی وەك تۆ ناسك

لێو بادامی و کوڵمە خڕم بۆ بهێنیٚ..

من ڕێی چۆڵی و دەست لێکبەردان

هەڵنابژێرم

مالْئاوایی لە بەختی پێکگرتووم ناکەم

باخی دوا وەرزی تەمەنم

بەو خەونانەوە ئەدێرم..!!

*        *        *

لێم مەتۆریٚ..

لێم زیز مەبە..

ماچی پڕ کامی خەیاڵم

لەسەر گۆنا ئاڵەکانت مەتارێنەو

زوو.. لامەبە

لێم مەتۆریٚ

تاکو ئێستا

قەدەر وادەی راموسانی پێنەداوین



جێم مەهێڵەو ئاوا مەبە..
بەردو دار نین
بۆ خەفەت و ناسۆری ئەم ڕۆژگارە
دروستنەکراوین..!!
لێم مەتۆرێ..
پریاسکەی ڕێی هات و نەهات
مەکە بەشانی سەفەرتا
ئەی خونچە گوڵ
نادیاری تەراویلکەی
هیوا بڕانە..
مەیکە بەباقە نێرگزی ئەفسووناوی
مەیپێچە لەکەمەربەندی
بەر کەمەرتا..!
* * *
خونچە خانم..!
بەقەدەر قورسایی گەردوون
شان ئەدەمە بەر تاشەبەردی
ئارەزوو.. تاسەکانت
هەر ئەوەندە خۆت نەخەیتە
گێژاوی دەریای ڕێی نەهات
خۆت نەدەیتە دەست ئەگەری
وادەو ڕەشەباو کارەسات..
تۆی نەورەسی دڵ سپی و سوور
بەرگەی جەنگی دەم شەپۆل و تیشکی
پرووکێن ناگری..



بۆ ڕێی نەگریسی بێ هیوای هات و نەهات..!!
خونچە خانم..!
بەستە لەم هەگبەی ئەزموونەت
بۆ ئەم تەمەنە سەر پێیە
بەرچنە پڕ ترێی ڕەش
بۆ یادگاری هەڵگری..
گوێم لێ بگرە درۆ ناکەم
سوێند بەهەردوو چاوی جوانت
تکا کاریم مەدەرەوە
بەسەر سینگی هەڵقرچاوم
درۆ ناکەم
لە فنجانی قاوەی بەختت
ئاسمانی کاروانە ڕێگات
پڕ بولێڵ و.. ڕەهێڵەیە..
ئەم ماڵئاواییە ڕاگرە
زریان و تووشیی پێوەیە
گەر تۆش لەگێژەنی قووڵی
هەڵنەلووشێ
ئەوا مەرگی بێ سێ و دووی
ئەوینی منی پێوەیە
خونچە خانم..!
ئەم هەوارە جێ مەهێڵە
قەدەری بەختەبارانت نادیارە
هەوا تووشە گەر تۆ بڕۆی
بۆ من دەبێتە دۆزەخ و



مەرگی مەحاڵ و سێدارە..!!

* * *

خونچە خانم
ئەو هەواڵەی ڕۆژێ دادێ
وەك تۆپەڵە بەفری دەستی
هەرزەیەکی زستانی سارد
بەر ژێی کەمانی ئەوینم
بکەوێت و بپسێنێ
ڕۆژێ دادێ
وەك چەخماخە..
دۆزەخی مەرگ و سووتانم
بۆ بهێنێ..
تەڕو وشکی هەست و خەیاڵ
بەڕاگەیاندنی هەواڵ
بوەرێنێ..
خونچە خانم
بۆتە مەحاڵ و هەر ئەڕۆی
ڕێگەم بدە
کاتێ زەنگیماڵئاواییەکەت لێئەدەی
کاتێ پشت ئەکەیتە شارو
بارگەو بنەی کۆچە سوورەکەت
ڕێکئەخەی..
بۆ چەند ساتێ
ئامێز شلکەو..
تاوە بارانی ماچانت



بەسەر قژو گۆناو چاوو
گەردنی سپی ببارێنم
کاتێ ئاوزەنگی لە پشت و
کەفەڵی ئەسپی
سەفەرت توندئەکەی
ڕێگام بدە
بەرمووریک تەرزەی سپی و سوور
لە ماچی پڕ شیلەی شیرین
بەگەردنی لێوانتەوە بتوێنمەوە
ببارێنم..!
(ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت بەیادی تۆوە شادم)


2005/3/21



# فێرم بکە لەوێڕا چۆن بێمەوە


پێشکەشە بەتۆ هاوڕێ

ئاوێزان نوری-کەرکوک




تۆ..
ئەی ئەو کەسەی لەخەون دەچیت و..
بەکەس تەفسیر ناکرێی
بەر لەهاتنی مەرگ..
وەرە زەخرەفەی بەرگی..
ئایەتەکانی حاڵیبوونم لەبەرکە
تا دەسماڵێك لەوەفا، بدەمە سەر شانی عیشق و..
ئارەزووی گەمەیەکی دی لەگەڵ ژیاندا بکەم
بەر لەوەی
بۆرترێتی پاکیزەیی رۆحم
لەسەر تەختەی رەشی قەدەر بکێشی
فێرم بکە، رەنگی رەشم چۆن خۆشبوێ..؟
خۆم چۆن خۆشبوێ..؟
تا لەچوارچێوەی تابلۆیەکدا
بەتەنها پێناسەیەك دیل نەکرێم و..
لەمۆنالیزا جوانتر بم
بەر لەوەی


نازنازی ناو ئینجانەکان
بۆ باخچە بێنازەکان ببەیتەوە
بەرێحانە بڵێ خۆی لەبەرۆکم دا
تا عومری پایزییم لێ موتربە نەکرێ
بەر لەوەی
رەنگی بێ دەنگی بگری
لەهجەی بێ وتەم فێربکەو..
حیکمەتەکانی بێدەنگیم بۆ بگێڕەوە
تا لەو پەیڤانە حاڵیم کە ناوترێن
تا لەو ژیانە حاڵیم
کە لێرە رۆحێکی پڕم ناردو..
لەوێندەر بەدەستی خاڵیی هاتەوە
تا لەو سەفەرە حاڵیم
کەپێت وایە زەمیلەیەك بەختەوەریم بۆ جێدێڵێ و..
پەناهەندەی ئاسوودەییم پێدەبەخشێ
یارۆ گیان
تۆ دەزانی من کچی "شەو"م
هەموو بوونەوەرێك لەمندا ون دەبێ
تۆ ون مەبە
دەستە درێژەکانی..
قەهر و خۆشی لەمندا مەبەستەوە
من نە لەجلیوەی ئەستێرەکانی خۆم حاڵیی دەبم
نە لەپیاسەی ئێوارانی تۆ بەکەنار فۆبیا
گەر حاڵیی بام
لەپێدەشتی مەراقێکدا



عاتیفەم
زیندەبەچاڵ نەدەکرا
تۆ
ئەی ئەو کەسەی لەمن دەچی و..
لەمنیش ناچی
فێرمکە لێکچوون یانی چی
گەر چاوێك نەبێ بۆ تەماشا
تا رەنگی یەکدی لەئامێز بگرین..
حاڵیبوون یانی چۆن..
گەر لەم ئەرزە فراوانەی ئاهورامەزدا
بستێك، جێگا نەبێ بۆ مێزگردێك..
لە نێوان من و تۆو تێگەیشتندا
هەنگاوێك، رێگا نەبێ
بۆ رۆیشتن لەسەری
یارۆگیان
زۆر گریام تا لە پێکەنین حاڵیی بم
تۆش زۆر پێکەنیت تا نەزانی گریان یانی چی
وەرە من با نهێنییەکانی گریانت لا ئاشکرا بکەم
داستانی فرمێسکت بۆ بگێڕمەوە
گینگڵی هەنسکت بۆ بدەم
تا حاڵیی بیت
مێو لەخۆڕا نایەوێ بەدارو دیواردا هەڵزنێ
گەر ترێ لەبەهای خۆی هاوێر نەکرێ و..
نەبێتە شەراب و سرکە
قەیسی لەخۆڕا توورە نابێ



گەر لەجەژندا
قودسیەتی خۆی لەدەست نەدا
توو لەخۆڕا بەدارەوە هەڵناوەرێ
گەر "با" تۆزقاڵێك شەرمی لێبكاو..
منداڵانی كۆڵانیش بەرۆكی رانەتەكێنن
شیعر لەخۆڕا لەچاوەكانی سەحەردا هەڵنایەت
گەر ئاوڕێك لەولای ئیحساس و كەرامەت
پڕی نەكەن لەگوناە
یارۆ گیان
من فێری گریانت دەكەم
تا چ دەنكە زەیتوونەكانی خەم هەیە..
لەناختدا بیڕنی و..
بیانبەخشیتە فرمێسك
بەڵكو لەحیكمەتی ژێربوونەوە حاڵیی بی
تۆش حاڵیم بكە
پێكەنین یانی چی
بەر لەوەی قاقایەك شێتم بكا
پێم بڵێ
چۆن سەما لەگەڵ بووندا بكەم و..
پەنجەكانم لەسەر چ ریتمێك ژیان بژەنن
فێرم بكە كاتێك كەدەمرم
چۆن "ئومێدی گەمەیەكی دوای مردن" بكەم..؟
یارۆ گیان



2006/2/3

# هەڤ پەیڤینێك لەگەڵ (كلود لیڤی شتراوس)دا..

وەرگێرانی لەئیتالییەوە
یاسین فەقێ سەعید

دیدێر ئێریبۆن : ئایا ئێوە هەمیشە یاداشتنامە و سەفەرنامە و دەفتەری تێبینییە تایبەتییەكانی خۆتان دەپارێزن، وەك ئەوانەی لە كتێبی ( دڕندەكانی گەرمەسێر)*دا ئاماژەت پێداون ؟

كلود لێڤی ستراوس : بێ‌گومان لە ماوەی گەشتو سەفەرەكاندا زۆر دەنووسم. لە كتێبی ( دڕندەكانی گەرمەسێر ) دا هەندێ پەرەگراف دەقاودەق لەو نووسینانەوە كۆپیم كردوون.

بەڵام وابزانم بەڕێزتان هەرگیز یاداشتنامەتان بەو مانایە نەبووە كە مالینۆڤسكی* Malinowski هەیبووە و كردوویەتی بە كتێبی " Diary in the strict sense of the term "؟

بەڵێ وایە، من لە نووسینی یاداشتەكانمدا، زۆر بایەخم بە باری دەروونی و ڕۆحی خۆم نەدەدا.

بۆیە ئەو پرسیارەم لێكردن چونكە لە (دڕندەكانی گەرمەسێر )دا خۆتان



شتراوس

وتوتانە كە هیچ یادگارییەكی ئەو گەشتانەتان لە بیر نەماوە...

من یادەوەرییەكی سیخناخی خۆكاولكەرم هەیە. لەبەرئەوەی ناوبەناو هەندێ باس و بابەت لە ژیانی تایبەتی و پیشەییم دەسڕمەوەو لە بیرخۆمیان دەبەمەوە. دواتر چیدی ناتوانم ڕووداو و بابەتەكان پێكەوە گرێبدەمەوە.

پێموابێ ئەم حاڵەتەی خۆتان ناوناوە " کەموکوریی "، ئەی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوریە هیچتان کردووە ؟
....بەهەرحاڵ هەرچۆنێ بێت، لە ژیانی ڕۆژانەمدا زۆر پێی نیگەرانم.
ئایا هیچ جارێك هەوڵتان نەداوە بە شێوەیەکی ڕۆژانە سەرنجو تێبینییەکانتان تۆمار بکەن؟
نەخێر هەرگیز، لەوانەشە هۆکەی بگەڕێتەوە بۆ پروابەخۆنەبوونێکی غەریزیی لەبەرامبەر ئەوەدا کە هەم و ئەوەدا کە دەیکەم.
پروابەخۆنەبوون ؟
لە کتێبی ( دڕندەکانی گەرمەسێر )دا وتوومە کە من زیرەکیەکی «نیۆلیتیك neolitic»*م هەیە : من لەوانە نیم کە دەتوانن زانین و شارەزاییە کۆکراوەکانیان بکەنە سەرمایە و بەکاری بێنن ؛ بەڵکو لەو جۆرە کەسانەم کە جێگۆرکێ بە خۆیان دەکەن لە سنوورێکدا کە بەردەوام لە جوڵە و بزاڤدایە. ئەوەی دەبێت بە هەند وەربگیرێ ئەو کار و ئیشکردنەیە کە لە ساتەوەختی خۆیدا ئەنجام دەدرێ. چونکە کەمێك دواتر، زۆر بە خێرایی، لەناودەچێ. منیش هیچ بەلامەوە گرنگ نییە، تەنانەت هەست ناکەم تۆمارکردنی هەندێ سەرەقەڵەمیش لەبارەیانەوە پێویست بێت.
لێتان ناشارمەوە ئەوەی گوێم لێبوو لە پارادۆکسێك ئەچێ، کە گوایە بەڕێزتان تەنها کار و ئیشی ساتەوەخت بە هەند وەردەگرن.
لە دیدێکی بابەتییەوە بەڵێ، هەر ئەوەشە شایەنی بە هەند وەرگرتنە.

بەڵام لە کارکردندا بۆ نووسینی بەرهەمەکانم، «هێڵکاریەکان Scheme» فریام کەوتوون : من کەمتازۆر لەبارەی هەموو شتێکەوە ئەو هێڵکاریانە ئامادە دەکەم، بابڵێین ئەو سکێمانە کورتەی بیر و بۆچوون و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنەکانمن لەبارەی ئەو شتانەوە کە دەیانخوێنمەوە، یان گوێم لێیان دەبێ، یان ئاماژەی بیبلیۆگرافین، یان تۆماری بیرۆکە کتوپڕ و تیژرەوەکانن... ئیدی ئابەم شێوەیە، کاتێك دەمەوێ شتێ بنووسم، دەست دەبەم لە دۆڵابی هێڵکاریەکاندا، یەك سەفتە دەردێنم و لەگەڵ خودی خۆمدا دەکەومە تاووتوێ کردنیان. ئەم چەشنە یاریی کردنە، کە ڕێکەوت بەشی خۆی دەوری تیا دەبینێ، یارمەتیم دەدا بۆ بەپێوە وەستانی ئەو زاکیرە لاواز و لەرزۆکەی کە هەمە.

• • •

* دڕندەی گەرمەسێر
Levi – Strauss, Claude, Tristes Tropiquess, Paris, 1955
( tr. It. Di B. Garufi, Tristi Tropici, Milano, Il Saggiatore, 1960)
* مالینۆویسکی برۆنیسلاو Malinowski Bronislaw 1884 ـ 1942 ئانترۆپۆلۆگی بەریتانی بە ڕەچەڵەك پۆڵۆنییە.
* نیۆلیتیك : بە سێهەمین قۆناغی سەردەمی بەردین دەوترێ، خەسڵەتی سەرەکی ئەم قۆناغە بەکارهێنانی ئامێرە بەردینییە لووسکراوەکانە، واتە ئەوانەی مرۆڤ کاری لە چاککردنیاندا کردووە.

ـ دیدێر ئێریبۆن : بەڕێزتان ساڵی 1908 لە (پرۆکسل) لەدایکبوون ؟

• کلود لیڤی ـ ستراوس : بەڵێ بە ڕێکەوت لەو شارە لەدایکبووم، باوکم نیمچە هونەرمەندێکی شێوەکار بوو، زیاد لە هەموو شتێ وێنەی پۆرترێتی دەکێشا. باوکم بەهۆی چەند هاورێیەکی بەلژیکییەوە، کارێکی لە برۆکسل پەیدا کردبوو، ئیدی بە خۆی و ژنە گەنجەکەیەوە لەوێ دەژیان. بەندەش لەو ماوەیەدا هاتمە ژیانەوە، کە تەمەنم بووە بە سێ مانگ ئیتر بەیەکجاریی گەڕاوینەتەوە بۆ پاریس.

ـ لەناو شاری پاریسدا دەژیان ؟

• بەڵێ، باوکم پاریسی بوو، بەڵام دایکم لە Verdun هاتبووە ژیانەوە و لە Bayonne گەورە بوو بوو.

ـ کەواتە منالیتان لە پاریسدا گوزەراندووە ؟ وابزانم ماڵتان لە گەڕەکی شانزەهەمی پاریس بوو.

• بەڵێ لەو گەڕەکە بووین، لە شەقامی Poussin خانووی ژمارە ( 26 )، ئێستاش ئەو ساختمانە هەر ماوە، زۆر نزیکە لە دەروازەی d`Auteuil، هەرکاتێ بەڕێکەوت ڕێم بکەوێتە ئەو ناوە، بە سۆزەوە دەڕوانمە باڵکۆنی ئاپارتمانەکەی نهۆمی پێنجەم، چونکە هەتا تەمەنی بیست ساڵی لەوێ ژیاوم.

ـ ئێستاش هەر لەو گەڕەکە دەژین، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو شوێنەتان بە تایبەتی خۆشدەوێ ؟

• ئەو گەڕەکەم بە منالیی زۆر خۆشدەویست، چونکە بە ڕەونەقی سروشتی خۆیەوە مابووەوە. تا ئەوکاتە لە سەرەتای شەقامی Poussin و لە گۆشەی شەقامی La Fontaine دا هێشتاکە چەندین کێڵگەی کشتوکاڵی هەبوون. شەقامی La Fontaine نیوەی زیاتری هەر گڵ بوو. ئەو ناوە پڕ بوو لە دوکانی دەستڕەنگینەکان و پیشەوەرانی هونەری و ئەنتیکەفرۆشەکان.. بەڵام ئێستا گەڕەکێکی تا بڵێی ناخۆش و جەنجاڵ و بێزارکەرە.

ـ لەوە ئەچێ خێزانەکەی ئێوە مەیلێکی تایبەتیان هەبووبێ بۆ هونەر، وایە ؟

• ئەو مەیلەمان بە میرات بۆ مابووەوە ! باپیرەگەورەم، باوکی دایکی باوکم، ناوی ئیسحاق ستراوس بوو، ساڵی 1806 لە ستراسبورگ لە دایکبوبوو، هەر بە گەنجی، وەك دەڵێن، دابەزیبوو بۆ پاریس. ئەم باپیرەگەورەیەم کەمانچەژەن بوو، ئۆرکێسترایەکی خنجیلانەی دروستکردبوو. بەشدارییەکی باشی کردبوو لە ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە مۆسیقییەکانی ( بتهۆڤن و مێندێلسۆن ) و هەندێکی تردا. لە پاریس کاری هونەری لەگەڵ Berlioz دا کردبوو، ئەویش لە یاداشتەکانیدا باسی باپیرەگەورەمی کردووە. هەروەها لەگەڵ ئۆفێنباخ ـ Offenbachی مۆسیقاریشدا هاوکاریی هونەریی کردبوو، ئەویش هەندێ پارچە مۆسیقای سەماکردنی بە تایبەتی بۆ باپیرە ستراوس نوسیبوو کە دواتر گەلێك ناوبانگیان دەرکرد. لە ماڵەوە بەردەوام گوێبیستی مۆسیقاکانی Offenbach

بووین، هەندێکیمان هەر لەبەرکردبوو، دەتوانم بڵێم بەو ئاواز و مۆسیقایانە گۆشیان کردبووم. ئەو باپیرەگەورەیەم لە کۆتایی قەڵەمڕەوی ( لویجی فیلیپ ) دا کردبوویان بە سەرۆکی ئۆرکێسترای سەما لە کۆشکی پاشایەتی. دواتر، لە سەردەمی ( ناپلیۆنی سێهەم ) دا، کرابوو بە بەرپرسی کازینۆی ڤیشی ـ Vichy و ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری ئەو کازینۆیە بووە. پاشان خراوەتە جێگەکەی Musard و بوو بە بەڕێوەبەری بەشی سەما لە ئۆپرا. شان بە شانی ئەم کارانەش، بە چەشنی ( کۆسین پۆنس )ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ( بەلزاك )، خولیا و سەرقاڵی کڕین و کۆکردنەوەی شتومەکی کۆن و ئەنتیك بووە، تەنانەت بازرگانیشی پێوە کردووە .

ـ لەو شتومەك و کەلوپەلە کۆن و ئەنتیکانەی باپیرە شتراوس، هیچتان بۆ ماوەتەوە ؟

• باپیرە شتراوس گەنجینەیەکی نایابی لە کەرەسە و کەلوپەلی یەهودی هەبوو، کە زۆربەیان تا ئێستا لە مۆزەخانەی ـ Cluny ـ هەڵگیراون ؛ هەندێ شتیتریش کە لە دەستی دەرچوو بوون و چەند هونەرپەروەرێك کڕیبوویان، دواتر پێشکەش کرابوون بە مۆزەخانەی لۆڤەر. دوای کۆچیدوایی باپیرەگەورەم هەرچی مابوو یان فرۆشرا بوو یان بەسەر کچەکانیدا دابەشکرابوو، ئەمانەش لە داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە ووردوخاش کران. بەڵام من تا ئێستا هەندێ لەو شتانەم لای خۆم پاراستووە : وەك ئەو بازنگەی ( ناپلیۆنی سێهەم ) وەك دیاریەك پێشکەشی کردبوو بە نەنەگەورەم، پاش ئەو میواندارییەی لێیان کردبوو لە ( ڤێللای شتراوس ) لە ناوچەی ڤیشی. ئەو ڤێللایەی ماڵی باپیرەگەورەم بۆ ماوەیەك جێی حەوانەوەی ئیمپراتۆر بوو، ڤێللاکە تا ئێستاش وەك خۆی ماوە : یان کراوە بە ( یانە ) یان ( چێشتخانە ) زۆرباش دڵنیانیم، بەڵام گومانم نی‌یە کە هەر ناوی ڤێللای شتراوسە.

ـ ئەوەی باستانکرد، تا ڕاددەیەك ڕابوردوویەکی دووری خێزانەکەتانە، ئەو مێژووە چۆن بە ئێوە گەیشتووە ؟ ئایا ترادیتسیۆنی خێزانەکەتان دەوری هەبووە لە پاراستنیدا ؟

• بێگومان، چونکە ئەو ساڵانە، سەردەمی شکۆ و شانازیی خێزانەکەمان بووە : ئێمە لە عەرشەوە نزیك بووین ! نەنەگەورەم هەمیشە سەردانی شازادە ماتیلدە ـ Matildeی دەکرد ؛ ماڵی باوکیشم بەردەوام لە یادو بیرەوەری دووەم ئیمپراتۆردا دەژیان، هەرچەندە ئەمەیان هێندە دوور نی‌یە : من خۆم بە منالی چەند جارێك ئیۆژێنیا ـ Eugeniaی شاژنم بینیوە.

ـ باوکتان هونەرمەندی شێوەکار بوو ؟

بەڵێ، جگە لە باوکم، دوو ئاوەڵزاواشی هەر هونەرمەندی شێوەکار بوون. باپیرم ( باوکی باوکم ) زەنگین بوو، بەڵام تووشی

مایەپوچی هات و هیچی نەما، لەبەرئەوە دوای ئەوەی کۆچیدوایی کرد، لە پێناوی بژێوی خێزانەکەدا، دەبوو یەکێك لە کورەکانی ( چوار کور و کچێکی هەبوو ) شان بداتە بەر کارکردن. باوکیشم، هەرچەندە بە تەمەن منال بوو، بۆ ئەو مەبەستە ناردیانە قوتابخانەی بازرگانی. سەرەتای تەمەنی کارکردنی بوو بە فەرمانبەرێکی ئاسایی لە بۆرسە. لەو ماوەیەدا بووە هاورێی Kahnweilerی شێوەکار : چونکە خۆشی هەر لە منالی‌یەوە خولیای هونەری هەبوو، ئیتر هەر بواری هەبووایە خەریکی وێنەکێشان دەبوو. لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە بە هونەرمەندبوونی باوکم بگەڕێتەوە بۆ خزمایەتی نێوان دایکم و باوکم که بن ئامۆزا و پورزای یەکتر بوون : خوشکە گەورەکەی دایکیشم لە ( بایۆن ) شوویکردبوو بە هونەرمەندی ناسراو Henry Caro – Delvaille کە ناو و ناوبانگێکی تایبەتی هەبوو ؛ خوشکێکی تریشی شویکردبوو بە هونەرمەندێکی ئیسپانی خەڵکی ناوچەی ( باسك ) کە ناوی Gabriel Robyبوو، بەڵام زۆر بە گەنجی کۆچیدوایی کردبوو. بە هۆی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانە لەلایەك و خراپی باری تەندروستی لەلایەکی ترەوە، ژیانی باوکم تا دەهات سەختتر دەبوو. ئایا دایك و باوکم لە ڕێی خزمایەتی‌یەوە یان لە ڕێی هونەرەوە یەکتریان ناسیوە، زۆرباش نازانم، چونکە دایکم بە کچێنی ماوەیەك بۆ خوێندن هاتۆتە پاریس و لە ماڵی خوشکە گەورەکەی بووە، ئیتر بە هۆی کامیانەوە یەکتریان ناسیووە بۆم ڕوون نەبۆتەوە.

– باوکتان بەو پیشە هونەریە دەیتوانی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات ؟

• بە بەردەوام لە بژێوی خێزانەکە کەمتری دەست دەکەوت، لەلایەکی تریشەوە مەیل و ئارەزووی مشتەریەکانی هێدی هێدی دەگۆڕان و هونەرەکەی پارەی نەدەکرد.

– کەواتە دەکرێ بڵێین قۆناغی منالیتان، وەك منالی ماڵە بۆرژوایەکی پاریس نەبووە. وایە ؟

• لە ڕووی کەلتوری‌یەوە وابوو، چونکە لە ژینگەیەکی هونەریدا دەژیام، تا بلێی لە ڕۆشنبیریدا زەنگین بووین، بەڵام لە ڕووی دارایی‌یەوە بەردەوام مشتومڕمان بوو.

ئەو مشتومڕانە هیچ یادگاریەکیان لا بەجێ‌هێشتوون؟

تەنگوچەڵەمە داراییەکان لە ناکاو سەریان هەڵدەدا و منیش زۆربەی خەم و دڵتەنگیەکانم لەبیرە، بەتایبەتی ئەوکاتانەی لە ماڵەوە کارمان دەکرد و هیچ مشتەریەك نەدەهات بۆ کڕینی بەرهەمەکانمان و ئێمەش بێ‌پارە دەماینەوە : بەڵام باوکم پیاوێکی زۆر دەستڕەنگین بوو، سەری لە زۆر پیشە دەرئەچوو، کە تووشی ئەو حاڵەتە دەبووین بە پەلە کارێکی‌تری دەدۆزیەوە. بۆ نموونە، لە بیرمە بۆ ماوەیەك لە ماڵەوە خەریکی چاپکردنی قوماش بووین، کارێکی خۆش بوو، لەسەر تەختەی بچوك بچوك بە مۆم مۆدێلی نەخشو

نیگارمان هەڵدەکۆڵی و ئینجا کەتیرەمان لێدەدا و جۆرەها تۆزی مەعدەنی ڕەنگاورەنگمان هەبوو دەمان پرژاند بەسەر نەخشەکەدا، دواتر لەژێر پاڵەپەستۆدا چەسپمان دەکرد بە قوماشەکەوە شتێکی زۆر جوان دەردەچوو.

ــ ئێوەش لەم کارەدا بەشداربوون ؟

• نەك هەر بەشداریی بگرە هەندێ مۆدێلی نەخش‌و نیگاریشم دادەهێنا ! بیرمە جارێکیان باوکم بە بۆیەی ساختە لەسەر ئاوێنە و شووشە نەخش‌و نیگاری چینی و چرای یابانی دەکێشا و بە نرخێکی زۆر هەرزان دەیفرۆشتن، هەموو ئەم کارو پیشانە دەیانتوانی بە هەزار حاڵەحاڵ بمانگەیەننە سەری مانگ..

ــ بەڕێزتان لەو هەموو تابلۆیانەی باوکت هیچتان لا ماوە ؟

• زۆر کەم، چونکە لەشەری نازیەکاندا ماڵەکەمان تاڵانکرا و هیچمان نەما، وامان لێهات دایك و باوکم قەرەوێڵەیەکیان نەبوو لەسەری بخەون.

ــ بەڕێزتان باسی باپیرەگەورەتان کرد کە چۆن کەرەسە و شتومەکی یەهودیی کۆدەکردەوە، ئەی دایك و باوکت پەیوەندیان بە ئاینی یەهودیەوە چۆن بوو ؟

• هیچ کامیان پرواداری تەواو نەبوون، هەرچەندە دایکم کچە حاخام ( ڕابین ) بوو، لە ژینگەیەکی زۆر جیاوازتر لەوەی باوکما گەورە بوو بوو، بەڵام ئەویش پروادار نەبوو.

ــ ئێوە ئەو حاخامەی باپیرتان بینیبوو ؟

• بەڵێ، زۆر باشیش دەمناسی، چونکە لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەموومان لە ماڵی ئەوان دەژیاین. دایکم و پورەکانم، دوای ڕۆشتنی مێردەکانیان بۆ جەنگ، بە خۆیان و منداڵەکانیانەوە گەڕابوونەوە ماڵی باپیرە.

ــ بەڕێزتان جگە لەو ماوە کەمەی لە ماڵی باپیرەت ژیاوی، ئیدی لە ژینگەیەکی لایکیی (عەلمانی)دا پەروەردە بووی، ترادیتسیۆنی یەهودیش لەو ژینگەیەدا کاریگەر بووە، ئەم دووانە چۆن پێکەوە هەڵیانکردوە؟

• بێ‌گومان، جارجارە بەریەکتر دەکەوتن. نەنکم (دایکی باوکم) تا ئەوکاتەش ژنێکی کۆنخواز بوو، پڕوای بە هەموو بیرو بۆچوونە کۆنەکان بوو، لەگەڵئەوەشا بەردەوام بوو لە شاردنەوەی جۆرێك لە شێتیی کە لەناو خێزانەکەیدا هەبوو، ئەو شێتییە جارێك بە تراژیدی و جارێکی دیکە زۆر بێ‌مانا دەردەکەوت : مامێکم هەبووە، توندڕەوترین ڕەخنەگری ئینجیل بووە و بەردەوامیش باری دەروونی نائارام بووە، کە من تەمەنم سێ ساڵ بووە خۆی کوشتووە. مامێکیترم، زۆر پێش لەدایکبوونی من، دوای دەمەقاڵێیەکی ناو ماڵ، لە ڕقی دایك و باوکی چووە بووە بە قەشە. ئەمە لەلایەك و لە لایەکیترەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر خێزانەکەمان هەموو پیاوێکی ئاینی (یەهودی) بە یەکێك لە ئەندامانی خێزانی (لیڤی) دەزانی.... کەمێك دوا ساڵەکانی

تەمەنی باپیرەم لە بیرە، کە کارمەندێکی زۆر شارەزای کۆمپانیای غاز بوو، پیاوێکی هەمیشە پۆشتەو پەرداخ بوو، ڕێکپۆش بوو، سمێڵە زەردەکانی بۆ سەرەوە بادەدا و تا بلێی لە خۆی و ژیانەکەی ڕازیی بوو. بەڵام لە بەشەکەی دایکمەوە، باپیرە حاخامەکەم تا بلێی لە خواترس و دیندار بوو، خەسڵەتی سەرەکی ئەو پیاوە خۆپارێزیی بوو، لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا زۆر بە ووردی سرووتە ئاینیەکان پەیڕەودەکران : منیش بۆ ماوەی سێ‌چوار ساڵێك ئامادەی ئەو سرووتانە بووم. بەڵام نەنکم (دایکی دایکم) ـ کە ژنەحاخامێکی زۆر ئایندەبین بوو! ـ بە خۆیو مناڵەکانیەوە گومانێکی زۆریان بەرامبەر ئەو پروا ئاینیە هەبوو ؛ چونکە لە (بایۆن) نەنکم مناڵەکانی دەنارده خوێندنگەی ژنە ڕاهیبەکان، پێی وابوو ئەوێ لە هەموو شوێنەکانی‌تر باشترە. تەنانەت نۆبەرەکەی خۆی ئامادە دەکرد بچێتە خوێندنگەی ئاسایی دەوڵەت ) ( Sevres، یان چوو بوو، زۆرباش بیرم نی‌یە، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لە باشترین حاڵەتدا، لەناو گوندنشینەکاندا، بەو خوێندکارە کچانەیان دەووت دەڵەشەیتان. دایکم و باوکم هەرچەندە پروادار نەبوون، بەڵام بەپێی پەروەردە و ژینگەی مناڵیان، هەر نزیك بوون لە ترادیتسیۆنی یەهودی‌یەوە. هەرگیز ئاهەنگی جەژن و بۆنە ئاینیەکانیان سازنەدەکرد، بەڵام باسیان دەکرد ؛ لە Versailles کە لە ماڵی باپیرم بووین، ئاهەنگی « Bar'mitsva* » یان بۆ من سازکرد، تەنها لەبەر دڵی باپیرەم، هەر بەوەش منیان ڕازیی کرد.

ـ بە حوکمی ئەو شتانەی گێڕاتانەوە، هیچ ساتێك هەستتان بە سۆزێکی ئایینی نەکردووە لە ناختاندا؟

• ئەگەر مەبەستتان لە زاراوەی « ئاین » جۆرە پەیوەندیەك بێت بە خواوەندێکەوە ئەبستراکت و داماڵراو لە هەموو خەسڵەتێکی مرۆیی، ئەوە هەرگیز.

ـ ئایا نەبوونی « پروایەکی ئاینی ئەکتیف » دەوری هەبووە لە پێگەیشتنی ڕۆشنبیریتاندا ؟

نازانم بڵێم چی، هەتا هەرزەکاربووم لەمبارەیەوە زۆر « نا ـ تۆلێرانس » بووم ؛ بەڵام ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەدا کە تەمەنم هەژدە یان بیست ساڵ بوو، پاش ئەو هەموو ساڵەی وانەی مێژووی ئاینەکانم وتۆتەوە (مێژووی هەموو ئاینەکان بەبێ جیاوازیی)، بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕوانمە ئەم مەسەلەیە. لە لایەکی ترەوە، گەرچی لەبەرامبەری وەڵامە ئاینی‌یەکاندا هەر بە کەڕیی بمێنمەوە، بەڵام تادێت ئەو هەستە بە ناخمدا ڕۆدەچێ کە ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیە و شوێنی مرۆڤ لەم گەردوونەدا بەردەوامە لە تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورەکانی تێگەیشتنمان و هەر بەردەوامیش دەبێ. گەلێجار دەتوانم مەبەست و بۆچوونەکانم بۆ کەسێکی پروادار زۆرباشتر ڕوونبکەمەوە نەك بۆ یەکێکی عەقلانی توخ : چونکە هەرنەبێ

کەسی پڕوادار «حس»ێکی هەیە بۆ «نادیار». نادیارێك کە لە دیدو تێڕوانینی منەوە، فیکر هەتا ئێستا لە ڕووی پاسایی و بنچینەییەوە بێدەسەڵاتە لە چارەسەرکردنیدا. پێویستە دڵی خۆمان بەو هەوڵە ماندوو نەناسانە خۆش بکەین کە هوشیاری زانستی بەرهەمدێنێ و دەیگەیەنێتە ئاستە هەرە بەرزەکانی، من بەشبەحاڵی خۆم هیچ شتێ شکنابەم بەسوودتر و بزوێنەرتر بێت بۆ «ڕۆح» لەو هەوڵ و بەدواداچوونە زانستیانە زیاتر ـ گەرچی لەلایەن کەسانی بێپڕواشەوە بن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشا دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستی‌یە بین کە هەموو بەرەوپێشەوە چوونێك کێشەو گرفتی نوێ بەرهەمدێنێ و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەرك و فرمانی سەرشانمان هەرگیز کۆتایی نایەت.

ـ بەڕێزتان بە درێژایی ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم هەر لە Versaillesلە ماڵی باپیرەت بوویت ؟

• بەڵێ، لە 1914 هەتا 1918 لەوێ بووم. هەر لەوێش دەستم کرد بە خوێندن : سەرەتا لە قوتابخانەی شارەوانی و پاشان لە ناوەندی Hocheکە گەڕاینەوە بۆ پاریس . چوومە قوتابخانەی Janson de Sailly

ـ بەهۆی جەنگەوە بەڕێزتان تووشی خەم و نەهامەتی زۆر بوون ؟

• نەخێر، لەبەرئەوەی باری تەندروستی باوکم خراپ بوو، نەیان نارد بۆ جەنگەکە و هەر لە Versaillesلە خەستەخانەیەکی سەربازیی کارێکی ئاسانیان وەك برینپێچ پێسپارد. تەنیا خەمێکی کاریگەر لەو ساڵانەدا مەرگی لە ناکاوی کوڕێکی پورم بوو، کە لە من گەورەتر بوو، خوێنکارێکی زۆر زیرەك بوو. وەك سەرباز لە جەنگدا بەشداریی کردبوو هەر لەوێش کوژرا، ئەم کوڕەپورەم کۆمەڵێك نامەی لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ هاوڕێکانی ناردبوو کە دواتر Maurice Barres لە کتێبەکەیدا Les Diverses Famille Spirituelles de la France باسی کردووە و ئاماژەی پێداون .

ـ وەك باستانکرد، دوای جەنگ چوونە قوتابخانەی Janson de Sailly لە پاریس ؟

• هەر لەو قەتابخانەیە مامەوە هەتا تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا.

ـ بە درێژایی ئەو ساڵانەی خوێندن، هیچ مامۆستایەك کاریگەرییەکی تایبەتی هەبووە لەسەرتان ؟

• هەر هەموو مامۆستاکانم جێی ڕێزو خۆشەویستیم بوون، بەڵام کەمتازۆر هیچ یەکێکیان مامۆستا و ڕابەری ڕۆحییم نەبوون.

ـ کەواتە بەڕێزتان لە ڕێگای ترەوە بە مارکسیەت ئاشنابوون ؟

• سەرەتا باسم لە هاوڕێیەتی باوکم کرد لەگەڵ چەند خێزانێکی بەلجیکیدا، لە ڕاستیدا هاوڕێ ئاسایی نەبوون ؛ چونکە هەموو پشووی هاوینێکیان پێکەوە بەسەردەبرد. بیرمە هاوینێکیان، ئەو دۆستانەی باوکم هاوڕێیەکی خۆیان داوەتکردبوو، کە لاوێکی سۆسیالیستی ناوداری بەلجیکی

بوو. من پرسیارم لەبارەی هەندێ کەسایەتی و داهێنەرەوە لێکرد، کە لە کتێبەکانی قوتابخانەدا زۆر بە دەگمەن ناویاندەهات ؛ وەك مارکس و Proudhonو... ئەویش هەم بۆی باسکردم و هەم کتێبەکانیانی بۆ هێنام تا بیانخوێنمەوە.
ـ ئەو دەمە بەڕێزتان تەمەنتان چەند بوو ؟
• شانزە ساڵان بووم و مارکس زۆر زوو سەرنجی ڕاکێشام.
ـ سەرەتا کام بەرهەمەی «مارکس»تان خوێندەوە ؟
• بیرم نایەت، بەڵام دڵنیام زۆر زوو دەستمکرد بە خوێندنەوەی «سەرمایە».
ـ لە بەرامبەر تێنەگەیشتن لەو بەرهەمەی مارکسدا، قەد بە خەیاڵتاندا نەدەهات پاشەکشە لە خوێندنەوەی بکەن؟
• بێگومان لە سەداسەد هەمووی تێنەدەگەیشتم. بەڵام من بە هۆی خوێندنەوەی مارکسەوە هەندێ فۆرم و جۆری دیکەی فیکرم ناسی کە بۆ من نوێ بوون : وەك " کانت " و " هیگڵ...."
ـ ئایا دەکرێ بڵێین خوێندنەوەی مارکس ئێوەی هاندا بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە ؟
نازانم، چونکە زۆر خراپ دەستمکرد بە خوێندنەوەی فەلسەفە، بەڵام لە ساڵەکانی دواتردا ڕێگا ڕاستەکەم دۆزیەوە و بەچاکی درێژەم پێدا.
ـ لە خوێندنی فەلسەفەدا، مامۆستاکەت چ ڕێبازێکی فەلسەفی هەبوو ؟
• بێرگسۆن ـ Bergson ـ ی بوو، سۆسیالیستێکی بێرگسۆنی بوو.
ـ بەڕێزتان هەرگیز هەواداری ڕێبازی بێرگسۆن نەبوون ؟
• نەخێر، تەنانەت کەمێك دژی ئەو بیرو بۆچوونانەش بووم، چونکە لەو پروایەدابووم بایەخێکی بێحەد دەدا بە پەلەکردن لە خۆدەرخستن و نمایشکردنی زانین و هوشیاریی‌دا.... دواتریش باشتر لەم لایەنە حاڵی بووم، لە کتێبی « تۆتێمیزم لە ئەمڕۆدا il totemismo oggi » هەندێ سەرنج و ئاوردانەوەم لە بارەیەوە پێشکەش کردووە.
ـ بەڕێزتان لەڕێگەی ئەو هاورێ بەلجیکی‌یەوە بوون بە مارکسی. ئەی چۆن چونە ناو چالاکی سیاسیەوە ؟
• ئەو هاورێیەی باوکم زۆر کاری تێکردبووم، پێدەچێت خۆشم بۆ ئەو کارتێکردنە گونجاو بووبم، بەهەرحاڵ نازانم چی بڵێم ؛ ئەو هاورێیە بۆ ماوەیەك کردمی بە لایەنگیرێکی ناسکۆڵەی (پارتی کرێکارانی بەلجیکا ـ پ.ك.ب). یەکەم بەرهەمی نووسینم نامیلکەیەکی چکۆڵە بوو لەبارەی « Gracco Babeuf » ـ کە زۆر حەزدەکەم لە بیرم چێتەوە ـ لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی (پ.ك.ب) بڵاوکرایەوە. لە قۆناغی دواتردا لەناو پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسیدا ـ کە ئەوکاتە پێیاندەووت Sfio ـ دەستم بە چالاکی کرد.
ـ ئایا خێزانەکەتان هیچ مەیلێکی سیاسی یان لایەنگیریی سیاسیان هەبوو ؟

• بە هیچ شێوەیەك لەو بابەتە نزیك نەدەبوونەوە. لە دایكەوە،ماڵی (حاخام)ی سەركردە لە Versailles ، هەزاران میل لەوجۆرە خولیایانەوە دووربوون. لە باوكیشەوە، خێزانێكی بۆرژوای ئەوتۆ بوون ڕۆژگارە هەرە گەشەكانی خۆیان ژیابوون و بەردەوام شانیان دادابووە سەر ڕابووردوو، بۆیە بە مەیلێكی موحافیزكارەوە دەژیان، لەوانەیە باوكم و مامەكانم تەنها لە سەردەمی لاوێتیدا و بە تایبەتی لە ساڵانی ڕووداوەكەی درەیفوس ـ Dreyfus دا، مەیلۆكەیەكی سیاسیان هەبووبێ. وەك بۆیان گێڕاومەتەوە، جارێكیان ماڵی باوكم بەشداری یەكێك لە خۆپیشاندانەكان دەكەن بۆ پشتگیریكردن لە درەیفوس، لەو شوێنەدا بە ڕێكەوت Jaures ـ كە یەكێك بوو لە سەركردەكانی ئەو بزوتنەوەیە ـ وتارێكی خوێندبووەوە : ئەوانیش خۆیان لێ نزیك كردبووەوە بۆ ئافەرین و سوپاسكردنی، Jaures لە وەڵامدا، بە كەمێك توورەییەوە، پێی ووتبوون : ئومێدەوارم هەرگیز ئەمانەتان لەبیرنەچێ..!، مەبەستی ئەوەبووە بڵێ « ئێوە ئێستا لەگەڵ ئێمەدان، بەڵام دوای ماوەیەك پشتمان تێدەكەن و وازمان لێدێنن ». ئەمەش لە سەداسەد ڕاست بوو.

ـ بەڕێزتان لە چالاكی سیاسیدا پركار و بزێو بوون ؟

• تا ڕاددەیەك وا بوو. لەلایەك سكرتێری گروپی توێژینەوە سۆسیالیستیەكان بووم لە پێنج قوتابخانەی ئامادەیی، هەرچەندە خۆم خوێندكاری ئەو جۆرە قوتابخانانە نەبووم، لەلایەكی ترەوە، سكرتێری گشتی فێدێراسیۆنی خوێندكارە سۆسیالیستییەكان بووم.

ـ ئەو كەسانەی لەو قۆناغەدا دەتناسین، كێیان لە قۆناغەكانی دواتریشدا هەر دۆست و هاورێت بوون ؟

• ئەوانەی نزیكترین پەیوەندیم پێیانەوە هەبوو، بەداخەوە زۆربەیان مردن : وەك Pierre Boivin و Georges Lefranc ، كە بەر لە مردنیش ماوەیەكی باش بوو لە بەر چاو وون بوو بوون. هەروەها هەر لەو ماوەیەدا Marcel Deat یشم دەناسی.

ـ زۆر هاورێ بوون ؟

• نەخێر زۆرنا، ئەوكاتەی ناسیم من وەك سكرتێر لەلای پەرلەمانتارێكی سۆسیالیست كارمدەكرد، دیارە ئەو كارەم تەنها بۆ پەیداكردنی كەمێك پارەبوو لە ساڵانی بەر لە بەشداریكردن لە پێشبركێی بوونە مامۆستاییدا : ئەو پەرلەمانتارەی من سكرتێری بووم ناوی Georges Monnet بوو. بەهۆی ئەوەوە دەبوایە هاموشۆی پەرلەمان بكەم، ئەوكاتە Marcel Deat سەرۆكی فراكسیۆنی سۆسیالیستەكان بوو لە پەرلەماندا.

ـ ئەوەی باسی دەكەن ساڵی چەند بوو ؟

• ساڵی 1928 تا 30 .. لە ساڵی 1930 دا بۆ بەشداریكردن لە پێشبركێی بوونە مامۆستادا دەبوو خۆئامادە بكەم و نەمدەتوانی درێژە بەو كارە بدەم، لەبەرئەوە وازم هێنا.

ـ با بگەڕێینەوە لای خوێندن. بەڕێزتان پاش ئەو کۆرسەی لە قوتابخانەی Janson لەبارەی فەلسەفەوە وەرتانگرت، ئیتر وازتان لەو قوتابخانەیە هێنا و چونە زانکۆ، بەڵام ئەمجارەش هەر فەلسەفەتان خوێند.. بۆ ؟

• لەبەرئەوەی نەمدەزانی هیچیتر بخوێنم.

ـ تەنها لەبەرئەوە فەلسەفەتان خوێند ؟

• بەڵێ. دوای قوتابخانەی Janson، دەبوایە بچمە Condorcet و ساڵێك بخوێنم بۆ ئەوەی لە زانکۆ وەربگیرێم. لەو ساڵەدا گرفتی زۆرم لەگەڵ زمانی گریکی و ماتماتیکدا هەبوو، لە نێوان ئەم دوانەشدا دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرم. ئیتر بڕیارمدا « یاسا » بخوێنم.

ـ لە Condorcet مامۆستای فەلسەفەتان کێ بوو ؟

• Andre Cresson بوو. کاتێك ئەو ساڵە بڕیارمدا واز لە خوێندن بێنم، ئەو مامۆستایە پێی وتم : ( ئێوە بە کەڵکی فەلسەفە نایەن ؛ لەوانەیە بۆ شتێك باش بن بە تەنیشت فەلسەفەوە بێت ). هەر ئەویش پێشنیاری خوێندنی « حقوق »ی بۆ کردم. لە ڕاستیشدا هەر ئەمە بوو دواتر بوە ئێتنۆلۆژیا ـ etnologia ، بۆچونەکەی ئەو مامۆستایەش لە تێڕوانینێکەوە لە جێی خۆیدا بوو.

ـ لە کوێ « حقوق »تان خوێند ؟

• لە کۆلێژی « یاسا » لە پاریس، ئەوکاتە لەناو کۆشکی du Pantheon بوو کە ئەمڕۆ بۆتە بەشێك لە سۆربۆن، پێموابێ ئەوناوە گەڕەکی یەکەمی پاریسە.

ـ چەند ساڵ لەو کۆلێژە مانەوە ؟

• هەتا وەرگرتنی لێسانس لەوێ بووم، لە هەمان کاتدا لێسانسم لە فەلسەفەشدا وەرگرت.

ـ لە کوێ ؟

• لە سۆربۆن.

ـ یەعنی « یاسا » و « فەلسەفە » تان پێکەوە دەخوێند ؟

• لەو سەردەمەدا، خوێندکارانی کۆلێژی « یاسا » گەلێکجار هەستیان دەکرد پێویست ناکات هەموو ڕۆژێك دەوام بکەن، چونکە ئەو پڕە کەمەی وەك ڕێنمای یاسایی وابوو هەموویان ئەزبەر دەکرد و ئیدی دەوامی ڕۆژانە زەروور نەبوو... من بەش‌بەحاڵی خۆم خوێندنی « حقوق » زۆر بێزاری دەکردم، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆم دەچووم فەلسەفەم دەخوێند. گەر سەرنجتان دابێت هەمیشە هۆکاری نێگەتیف هانیان داوم بۆ خوێندنی فەلسەفە.

ـ لە خوێندنی زانکۆدا هەندێ لە مامۆستاکانت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەرت، با بڵێین کام لە مامۆستاکانت کاریان تێکردوویت ؟

• دەترسم ئەمجارەش هەر بە نەخێر وەڵامت بدەمەوە، ئەمەش نەك لەبەر هەڵوێستی ڕەخنەگرانەم بەرامبەریان ؛ بە پێچەوانەوە، ڕەخنەی هەرە توندم لە خۆم هەبوو. چونکە دەچوومە وانەکانی Brunschvicg ، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتم.

ـ بۆ ماوەی چەند ساڵ دەچوونە وانەکانیەوە و هیچ حاڵی نەدەبوون ؟
• بۆ چەند ساڵێك، هەتا بەشداریکردنم لە پێشبرکێی بوونە مامۆستادا.
ـ بە درێژایی ئەو ساڵانە هەر هیچی لێ تێنەدەگەیشتن ؟
• بە بەردەوام هەستم بە تێگەیشتنی ڕاستەقینە نەدەکرد ! هەرچەندە مامۆستای زۆر چاکمان هەبوو وەك : Albert Rivaud و Jean Laporte و Luis Brehier ، یان Leon Robin کە فەلسەفەی گریکیی پێدەوتین، یان مامۆستایان Fauconnet و Bougle کە سۆسیۆلۆژیایان دەووتەوە، یان Abel Rey کە مێژووی زانستەکانی دەگووتەوە... بە کورتی‌یەکەی بەنێو هەموو ئەمانەدا وەك سێبەرێك، وەك تارماییەك تێپەڕیووم. هەمیشە هەستم بە خۆم دەکرد لە دەرەوەی ئەو ژینگەیە. بۆئەوەی ڕاددەی دووری خۆمتان لەو ژینگەیە بۆ بسەلمێنم، شتێکتان بۆ دەگێرمەوە، ئەو ڕۆژەی ئەنجامی پێشبرکێکە ڕادەگەیەنرا من چیمکرد ؛ چووم بۆ دوکانێکی کتێبفرۆشی بۆ کڕینی دیارییەك بۆ خودی خۆم، کتێبێکی ڕێنمای Astrologia ـ ئاسترۆلۆژیم کڕی. نەك لەبەرئەوەی پروام بە ئاسترۆلۆژیا هەبوو : بگرە تەنها بۆ پارسەنگدانەوە، یان دڵنیاکردنەوەیەکی خودی خۆم کە هێشتا سەربەخۆیی ڕۆحیی خۆمم لەدەست نەداوە.
ـ دیارە هیچ ئارەزووتان لەو بابەتانە نەبوو کە دەتانخوێند ؟

• بەڵێ، بە هیچ شێوەیەك، زیاتر ئارەزووم لە خوێندنی سیاسەت بوو، بە تایبەتی توێژینەوەی تیۆریی لە بواری سیاسەتدا. بەڵام چۆن لە پێشبرکێکەدا سەرکەوتم و بێ هیچ گرفتێك لە یەکەمین تاقیکردنەوەدا پلەی سێ‌هەمم بەدەست هێنا ؟ ئەمایان نهێنی‌یەکی گەورەیە. لەلای خۆشم ئەو سەرکەوتنە تا ڕاددەیەك نهێنی‌یەکی سەیر بوو، بۆ ئەوەش تەنها دوو ڕاڤەم هەیە، یەکەم : هاورێیەکی زۆر زیرەك و بەتوانام هەبوو کە تا سەر ئێسقان کاتۆلیك بوو، بێ سنوور هاوکاری دەکردم و بایەخی پێدەدام، پێدەچوو نیازی ئەوەی هەبێ بەلای مەسیحیەتدا ڕامکێشێ، با بڵێین لە دین لامبدات. لە زمانی گریکیدا زۆر بە توانا بوو، یارمەتی دەدام بۆ ئامادەکردنی ئەو تێکستانەی لێیان داوا دەکردین. من بە ڕاستی نازانم مەبەستەکەی چی بوو، بەڵام دڵنیام کە پیاوەتیەکی گەورەی لەگەڵا کردووم. دووەم : مەسەلەیەکی بێ‌مانایە، دکتۆری خێزانەکەمان دەرمانێکی دامێ، مۆرفین بوو ؟ کۆکاین بوو ؟ نازانم، بەڵام ئەو بەڕێزە لەو پروایەدا بوو ئەگەر بەر لە تاقیکردنەوە بیخۆم، وورە و ئیرادەم بێ‌حەد بەرزدەبێتەوە.. تاقیکردنەوەکەش بریتی بوو لە ووتنەوەی موحازەرەیەك لەبەردەم لیژنەی تاقیکردنەوەدا، دەبوایە لە ماوەی حەوت سەعاتدا لە کتێبخانەکەی سۆربۆن، لەسەر ئەو بابەتەی هەڵدەبژێررا، خۆت ئامادە بکەی. من لە خواردنی دەرمانەکەدا

کەمێك پەلەمکرد، بۆ خەفیفکردنیشی بە یەك پەرداخ ئاوەوە خواردم، پاش کەمێك ئەوەندە پێ ی تێکچووم بە ناچاریی لەسەر دوو کورسی کتێبخانە لێ ی درێژ بووم، سەعاتەکانی خۆ ئامادەکردن بوون بە سەعاتەکانی ژانەسك و بێتاقەتیی. سەرەڕای ئەمەش ئەو بابەتەی بۆ تاقیکردنەوەکە هەڵبژێررابوو، ناخۆشترین بابەت بوو « ئایا پسیکۆلۆژیایەکی ئەزموونی هەیە ؟ » هەڵبژاردنی ئەو جۆرە بابەتانەش ئیشی Henry Wallon بوو کە یەکێك بوو لە ئەندامانی لیژنەی تاقیکردنەوەکە. زۆر بێزار و شڵەژاو بووم، هیچیشم ئامادە نەکردبوو، بەڵام بڕیارمدا هەر بچمە تاقیکردنەوەوە، بۆیە کتوپڕ دەستم بە موحازەرەکەم کرد، کە زۆر کەس بە موحازەرەیەکی زیرەکانەی سەرکەوتووی لە قەڵەمدا، چونکە پاش تەواو بوونی باسەکە دەبووایە ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیاری لیژنەکەش بیت. لە کۆی ئەو موحازەرەیە هەر هێندەم بیرە کە لە سپینۆزا زیاتر باسی هیچی‌ترم نەکرد. لەوانەشە ئەوە تەنها کاریگەری دەرمانەکە بووبێ، پاش ئەو هەموو ئازارە.

ـ ئەو ساڵە جگە لە بەڕێزتان بەشداربوەکانی تر کێ بوون ؟ کەسیانت دەناسی ؟

• ئەوەندەی بیرم بێت Fernand Alquie یەکەمی پێشبڕکێکە بوو، هەروەها Simone Weil و چەند کەسێکی تریش بەشداربوون.

ـ Simone Weil تان بە چاکی دەناسی ؟

• ئەگەر بڵێم چاکم دەناسی زۆرم ووتووە. لە ڕاڕەوەکانی سۆربۆندا پێکەوە دەوەستاین و گفتوگۆمان دەکرد. هەڵسەنگاندن و بۆچونە بێ‌بەرنامەکانی وێڵیان دەکردم و سەریان لێدەشێواندم. لەگەڵ ئەو خانمەدا هەرگیز ئاستی ناوەڕاست نەبوو، یان دەبوایە بە هەموو شتەکانی ڕازیی بیت یان بە هیچی. پاش ساڵانێکی دوورو درێژ لە ئەمەریکا چاوم پێکەوتەوە، بۆ پشوویەکی کەم هاتبووە ئەوێ، بەرلەوەی بچی بۆ ئینگلتەرە و لەوێ کۆچی‌دوایی بکات. خۆی پەیوەندی پێوە کردم و کات و شوێنی بۆ یەکتر بینین دیارییکرد لە بن پایە بەرزو بڵندەکانی ساختمانێکی گەورە و زەبەللاحدا، بیرم نەماوە کوێ بوو، یان کتێبخانەی Columbia یان Public Library بوو. لەسەر پلیکانەکان دانیشتین و زۆر خۆمانە کەوتینە قسە و گفتوگۆ. ڕووناکبیرانی جیلی ئێمە زۆرجار سنووربەزێن و ڕەچەشکێن بوون : ئەو خانمە ڕەخنەی نەدەگرت، بەڵام ئەوەندە ووشك و ڕەق بوو، سەرئەنجام خۆی پێ تێکشکا.

ـ وەك یەکێك لە مەرجەکانی ئەو پێشبڕکێ‌یە، دەبوو بۆ ماوەی سێ هەفتە، لە قوتابخانەیەکدا دەرس بڵێیتەوە، وەك بزانم لە هەمان قوتابخانە تۆ و سیمۆن دێبوڤار ـ Simone de Beauvoir و ماوریس مێرلۆ پۆنتی ـ Maurice Merleau Ponty پێکەوە بوون، ئەمە چۆن بوو ؟

• بەر لە پێشبڕکێکە دەبوو لە خولێکی پێداگۆجیی «پەروەردەیی»دا، وەك تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی، دەرس بە خوێندکارانی ئامادەیی بڵێینەوە. بە ڕێکەوت من چوومە قوتابخانەی Janson de Sailly بۆ کن کۆنە مامۆستایەکم، کە چوومە ژوورەی مامۆستا، دەبینم لە هاورێیەتی ئەو دوو بەڕێزەدا دانیشتووە، ئەوانیش هەر بۆ هەمان مەبەست هاتبوون. ئیتر ئەو سێ هەفتەیە یەك لەدوای یەك دەرسمان گووتەوە.

ـ ئەوە یەکەمینجار بوو ئاوا لە نزیکەوە بیانناسیت ؟

• بەڵێ، ئیتر بۆ چەند ساڵێك نەمبینینەوە.

ـ سیمۆن دێبوڤار، لە یاداشتنامەکانیدا باسی ئەو ئەزمونەی کردووە. لە بارەی بەڕێزتانەوە نووسیویەتی : "من شەرمم لە هێمنی و کەمدوویی ئەو پیاوە دەکرد، بەڵام ئەو خۆی بە لێزانینەوە بەکاری دەهێنا، گەلێك پێخۆشحاڵ بووم کاتێك ئەو کەمدووە لە کۆڕەکانماندا بە دەنگێکی بێلایەن و سیمایەکی بێگوزارشتەوە وەك شێتو شەیدا نمایشی خولیاکانی دەکرد ".

• ئەوەی ڕاستی بێت بیرم ناکەوێتەوە باسی چی دەکات.

ـ هاورێیەتیتان چۆن بوو ؟



• پێموایە باش بوو. هەتا ئێستاش سیمای دێبوڤاری ئەو کاتەم لەبەر چاوە : خانمێکی تازە پێگەیشتوو، پێستێکی سپی، ڕەنگێکی ئاڵ، کتومت وەك ڕەنگی کچە جوتیارێك، سوورو سپی وەك سێوە لاسوورە.

ـ ئەی لەگەڵ مێرلۆ پۆنتیدا چۆن بوون ؟

• لەبەرئەوەی دواتر زۆرباش ناسیم و لێی نزیك بوومەوە، ئیدی بیرەوەریەکانی ئەو کاتەم لەبیرنەماوە، بابڵێین، یادگارییە تازەکان کۆنەکانیان سڕیوەتەوە.

ـ ئێستا ئەگەر ئاورێك لەدواوە بدەنەوەو بڕوانە ئەو یەکترناسینە سێ هەفتەییەی خۆتان لەگەڵ ئەو خانمەدا، پێتان سەیر نییە کە بەو شێوەیە پێناسەی کردوون ؟

• بەرلەوەی پێم سەیربێ یان نا، ڕووداوێکی ئەوەندە دوورە وەك تارماییەك دەیبینم.

ـ باشە تۆ و دێبوڤار قەد بوونە هاورێ ؟

• هەرگیز. بەڵام بێگومان دوژمن و دژبەیەکیش نەبووین.

ـ دیارە بەهۆی هەندێ شتەوە ڕێکنەدەکەوتن.

• نەخێر هیچ شتێکی لەو بابەتەش نەبوو. دێبوڤار و سارتەر لە

ماوەیەکی کەمدا ناوبانگیان دەرکرد و لە ژیانی ڕووناکبیریدا بوونە خاوەنی شوێنێك بڵندتر لە شوێنی من. بۆ نموونە : کاتێك خانمی ڕووناکبیری ئەمەریکیی مارگریت مید ــ Margaret Mead لە ساڵی 1949 دا سەردانی پاریسی کرد، من خۆمدا لەقەرەی موجازەفەیەك کە ئەو دوو Fiest Lady « شاخانم »ە ڕووناکبیرە لە دانیشتنێکدا کۆبکەمەوە. لەسەر شەرەفی ئەوان بە وتارێکی کورت پێشوازیم لێکردن. بەڵام ئەوان تەنیا یەك وشەیان بەیەکتر نەووت.

ــ دیارە بەهۆی ئاستەنگی زمانەوە بوو ؟

• لەوانەیە. هەریەکەیان لەگەڵ وەفدە هاوڕێکەی خۆیدا دانیشت بێ‌ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن.

ــ ئێوە لە خولی دەرس گوتنەوەکەدا پێکەوە بوون، بەڵام ئەگەر متمانە بە یاداشتنامەکانی «دێبوڤار» بکەین ئەو لە ساڵی 1929 دا لە پێشبڕکێی بوونە مامۆستایی دەرچووە، ئێوە دەڵێن ساڵی 1931 دەرچوون، چۆن ؟

• بۆ وەرگرتنی لێسانس لە یاسادا دەبوو ساڵێك زیاتر بخوێنی، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی کارێکی نێگەتیف نەکەمە سەر میزانیەی خێزانەکەم دەبوو ئیش بکەم، لەبەرئەمانە من دوو ساڵ دواتر دەرچووم. بەهەرحاڵ، من کە لەو پێشبڕکێیە دەرچووم هێشتا تەمەنم 25 ساڵ نەدەبوو. بۆیە ئەو ڕۆژەی ئاکامی دەرچوونەکەم زانی، بە پرتاو سواری تەکسی‌یەك بووم بەرەو ماڵەوە هەتا ئەو هەواڵە خۆشە بەزوویی بگەیەنمە دایكو باوکم، کە گەیشتمەوە ماڵەوە بینیم ماڵ لەبن تەمی مارگێکدایە و بۆنی پرسە دێت. بەڵێ ئەو ڕۆژە مامێکی‌ترم، دوامامم کە لە ژیاندا مابوو، کۆچی‌دوایی کردبوو. ئەو مامەم پیاوێکی زەنگین بوو، لە بۆرسە کاری دەکرد، هێندە گوزەرانی باش بوو، چەندین ساڵ هەر ئەو نەنکمی بەخێودەکرد و لە تەنگژە ئابوریەکانیشدا هەر ئەو یارمەتی ماڵی ئێمەی دەدا. بەو مەرگە لەناکاوە وویستی ئەو نهێنی‌یە بۆ خێزانەکەمان ئاشکرا بکات کە قەیرانە ئابوری‌یەکان مایەپوچیان کردووە و دڵی توانای قبوڵکردنی ئەو زەرەرەی نەکردووە. منیش لەلای خۆمەوە لە هەمان کاتدا زانیم کە ئیتر پیشەیەکم هەیە و لێرە بەدواوە ئیتر ژیان و گوزەرانی دایكو باوکم دەبنە مەترسی بەردەوام و یەکسانی من.

ــ دوای دەرچوونتان لە پێشبڕکێکە، بەڕێزتان لە Monte de Marsan بوونە مامۆستا ؟

• بەڵێ، بەڵام یەکەمجار چووم بۆ سەربازیی. ماوەی چوار مانگ لە ستراسبۆرگ، سوپاس بۆ هاوڕێ سیاسیەکانم، لەناو وەزارەتی جەنگدا سەربازیم کرد. لەهەمان شوێن Paul Gadenne و چەند سەربازێکی‌تری لێبوو.

ــ Paul Gadenne بوو بە هاوڕێت ؟

• لاوێکی زۆر ئاغر و بەڕێز بوو، بەڵام داخراوبوو، بە ئاستەم نەدەهاتە پێشەوە.

ــ لە وەزارەتی جەگ چیتان دەکرد ؟

• ئێمە لە بەشی چاپەمەنی بووین : جگە لە خوێندنەوەی هەموو ڕۆژنامەکان و دەرهێنان و پۆلێنکردنی ووتارە گرنگەکان لە دۆسیەی تایبەتیدا، دیوانی وەزارەت ئەرکی پەیامنێریی وەزارەتیشیان خستبووە ئەستۆی ئێمە کە زۆر بێمانا بوو.

ـ لەو کاتەدا، وازتان لە هەموو چالاکییەکی سیاسی هێنابوو ؟

• بێگومان، چونکە بە هیچ شێوەیەك مۆڵەتیان نەدەدا سەرباز چالاکی سیاسی هەبێت. خۆ ئەگەر لە ڕاڕەوەکانی وەزارەتدا تووشی جەنەڕاڵ Weygand بوویتایە و لە حاڵەتی ئامادەباشی سڵاوی سەربازیدا نەبوویتایە، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ڕەوانەی یەکێك لە سەربازگە دوورە شارەکان دەکرایت.

ـ چ ڕووداوێکی ئەو ماوەیەت لە بیر ماوە ؟

• ستراسبۆرگ یادو بیرەوەری خۆشی لاجێهێشتووم. من سەربازی دەرەجەدار بووم و زەلامی ئێجگار قۆشمە و خۆشمەشرەبم لەوێ ناسی، هەروەها کۆمەڵێك خزمی خۆمم لەو شارە دۆزیەوە کە پێشتر هەر ناویشیانم نەبیستبوو، بەردەوام گیرفانیان سیخناخ دەکردم لە خواردن. لە پاریس ئیشوکار هێندە کەم بوو، هەر یەکە فریای خۆی دەکەوت.

ـ دوای تەواو بوونی سەربازیی ئینجا بە مامۆستا دامەزران لە Monte de Marsan ؟

• بۆم هەبوو لە نێوان Aubusson و Monte de Marsan یەکێکیان هەڵبژێرم، منیش دووەمیانم هەڵبژارد. لە هەمان کاتدا کە یەکەم دامەزراندنم بوو، هەروەها مانگی هەنگوینیشم بوو، چونکە یەك ڕۆژ پێشتر ژنم گواستبۆوە.

ـ ئیدی لەو شوێنە نیشتەجێ بوون ؟

• 1ی ئۆکتۆبەری 1932 یەکەم ڕۆژی دەوامم بوو، لەگەڵ ئەوەشا ڕاستەوخۆ خۆم هاویشتە ناو چالاکی سیاسیەوە و خۆم پاڵاوت بۆ هەڵبژاردنە ناوچەییەکان، بەڵام ئەم ئەزمونە زۆری نەخایاند، چونکە تووشی کارەساتی ئوتومبێل بووم. بەبێ ئەوەی مۆڵەتی شۆفێریم هەبێ دەستمکرد بە هاژوشتن. پێیر درەیفوس ـ Pierre Dreyfus کە هاوڕێی منالی و هەڤاڵی نێو پارتی سۆسیالیست بوو، کە دواتر بوە سەرۆکی کارگەی « ڕینۆ » و لە کابینەکەی «فرانسوا میتێران»دا بوو بە وەزیری پیشەسازی، ئوتومبێلێکی سیترۆینی بچکۆلەی نیوداشی بۆ کڕیم کە بە هەرزان دەستی کەوتبوو، هەر بە لێخورین بۆی هێنام بۆ Monte de Marsan، دیارە ئەمەش بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێکلام و سازدانی هەڵمەتی خۆپاڵاوتنەکەم بوو، پاش یەك سەعات، بە خۆم و ئوتومبێلەکەوە کەوتمە چاڵێکەوە. ئیدی ئەوە یەکەم ڕۆژ و دوا ڕۆژیش بوو.

ـ یەکەم ساڵی مامۆستایی چۆن بوو؟

• زۆر باش بوو. چونکە یەکەم ساڵ بوو، زۆر کەیفم بەخۆم دەهات.

ـ بیرو بۆچوونی سیاسیتان چ ڕۆڵێکی هەبوو لە دیاریکردنی بابەتەکانی دەرس گوتنەوەتاندا ؟

• هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، بە هیچ شێوەیەک نەمدەهێشت ئەو دووانە تێکەڵاو ببن. لە دەرس گوتنەوەدا لەسەداسەد بێلایەن بووم. کەمترین هەوڵم نەدەدا خوێندکارەکانم بەرەو پارتەکەم ڕاکێشم. تەنها لە سنووری پرۆگرامی خوێندندا دەجوڵامەوە.. تەنها پرۆگرامی خوێندن و بەس.

ـ چ یاد و بیرەوەریەکی ژینگەی خوێندن و خوێندکارانی ئەو ساڵەت لە بیرماوە؟

• بیرەوەریەکانی ئەو ساڵەم زیاتر پەیوەندیان بە ژینگەی سیاسی سۆسیالیستەکانەوە هەیە، نەك بە ژینگەی خوێندنەوە. ئەو سەردەمە زۆرینەی کۆبونەوە سیاسی‌یەکانمان لە شێوەی سەیران و گەشتدا سازدەکرد، هەر ئەو سەیرانانەش بیرەوەریەکانی ئەو ساڵەمن. هەندێ بیرەوەری تریشم ئەوکاتە هاتنەوەیاد کە هەڵبژێردرام بە ئەندامی کۆڕی زانیاری فەرەنسا، ڕۆژنامە خنجیلانەکەی ئەو ناوچەیەی تیایدا مامۆستا بووم، بەو بۆنەیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەندێ لە خوێندکارەکانمدا کردبوو ئەوانیش گەلێك یادو بیرەوەریی ئەو ساڵەیان باسکردبوو. سەرەڕای ئەمەش هەندێ لە خوێندکارەکان نامەشیان بۆ ناردم.

ـ هەر یەك ساڵ لە Monte de Marsan مانەوە ؟

• بەڵێ، ژنەکەم پاش دەرچوونی لە پێشبڕکێ‌ی بوونە مامۆستایی، لە Amiens دامەزرابوو. منیش خۆم گواستەوە بۆ Laon، بەو بۆنەیەوە ناچاربووین بگەڕێینەوە ماڵی باوکم لە ئاپارتمانەکەی شەقامی Paussin، ئیتر بە هۆی گرانیی هاتوچۆوە، دەبوایە دەرسەکانمان لە چەند ڕۆژێکی هەفتەکەدا چڕبکەینەوە.

ـ وابزانم بەڕێزتان کەمێك لەو پیشەی مامۆستاییە بێزاربووبوون.

• دووەم ساڵ کەمتر کەیفم پێدەهات، لەلایەکی دیشەوە زۆر خولیای جوڵان و گەڕانم هەبوو، دەموویست دنیا ببینم.

ـ کە چوونە Laon درێژەتاندا بە چالاکی‌یە سیاسی‌یەکانتان ؟

• نەخێر، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی کات لە پاریس بووم هەر لەوێش خۆم خەریك کردبوو. هەرچەندە Laon شارێکی جوان بوو، بەڵام دژوار و قورس بوو، بە تایبەتی کڵێسا گەورەکەی، کە دەتووت خۆی گرمۆڵە کردووە، دیمەنێکی زۆر کاریگەری هەبوو.

ـ لەو شارۆچکەیەش هەر ساڵێك مانەوە ؟

• ساڵێك و چەند مانگێك. ئیدی لە سەرەتای ساڵی 1935 دا سەفەرمکرد بۆ بەڕازیل.

ـ لە کتێبی « دڕندەی گەرمەسێر »دا، باستان لە چۆنێتی سازبوونی ئەو سەفەرەتان کردووە...

• بەڵێ. Celestin Bougle بۆ مسۆگەرکردنی ئەو سەفەرە ناردمی بۆلای Georges Dumas ، خۆشم

ـ لەو ساڵانەدا باوی ئەو جۆرە نووسینانە بوو لەسەر مارکس ؟
• نەخێر باوی نەبوو، بگرە زۆریش دەگمەن بوو. بەڵام من لە مارکسدا جیهانێکی ترم دۆزیبۆوە، بەردەوامیش لە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونەمدا بووم.
ـ زۆر مەبەستان بوو دیراسە و لێکۆڵینەوەکانتان لەبارەی مارکسەوە بێت ؟
• لێت ناشارمەوە من ئەو سەردەمە خۆم بە فەیلەسوفی پاشەڕۆژی پارتی سۆسیالیست دەزانی.
ـ ئەی ئێستا گەر جارێکیتر بیری لێبکەنەوە، پێکەنینتان پێ نایەت ؟
• نەخێر، ناتونم بڵێم مایەی پێکەنین و سەمەرە بوو. چونکە ژینکەی پارتی سۆسیالیست زۆر چالاك و زیندوو بوو. لەناو ئەو پارتەدا مرۆڤ هەستی بە خۆشحاڵی و ئاسوودەیی دەکرد : لەلایەکی ترەوە، بیرۆکەی ڕایەڵکردنی پردێك لە نێوان ترادیتسیۆنی فەلسەفی Cartesio و Leibniz و Kant لەوبەر و بیری سیاسیانەی بەرجەستەکراوی مارکس لەمبەرەوە تا بڵێی دڵخۆشکەر و هەست بزوێن بوو. تەنانەت ئەمڕۆکەش زۆر بەباشی تێدەگەم ئەو سەردەمە نیاز و مەبەستەکانیان چی بوو.
ـ ئایا Celestin Bougle بەبێ هیچ ناڕازیی بوونێك بابەتەکەی لێ قبوڵ کردن ؟
• بەڵێ، چونکە بە بابەتێکی دیکە پارسەنگم دابووەوە. ئەو کاتە جگە لە ئامادەکردنی نامەیەک دەبوایە



دوماسم دەناسی چونکە لە Saint Anne دەچوومە دەرسەکانیەوە. دوماس خەریکی پێکهێنانی وەفدێکی زانکۆیی بوو بۆ سەردانی بەرازیل، هەرچۆنێ بوو منیشی خستە ناو وەفدەکەوە.
ـ بەڕێزتان لە دواتریشدا پەیوەندیتان بە Celestin Bougle هەر بەردەوام بوو ؟
• بەڵێ، من دواتر بەشداریی پێشبیرکێیەکم کرد بۆ بوونە مامۆستای زانکۆ، ئەو سەرپەرشتیاری نامەکەم بوو.
ـ نامەکەتان لەبارەی چییەوە بوو ؟
• وابزانم ناونیشانەکەی ئاوا بوو : « گریمانە فەلسەفییەکانی مەتێریالیزمی مێژوویی »، بە کورتییەکەی لەبارەی مارکسەوە بوو، تێرامانێك بوو لە مارکس لە ڕووی فەلسەفییەوە.
ـ خۆتان ئەو بابەتەتان هەڵبژاردبوو ؟
• بێگومان.

بابەتێکی دیکە ئامادەبکەیت بۆ تاقیکردنەوەیەکی شەفەیی، بابەتێکی بۆ Celestin Bougle هەڵبژاردم لەبارەی Sainsimonism ـ سانسیمۆنیزمەوە ـ ئەمەش بابەتێکی زۆر دوور نەبوو لە ئاراستەکانی منەوە، بەڵام زیاتر لەگەڵ بۆچونەکانی ئەو مامۆستایەمدا تەبا بوو، منیش پێی ڕازیبووم.

ـ هۆی چی بوو Celestin Bougle تان هەڵبژارد، وەك مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکەتان ؟

• لە حەقیقەتدا، ئەو تاکە کەسێك بوو لەو ساتەدا بتوانێ سەرپەرشتیاری نامەیەکی لەو جۆرە بێت. بە دیوەکەی تردا Fauconnet هەبوو، کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی « Durkheim » و بۆچونەکانی‌یەوە، کە من ناوەڕۆکی نامەکەم ڕاپەڕینێك بوو دژی ئەو بۆچونانە. بێ‌گومان ئێستا تێگەیشتن بۆچی هەر Celestin Bougle م لە نیازی سەفەرەکەم ئاگادار کردەوە.

ـ بۆچی ئەو مامۆستایە هیچ دەسەڵاتێکی هەبوو لە Quai dOrsay دا ؟

• نەخێر، تەنها ئەوە بوو کە پشتگیریی لە لاوە سۆسیۆلۆگەکان دەکرد.


ـ ئێوە دەتان وویست ببنە سۆسیۆلۆگ ؟

• من دەمووویست ببمە ئێتنۆلۆگ « Etnolog »، لەو سەردەمەشدا دیواری نێوان سۆسیۆلۆژیا و ئێتنۆلۆژیا زۆر تەنك بوو.

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕیتسۆلی ـ Rizzoli
ناونیشانی ئەسڵی هەڤپەیڤینەکە بە زمانی فەڕەنسی
DE PRES ET LOIN
وەرگێڕانی بۆ ئیتالی
Massimo Cellerino
چاپی یەکەم : نۆڤەمبەری 1988 ـ میلانۆ

______________

# دۆسیەی سۆزان سۆنتاگ



ئامادەو وەرگێڕانی: محێدین مەحمود




# ژنێك له ئاسایی بەدەر

حەسوونە ئەلمسباحی

سەرپەرشتیارو ڕێکخەرەکانی پیشانگەی (فرانکفۆرت)ـی ئەم ساڵە بۆ کتێب ناهەقییان نەبوو کە خەڵاتی (ئاشتی) بە ژنە نووسەری ئەمریکایی و دیار (سوزان سۆنتاگ) یان بەخشی، چونکە ژنێکە لە (ئاسایی بەدەر)ەو بە مانا ڕاستەقینەکەی ئەم وشەیە، هەستی زۆر ناسکی (ڤێرجینیا وۆڵف) و هێزی کەسایەتی و قووڵیی بیرکردنەوەی (هالنا ئاراندت) و مرۆڤ دۆستی (سیمۆن فایل) و ئازایەتیی گەلێك ژنی دەگمەنی تیادا کۆبووەتەوە، کە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەردەمە جیاوازەکانیدا ئاشنایان بوو بوو.

بە درێژایی چل ساڵی ڕابردووەوە لە چەندین بەرەی جیاوازدا تێدەکۆشێت، جارێك دەتبینی بۆ پشتیوانیکردنی ئەو نووسەرو داهێنەرانە رادەپەڕی کە ملکەچی ترس و تۆقاندنی ڕژێمە گشتگیرییەکان نەبوون، جارێکی تر دەتبینی هێرشی توند لە دژی دامودەزگاکانی سانسۆری رامیاری و ئاکاری و ئایینیدا دەکات و لە جارێکی تریشدا دەتبینی بە پەلە بۆ شوێنە گڕگرتووەکانی جیهان دەڕوات، تاکو لەگەڵ چەوساوەو ستەملێکراوو ئازارو ئەشکەنجە دراوەکاندا بێت. ئەمەی دواییان لە گەرمەی جەنگی وێرانکاریی (یوگۆسلاڤیا)ی پێشوومان بینی کە بە پەلە خۆی گەیاندە (سەرایێڤۆ) تا لەگەڵ دانیشتووەکانیدا لەمەینەتییەکانی ئابڵووقەی درێژخایەندا هاوخەم و هاوسۆزیان



بێت و تا پێی کرابوو هەوڵیدا شتێك ئەگەر کەمیش بێت لەو بارە ناهەمووارەیان کەم بکاتەوە. لەبەر ئەم هەڵوێستەی نازناوی هاووڵاتیی ڕێزلێگیراوی ئەم شارە (شەهیدە) یان پێ بەخشی, کاتێك باس لە پابەندبوونی سیاسیی خۆی کرد، وتی: (نووسەرێك وەك (ڤیتۆڵد گومبرۆڤیتش)ـی پۆڵەندی کە زۆرم بە دڵە هەتا ئاستێکی ترسناك تاکانە بوو، بەڵام سەبارەت بە خۆم دەتوانم بڵێم کە لە چاو ئەودا کەمتر تاکانەم و دەشێت ئەمە لەبەر ئەوە بووبێت کە خاوەنی هۆشیارییەکی شارستانی و



ئاکاریم و هاوکات لەگەڵ هۆشیاریمدا وەك نوسەر، دەبێت بوار بەم هۆشیارییە بدەم تاکو گوزارشت لە بوونی خۆی بکات، بەڵام هەوڵدەدەم ئەمە لە نووسیندا جیابکەمەوە، واتە نووسراو بە مەبەستی تێپەڕاندنی بۆچوون و هەڵوێستەکانم بەکارناهێنم. پێم باشترە ئەمەیان لە ژیانمدا بکەم) و دەربارەی ئەزموونەکەی لە (سەراییڤۆ)دا وتی: (لە راستیدا لە (سەراییڤۆ)دا کاتێکی زۆرم بردەسەر، بەڵام نەك وەك نووسەرو بۆ مەبەستی گەڕان بە دوای بابەتێکدا نەبوو، وەك دەڵێن. بۆ ئەویێ، بۆ گۆڕەپانەکە نەچووم. تاکو لە پاشاندا دەربارەی بۆچوون و هەست و سۆزم بنووسم، بەڵکو وەك مرۆڤێك چووم تا پشتیوانی لە دانیشتووەکانی شارێك بکەم، کە ئازارو ناهەمووارییەکانی ئابلۆوقەو جەنگیان دەچەشت).

(سوزان سۆنتاگ) لە (16)ی کانوونی. دووەمی ساڵی (1933)دا لە شاری (نیویۆرك) لەدایکبووە، لە سەرەتادا خۆی و خوشکەکەی دوور لە دایك و باوکیانەوە ژیابوون، چونکە ئەوان لە (چین)دا بازرگانیی فەروویان کردبووە پیشەی خۆیان. لە شەشەمین ساڵی تەمەنیدا باوکی بە نەخۆشیی (سیل) کۆچی دوایی کرد. پێش وەخت دیارنەمانی باوکی برینێکی قووڵ لە دەروونی (سۆنتاگ) دا بەجێهێشت و لە پاشان لە چیرۆکێکیدا کە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانیەتی رەنگدەداتەوە.. کە لەسەر زمانی کەسێکی ناو چیرۆکەکە باسی دەکات و دەڵێت: (لە سینەمادا هەمیشە دەگریم، هەموو جارێك کە دیمەنی باوکێك دەبینم پاش ماوەیەکی زۆرو کارەسات ئامێز دەگەڕێتەوەو کوڕەکەی یان منداڵەکەی ماچ دەکات، دەگریم).

دایکی (سوزان سۆنتاگ)پاش مردنی مێردەکەی لەگەڵ دوو کچەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوەو لە (ئەریزۆنا)دا جێگیردەبێت، پاش ئەوە کە بۆ دووهەمجار شوودەکاتەوە، دیسان لەگەڵ دوو کچەکەیدا لە شارۆچکەیەکی قەراغ شاری (لۆس ئەنجلۆس)دا پێکەوە دەژین، لەم ماوەیەدا (سۆنتاگ) ئارەزوویەکی زۆر بۆ خوێندنەوەی هەموو شتێك کە بەردەستی دەکەوێت نیشاندەدات و لە رێگای گۆڤاری (پارتیزان ریڤیۆ)دا نووسەرە پێشڕەوەکانی ئەمریکای ناسی کە لە دواییدا لە رووی هزری و ئەدەبییەوە کاری تێدەکەن، کاتێك کە لە زانکۆی (شیکاگۆ)دا فەلسەفە دەخوێنێت (فیلیب ریف) دەناسێت کە زانایەکی کۆمەڵناسیی دیاربوو، لە ساڵی (1950) دا دەبێتە هاوسەری، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت پاش ئەوەی کوڕێکی دەبێت، لێی جیادەبێتەوە.

(سوزان سۆنتاگ) لە سەرەتای پەنجاکانەوە وەك مامۆستا لە چەندین زانکۆی بەناوبانگی ئەمریکادا، وەك زانکۆی (هارفارد) و (کۆلۆمبیا) کاردەکات و لە هەمانکاتدا وتارو لێکۆڵینەوەی رەخنەیی و هزری لە گۆڤارە پێشڕەوەکاندا بڵاودەکاتەوەو دەربارەی رۆمانی نوێی فەرەنسا، کە خۆی لە کارەکانی (ناتالی ساروت)دا دەنوێنێت، بەتایبەت دەنووسێت.

هەروەها دەربارەی شەپۆلی بزوتنەوەی ژنان کە لە فیلمەکانی دەرهێنەرە فەرەنسییەکانی وەك (گۆدار) و (ریسینیێ) و (بریسۆن)دا بەرجەستە دەبێت و بە هۆی ئەم لێکۆڵینەوەو وتارانەیەوە سەرنجی رەخنەگران و خوێنەران پێکەوە بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

(سوزان سۆنتاگ) هەمیشە بەرگریی لە بیرۆکەیەك دەکرد کە دەڵێت: (چێژی بەدو چێژی دروست هەیەو دەکرێ و، بەڵکو دەشبێت کارێکی ئەدەبیی بەد بە پێی ئەمە بنرخێنرێت، کە بە دیاریکراوی درێوو پووچ و بێ مانایە).

لە کتێبی (کاری هونەری دەدوێت)دا دەڵێت: (رۆڵی رەخنە شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکە یان هونەرییەکە نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ پێگەیاندنی (ئیرۆسییەت)ـی هونەر یان چۆن و بۆچی کارێکی هونەری بەو ئاستە دەگات کە دەنگدانەوەیەکی لە هەستەکاندا ببێت). لەو کاتەوە ئیتر (سوزان سۆنتاگ) ناوو شۆرەتێکی جیهانیی بەربڵاو پەیدا دەکات و دەبێتە درەوشاوەترین روخساری ئەدەبی پێشڕەو نەك تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بەڵکو لە هەموو جیهانیشدا و بە پشت بەستن بەم ناوبانگە بەهێزو بەرینە بۆ (ڤێتنام) دەچێت و کتێبی (گەشتێك بۆ هانۆی) دەنووسێت، لەم کتێبەیدا جەنگی وڵاتەکەی لە دژی (ڤێتنام)دا تاوانبار دەکات.

لە سەرەتای حەفتاکاندا پاش گەشتێك بۆ چەند وڵاتێکی وەك (فەرەنسا)و (ئیتاڵیا)و (سوید)، بۆ



ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوەو لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی هونەری وێنەی فۆتۆگراف دەنووسێت و لە ناوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی جیهان دەنگدەداتەوە.

ئەگەرچی لە ساڵی (1976)دا تووشی نەخۆشیی (شێرپەنجە)ی مەمک دەبێت و پزیشکەکان پێی دەڵێن: زیاتر لە دوو ساڵی تر ناژی، (سۆنتاگ) توانیی بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵبێت و سەریکەوێت و دەربارەی ئەم ئەزموونە تاڵ و ناخۆشە کتێبی (نەخۆشی وەک خوازەیەک)ی نووسی.

(سوزان سۆنتاگ) سەرەڕای وتارو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی، چەندین ڕۆمانی نووسیوە، دیارترینیان ڕۆمانی (عاشقی گڕکان)ـە کە ڕووداوەکانی لە دورگەی (سکڵییە)داو لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویانداوە، پاڵەوانی ڕۆمانەکە (لۆرد هامیلتۆن)ـە، کە باڵیۆزی ئەوسای بەریتانیابوو و لە (ناپۆلی) دەژیا، زۆربەی کاتی خۆی بە کۆکردنەوەی کارە هونەرییە دانسقەکان دەباتە سەرو لە هەمانکاتدا (لێدی هامیلتۆن)ی هاوسەری بە (ئەدمیراڵ) (نیلسۆن)ی دۆستی سەرقاڵدەبێت. نیلسۆن پیاوێکی قۆزو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو.

(سۆنتاگ) دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێت: (ئەگەرچی باسی چەندین ڕووداوی مێژوویی ئەو سەردەمەم کردووە، وەک کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسا لە کۆمەڵگای (ئیتاڵی) و ڕۆڵی تەختی پاشایەتیی بەریتانیا لە سەرکوتکردن و داپڵۆسینە خوێناوییەکانی (ناپۆلی)دا، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ڕۆمانێکی (مێژوویی) بە مانا ڕاستەقینەو وردەکەی وشەکەم نەنووسیوە، بەڵکو ئەوەم بۆ ئەوە بەکارهێناوە تاکو وێنەیەک بۆ ژیانی هەنووکەییمان بکێشم، چونکە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئەڵقەی گەیاندن بوون بە نوێگەرییەکەی سەدەی بیستەم).

دەربارەی کەسایەتیی ئافرەتەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەڵێت: لە (عاشقی گڕکان)دا زیاتر لە هەموو شتێک مەبەستم بێدەنگیی ئافرەتان بوو، ڕۆمانەکە بە دیمەنێک دەستپێدەکات کە تیایدا پیاو بە ئارەزووی خۆی هەرچییەکی دەوێت دەیکات، چونکە پیاوەو سەر بە چینێکی باڵایەوو خاوەن پلەیەکی فەرمانبەریی بەرزە. ژنان لە دەوریدا دەتوانن کار لە ڕەفتارو بیرکردنەوەی بکەن، بەڵام لە سەرەتاوە دیارە کە ڕۆڵی ئەو ئەوەیە کە بە هەموو ئازادییەکەوە لە جیهاندا ببزوێت، بەڵام ڕۆڵی ژنان تەنیا ئەوەیە کە ئامادەبن، بەڵام نەک بەو هێزوتینە کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، لەبەر ئەمە دەمویست کۆتایی بەو بێدەنگییەی خۆیان بهێنن و با ئەگەر لە گۆڕیشدا بن قسە بکەن، کاتێک مردوو دەبین دەتوانین بە ڕاشکاوی قسەبکەین، چونکە هیچ شتێکمان نابێت لە دەستی بدەین، یان بیدۆڕێنین و لەبەر ئەم هۆیە وام لێکردوون قسەی وا بکەن کە ئەگەر لە ژیاندا بوونایە هەرگیز بە زاریاندا نەدەهات.

لە ڕێگای ئافرەتەکانی ناو (عاشقی گڕکان)دا، وێنەیەک بۆ خۆی دەکێشێت و دەڵێت: (دەنگی ئافرەتەکە کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەیە دەنگی منن، من (کاترین)ی ماسۆشیزم و پاکیزەکەم کە خاوەنی بیرۆکەی ئازایانەیە، بەڵام بڕوای بە خۆی نییە، من مادام (کادۆگان)م، دایکە دەبەنگ و ساویلکەکەم کە لە هەموو شتێکی پێکەنین هێنەر نزیک دەبێتەوە، من (ئەلیاتۆر)م ژنە نموونەییەکە کە ئامادەیە قوربانی بە هەموو شتێک بدات و شۆڕشگێڕێکە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، من (ئیسا)ی ئەستێرەم کە بە ڕاستی لەوە تێنەگەیشتبوو بۆچی بوو بە ئەستێرەو ئەمەیان دۆخی منە، کە بە بەرزی رادەگیرێم بە بێ ئەوەی خاوەنی هیچ بەهرەیەکی تایبەت بم، ئێوە دەزانن کە ئەو وێنە درەوشاوەیەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دروستیان کردووە، هەرگیز پەیوەندیی بە ئامانجی ڕاستەقینەی نووسەر نییە).

سەرچاوە:

1–ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)ی ڕۆژی دووشەممەی (2003/10/13)، ژمارە (9085).

2–لەبەرئەوەی کە ئەم نووسینە بە پێناساندنێکی باشم زانیوە، پێم باشبوو لە سەرەتای ئەم زنجیرە بابەتە بێت کە دەربارەی (سۆزان سۆنتاگ)ـە.



# بێ مەبەستی مەحاڵە
# دەربارەی (وێنەی فۆتۆگراف)ی سۆزان سۆنتاگ

**ئیبراهیم ئەلعەریس**

(وێنەیەك وەك ئەوەی لە ساڵی (1972)دا لە لاپەڕە یەکەمەکانی ڕۆژنامەکانداو لە زۆر وڵاتانی جیهاندا بڵاوکرابووەوە، کە وێنەی- کچۆڵەیەکی ڤێتنامی خواروو بوو کە پاش ئەوەی لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکادا پریشکی بۆمبێکی (ناپاڵم)ی بەردەکەوێت، بە ڕووت و قووتی هەڵدێت و لەسەر ڕێگاداو ڕوو لە کامێراکە هەردوو دەستی کراوەو لە تاو ئازار هاواردەکات-ئەم وێنەیە بە لایەنی زۆرەوە توانیویەتی کار بۆ بەهێزکردنی دژایەتیی جەنگ لەلایەنی هەموو جیهانەوە بکات و لە سەدان کاتژمێری هەواڵی تەلەفزیۆنیی وێنەگیراو بۆ مانتۆڕو کردە سەربازییەکان کە پێشکەش دەکران کاریگەرتر بوو).


ئەم چەند دێڕە لە کتێبی (وێنەی فۆتۆگراف)ی (سۆزان سۆنتاگ)ەوە وەرگیراون، کە لە شیکردنەوەیەکیدا بۆ کاریگەریی وێنەی فۆتۆگراف و بەر لە چارەکە سەدەیەك نووسیبووی کاتێك باسکردنی وێنەی فۆتۆگراف تیایدا هێشتا بابەتێکی تازەبوو، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە چاوەڕوان کراو نەبوو، هەروەها لە شیکردنەوەکانیشیدا وردبوو، بە تایبەتی کە نووسەر لە بڕگەیەکی گرنگی کتێبەکەدا دەیسەلمێنێت کە(وێنەی فۆتۆگراف) بووە بە گرنگترین هۆکاری گەیشتن بە شت شارەزابوون و سەرنج و هەستێك بە مرۆڤ دەبەخشێت کە خۆی تیایدا بەشداریی دەکات، لە ڕاستیدا ئەم بەشداربوونە کە لە ڕێگای وێنە بینین دەبێتە بابەتێکی بنەڕەتیی ئەم کتێبەیە.

(سوزان سۆنتاگ) ئەم کتێبەی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسیبوو کە هاوکات لەگەڵ کتێبێکی تردا نووسیبووی کە دەربارەی نەخۆشیی (شێرپەنجە)یەو بە ناونیشانی (نەخۆشیی وەك خوازەیەك) بڵاویکردبووەوە.

هەردوو کتێبەکە لە ڕەوتی ئاسایی نووسینەکانی ئەم ژنە نووسەرە ئەمریکاییە لیبراڵ و لاسارە دەرچووبوون و بە دەستپێکێکی تازە لە مامەڵەکردنی کتێبدا لەگەڵ (گرفت و دیاردە) هەنووکەییەکاندا دانرابوون. نووسینی کتێبێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخۆشی و مەرگ، شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، لە لایەکی ترەوە کەم کەس لە جیهاندا بڕوایان وابوو کە هونەری وێنەی فۆتۆگراف شایستەی شیکردنەوەیەکی وایە، بەڵام ئەوانەی لە بایەخ پێدراوە جۆراوجۆرەکانی (سوزان سۆنتاگ) شارەزابوون کە بێجگە لە نووسینە ئەدەبییەکانی- شێوەکاری و شانۆو سینەماشیان گرتبوو،



دەیانزانی هەر دەبێت رۆژێك لە رۆژان بە وێنەی فۆتۆگرافیش بگات.. ئەم شتەی کە لە رۆژێکدا سەدان جار بەلایدا تێدەپەڕین.
بەشێکی بنەڕەتیی سروشتی ژیان پێکدەهێنێت و ئاسایی بوو کە (سوزان سۆنتاگ) لە لایەنی جوانناسی یان مێژووییەوە باسی نەکات و لە لایەنێکی فەلسەفییەوە کە زۆر لە دەروونزانیی کۆمەڵەوە نزیکە باسی بکات.
لە سەرەتاوە دەزانرا کە (سوزان سۆنتاگ) ئالوودەی وێنەی فۆتۆگرافەو بەکردەوە تا ئاستی خوو پێوەگرتن خەریکی ئەم هونەرە بوو، لەمەوە لە گۆڤاری (نیویۆرک ریڤیو بۆکس)دا کەوتە بلاوکردنەوەی زنجیرەیەك وتار، کە دەربارەی ئەم هونەرەو باسکردنی مانای بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و بلاوکردنەوەو تەماشاکردنییەوە بوون.
دیاربوو کە ئەم وتارانە وەك نووشتەیەك بۆ خۆڕزگارکردن لەم خووەی نووسیبوو.
(سوزان سۆنتاگ) ئەم وتارانەی کە لە بنەڕەتدا بە یەکترەوە پەیوەست بوون، کۆکردەوەو ئەم کتێبەیان لێ پێکهات.
بە پێی بۆچوونی رەخنەگرەکان کتێبەکە لەو کاتەدا (یەکەم تێڕامانی خەمخۆرانەو فراوان دەربارەی ئەم هونەرە جەماوەرییە بوو، ئەگەرچی تەمەنی ئەم هونەرە بۆ زیاتر لە سەدو پەنجا ساڵ دەچێت، بەڵکو هەندێك لە رەخنەگرەکان بەراوردێکیان لە نێوان خەریکبوونی (سۆنتاگ) بە هونەری وێنەی فۆتۆگراف کردو خەریگبوونی (رۆلان پارت) بە (مۆد)و (ئەفسانەکان)ی سەدەی بیستەم لە دوو کتێبداو خەریکبوونی (گی دیبۆر) بە (کەرنەڤاڵ)و یاساکانی لە گشت کارەکانیداو نزیککردنەوەیەکیان لە نێوانیاندا بینی بوو).
ئەگەر هەندێك لەوانەی پشتیوانی لە بێلایەنیی وێنەی فۆتۆگراف دەکەن، ئەم دەستتێوەردانە شیکارییە فەلسەفییە لە کارەکەیاندا پەستیکردبوون و کتێبەکەی (سۆنتاگ)یان بە (بەیاننامەیەکی ئایدیۆلۆژی) دانابوو، بەڵام لێکۆڵەرەوەکانی تر کە زیاتر خەمخۆربوون لە کتێبەکەدا شیکارییەکی زیرەکانەی وردو هەندێك جار توند بۆ (ئەو جێگایەی کە وێنەی فۆتۆگراف لە کۆمەڵگاکانی سەردەم گرتوویەتی و بە کۆمەڵگا بەکاربەرەکان ناوزەد کراون) بینی بوو، کە تیایاندا بە زیادەڕەوییەکی ناخۆش، وێنە بە رەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگەکانییەوە بەکاردەبرێت، بەڵام بۆچی (سوزان سۆنتاگ) بۆ پێشکەشکردنی ئەم شیکارییە خەمخۆرانەیە خۆی ماندوو کردبوو..؟ بە سادەییەوە وەك لە دەقی کتێبەکەیدا هاتووە.. (چونکە وێنەگرتنی شتێك مانای بوون بە خاوەنی یان دەستبەسەرداگرتنی دەبەخشێت و لەم بوارەداو بە درێژایی بەشەکانی کتێبەکە نووسەر چەندین جار بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە کە وێنەگر لە رووداوەکاندا دەیبینێت و بە تایبەتی لە بایەخ پێدراوە کۆمەڵایەتییەکانداو لە پاشاندا بە وردی باسی هەڵوێستە هزرییەکانی وێنەگر دەکات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە وێنەی بێ مەبەست نییە، بە تایبەتی لەلای ئەوانە کە بە پیشە وێنەگرن).





ئەم تێزەی (سوزان سۆنتاگ) بە پرسیارێکی بنەڕەتی دەیگەیەنێت و لەوە دەچێت کە لە هەر پرسیارێکی تر زیاتر سەرقاڵی کردبوو: ئەم وێنەیە–با لەهەر ئاستێکدا بێت–ئایا دەبێت لە خزمەتی راستێتیدا بێت یان لە خزمەتی جوانییە..؟ لێرەدا کە نووسەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قووڵ دەبێتەوە، سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە (لە راستیدا لەو وێنەیە جوانترو دڵگیرتر نییە کە دیمەنەکانی هەژاری و کڵۆڵی نیشاندەدات).



بە هەر بارێکدا بێت، (سوزان سۆنتاگ) هەر بەم ئاراستەیە بەردەوام دەبێت و دووپاتی دەکاتەوە کە (بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە هەر قسەیەکی راگەیەندراودا وەك ئامانجێکی مرۆڤدۆستانەی وێنەی فۆتۆگراف ئاماژەی بۆ دەکرێت، دەبینین ئەو خەسڵەتەی لە کامێرای فۆتۆگرافداو جیا لە هەر ئامێرێکی تر هەیە لەو توانا بەرزەیەتی بۆ گۆڕینی سیمای واقعی تیایدا ژیاو بۆ شتی جوانناسانەو بە وردی، چونکە ئەم خەسڵەتە لە بێتوانا رێژەییەکەیەتی بۆ گوزارشتکردن لە راستێتیی ئەم واقیعە دێت.

پاش ئەمە ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، کە(سۆنتاگ) بوار نادات ئەم جۆرە بڕیارانە هەروا بە هەڵواسراوی لە بادا بمێننەوەو مۆرکێکی میتا–واقعی بە وێنەی فۆتۆگراف ببەخشن، بەڵکو هەموو باسەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم هونەرە زیاتر لە هەموو هونەرێکی تر زانیویەتی ئەژمارێکی لۆژیکی بۆ مەرجی مرۆڤایەتیمان وەك گەلە بوونەوەرێکی راگوزەر لە ژیاندا بکات و (لە رێگای بەهەمیشەیی کردنی ساتە وێنەگیراوەکاندا کە لە تەمەنی ژیانمان زیاتر دەمێننەوە)و کێشە سەرەکییەکەی لەوەدایە کە هونەرێکە هەموو رەگەزەکانی دابینکراون، تەنیا رەگەزێکی بنەڕەتییان نەبێ کە: کەلەپووری رەخنەیی دەوڵەمەندەو کتێبی (وێنەی فۆتۆگراف) هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی ئەم کەلەپوورەو نووسەر هەموو جارێك دووپاتی دەکاتەوە، کە وێنەی فۆتۆگراف تەنیا بەیەك گەیشتنی رووداوێك بە وێنەگرەکەیەوە نییە، بەڵکو هەر خۆی رووداوێکەو مافێك بەخۆی دەبەخشێت، کە لە هەموو مافەکان خۆسەپێنترەو لە هەموویان گرنگتر.. مافی دزەکردنە بۆ ژیانی تایبەتیی مرۆڤ کە لەگەڵ مافێکی ترسناکترەوە دەبێت کە مافی رەتکردنەوەی ئەوەی بە راستی لە ناو ئەو ژیانە تایبەتەدا روودەدات.

لە راستیدا ئەم بابەتە بە ناونیشانی (البراءة المستحيلة) بڵاوەکرابووەوە، بەڵام پاش خوێندنەوەی نووسینەکە بۆم دەرکەوت کەمەبەستی لە(البراءة) پاکێتی نییە، بەڵکو مەبەستی (بێ مەبەستی)یە، لەبەرئەوە پێم باشبوو بۆ ئەم ناونیشانەی بگۆڕم کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەو مەبەستی نووسەرەکەدا دەگونجێت–(وەرگێڕی کوردی)



لەگەڵ (سوزان سۆنتاگ) دا

# گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە

سازدانی: هارفی بلۆم

***وشەی (ڕۆشنبیر)ت بەباشی لێکداوەتەوەو توانیت بیسەلمێنیت کە مرۆڤ دەتوانێت ڕۆشنبیر بێت، بەبێ ئەوەی ئەکادیمی بێت..؟**
—زۆر شانازی بەمەوە دەکەم، بەڵام هەمیشە من وەك کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرو خاوەنی کتێبی زۆر، نموونەی ئەو ڕۆشنبیرە پێشکەش دەکرێم کە لەبڕوای خەڵکیدا نموونە ڕاستەقینەو دروستەکەی ڕۆشنبیرەو ئەگەر بۆ سەدساڵی تریش بژیم لەوانەیە بەهەمان شێواز پێشکەش بکرێم، ئەوەی لەمەدا دەموروژێنێت ئەوەیە کە دەبێت بەپێی ئەوەی نوێنەرایەتیی دەکەم، ڕەفتار بکەم، ئەگەرچی پێچەوانەی ئەوە بێت کە نووسیومە. مەبەستیشم ئەوەیە کە ژیانم لەچوارچێوەی گرژییەکانی بەدڵبوونی کەسانی تردا بردووەتە سەر، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا ڕێز لەخەڵکی دەگرم و بەپێی کارەکانیانەوە بەدڵم دەبن. لێمانگەڕێ با ئەم نموونەیە وەربگرین کە ئێجگار نزیکەو لەهەمانکاتدا ڕاستەقینەیە. سەردەمانێك کە لەقۆناغی هەرزەکاریدا لەزانکۆی (شیکاگۆ) بووم، (تی، ئێس، ئەلیوت)م دەپەرست، منیش لەو نەوەیە بووم کە (ئەلیوت) لەلای ئەواندا خواوەندێك بوو، بەڵام من کارو بیرۆکەکانم دەپەرست و ئەگەر وەك کەسێك بیرم لەو بکردایەتەوە ئەوە کارەکە تا ئاستێك تەنگ پێهەڵچن دەبێت، بیرم لەوە نەدەکردەوە (ئەم کارە چی دەگەیەنێت)و ئەوەش بۆ خۆی کۆسپێکی تربوو، چونکە بڕوام بەهەندێك بیرۆکە بوو، لەوانە ئەو بیرۆکەیە کەدەڵێت کارەکە لەبنەڕەتدا دەربارەی نووسەرەکەی نییە.. کارێکی ناکەسییە.
خۆم دەبینم بەشێکی باش لەچاوپێکەوتنە گشتییەکان و گفتوگۆکانم جیادەکەمەوە، تاکو مامەڵە لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی خەڵکیدا بکەم، کە دەربارەی ئەوەی نوێنەرایەتیی دەکەم و ئەو بیرۆکانەی کە بەتایبەتی پشتیوانییان لێ دەکەم یان ئەوەی شایستەی کارەکەیە. لەکۆتادا با بۆ وشەی (ڕۆشنبیر)و (زیرەك) بگەڕێینەوە، ئایا ئەگەر پیاو بوومایە، خەڵکی هەمیشە بەم شێوازە باسیان دەکردم و بە (ڕۆشنبیر) یان (زیرەك)یان وەسف دەکردم.
***هیچ جیاکردنەوەیەکی ڕوون و دیار لەنێوان کارو نووسەرەکەیدا نییە، دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت..؟** هەندێکجار کەسایەتیی نووسەرەکە بەسەر کارەکەیدا زاڵدەبێت و لەکارە ئەدەبییەکەدا خاوەن هێزێکی کاراو ڕۆڵێکی کاریگەر دەبێت. باس لەو شێوازە دەکەم کە کەسایەتیی (واڵتەر بنیامین) تیایدا لە (لەژێر ئاماژەکەی زوحەلدا) دەرکەوت..؟
—بەڵێ و بەڕاستی وابوو، ئەمە وایلێکردم کە بزانم دەبێت واز لە وتارنووسین بهێنم، بیرم کردبوو باشترە وازبهێنم، چونکە ئەوەی



نوسیبووم هەرگیز وتار نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە وێنەیەك یان تابلۆیەکی سیما دیار بوو، دەربارەی میزاجێکی تایبەت و رەنگێکی دیاریکراو دەنووسم، دەربارەی (میزاج)رەشەکان دەنووسم، چونکە ئیتر بەڕاستی مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەکاندا ناکەم، دەبێت بۆ چیرۆکنووسین بگەڕێمەوە.

***لە وتاری (تاقە رۆشنبیرییەك و هۆشیاریی نوێ)دا دەڵێیت: (پیاوانی رۆشنبیر هەست دەکەن کە بارودۆخی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی رووبەڕووی هەڕەشەی زانستەکان و تەکنۆلۆژیای نوێ بووەتەوە، رقیان لەم گۆڕانەیەو رەتی دەکەنەوە، بەڵام ئەم پیاوانە هەر دەبێت لەبەرەی بەرگریکاران بن، چونکە باش دەزانن کە رۆشنبیری زانستی و پەیدابوونی ئامێرەکان کارێکە ناوەستێنرێت). ئەمەت بەر لە سی ساڵ نووسیبوو، بەڵام بارودۆخی هەنووکەییمان و ئینتەرنێتیش دەگرێتەوە.**

—ئەوەی سەرسامم دەکات تەکنۆلۆژیا کە نییە کە بەری لێ ناگیرێت، بەڵکو سەرمایەدارییەکەیە کە بەری لێ ناگیرێت. جۆرە هەژموونێکی هەمەکی سەرمایەداری هەیە سەرم لێی سوڕدەمێنێت، هەنووکە بەهاو پاڵنەرەکانی سەرمایەداری بۆ خەڵکی پتر روونبوونەتەوە.

لەمەشدا مەبەستم لەوە نییە کە خەڵکی پێشتر بایەخیان بە پێشکەوتنی کەرەستەیی نەدەدا، بەڵکو ئەوان لەهەمانکاتدا درکیان بەوە دەکرد کە هەندێك لایەنی ژیان هەیە بەپێوەرە کەرەستەییەکان ناپێورێن.

***تەکنۆلۆژیا، دەسەڵاتی سەرمایەداری زیاتر دەکات و لەگەڵ (eBay)[1] دا دەکرێت بازاڕ بچێتە ناو هەموو ماڵەکانەوە..**

—بچووکترین کێشەم لەگەڵ رۆشنبیریی سەردەمدا، کە تەکنۆلۆژیایە نیمە، کێشەکەم سەرمایەدارییە. کۆمپیوتەر بۆ چاپکردنی دەقەکان بەکاردەهێنم و بەبڕوای من باشترین ئامێری چاپە کە داهێنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینتەرنێت بەکارناهێنم و هەتا ئێستا دەبینم ئەو زانیارییانەی لە رێگای گۆڤارو کتێبەکاندا دەستم دەکەون بەسن، بەڵام کاتێك



هەست بکەم کە هەندێك گۆڤاری سەر ئینتەرنێتم پێویستە، هیچ گرفتێکم لەوەدا نابێت، جیهانی تەکنۆلۆژیا هونەرێکی جوان بەرهەم دەهێنێت، کە لەبەرزترین ئاستەو بەلای منەوە کاری فۆتۆگراف بەبێ گەمەکانی تەکنیك وروورژێنتر نابێت، هەر وەها هەندێك فیلمم پێ خۆشە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە دەبێت قووڵتربن.

***بەبڕوای من دابینکردنی ئەو قووڵییەی تۆ مەبەستتە لە راگەیاندنی بینراودا کارێکە ئاسان نییە..؟**

—شتەکە وا دێتە بەرچاوم، کە کارەکەهانی ئاگاییەکی تەواو نادات، ئەوەی کە روودەدات ئەمەیە، تەکنۆلۆژیا گەلێك ئاستی نوێی لەئاگابوونی پەیداکردووەو چەند جۆرێك بیرکردنەوەی دیی دروستکردووە، بەڵام لەم تەکنۆلۆژیایە فاکتەری هاندان و هێزی پاڵنەری شاراوە دەبینم، بۆ نموونە دەبینم یارمەتیی نەخۆشەکان دەدات کە ئێستا دەتوانن بەئاسانی زانیاریی پزیشکی دەربارەی نەخۆشەکانیان دەستبکەوێت. دووجار تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووم: یەکەمجار لەکۆتایی حەفتاکاندا بوو، دووەم جاریش لەم کاتەی ئێستاماندا، جیاوازیی نێوان ئەوەی کە نەخۆش زانیارییەکی دەربارەی نەخۆشییەکەی هەبێت و نەبوونی ئەم زانیارییە لەجیاوازیی نێوان رۆژو



شەو دەچێت، لەکۆتایی حەفتاکاندا کاتێک بۆ یەکەم جار تووشی شێرپەنجە بووم، حەزم




دەکرد هەموو شتێك بزانم، کتێبی پزیشکیم دەخوێندەوەو پرسیاری زۆرم دەکرد، سەرچاوەی بێزارکردنی زۆر لە پزیشکەکانم بووم.
باشم لەیادە چۆن رۆژبەرۆژ و مانگ بە مانگم بۆ وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی دەبردەسەرو لەگەڵ پێنج تا دە کەس لە تاقە ژوورێکدا بووم. چەنەباز بووم و ئارەزووی شتزانینم دەکردو دەربارەی ئەو دەرمانانەم دەپرسی کە نەخۆشەکانی دی وەریان دەگرتن، ئەمە بەر لەوەی بزانم کە (نەخۆشی وەك خوازەیەك)دەنووسم. کەس لەو کاتەدا ناوی ئەو دەرمانانەی نەدەزانی کە وەریدەگرتن، چونکە ناوی گران و لەبڕگەی لێکدراو پێکهاتبوون، تەنیا ئەوەیان دەزانی کە چارەسەری کیمیایی وەردەگرن، بەبێ ئەوەی بەوردی بزانن چ جۆرە چارەسەرێکە، ئەم چارەسەرکردنە بریتیبوو لەتێکەڵەیەك و زۆرجار پتر لە دوو جۆر دەرمان پێکدەهات. هەنووکەو پاش بیست و دوو ساڵ سەرلەنوێ بەدەست شێرپەنجەوە دەناڵێنم. بۆ وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی بۆ نەخۆشخانە دەچم و جیاوازیی ئێستا لەچاو ئەوسادا ئەوەیە کە هەموو بەدیاریکراوی ئەو دەرمانانەی وەریان دەگرن دەناسن و ناوەکانیان بەوردی دەزانن. هەر ئەمە نییە، بەڵکو پێکەوە لەسەر ئەوەی لەکتێبە پزیشکییەکان و گۆڤارە پسپۆڕەکان و بڵاوکراوەکانی زانکۆی (ئینیدیانا)و لێکۆڵینەوە تازەکانی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە دەیخوێننەوە گفتوگۆدەکەن و دەتوانن ناوی پێگەکەی سەر ئینتەرنێتیشت پێ بڵێن و ئەمە بارودۆخێکە زۆر خۆشە.

***لەو کاتەی بۆ سی ساڵ کات بۆ دواوە بگێڕیتەوە، ئایا بڕوا دەکەیت کە دەستەی ئەدیبان لەناو توێژی رۆشنبیراندا بەخوێنگەرمییەکی کەمتر بایەخ بە تەکنیکی داهێنراوی نوێ دەدەن..؟**

–گەورەترین بازدان، بازدانی (گۆتنبێرگ)[2] بوو، ئەوانەی لەدەورمدا بوون، پێیان سەیربوو، بەچێژ وەرگرتنێکی زۆرەوە تەکنیکە نوێکان بەکاردەهێنم، پێشتر وتم: بازدانی راستەقینە ئەو گۆڕانەیە کە لەبەدەست نووسینەوە بۆ بەئامێری چاپ نووسین بوو، بەڵام گۆڕانی لەئامێر چاپ نووسینەوە بۆ کۆمپیوتەردا هەرگیز هیچ گواستنەوەیەکی جۆرەکی نابینم و هەنووکە دەکرێت کتێب سەرچاوەیەکی–ناکاغەزی–یەکخراو لەسەر کۆمپیوتەردا بەرهەمبهێنرێت، بەڵام ئەگەر ویستم شیعری (جۆریس گراهام) بخوێنمەوە کە لەکارە سەختەکاندا دادەنرێت، ناتوانم بەم شێوەیە بیانخوێنمەوە، چونکە یان دەبێت شیعرەکانی (گراهام) زۆر بەهێواشی و چەندجار دووبارە بیانخوێنیتەوە، یان هەرگیز نەیانخوێنیتەوە.
دەبێت خۆت زۆر ماندوو بکەیت تا بتوانیت بۆ ناو دەقەکانی شۆڕبیبێتەوەو سومبولەکانی لێکبدەیتەوە. هەندێك کەس دەناسم بەلایانەوە زۆر گرانە فیلمێك تا کۆتا یەکبینە تەماشا بکەن و شتێکیان دەوێت بۆ ماوەیەکی کەم ئاگایان لێ بێت. لەبەرامبەردا کەسانێك دەناسم



چەندین کاتژمێری دوورو درێژ بەگوێگرتن لەمۆسیقای (مۆرتۆن فیلدمان)دا دەبەنە سەرو ئەمە لەسەرووی وزەی توانای گوێگرتنی سروشتییە.

***کەواتە، لەوانەیە ئەوەی پێویستمان پێیەتی بەئاگابوونێکی فرەجۆر بێت..؟**

—بەپێی ئەوەی لەیادم ماوە، بەتەواوەتی ئەمەیە کە لەوتاری (تاقە رۆشنبیرییەك و هۆشیاریی نوێ)دا باسکرابوو، چونکە دەربارەی نەبوونی لەئاسا بەدەربوو، هەنووکە پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا کەس دەیەوێت گوێ لە(مۆرتۆن فیلدمان) بگرێت..؟ ئایا دەکرێت تۆڕی دەماری هەستیاری خەڵکی دابرێژرێتەوە تاکو پێ بە پێی تەکنۆلۆژیای نوێدا بە بازدان بڕوات..؟ بەڵام لەکۆتاییدا: ئایا هەموو ئەمانە فەرمان و ئاگامی پێشکەوتن نین..؟ ئایا لەبەشێکی جیهاندا بە تەنیا پێشکەوتنێکی هەتا هەتایی دەبێت..؟ با گریمانەی ئەوە بکەین کە رۆژگاری سەختمان لەپێشەوەیەو خەڵکی رووبەڕووی کێشەی مادیی راستەقینە دەبن..؟ ئایا لەو بڕوایەدانیت کە ئەم کردەیە کەمێك خاو ببێتەوە..؟ هەموو ئەمانە پاشکەوتەکانی خۆشگوزەرانین.

***تۆ وەك بازنەی بەئەوروپا گەیاندن تەماشا دەکرێیت و ئەوەت سەلماندووە کە دەکرێت ئەمریکاییەك رۆشنبیربێت، بەهەمان ئەو شێوازە کە تیایدا بۆ ئەوروپاییەك وەك رۆشنبیر دەڕوانرێت..**

—بەڕاستی ویستم ئەمە بکەم، بڕوام وابوو بەم کارە شتێکی بەسوود دەکەم و رۆڵێك دەبینم کە کەس ئەنجامی نادات و وابزانم زانیومە چۆن ئەو رۆڵە ببینم.

***لە وتارەکانتدا نووسەرە ئەوروپاییەکانی وەك (بنیامین و ئارتۆو بارت) بەخوێنەری ئەمریکایی ناساندو لە رۆمانە تازەکەتدا کەسێتیی سەرەکیی ناو رۆمانەکە ژنە ئەکتەرێکی پۆڵەندییە، بۆ ئەمریکا کۆچ دەکات و بەمە پەیوەندییە ئەوروپاییەکە دەپارێزێت؟.**

—ئەمە پرسی پەیوەندییەکەیەو کاتێك ئەم شوێنەم بەجێهێشت—مەبەستم (کامبردج و هارفارد)ە، لەکۆتاییدا خۆمم لە(پاریس)دا بینییەوە، هەتا ئەوکاتە هەموو شتێك پەیوەندیی بەشێوەکاری و مۆسیقاو کتێبەوە بوو، هەموو شتێك راستەوخۆ لەڕێگای ئەم شتانەوە بوو. بەکورتی لەئەوروپادا بەگەلێك ئەزموونی گەورە تێپەڕیم و چاوم بەژمارەیەکی زۆر لەنووسەرەکانی سەردەم و نوێگەرەکان کەوت، هەروەها فیلمەکانیش، هەستم دەکرد کە ژیانم بۆ دوو قۆناغ دابەش بووە، پێش (گۆدان)[3] و پاش ئەو. پێشتر لەهێزی نوێگەری تێنەدەگەیشتم و هەموو ئەوەی هەستم پێکردبوو ئەوەبوو کە رابردوو لەچاو ئێستادا زۆر گەورەترەو رۆشنبیری ئەوروپایی و—بەشێوەیەکی دیار—لەرۆشنبیری ئەمەریکایی گەورەترەو دەستم دایە هەوڵەکانی چیرۆکنووسین، بەڵام نەمدەزانی چۆن دەستپێبکەم. چیرۆکەکە لەسەری کەسێکدا رودەدات، لەبەر ئەمە بیرم کردبوو کە من نامەوێت تەنیا باس لەو پەشۆکان و شێواوییە بکەم کە لەسەری کەسێکدا روودەدات و لەخۆمم پرسی: بۆ لەبواری فیلمدا کارنەکەم..؟ ئیتر پاش ئەوە بیرۆکەی چیرۆکێك پەیدابوو، کە بەشێوەیەکی بینراو دەستپێدەکرد، چونکە لەچاپخانەیەکی نزیك مۆزەخانەی بەریتانی لە (لەندەن)دا چاپکراوەکانی (گڕکان)ی (ویلیام هاملتۆن)م بینی بوو. یەکەم شت بیرم لێکردبوو—هەرگیز بەبیریشمدا نایەت ئایا پێشتر ئەمەم وتبێت—پێشنیازێك بۆ گۆڤاری (Fmr) بکەم (گۆڤارێکی هونەریی زۆر جوانە کە لە(ئیتالیا)دا کەولاتی هونەرە دەردەچێت—وەرگێڕی عەرەبی)، کە دووبارە چەند دەقێکی کتێبەکە بڵاوبکەنەوەو لەهەمانکاتدا هەنێك دەق بنووسم، بەڵام دواتر پابەندی چیرۆکە راستەقینەکەی هاملتۆن و هاوسەرەکەی بووم.

پاش ئەوە زانیم کە ئەگەر ویستم چیرۆکەکانی رابردوو دیاری بکەم، لەوانەیە کارێکی داستانئامێز ئەنجامبدەم و لەوەدا تەنیا لەناو سەری کەسێکدا نابم و لێرەوە رۆمانی (عاشقی گڕکان)ە کە پەیدابوو.

پاش ئەوە بیرۆکەی (بیانی)یەکە پەیدابوو، بیرۆکەکە دەربارەی ئینگلیزەکانی خوارووی (ئیتالیا) بوو، رۆمانێکە دەربارەی پایە



بەرزەکانی ناو ئەمریکایە و ڕۆمانی داهاتووم دەربارەی فەڕەنسییەکانی ناو (ژاپۆن) دەبێت.



بەبۆچوونی
بۆ خۆ
ئەزموونەک

***گێڕەرەوە ... بیانییە، بەو مانایە بەڕابردووەوە نامۆیە، ئەو بەدرێژایی کات گەشت دەکات؟.**

–کتێبەکە بەکاتی گەشتەکەی دەستپێدەکات. بیانی و ئاوارەکانم خۆشدەوێت. هەست دەکەم لێرەدا لە(نیویۆرک)دا ئاوارەم و هەرگیز هەستکردن بەحەوانەوەی ڕەهام پێ خۆش نییە.

سەرچاوە: لەکتێبی (ژن وەهای وت) و چاوپێکەوتنەکە بەناونیشانی (ژنە بیانییەکە)بڵاوکراوەتەوەو وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (حەنان شەرایخە)، چاپ و بڵاوکردنەوەی خانەی (منارات).

1–(ebay)کۆمپانیایەکە بۆ پڕفرۆشیکردنی کاڵایە لەسەر ئینتەرنێتە.

2–گۆتێنبێرگ: داهێنەری ئامێری چاپە.

3–جان لۆك گۆدار(1930–

... لە

بیستەم دەرکەوت. لە سیاسەت و هونەردا شێوازی سەرپەڕی بەکارهێناوە. لە هونەردا کامێرای بەدەست هەڵگیراو بەشێوازێکی ئەزمونگەری بەکارهێنا، هەروا گرتەی فلاشی خێراو بڕینی کتوپڕی بەکارهێناو یەك بەدوای یەکدا هاتنی سینەمایی فەرامۆش کرد. بایەخی بەدەرخستنی ڕۆڵی ئافرەتی لە کۆمەڵگە دەدا. (و.عەرەبی).



لەگەڵ (سۆزان سۆنتاگ)دا

# دەربارەی جەنگ و وێنە
# جەنگ لەهەموو وێنەیەك ترسناکترە

(2)

(سوزان سۆنتاگ) بەدرێژایی ماوەی کارکردنی وەك نووسەرو وەك چالاکێك لەدژی جەنگدا، لەجەنگەوە زۆر نزیکبوو، ئەگەرچی وێنەگرتن پیشەی نییە، بەڵام کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی (وێنەی فۆتۆگراف)دا لەهەموو بازنەکانی خوێندنەوەی خەمخۆرانە دەربارەی وێنەی فۆتۆگراف لەجیهاندا بابەتی خوێندنەوە بوو. رۆمان و چیرۆك و لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی بۆ زۆریەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون. کتێبی (نەخۆشی وەك خوازەیەك) بۆ بیست زمان وەرگێڕدراوە، لەبواری سینەماو شانۆدا وەك دەرهێنەر کاریکردووە. سێ ساڵ لەشاری (سەرایێڤۆ)ی ئابڵووقەدارودا مایەوە، لەنزیکەوە لەگەڵ دیمەن و دەنگەکانی جەنگدا ژیابوو، لەبەرئەوە لەئەزموونەوە شارەزای جەنگ و وێنەکانی بووە.

داوام لێکرد بەرلەوەی گفتوگۆکە دەستپێبکەین، پێکەوە تەماشای وێنەکانی کاتژمێرە بەراییەکانی هێرشەکەی سەر بەغدا بکەین، کە بەر لە دوو هەفتە گیراون...

* * *

—لە سێ جەنگدا ئامادەبووم، کاتێ ئاسمان بۆ ئەوەی ئێستا لەوێنەکاندا دەیبینم دەگۆڕێت.

گفتوگۆکردنی: بیلێ مۆیەرز

تەماشاکردنی ئەم وێنانەم بەلاوە گرانە، چونکە راستێتیم بیردەخەنەوە، وەك گەمەیەك سەرنجم راناکێشن، وەك دیمەنگەلێکی نائاسایی سەرنجم راناکێشن، بەڵکو راستێتیی بە ئازارم بیردەخەنەوە، بەبڕوای خۆم بەراستێتیی زۆر لکابووم و ئەمە وا لە من دەکات روو لە وێنەکان وەرگێڕم.

*کەواتە وێنەی وەها شتێکی تازەت نیشان نادەن، شتێکت نیشان نادەن دەربارەی جەنگ کە بەڕاستی نەیزانیت..؟

—نەخێر، هەرگیز، هەستی نەخۆشکەوتنم پێ دەبەخشن، دەمتۆقێنن، لە راستیدا لەناخەوە خەریکە کەمێك ترسم لێ دەنیشێت، چونکە خەریکە ترسم بیردەکەوێتەوە، چونکە کاتێك ئاسمان وایلێدێت مرۆڤ ترسی لێ دەنیشێت، جەنگ بەر لەهەموو شتێك دەنگەکانە، دەنگی سامناکە، لە(سەرایێڤۆ)دا دەنگەکان بەدرێژایی کات وابوون. هەمیشەو بەدرێژایی کات هەمان ئەم دەنگانەیە، هەندێك جارو ئەو کاتەی لێ دەرچێت کە دەکەوێتە نێوان سێ و پێنجی بەیانییەوە، تیایدا دنیا خامۆش دەبێت.

*چی دەبێت..؟

—بێدەنگییەکی رێژەیی، کاتێك پاش ئەو سێ ساڵی نیشتەجێبوونی نیمچە هەمیشەییەم لە

(سەرایيڤۆ)دا واتا سالانی (1993–1995) بۆ






وڵات گەڕامەوە، بەلامەوە زۆر گرانبوو بەرگەی ئاهەنگەکانی (4ی تەموون)[1] بگرم یان ئەو ئاهەنگانەی تایبەت بەساڵی نوێی چینی بوون، هەر لەبەرئەوەی کە گوێم لەهەمان ئەو دەنگانە دەبوو، ئەم دەنگانە منیان تۆقاندبوو، ئەم دەنگانە ترس دەخەنە گەدەم نەك سەرم.

*بەردەوام بە..

–چونکە تۆ کار بۆ گۆڕینی ئەوە دەکەیت..

*بۆ کاردانەوەیەکی جەستەیی..؟

–بەڵێ، کاردانەوەیەکی جەستەیی ترسە، ئێمە وەك دەزانیت باس لەدانیشتووە (ناجەنگاوەرەکان) دەکەین کەدەکوژرێن، باس لە.. لەو بڕوایەدام کە ئەرکی سەرشانمان باس لە.... بەدڵنیاییەوە بیر لەدانیشتووەکان دەکەم، کە ئێستا لەعیراقدا دەکوژرێن و با بڵێین... بێگومان زۆرینەیان بێوەی ڕزگاریان دەبێت، بەڵام ئەو ترسەی هەستی پێ دەکەیت، ئەگەرچی ڕزگاربوونت وەك شتێکە کەیەکلایی بووەتەوە، بەڵام بەرەو ڕووی هەستی ئەو منداڵانەت دەکاتەوە کە پەنایان بۆ ژێر زەمینەکان بردووەو گوێیان لەو دەنگانە دەبێت، بۆ لای ئەو کەسانەت دەبات کە بەپەلە بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان دەردەپەڕن.. ئەمە شتێکە ئێجگار بەئازارە.

دەنگێکە هەزار جار گەورەترە لەو دەنگەی لەناوی تەلەفزیۆنەکەدا دەیبیستیت.. لەبەرئەمە تەماشاکردنی فیلمە جەنگییەکان بەلامەوە زۆر قورسە.. بەلامەوە زۆر قورسە تەماشاکردنی جەنگ بکرێت وەك ئەوەی لەتەلەفزیۆندا نمایشی دەکەن.. بەلای منەوە زۆر ڕاستەقینەیەو تەنیا دیمەنی نائاسایی نین. جەنگ بۆ دەرهێنانی دۆزەخ لەناوەوەمدا کاردەکات و لەڕاستیدا خۆبەخشانە بۆ جەنگەکان چووم، چونکە بێگومان چالاکییەکی خۆبەخش بوو.

*وەك ڕۆژنامەوان..؟

–من بۆ جەنگەکان ناچم لەپێناوی نووسینەوەیاندا، چونکە من ڕۆژنامەوان نیم، پێموایە کە بۆ جەنگ دەچم بڕوام بەوەیە کە ئەرکی سەرشانمە تا پێم دەکرێت لەگەڵ ڕاستیدا بم، جەنگ لەجیهاندا ڕاستییەکی ترسناکە.

*چی دەکەیت..؟

–بەدەنگییەوە دەچم.

*تۆ بۆ ئەوەش نەچوویت، تاکو هەر تەماشاکەربیت.. چیت دەکرد..؟

–نەخێر، نەخێر، لەشارەکەدا کارم کرد، مەبەستم ئەوەیە کە گەیشتمە ئەوێ، لەناکاو بینیم داوام لێ دەکەن کە لەشانۆدا کاریکەم، داوایان دەکرد شانۆگەرییەکیان بۆ دەربهێنم،



چەندین کەس بڕوایان وابوو کە بۆ دەرهێنانی شانۆگەرییەك بۆ (سەراییڤۆ) چووم، تا ئەم ئاستە شێت نیم، تاکو ئەوە بکەم و.. بۆ ملیۆن ساڵی تریش ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات، بەڵام هەر کە گەیشتمە ئەوێ وتم: (دەمەوێت بمێنمەوە.. دەمەوێت لێرەدا کاربکەم) راستەوخۆ وەڵامیان دامەوە: (باشە، لێرەدا دەتوانیت چ کارێك بکەیت..؟) وتم: (دەتوانم چاپ بکەم، دەتوانم منداڵان فێری ئینگلیزی بکەم.. دەتوانم ئەرکی پزیشکی وەك فریاگوزارییە بەراییەکان لەنەخۆشخانەکاندا بکەم، دەتوانم فیلم و شانۆگەری دەربهێنم)، (کەواتە.. شانۆگەرییەك دەربهێنە). وتم: (نەخێر.. نامەوێت)، نەمدەویست شانۆگەری دەربهێنم.

*شانۆگەرییەك لەگەرمەی جەنگدا..؟

—بەڵێ، پاش ئەوە وتم: (بۆچی شانۆگەریتان دەوێت..؟) و پاش ئەوە بیرم کردەوە: ئێمە ئاژەڵ نین، ئێمە تەنیا کەسانێك نین کە پەنا بۆ ژێرزەمینەکانمان دەبەین و لەڕیزەکانی نۆرەی نان و ئاودا بوەستین و تووشی کوشتن ببین، تۆ خەڵکی دەناسیت، کاتێك بۆ ئێرە گەڕامەوە پرسیاریان لێکردم: (باشە ئەوانە کێ بوون کە بۆ شانۆ چوون..؟) وەڵامم دانەوە: (هەر ئەوانە بوون کە بەر لەجەنگ بۆ شانۆ دەچوون).

*ئایا ترسا بوویت..؟

—بەدرێژایی کات ترسا بووم، ئەگەر هەستم بەترس نەکردبا، شێت دەبووم و ئێجگار بەختیاربووم کە لەچەندین بۆنەداو لەهەمانکاتدا کەسانێکم دەبینی چەند پێیەك لێم دووربوون دەکوژرێن. بەختیار بووم کە گوللەکە یان تۆپەکە یان پارچەکانی وەك ئەوان نەیان پێکابووم..

کاتێك بەر لەساڵێك یەکێکیان لێی پرسیم: (ئێستا چی دەنووسیت..؟) وتم: (نامیلکەیەك دەربارەی جەنگ دەنووسم) لەو بڕوایەدام کە کتێبێکی چاك بوو، چونکە هەرچییەك تیایدا بوو بەری ئەزموونی راستەوخۆ بوو. بەشێوەیەك لەشێوەکان لەئەزموونی (سەراییڤۆ)و (بۆسنە)ی ناوەڕاستی نەوەدەکاندا وەردەگرت و مامەڵەی لەگەڵیاندا دەکردو کۆتاییەکەی ئەوەبوو کە شتێکیان لێ دابڕێژرێت، بیرم کردبووەوە (باشە، دەربارەی شتێك دەزانم و لەو بڕوایەدام کە دەتوانم شتێك دەربارەی جەنگ بڵێم کە بایەخێکی هەیەو دەربارەی ئەوە کە لەئاستیدا چۆن بیردەکەینەوە)، لەپاشان ئەوە بوو کە کتێبەکە هەنووکە دەرچووە.

*بەڵێ، لەم کاتەی تیایدا دەرچووە لەبارتر نییە..؟

—ئەوەتانێ ئەمەمان هەیە.. ئەم کەسایەتییە کە بەشێوەیەکی پۆخڵ پەیوەندیی بە رووداوەکانەوە هەیە، چونکە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵایسانی جەنگی هەڵبژاردووە.


*لێمگەڕێ لێت بپرسم: (لەئێمەی خوێنەران چیت دەوێت، چ پوختەیەك لەم کتێبەدا وەربگرین..؟)

—ئەوەی لەخەڵکیم دەوێت ئەوەیە کە بزانن جەنگ تا چ ئاستێك پرسێکی راستەقینەیەو تا چ ئاستێك پرسێکی سەر پشکانەیە. جەنگ کاروبارێکی حکومەتی نییە کە هەر دەبێت ببێت. جەنگ بارودۆخی کەشوهەوا نییە. دەمەوێت خەڵکی لەچییەتی جەنگ بیربکەنەوە، ئەگەرچی دەزانم ئەمە کارێکە ئێجگار سەختە، کتێبەکەم بەم وتەیە کۆتایی پێهێنا.. جیهان بۆ ئەو کەسانە دابەشدەبێت کە جەنگ دەناسن و ئەزموونێکی راستەوخۆیان لەگەڵ جەنگدا هەیەو ئەو کەسانە کەجەنگ ناناسن و ئەو ئەزموونەیان نییە.

ئەگەر ئەزموونێکی راستەوخۆت لەگەڵ جەنگدا هەبێت و بڕوام وایە کەهەر سەربازێك یان رۆژنامەوانێك لەوێ بووە. لەسەنگەرو هێڵەکانی پێشەوەدا بوون یان وەك چاودێرێك یان وەك کەسێك لەپرسی مافەکانی مرۆڤدا کاربکات، یان هەر کەسێکی دی کە بەڕاستی ئەزموونێکی راستەوخۆ—ئەزموونێکی درێژخایەن و راستەوخۆی لەگەڵ جەنگدا هەبێت، دەزانیت هەر کە بۆ وڵات گەڕایەوە خەڵکی لێی دەپرسن: (چۆن بوو..؟) یان (لەچی دەچوو..؟). بەڕاستی تۆ ناتوانێت لێکیبدەیتەوە یان شیی بکەیتەوە. ناتوانیت، بەڵکو هەست دەکەیت، وەك هەرگیز لەتواناتدا



نییە پێیان بڵێیت: چۆن بوو..؟ لەچی دەچوو..؟ بەسامترە لەهەموو ترسێک کە



لەتوانای وێنەدا بیگوێزێتەوەو لەوانەیە لەهەموو لایەنەکانی پرسەکە بەسامتر ئەوەیە کە بۆ شتێکی ئاسایی بگۆڕێت، بۆ جیهانێک بگۆڕێت کە تیایدا بتوانێت هەڵکەیت.. رۆشنبیرییەکی جەنگ هەیە..

*با باس لەوێنەکانی ناو (ئاوڕدانەوە لەئازارەکانی کەسانی تردا) بکەین، بۆچی ئەو وێنانەی دەربارەیانت نووسیوەو ئێمە بینیومانن، کارێکیان بۆ راگرتنی جەنگ نەکرد..؟

—بڕوا ناکەم وێنەکان بتوانن جەنگ رابگرن، چونکە بڕواناکەم وێنەکان بتوانن هەموو ماناو دەلالەتەکانی جەنگ کە بەباشی لێمانەوە دیارن، بگرنەوە.

لەو بڕوایەدام وێنەکان—وەک باسمکردووە—دەتوانن بەشێوەیەکی گشتی قێزەونییەک لەلای تۆ پەیدا بکەن، بەڵام بەوردی پێت ناڵێن کام جەنگە قێزەونی دەسەپێنێت، با بڵێین جەنگی وا هەیە وەک جەنگی جیهانی دووەم شایستەی بەرپاکردنە و جەنگی وا هەیە دەبێت تا پێت

دەکرێت خێرا کۆتاییان پێ بهێنیت.. یان لێیان بکشێیتەوە، لەبەر ئەمە دەبێت سیاسەتێک یان ئاکارێک یان زانینێکت هەبێت و ئەمە بۆمان روون دەکاتەوە کە بۆچی ئەو وشانەمان پێویستە کە لەگەڵ وێنەکاندا نووسراون.

خودی وێنەکان ناتوانن ئەرکی گەیاندنی ئەو پەیامە دیاریکراوە لەئەستۆ بگرن، وێنەکان پێمان دەڵێن تا چ ئاستێک جەنگ ناخۆشە، بەڵام یارمەتیی ئەوەمان نادەن کە بۆچی ئەم جەنگە جەنگێکی هەڵەیە..؟ چونکە دەزانیت کە کەسانی تر تەنیا ئەمە دەڵێن: (باشە جەنگ دۆزەخە، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەمەت نەدەزانی، ئادەی، دەبێت پێگەیشتووبیت، تۆ دەزانیت یان بڕوات وابووە کە جەنگی وا هەیە کەس تیایدا ناکوژرێت..؟ بێگومان، جەنگ دۆزەخە) لەبەر ئەمە وێنەکان پێمان ناڵێن: جەنگێکی دیاریکراو رابگرین، لەبەر ئەم هۆیە پێویستمان بە دەنگدانەو پێویستمان بە سیستمی دوو پارتە کە لەدەستمانداوەو لەم وڵاتەدا[2] ئامادەگییەکی نەماوە.

کەواتە ئەمە کتێبێکە دەیەوێت بە راستی باسی ئەوە بکات کە جەنگ تا چ ئاستێک ناخۆشەو



ترسناکە، بەتایبەتی بەو شێوازە کە وێنەکان دەیگەیەنن و لەهەمانکاتدا ناتوانن بیگەیەنن.

*مەبەست لەوە چییە کە وێنەکان توێژێکی جەنگ دەگەیەنن و هەر هەمووی ناگەیەنن..؟

—باشە، بێگومان ناتوانن بەهەموویەوە بگەیەنن، چونکە ئەوەیان بەبێ قسە روودەدات، هیچ وێنەیەك لەتوانایدا نییە ئەوە بکات، بەڵام کاتێك لە رێگای وێنەیەکەوە چەند شتێك ببینیت دەتوانێت، چونکە لەو ساتەداو بەتایبەتی دەتوانیت پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە تۆ سەرفرازیت، تۆ ئاسوودەیت، چونکە جەنگەکە دەبینیت، چونکە تۆ لێرەیت و لەوێ (لەناو جەنگەکەدانیت—(و.کوردی)) و بەشێوەیەك لەشێوەکان تۆ بێ تاوانیت، چونکە تیایدا بەشداری ناکەیت، تۆ کوژراوەکە نیت و هەروا ئەوە نیت کە تەقە دەکات، کاتێك دەبیتە بینەرو وێنەکە ئاگادارت دەکاتەوەو جۆرە هەستێکت پێ دەبەخشێت کە ناکرێت بریندارببیت، یان بکەویتە چنگی دوژمنانەوە، لەلایەك ئەوان وەك کەسانێکی بینەر جەنگەکە دەبینن، بەڵام تەنیا وەك بینەر نابینن، بەڵکو هەر تەنیا ئەوانەن کە دەبینن و (ئەمە شتێکە بە راستی درێژەوە)و پاش ئەوە کەناڵەکە دەگۆڕن.

وەك دەزانیت هەموو بەیانییەك خوێنەرێکی دڵسۆزی (نیویۆرك تایمز)م و کاتێك بۆ بەرنامەی (میللەت لەجەنگدا) دەگوێزمەوە و تەماشای ئەو وێنە سامناك و رەنگاوییانەی دایکە عێراقییەکە دەکەم کە لەتەنیشتیەوە منداڵەکانی گرمۆڵە بوون و لەترسدا هەڵدەلەرزن و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان یان جەستەی مردوویەك یان سەربازێکی ئەمریکایی یان دیمەنی وێرانکراوێك یان خانوویەکی خاپوورکراو دەکەم و رۆژانەو رۆژبەڕۆژ دەیانبینم، بیردەکەمەوە (ئەمە شتێکە نائاساییە، بتوانین لێرەداو بەئارامییەکی تەواوەوە بین و لەهەمانکاتدا ئەوان لەوێ بن) ئەم بارودۆخە پێی رادێین و لەلامان ئاشنادەبێت.

*لەبۆنەیەکدا نووسیوتە: کە (ئەگەر وێنە بۆ کردارێك هانمان نەدات، کارایی خۆی لەدەست دەدات و لەکەڵك دەکەوێت)، یان شتێکت لەم بابەتە وتبوو، ئەگەر لەم جۆرە وێنانەمان بینی دەبێت چی بکەین..؟

—پرسیارەکە لەوەدایە کە چۆن سیاسەت بۆ ژیانمان بگێڕینەوە، مەبەستم ئەوەیە کە شێوازێکی سیاسی هەیە لە رێگایەوە پێمان دەڵێن کە ئەرکی سەرشانمانە وەك هاووڵاتی رەزامەندبین و پشتیوانی لەجەنگ بکەین، پێکەوە یەکگرتووبین، ئەمە لەسنووری شارەزاییمداو هەتا بەخەمخۆری بمێنمەوە دروشمێکی بەدو شوومی جەنگە.

*لەئەمریکادا مەیلێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی نیشتمانپەروەری بکاتە نیشانەی یەك دەنگی..؟

—تەواوە، لەبەر ئەمە ئەگەر نیشتمانپەروەر بیت دەبێت هاودەنگی حکومەت بیت، باشە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە من نیشتمانپەروەرەکەم.. یان هیچ نەبێت وەك هەر کەسێك کە پشتیوانی لەجەنگ دەکات، نیشتمانپەروەرم و لەدژی جەنگ دەوەستم، چونکە بە راستی و بە هۆشمەندییەوە ئەم وڵاتەم مەبەستە.

*لێرەدا لەکتێبەکەتدا دەڵێیت: (بەزەیی هەستێکە گۆڕاوو ناجێگیرە، دەبێت بۆ کرداری وەربگێڕین، ئەگینا لاواز دەبێت و نامێنێت، بەڵام ئەگەر کردار نەما ئەوا ئیتر مرۆڤ تووشی بێزاری و بێباکی و رەشبینی دەبێت)، دەتوانیت چی بەم بەزەییەت بکەیت..؟

—من مژدەبەخشم، قسە زۆر دەکەم و هەوڵی زانیاری گەیاندن دەدەم، قسە دەکەم و دەنووسم و لەو بڕوایەدام کە بڕوام بەکرداری ئاکارییەو لەم بوارەشدا چالاکم، هەست بەو پێویستییە دەکەم کە دەبێت ژیانم لەجێگای دەممدا دابنێم یان ژیانم بخەمە ئەو شوێنە کە ئامێری چاپکردنی نووسینەکانمی[3] لێیە.

هەست بەو پێویستییە دەکەم کە دەبێت کردارێك بکەم لەگەڵ ئەوەی بڕوام پێیەتی یان ئەوەی دەڵێم بڕوام پێیەتی بگونجێت، بەڵام ئەگەر ئەوەم نەکرد ئیتر ژیانم هیچ شتێك ناهێنێت.

*وێنەکان لەبیرەوەری و یادگەماندا شوێنێکی رووناك و بەهێزیان بۆ خۆیان گرتووە،



لەمێشكتدا چ وێنەیەك لەهەموویان زیاتر رووناك و بەهێزەو بەبەردەوامی لێی دەڕوانیت..؟
—ئەو وێنانەی لەژیانمدا لەهەموان گرنگترن،



ئەوانەن کە لە(داشۆ)و (بێرگن بێلسن)دا گیراون، کە لەساڵی (1945)دا زیندانەکانیان ئازادکردو کاتێك ئەو وێنانەم بینی لە دوانزە ساڵی تەمەنمدا بووم و لەو بڕوایەدام کە دەتوانم بڵێم: هەر هەموو ژیانم بۆ پێش بینینی ئەم وێنانەو پاش بینینیان دابەشبووە، جۆرە تێڕوانینێك یان ئیلهامێك هەیە کە وەك شتێکە دووکەرتی کردووم. کاتێك ئەو وێنانەم بینی و (هەمووان بینیویانە) بەشێوەیەکی کتوپڕ بیرمکردەوە (خوایە، مرۆڤ ئاوا لەمرۆڤە نەیارەکەی دەکات..؟) پاش ئەوە، ئەوەتانێ بیردەکەمەوە کە برین ئەوەیە کە لەخاڵێکی ئێجگار، دوور لەمنداڵییەوە دێت، لەوکاتەی کە هەرگیز هیچ جۆرە توندوتیژییەکم نەدیبوو، بێگومان وەك کچۆڵەیەك (لەڕێگای رۆژنامەکانەوە) ئاگاداری جەنگ بووم، بەڵام تا ئەو وێنانەم نەبینی بەلامەوە راستەقینە نەبوو، لەو بڕوایەدام کە لەژیانمدا خاڵی وەرچەرخان بوون.
*خاڵی وەرچەرخان بە چ ئاراستەیەك..؟
بەدڵنیاییەوە وەك بەسەر هەمووماندا هاتووە، ترس و قێزەونییان خستە ناختەوەو بینینی ئەو وێنانەم بۆ یەکەمجار لەبیرە، بەلام بەشێوەیەکی جیاواز لەئێمە کاریان لەتۆ کردو کاریگەرییان هەبووە..
—پرسەکە قێزەونی تێدەپەڕێنێت، بێگومان تەنیا ئەوە نییەو بیرم کردبوو کە تێڕوانین و ئیلهامە، بیرم کردبوو (خۆ ئەمە راستەقینەو واقیعە)، راستەقینەو واقیع لەوەدا بەرجەستە دەبن کە مرۆڤەکان دەتوانن تا دوورترین سنوور بەدکاربن و بەبڕوای من ئەمە لەو شتانەیە کە دەبێت مرۆڤ هەرگیز لەیادیان نەکات.
*کەواتە لەوانەیە هێزی وێنە لەوەدا بێت کە ئەو کارەساتە سامناکانەمان بیردەخەنەوە کە لەجیهاندا روویانداوەو وا لەخاوەن بەرژەوەندی و دەستکەوت و ئاسوودەکان دەکات کە نیگەران بن، چونکە لەوانەیە هەموومان بەشێوازێکی تر تووشی ئەزموونەکە ببین..؟
—ئەمە دروستە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە دەبێت لە رەزامەندیی خودی خۆتەوەو نەبوونی فاکتەرەکانی ترسەوە لەقەلا ئەمریکاییەکەدا کاربکەیت.. چەندین ناوچە لەجیهاندا هەیە کە تیایاندا ناتوانین ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بکەین، لەوێ پێویست بەوە ناکات بڵێیت: (خۆت دەزانیت وێنەکان دەتوانن پێمان بڵێن کە شتی



ترسناك لەجیهانـدا روودەدات)، چـونکە خـودی ژیانت پێت دەڵێت کـە شـتی سـامناك رێچکەی خۆیانیان گرتووەتە بەرو روودەدەن.
*ئەمە کاریگەرە..؟
–ئەگەر عیراقییەکی دانیشتوو بیت و رقـت لـە (سەدام حسێن) بێت هەست بەچی دەکـەیت..؟ بێگومـان بـا ئەمـە وەك شـتێکی بـڕاوە لـەلای هاوولاتییـە عیراقییـەکان دابنـێین، چـونکە دیکتاتۆرێکی سامناکە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا دەبێت هەسـت بەچـی بکـەیت..؟ بـڕوا ناکـەم زۆرینـەی خـەڵك.. باشـە، ئەسـتەمە بتوانیـت کەشـێکی بیرکردنـەوە لەچـۆنیەتیی هەسـتی کەسانی دی بۆ خۆت دابین بکەیت، بەڵام ئەمـە راسـتییەکە، ژیـانی بەهادارییـە، ئـەو ژیانـە ئاکارییەیـە کـە خـۆی لەهـەوڵی تێگەیـشتنی هەنـدێك لـەواقیع بەرجەسـتە دەکـات، واقیعـی هەستی کەسانی دی یان چۆن لەدیدی خۆیـان شـتەکان دەبیـنن، ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە بیروباوەڕی هەموو مرۆڤێك شایستەی رێزگرتنە، بـەڵام دەبێـت دەسـت بەبیرکردنـەوە لـەو ئاراستانە بکەیت کە لێیانەوە هـاتوون. دەبێـت دەسـت بەبیرکردنـەوە لەهەسـتی ئـەو ئـازارو ستەمە بکـەیت کـە تووشـیان بـووە، گـەلانێکی زۆر هەستێکی مەزن بە ستەم و ئازار دەکـەن و ئەمـە بـۆ خـۆی هانیـان دەدات و پاڵیـان پێـوە دەنێـت، جگـە لـەوەش کـە هەسـتێکی داهێنەرانەیە.
*ئێستا تێگەیشتم بۆچی دەچیت بۆ ئـەوێ، بـۆ ئەوەی بەچاوی خۆت ببینیت..؟ دەمەوێت ئـەم گفتوگۆیـە بـەوە کۆتـایی پێبهێـنم کـە داوای خوێندنـەوەی ئـەو چـەند دێـڕەت لێبکـەم کـە لـەکۆتایی کتێبەکەتـدا هـاتوون، چـونکە لەتێگەیشتنی ئەوەی دەربـارەی وێنـەکانی نـاو تەلەفزیۆن و رۆژنامـەکان و ئـەوەی لـە راسـتیدا بەسـەر خەڵکیـدا دێـت نووسـیوتە زۆر نـزیکم دەکەنەوە..
–ئەم کوژراوانە هەرگیز گـوێ بـە ژیـان نـادەن. گـوێ بـەو کەسـانە نـادەن کـە ژیانیـان لـێ زەوتکردوون و گوێ بەشـایەتەکان و بەئێمـەش نادەن. بۆ دەبێت هەوڵبدەین لێیـان بـڕوانین..؟ دەبێـت چـیمان پـێ بڵـێن..؟ ئێمـە ئـەم (ئێمـە)یـەمان هـەموو کەسـێك دەگرێتـەوە کـە هـەرگیز خـۆی لـەم جـۆرە ئەزموونـەی ئـەمان نـەدیوە، ئێمـە تێناگـەین، ئێمـە درك بەئەزموونەکە ناکەین، ئێمە بە راسـتی نـاتوانین خـەیاڵ لەوەبکـەین کـە لـە راسـتیدا بـوو، ئێمـە ناتوانین خەیاڵ لـەوە بکـەین کـە جـەنگ چـەند ناهـەموارو چـەند ترسـناك بـوو، چـەندیش ئاسـایی بـووە، ئێمـە نـاتوانین تێبگـەین، ئێمـە ناتوانین خەیاڵ بکـەین، ئەمـە لـەتوانای هـەموو سەربازێکە، هـەموو رۆژنامـەوانێك و کرێکـارێکی فریـاگوزاری و چـاودێرێکی سـەربەخۆیە کـە لـەکاتی تەقەکردنـدا لـەوێ بـووە، بـەڵام بەختیاربوو، چونکە لەو مەرگە رزگاری بووبـوو، ئـەو مەرگـەی چـەندین کەسـی لەنزیکییـەوە دا بەزەویداو لەسەر هەق بوون.
*ئەمە دوا دێڕەکانی (ئاوڕدانـەوە لـەئازارەکانی کەسـانی دی)ی تۆیـە، سـوپاس، سـوزان سۆنتاگ.
–زۆر سوپاس.

تێبینی:
ئـەم گفتوگۆیـە لەکـەناڵی (PBS)ی ئەمریکاییـداو لـە رۆژی (2003/4/4)دا ئەنجامـدراوە. لـەکتێبی (ژن وەهـای گـوت)، بەناونیـشانی (ژنـە بیانییەکـە)، وەرگێـڕی بـۆ عـەرەبی (ئـەلیاس فـەرکوح)، چـاپ و بڵاوکردنەوەی خانەی (منارات).
1–جەژنی سەربەخۆیی ئەمەریکایە.
2–مەبەسـتی لـە وڵاتەکـەی خۆیـەتی کـە ئەمەریکایە.
3–Keyboard کلیلـی پیتـەکانی کۆمپیوتەرە.



# سوزان سۆنتاگ و
# پاش گوتاری وێنەی فۆتۆگراف

جەعفەر ئەلعوقەیلی

(سوزان سۆنتاگ) ژنە نووسەرێکی ئەمریکاییە و لە ساڵی (1935)دا لەدایکبووەو لە دوایین هەفتەی ساڵی (2004)دا کۆچی دوایی کرد. لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئەزمنە)و لە وەرگێڕانی (مەجید بەرغوسی) بۆ عەرەبیدا، کتێبەکەی (ئاوڕدانەوە لە ئازارەکانی کەسانی تردا) بڵاوکرایەوەو تیایدا بیرۆکە تایبەتەکانی خۆی دەربارەی جەنگ دەخاتەڕوو.

لەم کتێبەدا هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارێکی (فێرجینیا وۆڵف) بداتەوە کە لە کتێبی(سێ جنەیە)دا کردوویەتی و لە ساڵی (1935)دا چاپکراوەو لە تێڕامانە غەمینەکانی دەربارەی جەنگ پێکهاتبوو.

(فێرجینیا وۆڵف) ئەو پرسیارەی ئاراستەی پارێزەرێک کردبوو، تیایدا دەپرسێت (بەبۆچوونی تۆ چۆن دەتوانین رێگە لە جەنگ بگرین..؟).


لەلای (سۆنتاگ) وەڵامی ئەم پرسیارە بەبێ رەچاوکردنی جێندەر یان رەگەزی مرۆڤ نادرێتەوەو دەڵێت: (ئەگەرچی هەردووکیان–مەبەستی لە وۆڵف و پارێزەرەکەیە–سەر بەهەمان چینن، بەڵام خەرەندێکی بەرین لە یەکدی جیایان دەکاتەوە. پارێزەرەکە پیاوەو ئەو ژنەو پیاوان جەنگ دروستدەکەن، پیاوان، زۆرینەی پیاوان جەنگیان پێ خۆشە، چونکە هەندێك شکۆمەندی و هەندێك بەناوبانگی و هەندێك تێربوون لە جەنگدا دەبینن و ئەمانە شت گەلێکن ژنان، زۆرینەی ژنان نە هەستیان پێ دەکەن و نەچێژیان لێ دەبینن.

دەبێت ژنێکی رۆشنبیرو بگرە بەختیارو خۆشگوزەرانی وەك ئەو چی لە بارەی جەنگ بزانێت..؟ ئایا تەرەبوونی ئەو لە فریودانی جەنگ وەك تەرەبوونی پیاوبێت..؟)

(سۆنتاگ) کە (جۆناسان میللەر) بە (ژنێك کە لە هەموو ژنانی ئەمریکا زیرەکترە)ی وەسفکردبوو، لە کتێبەکەیدا لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز دەربارەی جەنگ و وێنەی فۆتۆگراف و کاریگەرێتییەکانی پێشکەش دەکات و روونی دەکاتەوە کە تا چ ئاستێك وێنەی ئازارو مەینەتییەکانی جەنگ کار لە جەماوەری وڵاتان دەکات و دەیانبزوێنێت، تاکو هەنگاوی سیاسی بۆ رێگرتن لە جەنگ بنرێت و نەهێڵێت کارەساتی پاش جەنگ بەسەر مرۆڤایەتیدا دووبارە ببنەوە.

بەبۆچوونی (سۆنتاگ) (لەوانەیە وێنەگەلێك کە کردەوەی دڕندانە نیشانبدەن کاردانەوەیەکی پێچەوانەیان هەبێت.. بانگەشەیەك بۆ ئاشتی، هاوارێك بۆ تۆڵە یان بەسادەییەوە هۆشیارییەکی سەرتێکدەر بەوەی کە شتی ترسناك روودەدات و بە هۆی زانیارییە فۆتۆگرافییەکانەوە دووبارە لە–زەین وهۆشدا–جێگیردەبن) و لەم باسەدا ئاماژە بۆ جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی ڤێتنام دەکات و






بە یەکەم جەنگی دادەنێت کە رۆژانە بەهۆی کامێرا تەلەفزیۆنییەکانەوە دەبینراو لەو کاتەوە ئیتر وێنەی شەڕو قەسابخانەکانی دەستبەجێ و لەکاتی رووداننیاندا دەگیرێن و بوونەتە پێکهاتەیەکی ئاسایی بۆ چێژوەرگرتنی بینەرەکانی (شاشە بچکۆلانەکە) کە بە لێشاوو بە بەردەوامی بەبەر چاویانەوە هەڵدەقوڵێن).

تێگەیشتن لە جەنگ بە بۆچوونی (سۆنتاگ) لەلایەن ئەوانەی جەنگیان تاقی نەکردووەتەوە، لە ئاکامی کاردانەوەی ئەم دیمەنانە دروستدەبێت و پێ دادەگرێت کە زۆرجار کارەسات وەك ئەزموونێکی زیندوو لە وێنەکەی ناچێت، چونکە سیریالیزمترەو هۆکاری ئەمە بە بۆچوونی (سۆنتاگ) ئەوەیە: کە وێنەکە وەك بەشێك لە رۆژنامەوانییەك بەکارهێنراوە، کە پیشبینیی ئەوەی لێدەکرێت بە تەواوەتی سەرنجراکێش بێت و بینەر بترسێنێت و سەرسامی بکات.

(سۆنتاگ) سەرنج بۆ تایبەتمەندییەکانی وێنەی فۆتۆگراف رادەکێشێت کە ساتەکانی مەرگ و

وێرانکاری مۆمیا دەکات و هەروا سەرنجمان بۆ وردبوونەوە لە خوڵقێنەری وێنەکە رادەکێشێت و پێ دادەگرێت کە وێنەی رووداوە دۆزەخییەکان بڕواپێکراوتر دەبن ئەگەر لە رواڵەتێکدا بوون کە ناڕۆشن و بە ئاگادارییەکی زۆر بەرهەم نەهێنراو بن، چونکە وێنەگرەکە یان ئارەزوومەندێکە یان کەسێکە رێبازێکی دژ بە هونەر پەیڕەو دەکات.

(سۆنتاگ) باس لەو ئامانجە دەکات کە وێنەی (فۆتۆگراف) هەوڵدەدات لە ساتەکانی ئازارو مەینەتی چەشتن بەرجەستەیان بکات و لەم باسەدا پەیوەندییەك لە نێوان (ئارەزووی بینینی ئەو وێنانە کە جەستەکان لەکاتی ئازار چەشتندا نیشاندەدەن) و (ئارەزووی بینینی ئەو وێنانە کە جەستەکان بە رووتی نیشاندەدەن) دەبینێت و ئەمە روون دەکاتەوەو دەڵێت: (دەکرێت مرۆڤ هەست بکات ناچارە سەیری ئەو وێنانە بکات کە کارەسات و تاوانە گەورەکان تۆماردەکەن و دەبێت مرۆڤ هەست بکات کە ناچارە بیر لە مانای تەماشاکردنیان و لە توانای تێگەیشتن لەوەی نیشانیدەدەن بکات و هەموو کاردانەوەکانی بینینی ئەم وێنانە لەژێر سەرپەرشتیی عەقڵ و ویژداندا نابن، زۆربەی ئەو جەستە ئازاردراوو شێوێندراوانە بایەخ پێدانێك دەورووژێنن کە بە راستی هەوەسبازانەیە)و (سۆنتاگ) بۆ ئەو بۆچوونەی پشت بە وتەیەکی (ئەفلاتوون) دەبەستێت کە تیایدا پێ لەسەر بوونی ئەم هەوەسە بۆ بینینی دیمەنی تووڕەیی و ئازارو شێواندن لەلای مرۆڤدا دادەگرێت و بە بەڵگە نەویستی دادەنێت.

(سۆنتاگ) جەنگ بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی ئەو هەواڵانە دادەنێت کە بەرگەیان ناگیرێت و زیاتر هانی وێنەگرتن دەدەن و ئەوە روونده‌کاتەوە کە مۆمیاکردنی ساتەکانی مەرگ و چەسپاندنیان بە تێپەڕبوونی کاتدا کارێکە



تەنیا کامێراکانی وێنەگرتن دەتوانن ئەنجامی بدەن.

ئەو وێنەیە کە وێنەگر لە شەڕگەکاندا بۆ ساتەکانی مەرگ یان ساتەکانی بەر لە مەرگدا دەیگرێت لە هەموو وێنەکانی دی زیاتر پێشوازیی لێدەکرێت و زیاتر لە جارێك دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە.

(سوزان سۆنتاگ) ئەوە ناشارێتەوە کە نابێت وێنەی کوژراوەکان نیشانی کەسوکاریان بدرێن و رەتی دەکاتەوە، چونکە دەبنە هۆی ئازارێکی بەسوێ بۆیان و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئامێری وێنەگرتن بە یارمەتیی (زەرەبین-عدسە)ی گەورەکردنی دیمەنەکان زیاتر نزیکدەکاتەوەو ئەمە وا لە وێنەکە دەکات کە لەلایەنی ئاکارییەوە زانیاریی ناپێویست و نەشیاو پێشکەش بکات و (سۆنتاگ) ئەگەرچی دان بە رەوایەتی بوونی چاوەدێر بۆ نیشاندانی ئەم جۆرە وێنانە دەنێت، بەڵام ددانیش بەوەدا دەنێت کە ئەم چاوەدێرییە بەزۆری چاوەدێرییەکی گۆترەکارەو لە دەسەڵاتی ئارەزووی جەنەڕاڵ و سەرۆکەکانی وڵاتانە.

(سوزان سۆنتاگ) درێژە بە تێبینییە بوێرەکانی دەدات و باس لە تێڕوانینی ئەوروپایی دەکات، کە بە لایەوە ئاساییە وێنەی (ئەوی دی)، نا ئەورووپاییەکە لە ساتەکانی مەرگ و ئازاردا نیشانبدرێت و بە بۆچوونی ئەو لە نەوەدەکانداو لە گەرمەی هەڵمەتەکانی کوشتوبڕینەکانی (سربەکان) لە (کۆسۆڤۆ)دا، وێنەکان درێویی ئەو قەسابخانانەیان نیشاندا، کەچی ئەورووپا هیچ جووڵەیەکی نەکرد، چونکە وڵاتانی (بەلکان) هەرگیز بەشێك نەبوون لە ئەورووپاو روونی دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەو جەستانە کە لە وێنە بڵاوبووەکاندا دەردەکەون، جەستەی ئاسیایی و ئەفریقاییەکانن و ئەریتی رۆژنامەوانی کە رەفتارێکی بۆ ماوەتەوە کە بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەویش نیشاندانی مرۆڤی سەیرو نامۆیە، واتە مرۆڤە داگیرکراوەکان وەك گیانداری ناو باخچەی ئاژەڵان نیشاندەدرێت) و بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (وێنەی ئەو کاروکردەوە دڕندانەیە کە بەسەر مرۆڤە پێست تۆخترەکانی وڵاتە سەیرو نامۆکان دێن، هەمیشە بابەتی ئەم جۆرە نمایشکردنە دابین دەکەن و بە فەرامۆشکردنی ئەو پێوەرانە کە رێگە لەم جۆرە نمایشکردنە دەگرن، بەڵام ئەگەر هاتو وێنەکان پەیوەندییان بە ئێمەوە بوو، کە کەسوکاری قوربانییەکانی توندوتیژین، پێوەرەکان پەیڕەودەکرێن، چونکە-ئەوی دی-ئەگەر دوژمنیش نەبێت هەر بە کەسێك دادەنرێت کە دەکرێت تەنیا ببینرێت و بەس، نەك کەسێك وەك ئێمە کە چاوی هەبێت و دەبینێت).

دژایەتیکردنی جەنگ لەلایەن (سوزان سۆنتاگ)ەوە دژایەتییەکی گشتییەو پەیوەندیی بە شوێنێك یان کاتێك یان کەسانێکەوە نییەو لێرەوە وەها دەبینێت کە دڵنیاییەکی تەواو بەبوونی (مافێکی رەوا) بە رەهاییەوە یان (ستەمێکی ناڕەوا) بە رەهاییەوە نییەو لە ئاکامدا هەموو ئەو بانگەشانەی دەڵێن دەبێت ململانێی نێوان هەق و ناهەق بەجەنگ بەردەوامبێت، هەرەس دێنن و بەڵگە بۆ ئەمە دەهێنێت و دەڵێت (لەلای جولەکەیەکی ئیسرائیلی وێنەی منداڵێك کە هێرشەکەی سەر (سارۆ بێزاریا)ی ناو شاری (قودس) لەت و پەتی کردووە لە پلەی یەکەمدا وێنەی منداڵێکی جوولەکەیە کە خۆکوژێکی فەلەستینی کوشتوویەتی و لەلای فەلەستینییەك وێنەی منداڵێك کە تانکێك لەت و پەتی کردووە لە پلەی یەکەمدا وێنەی منداڵێکە کە تۆپەکانی ئیسرائیل کوشتوویانە).

بەبۆچوونی (سوزان سۆنتاگ) ئەو وێنانەی کە بابەتی غەمگین نیشاندەدەن بە قووڵی کاردەکەنە دەروونی مرۆڤ، هونەرێکەو نومایشکردنی لە مۆزەخانەیەکدا یان لە پیشانگەیەکدا سەرنجی بینەر پەرتوبڵاو دەکەنەوەو پێی دادەگرێت کە کاریگەریی ئەم وێنانە قووڵتر دەبێت، ئەگەر لە ناو کتێبێکدا بن، (چونکە مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا بۆ خۆی تەماشایان بکات و بە بێ قسە زیاتر لێیان رابمێنێت).



# ئایا سەردەمی تراژیدی کۆتایی هاتووە؟..

ن: (سوزان سۆنتاگ)
و: دلاوەر عەبدوڵڵا

هەمیشە هونەر ئاوێنەیەك بووە تا توانستەکانی مرۆڤایەتی لە بەشێکی تایبەتیی مێژوودا ئەگەری درەوشانەوەی هەبێت، کولتوور دەتوانێت بە هۆی هونەرەوە خۆی پێناسەو دراماتیزە بکات، بەڵام ئەمڕۆ باس باسی مەرگی فۆرمیکی تایبەتیی هونەرو کولتوورە، بۆ نموونە، ئایا ئێستاش داستان لە کۆمەڵدا پەسەند دەکرێت..؟ ئەی دەربارەی رۆمان، شیعری کلاسیکی و تراژیدیا چی..؟ لەوانەیە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەخلاقگەرایی مۆدێرن زیندەبەچاڵکردنی هەندێك ژانری ئەدەبی بێت، ئەو ژانرە ئەدەبییە چییە لە کۆمەڵی ئەمڕۆماندا وەڵامدەرەوە نەبێت یان واتای بوونی خۆی لەدەستدابێت..؟
(تراژیدیا) یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییەی ئەمڕۆ پێناسەو واتاکەی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەم سەردەمەدا بە دەگمەن هۆکارێك بۆ ماتەمداریی تراژیدیا دەبینرێتەوە، (لیۆنێل ئابێل) یەکێکە لە خاوەن دیدو رەخنەگرانی تیۆری ئەدەبی، کە لەو بارەیەوە دەڵێت: (تراژیدیا هەرگیز دیاردەیەکی ناسراوی شانۆی خۆرئاوا نەبووەو لەبەرئەوە زۆربەی دراما نووسەکانی خۆرئاوا، کە هەوڵیان لە بواری تراژیدیادا داوە، رووبەڕووی شکست بوونەتەوە..).
هۆی ئەوە چییە..؟ لەوانەیە یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی شکستهێنانی تراژیدیا لە خۆرئاوای ئەمڕۆدا هەستی نووسەربێت، ئەوە هەستە کە لە نووسەرەوە بۆ پاڵەوانیش دەگوێزرێتەوە، شانۆنامە نووسی ئەمڕۆ ناتوانێت باوەڕبهێنێت، کە لە جیهانی واقعیدا کەسایەتییەك بێ هەست بێت.
(ئانتیگۆنە)، (ئۆدیب)، (ئەرستۆس) هەموویان ئەو رەگەزەیان نەبووە، لە کاتێکدا کە (هاملێت) وەك کەسایەتییەکی شانۆی خوازراوی خۆرئاوا خاوەنی هەستە. لە کامڵبوونی خۆرئاوادا رووبەڕووی کەسایەتیی هۆشیار دەبینەوە، کە ئاماژەی دیاریکراویان خودی دراماتیزەکردنە لە بارێکدا کە هونەری شانۆی یۆنانی لێوان لێوە لە تراژیدیا، کە بەرهەمی نائاگایی پاڵەوانەکانە.
گەواهییەکی گرنگی مێژوویی دروستی ئەم گریمانەیە دەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە تراژیدیا زۆر لەوە دەگمەنترە کە هەستی پێدەکەین. لەوانەیە تەنها نمایشەکانی یۆنانی دێرین، نمایشێکی (شکسپیر–ماکبیس) و چەند نمایشێکی (راسین) بە واتای راستەقینەی




ترژایدیا ئەژمار بکرێن، تراژیدیا لە سەردەمی (ئەلیزابێت) یان شانۆی (ئیسپانیا)دا فۆرمێکی باوی نەبووە، زۆربەی نمایشە جدییەکانی سەردەمی (ئەلیزابێت) تراژیدیای سەرنەکەوتووی وەك (شا لیر) و (دکتۆر فاستۆس) بوون یان شانۆی خوازراوی سەرکەوتووی وەك (هاملێت و تۆفان) بوون، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە شانۆی ئەمڕۆوە، کاریگەریی شانۆنامە نووسانی کۆنی وەك (شکسبیر و کاڵدرۆن)ـە لەسەر نمایشنامە نووسانی نوێ. (ئەبێل) لەو باوەڕەدایە کە ئەو دوو کەسە سەرچاوەی نەریتی شانۆیین و لە شانۆی مۆدێرنی ئەمڕۆدا بەمیرات بۆ (بەرنارد شۆ، پیراندیللۆ، بیکیت، یونسکۆ، ژێنەو برێخت) بەجێماوە.



ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مایەی سەرنج لێدانە، هزرگەرایی توندی مرۆڤی سەردەمە، ئەمڕۆ هەمیشە مرۆڤ لەگەڵ ئەو هەستەدا دەژی، کە جیهان بۆ ئەو شتێکی نوێ نییە یان بەواتایەکی دی (لە ژێر ئاسماندا هیچی نوێ نییە..!). ئەم شێوە بیرکردنەوەیە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ هزری تراژیدیای یۆنانی کۆن هەیە، چونکە پاڵەوانە تراژیدیاییەکانی یۆنان هەردەم لە ئابڵووقەی فاکتەری پێشبینی نەکراودا بوون و دەبوو هەموو دەمێك خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە چاوەڕوان نەکراوەکان سازبدەن و لەو پێناوەشدا خاوەنی ئاراستەکردن بوون.
لەبارێکدا مرۆڤی ئەمڕۆ هەست دەکات چیدی روداوی چاوەڕوان نەکراو روونادات، بە واتایەکی دیکە ئەوەی پێویست بووە بۆ بینین بینیویێتی، ئیدی لە هیچی دیکە سەراسیمە، کارتێکراو یان دڵخۆش نابێت. لە دیدی (ئەبێل)ەوە تەنانەت ریشەی بنەڕەتیی نمایشەکانی (شکسبیر)، تەقەلای کەسایەتییەکانە بۆ گەیشتن بە (هەست).
کاراکتەرەکان لە ڕۆڵەکانیاندا خۆیان دراماتیزە دەکەن، تا دەستیان بە ئاگایی پێویستیی بوونیان رابگات. بۆ روونتر کردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانرێت بەراورد لە نێوان کەسایەتییەکانی شکسبیر لەگەڵ کەسایەتییەکانی تراژیدیای یۆنانی کۆندا بکرێت، تا پەی بە جیاوازییەکان ببرێت. (فالستاف، ئەشیل و ئۆدیب) خۆیان وەك پاشاو قارەمان نابینن. ئەوان بە راستی قارەمان و پاشان. لەبارێکدا کە (هاملێت و هێنریی پێنجەم) خۆیان لە دۆخێکدا دەبینن، وەك ئەوەی ڕۆڵ ببینن، ڕۆڵی تۆڵەسێنێك یان پاڵەوانێك لە پڕدا هەڵیدەنە ناو مەیدانێکی شەڕەوە.
مەیلی شکسپیر بۆ رەگەزی (گەمەی ناو گەمە) و گۆڕینی سیماو ناسنامەی کەسەکانی بەرهەمەکانی بە شانۆی خوازەیی نزیك دەکاتەوە. کەسایەتییەکانی شانۆی خوازەیی لە رابردوو و ئێستادا هەموان داوای کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گریمانانەدا نابێت فەرامۆش بکرێت، کە تراژیدیاو کۆمیدی لە نێوخۆیاندا جیهان دابەشدەکەن. بەم پێیە ئەو دووانە لەبەرامبەر یەکتردا پێناسە دەکرێن، توخمە گرنگەکانی شانۆی کۆمیدی، گەمەی ڕۆڵ، فێڵ و تەڵەکەبازی ، خۆ دراماتیزەکردن و گۆڕینی دەورویەر هەمان ئەو شتانەن، کە (ئەبێل) وەك توخمی شانۆی خوازەیی باسیان دەکات. تێزی کۆمیدی ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە هەم گەمەی ڕۆڵەو هەم گۆڕینی کاراکتەری خودو دەورویەر توخمەکانی لە



بەرهەمەکانی (یونسکۆ، بێکیت) کۆمیدیە ڕەشەکاندا بە باشی دەبینرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە زۆربەی بەرهەمەکانی (یونسکۆ، بێکیت) لە هەمان ئەو کاتەی هەڵگری تایبەتمەندیی کۆمیدیای ڕەشن، گێگەی تراژیدیش بە مرۆڤی ئەمڕۆ دەدەن. (لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا)و (دوایین کاسێتی کراپ) نموونەی چاکی ئەو جۆرە بەرهەمە دەخەنەڕوو. بەگشتی هەرچەندە دەتوانرێت بانگەشە بکرێت، کە خولی تراژیدیی کلاسیکی بەسەرچووە، ئەمڕۆ نائاگایی مرۆڤەکان سەرچاوەی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو نییە بۆیان، بەڵام ئەگەر تراژیدیا بە ئەگەری ڕوودانی نەهامەتییەکان بزانین، کە سزا گریان بینین، لەوانەیە کۆمەڵی بەتاڵ لە ئاین و واتای خۆرئاوای پاش جەنگی دووەمی جیهانی بە چەمکێکی نوێی تراژیدیا گەیشتبێت.
ژیان لە جیهانێکدا کە لە بەهاکان بەتاڵ دەبێتەوە، خۆبەخۆ جۆرێك لە ناکامیی ئەبەدی بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ بە دیاری دەهێنێت و دووچاری بەڵایەکی دەکات، نە هۆکەی تێدەگات و نە خۆشی بە مستەحەقی ئەوە دەزانێت.
لەناوچوونی بیروباوەڕی ئاینی لە مرۆڤی سەردەمی خۆرئاوادا مرۆڤ هانی دژ بەخۆی دەدات، کە لەوانەیە ئەمە تێگەیەکی نوێی تراژیدیا بێت لە جیهانی ئەمڕۆدا. تراژیدیای مرۆڤ دژ بە خۆی. کاتێك لەلای ئەم جیهان بۆ کابووسێك دەگۆڕێت، بەو جۆرەش تراژیدخودی یۆنانی کۆن بۆ هەستێکی ئازاردەری گشتی لە درامانووسینی سەردەمدا دەگۆڕێت.
هەستی ونکردنی بەهاو واتا.. ئەم هەستە هەرگیز لە تراژیدیاکانی مەسیحی و ئاییندا بوونی نەبووە، چونکە لە بەرهەمی تراژیدیی ئاییندا (بەرهەمی دانتی و میلتۆن) بڕواهێنان بە بەهاکان دەبنە هۆی ئەوەی تەواوی ڕووداوەکان وەك بەشێك لە ڕێکخستن و خواستی ئیلاهی وەربگیرێت و ئەوەش ڕەشبینی و سەر لێشێواوی بەرئەنجامی پووچیی جیهان پووچەڵدەکاتەوە. لەوانەیە بوترێت تراژیدیا لەوێدا لەدایك دەبێت، کە بەهاکان دەکەونە ژێر پرسیارەوەو چەمکی ئاین کاڵدەبێتەوەو هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نابێت.




سەرچاوە:
Against interpretaction, Susan Sontag, ترجمە وتخلیص/ چیستا یسربی.

# بەدحاڵیبوون
# وەك دیاردەیەكی كۆمیونیكەیشن



بەهات حەسیب قەرەداغی

هەر پەیامێکی نێردراو هەڵگری کۆمەڵێك هێما و ئاماژەیە کە زادە و بەرهەمی مامەڵەی تاك وگروپە مرۆییەکانە لەناوخۆیاندا و لەناو ژینگەیەکی دیاریکراودا و ئەو تاك وگروپانە پێشتر و لەمیانەی پرۆسەیەکی رۆژانە و درێژخایەنی ئاڵۆزدا لەنێو خۆیاندا لەسەر مانا و مەبەستە ئاشکرا و شاردراوەکانیان رێکەوتوون.

ئەم رەمز و هێما و ئایکۆنانەش کە بارگاوین بە برێ مانا و مەبەستی پێشینە، لەجەمسەرێکی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەوە (کە پەیامنێرە) رەوانەی جەمسەری دووەم دەکرێت (کە وەرگرە). وەك حاڵەتێکی ئاسایی و بەدوور لە کاریگەرییە لاوەکییە حساب بۆنەکراوەکان، واچاوەڕواندەکرێت (لانی کەم بەلای پەیامنێرەکەوە وایە) کە (وەرگر) وەك ئەوەی لە سەرچاوەوە خوازراوە و پلانی بۆ داڕێژراوە و مەبەستە، هەر بەو جۆرە و بەو مەبەست ومانایە وەریبگرێ و لێکیبداتەوە و دواتریش وەڵامی بۆی هەبێت. بەڵام واقع شتێکەو قسەو گریمانەکانی سەر کاغەزیش زۆرجار پێچەوانەی واقیع دەبن. ئەو چاوەڕوانییە و ئەو گریمانە تیۆرییە رووبەڕووی هەندێ فاکتەری کاریگەر دەبنەوە کە دوور نیە هەموو دیمەنەکە سەرەوەژێر بکەن و مەبەستی پەیامەکە بەگۆشەیەکی 180 پلەیی لە ئاراستەخوازراوەکەی خۆی لابدەن.

ئەو دەمەی کە پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشن لەنێوان دوو جەمسەردا روودەدات، بەردەوام ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە دەرئەنجامی نەخوازراوی لێ بکەێتەوە ! جا ئەو دوو جەمسەرە (تاك و تاك ، تاك و کۆ، یان کۆ وکۆ) بن، هەمان ئەگەر، هەر لەئارادایە و کۆمەڵێ فاکتەری (سەبجەکتی / خودی) و (ئۆبجێکتی / بابەتی) رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بەهێزکردنی ئەو ئەگەرەدا.

دیاردەی سەرهەڵدانی ئەنجامی نەخوازراو (لەلای وەرگر) یان ناردنی پەیامێکی (نەگونجاو لەگەڵ کات وشوێن و ژینگەو رەگەزەکانی تری جەمسەرگیریی پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا) ناسراوە بە: (دیاردەی بەدحاڵیبوون) کە لەزمانی عەرەبیشدا پێی دەڵێن: (سۆ الفهم) و لەزمانی ئینگلیزیشدا پێی دەگوترێ: ( Miss understanding ).

بەدحاڵیبوون، دیاردەیەکی تاك جەمسەر نیە. واتا نەئەوەیە کە بەهۆی یەك دانە جەمسەری پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەوە رووبدات، نە ئەوەشە تەنیا لە لای یەك دانە جەمسەر یان بەهۆی یەك دانە جەمسەرەوە رووبدات. بەدەربڕینێکی تر: بەدحاڵیبوون،ئەگەری ئەوەی هەیە لەیەك جەمسەرەوەسەرهەڵبدات وئەگریشی هەیە (کەم تا زۆر) هەردوو جەمسەر بەشداریبکەن لە سەرهەڵدانیدا.

بەدحاڵیبوون، واتا لەیەکتر نەگەیشتنی ئەو دووجەمسەرەی لە کۆمیونیکیشنداندا.. بەو مانایەی کە یان مەبەست ومانا بنەڕەتییەکانی پەیامێکی نێردراو، وەك خۆی و وەك ئەوەی خوازراوە و پلانی بۆ داڕێژراوە، ناگات و پێچەوانەکەی دەگات، یان کورت دێنێ و بەشێکی زۆری ئامانجەکانی خۆی لەلای وەرگر ناپێکێ .. یان ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە (بنێر) پەیامێکی ئامادە وسازداوە کە نەگونجاوە، نامۆیە، کاتی نییە، بارگاوییە بە شوحنەیەکی دەروونی و نەفەسێکی ئەوتۆ، کە بارگرژییەك لە پرۆسەکەدا دەخوڵقێنێ، بەبێ ئەوەی خاوەن پەیام خۆی مەبەستی بێت یان هەستی پێ کردبێت.

بەمەبەستی شیکردنەوەی ئەم بابەتە لێرە بەدواوە هەموو حاڵەتەکانی هاتنە ئارای دەرئەنجامی نەخوازراو لەهەر پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشندا ناو دەنێین (بەدحاڵیبوون). هەوڵیش دەدەین گرنگترینی ئەو فاکتەرانە دەستنیشان بکەین کە رۆڵی دیاریان هەیە لە سەرهەڵدانی بەدحاڵیبووندا چ لەلای بنێری پەیام یان لەلای وەرگری پەیام.

فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بەدحاڵیبوون:

فاکتەرە سەبجەکتییە (خودییەکان) و فاکتەرە ئۆبجەکتییە (بابەتیەکان):

هەموو ئەو هۆکارو رەگەزانە دەگرنەوە کە لە فەزا و ژینگەی خودی کەسانی پەیوەندیکاردان. ئەو فاکتەرانەن کە یان بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی (خودی) یەکێ یان هەردوو جەمسەری کۆمیونیکەیشنەکە،یان بەشێکی کاریگەر وئامادەن لەناو ئەو رەگەزانەدا کە ژینگەی فیزیکی وکۆمەڵایەتیی تاکەکان پێکدەهێنن. بۆ نموونەیش وا لە چەند لاپەڕەی دادێ باسی بەرچاوترینیان دەکەین..

1 ـ جیاوازیی لەتەمەندا:

تەمەن فاکتەرێکی زۆر کاریگەرە لەسەر چارەنووسی هەر پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشن.هەر بۆیە بۆ توێژەری بواری پەیوەندییەکان زۆر گرنگە،بەر لەوەی شیکاریی پەیوەندییەکان و دەرئەنجامەکانی بکات و بڕیاریی زانستیانەیان لەبارەوە بدات، زۆر بەلایەوە گرنگە کە تەمەنی هەردوو جەمسەری هەر پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشن بزانێ!

کاتێ کەسێکی گەورە پەیامێك دەنێرێت بۆ منداڵێك، یان بۆ هەرزەکارێك،پەیامەکەی هەروا بە سادەی و بێ توێکڵ و بێلایەن نییە! بەڵکو بارگاوییە بە کەش وهەوایەك کە زادەی ئەو تەمەن و قۆناغەی تەمەنێتی.. پەیامەکەی بەدەنگ و تۆن و نەغمەیەك، بە ریتمێك و بە ئاوازێك، ئاوێتە بەرەنگ و سیمایەك و بە جووڵەیەکی دەست ویەنجە و چاو و برۆیەك دەریدەبڕێ، کە تەواو جووتە لەگەڵ تەمەن و (باری فیسۆلۆژیی) ئەو تەمەنەدا.

گومانیی تێدا نییە کە هەموو ئەو بارگە وتوێکڵ و رەگەزە خودییانەی پەیامنێر، جیاوازیی زۆری بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە کەش وهەوای دەوری وەرگرێکی (مناڵ یان

هەرزەکار) ی تەنیوە و بەشێکی دانەبڕاون لە باری خودیی ئەو وەرگرە!

کاتێ کە پیرەپیاوێك یان پیرە ژنێك بەنیازی ئامۆژگاری و ڕێنومایی پەیامێك دەداتە گەنجێك یان هەرزەکارێك، هیچ بەدووری مەزانە کە وەرگری ئەو پەیامە ئەو قسانە بە دەستوەردانە تایبەتییەکانی خۆیی لێکبداتەوە! بۆیە لەبریی سوپاس و پێ زانیین،ڕەنگە ئەنجام بەوە بشکێتەوە کە (قەشمەریی) پێ بکات و خۆی لیێ بدزێتەوە!! بە پێچەوانەیشەوە هەر راستە! واتا، کە گەنجێك لە مەجلیسێکی بەساڵاچوواندا پەیامێك دەدات و مەبەستی راستکردنەوەی هەڵیەکی زەقە یان بۆ روونکردنەوەی راستییەکی زانستییە لە بارەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی، تۆشداری یان ئاینییەوە، بەدووری مەزانە کە بە تڕوفیزێکەوە قسەکانی ڕەتبکرێنەوە و بە (دەمڕووت) ی لە قەڵەم بدەن و جارێکیتر ماوەی قسەکردنیشی پێ ڕەوانەبینن!!

کە لەناوەڕۆك وستایلی پەیامەکانی مرۆڤە بەتەمەنەکان وردبدەبینەوە، بەئاشکرا جۆرێك لە ماندوێتی، لە بڕوابەخۆبوون،لە هێمنییەکی رواڵتی و سەنگینییەکی روکەشی. لە کەم باوەڕی بە گەنجان، لە هەستکردن بە ترس ونائومێدی، یان گەشبینییەکی غەیبی پشت ئەستوور بە حەکایەتەکانی پێشینە و ئەزموونە کۆنەکان، دەبینین. بە پێچەوانەی ئەو پەیامانەی کە لە مرۆڤێکی هەرزەکار یان گەنجەوە، کە جۆرێك لە هەڵشەیی و پەلەپەل، جۆرێك لە ناجددیەتی و فلاتیی، یان جدییەتێکی تیژرەو و پەڕگیر، ناڕازیبوون لە زۆربەی دەوروبەر و یاخیبون، یان خۆبەدەستەوەدانێکی سەیر و رەشبینییەکی تاقەت پڕوکێن ومەترسیدار، بەئاسانی بەرچاودەکەون.

گومانی تێدا نیە پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشن کە لەنێوان ئەم دوو دۆخە (تەمەنیە) جیاوازە، دژەدا، سازدەبێت، هەردەم و لەهەر قۆناغێکی ئەو پرۆسەیەدا بێت ، چاوەروانی ئەوەدەکرێت بەدحاڵیبوون رووبدات و بەشێوەیەکی نەخوازراو کۆتایی بە پەیوەندییەکە بێت.

تەمەن رەگەز وفاکتەرێکی بێ لایەن نیە! بگرە فاکتەرێکی هەرە چارەنووسزای سەرخستن یان شکست پێهێنانی هەر پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشنە و پێویستە لەهەموو روویەکەوە حسابیی وردی بۆبکرێ و پشت گوێ نەخرێت.

2 ـ جیاوازیی لە توخم (ڕەگەزدا):

ئەوە راستییەکی بەرچاوە کە بەردەوام بەدحاڵیبوون لەنێوان(نێر ومێ).. (کچان و کوڕان) (ژنان و پیاواندا) روودەدەن، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە داخراوو نیمچەداخراوەکانی وەك کۆمەڵگەی کوردیدا. بێ ئاگایی نێر و مێ لە هەلومەرجی ژیانی یەکتری و باڵادەستیی (ناڕەوایانەی) کلتووری نێرینە بەسەر ژیانی کۆمەڵگە ترادشناڵەکاندا، سەقەتیی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن وراهێنان و تەنانەت خوێندنی باڵاش، خورافاتی بەناو ئاینی و شێوە ئاینی، دابونەریتی نێرینەخوازی خێڵەکی، هەموو ئەمانە نێر ومێ لەیەکتر دوور دەخەنەوە و ماوە نادەن، بە شێوازی بیرکردنەوەی یەکتر، بە ستایلی هەڵس وکەوت و سەرو زمان و خەون وخەیاڵی یەکتری، بە ئاماژە و کاردانەوەکانی یەکتری ئاشنا بن! بۆیە لەگەڵ هەموو پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشنی نێوانیاندا، بەتوندی ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە بەدحاڵیبوون رووبدات!

کەسمان نییە بەسەرهاتی لەیەکتر زیز بوونی هاوڕێیان ودڵداران و ژن ومێردان وخوشك وبرایانی، لەسەر هۆیەکی زۆر سادەو بێ مانا، نەبیستبێ! بەدەیان جار لە ڕۆژێکدا کچان و کوڕانی ناو پۆلێك یان بەشێك یان تیپێکی هونەری..هتد..

بەدحاڵیبون لەنێوانیاندا روودەدات و زۆرجار دابڕان وشەڕ و ناخۆشیشیان دەکەوێتە نێوان. پێشتر ئاماژەمانکرد بۆ سەرچاوەکانی ئەو جۆرە بەدحاڵیبوونە. دەرهاویشتە و ئەنجامەکانیشی، خەستکردنەوەی ئەو لەیەکتر

نەگەیشتن و بەیەکتر ئاشنانەبوونەی نێوان نێر ومێیە لەناو کۆمەڵگە داخراو و نێر سالارییەکاندا. بۆیە ئاشناکردنی نێر ومێ بەیەکتری و تێکەڵکردنیان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و کات وبوارەکانی راهێنان و گەشەپێدان و کات بەسەربردنی هاوڕێیانەدا، لەژێر چاودێریی سیستمێکی کلتوریی کراوە و هوشیاردا، باشترین رێگەچارەی ئەو دیاردە ئاڵۆزەیە و رێگرێکی مسۆگەریشە لەبەردەم سەرهەڵدانی ئەو نائاشنابوونەی نێوان نێر ومێ لە داهاتوودا و بۆ نەوەکانی ئایندە!

3 ـ جیاوازیی لە باری تەندروستیی (جەستەیی و دەروونیدا):

گومانی تێدانیە کە مرۆڤی جەستەساخلەم، مرۆڤی دەروون ئاسوودە وبەختەوەر.. گەشبین، سەرکەوتوو، دڵخۆش، کەپەیام دەنێرێ، بەستایل وبەشێواز وزمانێك، ئاوێتە بە جوولە و سیمایەك. بەنەفەسێکی ئەوتۆ دەینێرێ کە تەواو جیاوازە لە خەسڵەتەکانی هەمان ئەوپەیامە ئەگەر بێتو کەسێکی ناساخی جەستەیی، دەروون نائارام، نیگەران، تووڕە، هەست بریندارکراو.. خەمبار، شکست خواردووی رەشبین بینێرێت! هەروەها هەمان راستی لەئارادادەبێت کاتێ باس لە وەرگرێکی جەست سەلامەت و دەروون کراوە و دلخۆش دەکەین. یان باس لە وەرگرێکی نائاسوودە و دڵ پڕ کەسەر و خەمناك دەکەین!

نەخۆشییە جەستەییە درێژخایەنەکان و تەنانەت کتوپڕە کورتخایەنەکانیش، کەمئەندامێتی و نائارامی و پەشێوییە دەروونی و ئەقڵییەکان،کاریگەریی زۆر سەختیان هەیە بەسەر هەڵبژاردنی ئەو وشە و چەمکانەی تاك لە کاتی گفتوگۆدا بەکاریان دەهێنێ هەروەها لەسەر چۆنێتیی لێکدانەوی بۆیان کاتێ کە وەریاندەگرێت لە پەیامێکدا. تەواو پێچەوانەی ئەو حاڵەتانەیە کە مرۆڤی جەستە و دەروون ساخ و ئارام دەیاننوێنێ لەکاتی دەربڕین و لێکدانەوە و کاردانەوە دا.

ئەودەمەی هاوسەنگییەك یان لانی کەم هاودۆخییەك لەنێوان پەیامنێر ووەرگردا مەیسەر نابێت، دەبێ چاوەڕوانی رووداني بەدحاڵیبوون بین!. پەیام، کە لەسەرچاوەیەکەوە رێ دەگرێ بەرەو وەرگرێك، بارگاوییە بە دۆخی جەستەیی ودەروونیی بنێرەکەیەوە، بۆیە کە دەگاتە وەرگر، هێشتا بەشێکی زۆری لەو بارگە و شوحنەیە پێوەماوە. ئەگەر بێتو دۆخی جەستەیی و دەروونیی وەرگریش هاوشێوە یان نزیك بە دۆخی بنێر بێت (کە بۆتە بارگەی ناوەرۆکی پەیام و ستایل و ریتم و شێوازەکەی) ئەوا ئەگەری لەیەکتر حاڵی بوون و لەیەکتر گەیشتن زۆر بەهێزتر دەبێت لە ئەگەری لەیەکتری نەگەیشتن و بەدحاڵیبوون.

4 ـ جیاوازیی لە جۆری پەروەردە و ژینگەی نەشونمادا:

هەڵبەتە کەسمان گومانمان نیە لە بایەخ و مەزنیی رۆڵی (جۆری پەروەردە و ژینگەی نەشونما) ی تاکەکەس لە پرۆسەی پێکهێنانی کەسێتیی مرۆڤدا. هەرهەمان مەزنی و کاریگەریی لە گشت پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشنیدا بەهەمان هێز لەئارادایە و جێ دەستی خۆی لەسەر ڕەوت و دەرئەنجامەکانی جێ دەهێڵێ.

کەسێك لە منداڵییەوە لە کەش و هەوایەکی خێزانیی ئارام و دڵنیا و تێگەیشتوودا پەروەردەبووبێ، لە هەلس وکەوت و دواندن و کار وکاردانەوەیدا زۆر جیاواز دەبێت لە کەسێکی تر کە هەر لەمنداڵییەوە لە دەرەوەی خێزان یان لە ناو خێزانێکی هەڵوەشاوە و لێك ترازاوی پڕ ئاژاوە و ترس و شەڕ و نەبوونیدا پەروەردە بووبێ. زانایانی دەروونناسی (بەتایبەتی فرۆید و هەموونەوانەی تریش کە لەسەر رەوتی رێبازی دەروون شیکاری دەرۆن) بڕوایەکی بەتینیان هەیە کە: کەسێتیی تاك لەماوەی 5 ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دادەڕێژرێ و هەرچی ساڵەکانی تری تەمەنی هەیە، لەوە زیاتر نین کە درێژکراوە و قەبەبوونی ئەو داڕشتەیەن! بۆیە زۆر گرنگە بۆ توێژەری کۆمەلایەتی، دەروونی و بوارەکانی تری کۆمیونیکەیشن،

ئاگاداری ژینگەی پەروەردە و نەشونمای تاکەکان بن بۆ گەیشتن بەڕاستیی کەسێتییەکان و تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی ئەو پرۆسەیە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی لیك دابڕان یان بەدحاڵیبوون لەنێوان جەمسەرەکانیدا.

پەروەردەی مناڵی و هەرزەکاریی تاکەکان، لە شێوەی زەخیرەیەکی وشە و زاراوە و چەمك و شێوازی لێکدانەوە و کار و کاردانەوەدا خۆ دەنوێنێ و بەرجەستەدەبێت، کە ناکرێ لەکاتی هەڵسەنگاندنی هەر پرۆسەیەکی پەیام ناردن وپەیام وەرگرتن و ناردنەوەیدا، بەهەندیان وەرنەگرین . کورد لەمێژە بەشێوازێکی سادەو ساکار لە ئەزموونی خۆیوە گوزارشی لەم راستییە کردووە کە وتوویەتی:

(فڵانەکەس شیری دایکی پاکە!) یان: (ئەڵێی لەگەڵ شیردا دراوێتیە!) کاتێ کە ویستویانە باسی جۆری خووڕەوشتی چاك یان خراپی کەسێك بکەن. دیاریشە کە شیرخواردن ئەوپەڕی تا تەمەنی 2 ساڵییە! وەك بڵێی دانشمەندانی کوردی پێشینان هەر بە ئەزموون (سەربە رێبازی دەروون شیکاری بووبن! !).

5 ـ جیاوازیی لە ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری رۆشنبیریدا:

ئەم فاکتەرە بەدرێژایی مێژوو بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بەدحاڵیبوونی زۆر گەورە لەنێوان دەستەبژێرێکی هوشیاری ناو کۆمەڵگەو جەماوەرێکی بەربڵاوی ناهوشیار، تەنانەت هەموو پێغەمبەر و فەیلەسووف و زاناکانیش چ لەخۆرئاوای گشت سەدەکانی پێش (رێنسانس) چ لەخۆر هەڵاتی تا ئەمڕۆیش، دووچاری توندوتیژی و دەربەدەرکردن و کوشتن و بڕین هاتوون لەسەر ئەو تێز و مەسەلە وقسەو باسانەی کە خستوویانەتە روو یان بانگەشەیان بۆ کردوون و لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن وهۆشیاریی رەشەخەڵکەکە و دەستەڵاتدا نەگونجاون. ئێستاش بۆ ئەم سەردەمە ئەومەترسییە لەناو کۆمەڵگە داخراوە دواکەوتووکاندا هێشتا هەر بەتووندی ئامادەیەو کاری خۆی دەکات.

لەم کۆمەڵگە داخراوانەدا،ئەم دیاردەیە بەزەقی لەم دیمەنەدا بەرجەستەدەبێت :

((بڕی زانیاری لەلای ژمارەیەکی کەمی خەڵك زۆر زیاددەکات و قووڵبوونەوەی ئەو زانیاریانە و گەیشتنیان بە ئاکامی نوێ و دۆزینەوەی ئاسۆی تازە بۆ ژیان و گوزەران و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە وچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی، لەبەرامبەریشدا پەتیبوون و تەنکایی هاتن و بەرواڵەتبوونی زانیاریەکان لەلای رێژەیەکی بەرزی خەڵك و دەست بەرنەدان لەبەرۆکی رابردوو، نەریت، لاساییکردنەوەی کوێرانەو دووبارە و هەزاربارەکردنەوەی ئەزموونە تەقلیدیەکانی پێشینان.))

هەڵبەتە ئەم بارودۆخە هەروا بەساردی و بێ وەی ناچێتەسەر! بەڵکو هەمووجارێك ململانێ و توندو تیژی و کارەساتیشیان لێدەکەوێتەوە چ جای بەدحاڵیبوونێکی ئاسایی! !

# کورتەیەک لەچیرۆکی فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن)

هیوا محەمەد ئەمین

سەرەتای فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) بەپیشاندانی مەرزێکی تورکیا دەستپێدەکات، کە ئاوارە کوردەکانی لێ نیشتەجێبوون، پاشان کۆمەڵێك منالّ بەدی دەکرێن کە(مین) کۆدەکەنەوە، یان خەریکی کڕین و فرۆشتن و دانانی سەتلایتن، خەڵکی ناوچەکەش سەرقاڵی بەدەستخستنی ئەو بەرهەمی تەکنۆلۆژییە تازەیەن، تا بزانن دەنگوباسی جیهان چییە..؟ هەر لەو مەرزە، کچێکی تەمەن (13) ساڵ لەگەڵ منداڵێکی کوێری تەمەن (2) ساڵ و کوڕێکی بێ قۆڵی تەمەن (12) ساڵ بەدیدەکرێن، کە لە هەڵەبجەوە هاتوون، شایانی باسە کوڕەکە وا دەردەکەوێت کە خاوەنی هەستی شەشەمەو لەتوانایدایە پێشوەخت پێشبینیی رووداوەکان بکات.

کچەکە چەندین جار هەوڵی چارەسەرکردنی منداڵەکە دەدات تا چاوی چاك بکاتەوەو داوای دەکرد ماسیی سووری بۆ بهێنن بۆ رزگارکردنی، بەڵام دەبینین لەپڕ بارودۆخەکە دەگۆڕێت و کچەکە دژ بە هەڵوێستی یەکەمجاری هەوڵی لەناوبردنی منداڵەکە دەدات، ئەویش دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کە ئەو منداڵە (زۆڵ)ەو هی خۆیەتی، هۆیەکەشی دەستدرێژی لێکردنی بووە لەلایەن سەربازەکانی بەعسەوە لە هەڵەبجە، بەڵام کوڕە بێ قۆڵەکەی برای چەندین جار بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتە ناشایستەیەوە بەرامبەر منداڵە کوێرەکە هەمیشە رەخنەی ئاراستەی خوشکەکەی دەکرد.

ئەو کۆمەڵە منداڵەی کە ئیشیان کۆکردنەوەی مین و گوللە تۆپ بوو، خۆیان لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی یەکگرتوودا یەکخستبوو، یەکێکیشیان بە ناوی (کاك سەتەلایت)ەوە بووبووە سەردەستەیان، شایانی باسە (کاك سەتەلایت) هەستێکی خۆشەویستیی تیا بەدی دەکرێت بەرامبەر کچە هەڵەبجەییەکە، هەر ئەم هۆیەش وای لێ دەکات هەمیشە یارمەتیی کچەکە بدات و لەچەند بارودۆخ و رووداودا یارمەتیی بدات و بەهانایەوە بچێت، بۆ نموونە کاتێك کچەکە هەوڵی لەناوبردنی منداڵە کوێرەکە دەدات لە رێی بەجێهێشتنیەوە لەکێڵگەیەکی بە مین چێنراودا، سەتەلایت و برا بێ قۆڵەکەی دەچن دەریدەهێننەوە، هەروەها بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئەم رووداوە لەلایەن کچەکەوە لەئەنجامی هەوڵی سەتەلایت بۆ رزگارکردنەوەی منداڵەکە، مین بە سەتەلایتدا دەتەقێتەوەو بریندار دەبێت، هەروەها کاتێك کچەکە هەوڵی خۆکوشتن دەدات لەرێی سووتاندنی جەستەی خۆیەوە، منداڵە کوێرەکە دەچێت بۆ لای و هاواری بۆ دەکات، ئەمەش وا دەکات کچەکە لەو هەوڵەی پەشیمان ببێتەوە.

لەبەشێکی دیکەی فیلمەکەدا خەڵك دەبینین گوێبیستی هەواڵی رووخانی دوژمنە گەورەکەیان (سەدام حسێن)ن، سەرچاوەیش تەنها کاك سەتەلایتە، بەڵام سەتەلایت هیچ شارەزاییەکی لەزمانی بیانیدا نییەو تەنها ئەو هەواڵانە بڵاودەکاتەوە کە کوڕە بێ قۆڵەکە بەهۆی هەستی شەشەمەوە پێشبینیی کردوون،




تا جارێك كوڕە بێ قۆڵەكە هەواڵێكی زۆر مەترسیداری پێ رادەگەیەنێت، كە ئەویش بەرپابوونی شەڕە لەرۆژی داهاتوداو بۆ پاراستنی سەلامەتیی خۆیان داوا دەكات هەموو خەڵكەكە بچنە سەر گردەكە، ئەوانیش بەقسەی دەكەن، بەڵام سەتەلایت بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە لای كوڕە بێ قۆڵەكەو پێی دەڵێت: تۆ لەو زانیارییانە دڵنیایت..؟ چونكە ئەگەر وا نەبێت، حەیام ئەچێت.

لایەنێكی تری فیلمەكە خۆی لەچەند ڕووداوێكدا دەبینێتەوە، لەیەكێك لەو ڕووداوانەدا دەبینین دوای ئەوەی كچەكە داوای ماسیی سوور لە سەتەلایت دەكات، سەتەلایت لەرۆژێكی سەرماداو بۆ بەدەستخستنی دەچێتە ناو قووڵایی گۆمێكەوە، بەڵام دەستی ناكەوێت و شكست دەهێنێت، پاشان دەبینین دواتر سوپای ئەمریكا دێت و دەسەڵاتی سەدام و حكومەتە دیكتاتۆرییەكەی دەڕووخێت، كچەكەش بە فڕێدانی بۆ ناو گۆمەكە، منداڵەكە دەخنكێنێت و خۆیشی دەكوژێت، هەروەها دوای هاتنە ناوەوەی سوپای ئەمریكا بۆ عیراق، منداڵێك هەواڵ دەگەیەنێتە سەتەلایت، كەوا ئەمریكاییەكان ماسیی سووریان پێیە، بەڵام ماسییەكە ناتوانێت فریای چاككردنەوەی منداڵەكە بكەوێت و لەناو نایلۆنێكدا دەمرێت.

لەكۆتایی فیلمەكەدا یەكێك دێت بۆ لای سەتەلایت و پێی دەڵێت: منداڵە بێ قۆڵەكە وتوویەتی شەڕێكی گەورە بەڕێوەیە، بەمەش كۆتایی بە فیلمەكە دێت.

چەند وتەیەك سەبارەت بەم فیلمە

سەرەتا ئەم فیلمەم یەكجار بەرچاوكەوت لەناو فێستیڤاڵدا لە شاری لەندەن، لەساتێكی درەنگ شەودا كە ناڕێكترین كاتە بۆ پیشاندانی فیلم.

لێرەدا چەند پرسیارێك هەیە:

بەهمەن لەرێی ئەم فیلمەوە كە هەموو كەسایەتیی رووداوەكان پێكهاتوون لەچەند رەمزێك، دەیەوێت چی بڵێت..؟ ئایا بیرۆكەی رووداوو ژیان و مەسەلەی نەتەوایەتیی كورد لەخزمەت سینەمای بەهمەندان و بە ئارەزووی خۆی و لەپێناوی پێشخستنی توانای هونەریی خۆی و لەپێناوی دەرهێنان و نووسینی چیرۆكی سینەمادا بەكاریدەهێنێت، یاخود سینەمای بەهمەن لەخزمەتی نەتەوەو مەسەلەی نەتەوایەتیی كورددان..؟

ئایا بەهمەن پێی وایە ئەو بوارەی بۆی رەخساوە بەهۆی شارەزاییەوە لەبواری دەرهێناندا لەلایەك و ئەو بۆشاییەی لەبواری سنەمای كوردیدا هەیە لەلایەكی ترەوە، بواری پێ دەدات چۆن بیەوێت بە دڵی خۆی هەڵسوكەوت بكات و هەست بكات كەس نییە بەوردی بەكارەكەیدا بچێتەوەو لێی بكۆڵێتەوە..؟ پێی وایە تەنها كاریگەریی سۆزو عاتیفە بەسەر بیركردنەوەی بینەردا زاڵە..؟

نابێت بەهمەن بێ گوێدانە هیچ پرس و رایەك بەنووسەرو مێژوونووسانی كوردستان مامەڵە لەگەڵ رووداوو بەسەرهاتەكان بكات، یاخود بێ گەڕانەوە بۆ زانستی دەروونناسی نیگاری هەڵسوكەوتی منداڵ بكێشێت، بۆ نموونە منداڵ تووشی هەڵەی گەورەی وەك كوشتن نەكات، یاخود نابێت وەك مرۆڤی كامڵ هەڵسوكەوت بكات بۆ هەندێك لایەنی وەك خۆشەویستی و ژن و ژنخوازی، كە ئەمانە زۆر نامۆو نائاساین بۆ جیهانێكی بێگەردی وەك جیهانی منداڵ.

بەهمەن پێی وایە كەس نییە رەخنە لەو هەڵانەی بگرێت لەو رەمزانەی بەكاریدەهێنێت، یاخود مەبەستی تری هەیە و لەخزمەتی

بۆچوونی تردایەو بیركردنەوەی وەك لەبەرپرسانی ئێران وایە بەرامبەر كوردی كوردستانی عیراق.

من كاتێك (شێرزاد حەسەن)ی نووسەر باسی (ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەكان)ی بۆ كردم، بەهمەنم زۆر لا گەورەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەم بەرهەمەی زۆر ترساندمی. ئەم هەڵانەی بەهمەن وایكرد ئەم نووسینە لەدایك بێت و داوای لێ بكات جارێكی تر ئەم جۆرە نووسینانە بەهەند وەربگرێت و رووبەڕووی هەڵەی تر نەبێتەوەو بەراست و دروستی رووداوەكان دابڕێژێتەوەو بەئەمانەتەوە بیانخاتە بەرچاوی بینەران لەجیهاندا.. زۆر كەس ناوەڕۆكی رووداوو مەسەلەی نەتەوایەتیی كوردیان شێواند، چونكە رەقیب بوون بۆ كورد، بەڵام خۆ تۆ خۆت بەكوردی راستەقینە دەزانیت..!

بەهمەن و كاریگەریی ئاخوون و ئایدیای ئەمڕۆی ئێران لە كارەكانیدا دەربارەی تەكنۆلۆژیای نوێی جیهان و توانای مرۆڤایەتی لەو بوارەدا:

ئاشكرایە كە هەموو دەسەڵات و داهێنانێكی مرۆڤانە لەبواری تەكنۆلۆژیاو زانستدا پەیوەستە بەتوانای داهێنەرانەی بیری مرۆڤ و بوونی هەوڵ و كۆشش و توانای مرۆڤ، بەڵام بەهمەن ئەم داهێنانە گەورانەی بەستووەتەوە بەبیری خەیاڵ و میتافیزیكییەوەو بەدەری كردووە لەتوانای مرۆڤ بگرە بۆ ساتێكیش بڕوای پێی نییە (هەروەك ئاخوونەكانی ئێران)، ئەوەتا یەكێك لەگرنگترین داهێنانە تەكنۆلۆژیاكانی جیهان كە سەتەلایتە، بەرهەمی بیری خودی مرۆڤەو دوورە لەدەسەڵاتی خەیاڵ و جادووەوە، بەڵام لای بەهمەن رۆڵی بڵاوكردنەوەی هەواڵی لێ دەستێنێتەوەو دەیداتە پاڵ هەستی شەشەمی منداڵێك.

سەتەلایت تاكە هێزە كە بەهۆیەوە هەموو جیهان ئاگاداری رووداوەكان بووەو دەبێت، تەنانەت بێ ئەوەی ئێمە بەهۆی هەستی شەشەمەوە بزانین سبەی چی روودەدات، ئەوان كە چاودێریی هەواڵیان دەكرد، پێش سێ مانگ تەنانەتساڵێكیش دەیانزانی كەوا ئەمریكا پلانی لەناوبردنی سەدامی هەیە، بێگومان ئەو زانیارییانەش هەمووی لە سەتەلایتەوە وەردەگیرا. كەواتە نەدەبوو گەورەیی و گرنگیی سەتەلایت لەژێر دەسەڵات و كاریگەریی خەیاڵی لاهووت و میتافیزیكادا بهێڵێتەوە.

ئەم جۆرە بۆچوونانە لەئێراندا زۆر بڵاوو باوە، كەسیحرو جادوو كراوە بەهێزی دەسەڵاتدار بۆ پێشخستنی زانست و تەكنۆلۆژیا، كە ئەمەش

لەجیهاندا دوورە لەلۆژیکەوەو بۆچوونێکی ناڕاستە، هەر بۆیە بەهمەن دەبووایە ئەوەندە بە بیرۆکەو ئایدیای ئێران کاریگەر نەبێت، ئەگەر بیەوێت وەك دەرهێنەرێکی جیهانی ناوی هەبێت.

بەهمەن و ڕێبازی دەرهێنان لە فیلمەکاندا

بەهمەن زۆر ژیرانە بیری لەوە کردووەتەوە کە دەتوانێت بە چ ڕێبازێك و چ جۆرە کارێکی هونەریی ئەمڕۆ لەجیهاندا خۆی دەربخات، بێگومان وەك هونەرمەندی جیهانی نەك تەنیا دەرهێنەری کورد.

کارێکی باش بوو ئەگەر زیاتر بەراستی و دروستی بیرەکانی دابڕشتایەو پرسی بە نووسەرو ڕۆشنبیری کورد بکردایە لەلایەنی کۆمەلایەتییەوە، تا ڕووبەڕووی هەڵە نەبێتەوە.

ئەو ئەکتەرانەی بەهمەن بۆ کارەکەی هەڵیبژاردووە، بەتایبەتی منداڵەکان، لەلایەنی سەرنجڕاکێشانی بینەرەوە زۆر چاکە، بەڵام لەبەکارهێنانی خەڵکی نائەکتەری وەك مامۆستاو پیرەمێردو خەڵکانی بێ ئەزموون، زیاتر فیلمەکەی خستووەتە قاڵبێکی دۆکیومێنتی و کاری ڕۆژنامەنووسی و بەڵگەنامەییەوە.

بۆیە بەبۆچوونی من دەبووایە ڕووی لەئەکتەرو هونەرمەندانی کوردستانی عیراق بکردایەو داوای لێ بکردنایە ڕۆڵی بۆ ببینن، کە ڕەنگ بوو بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە یارمەتییان بدایەو نەکەوتایەتە هەڵەوە، چونکە ئاشکرایە ئەکتەر لەکوردستانی عیراقدا ژمارەیەکی بەرچاویان شارەزاو بەتوانان.

بەلای منەوە گەورەیی دەرهێنەر لەوەدایە کە کاتێك باس لەمێژوو دەکات و بەکاری دەهێنێت، مەرج نییە تەنها دەقاودەق بیگێڕێتەوە، بەڵام دەبێت مەبەست و ئامانجی ئەو بابەتە مێژووییە بەئەمانەتەوە نمایش بکات و بۆ مەبەستی تری دوور لەراستی بەکاری نەهێنێت.

بەهمەن و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستانی عیراق
*کارەساتی هەڵەبجە (1988).
*کارەساتی مەرزی تورکیا (1991).
*ڕووخانی ڕژێمی عیراق (2003).

ئاشکرایە ئەم مێژووانە کارەساتی جیاو سەربەخۆن و هەریەکەو خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیەتی، بەڵام بەهمەن لەم فیلمەدا هەمووی خزاندبووە چوارچێوەی دوو ساڵەوە، مەبەستم ئەوەیە کاتێك باسی هەڵەبجە دەکرێت دەبێت حەقی خۆی بدرێتێ، چونکە هەڵەبجە ناسنامەی جینۆسایدە بۆ ناسینی کورد بەجیهان، ئەو گازەی هەڵەبجەی پێ شەهیدکرا بووە گەورەترین هۆکار بۆ لەناوبردنی زاڵمترین و زۆردارترین دەسەڵاتی دیکتاتۆری.

ئەگەر شارەزاییمان سەبارەت بەڕووداوی مەرزی تورکیا نەبێت، ئەوا نازانین کە کورد وەك هەڵۆی ناو قەفەز خۆی دەربازکرد لەدەستی ڕژێمی عیراق و ژیانی سەرماو بەفری هەڵبژاردو ئەو قەفەزەی شکاند کە تیایدا بەندکرابوو.

ئەگەر گیانی بەرەنگاریی لەکورددا نەبێت، هەرگیز ڕووداوێکی وەك ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سەدام حسێن نابینیت لە (2003)دا.

کەواتە بەهمەن لە دوو سەعاتدا سێ کارەساتی گەورەی شێواندو لای بیانییەکان زەخیرەیەکی گەورەی میللەتی کوردی تالانفرۆش کرد.

پاشان هەڵەبجە بەوە نەناسراوە کە منداڵێکی بچووکی تەمەن (10) ساڵان دەستدرێژیی بکرێتە سەر لەلایەن سەربازەکانی بەعسەوە، بەڵکو هەڵەبجە لای بەعسییەکان سەرەتایەکە بۆ سڕینەوەو نەهێشتنی کورد، تەنانەت لە هەڵەبجە بواری ئەوەش بۆ کورد نەهێڵرایەوە کە هەناسە بدات، نەك تەنیا جەستەی سوودی لێ وەربگیرێت، هەروەها بەڕێز کاك بەهمەن کچێك لەساڵی (1988)دا تەمەنی (10) ساڵ بووبێت، ئایا لەساڵی (2003)دا تەمەنی ئەو کچە دەبێتە چەند..؟ یان منداڵێکی زۆڵ ساڵی (1988) لەدایك بووبێت دەبێت (2003) تەمەنی چەند بێت..؟

چەند سەرنجێك سەبارەت بە بیرۆکەی فیلمەکە

سەرەتا پێویستە کاری سنەمایی چەند گرنگی بەلایەنی تەکنیکی بدات، دەبێت ئەوەندەش ڕاستی و دروستیی لەگەڵ بەڵگەو بیری ڕاستەقینەی بەرهەمەکە، ئەمین و دەستپاك بێت..

مـن پرسـیار سـەبارەت بـەناوی فیلمەکـە دەکـەم (کیسەڵەکانیش دەفڕن).
باشە بەهمەن ئەم ناوە نەگونجاوەی بۆ هێناوەتە پێشێ و بەسەر کورددا دەیسەپێنێت، دەیەوێت بڵێت چەند کیسەڵ دەفڕێت، کوردیش ئەوەندە دەفڕێت..؟
ئایا ئەم ناوەی لەخۆیەوە نووسیوە..؟ یان تێڕوانین و توانای بیرکردنەوەی هەر ئەوەندە بڕدەکات، لەژێر دەسەڵاتی بۆچوونەکانی ئێراندا..؟
من پێموایە دەبوو ناوێکی جوانتر، مەبەستێکی گونجاوتر کاری لەسەر ئەو ڕووداوانە بکردایە، کە بووەتە گەورەترین کەرەستە بۆ کەسانی هونەرمەندو سیاسەتمەدار.. ڕێزدار بەهمەنی قوبادی: کورد کیسەڵ نییە کە خۆی نەتوانێت بفڕێت، یان بەزمانی گاڵتەپێکردنەوە وەك فیل بیفڕێنیت بە ئاسماندا، کورد هەڵۆی بریندارو باڵشکاوبوو، کورد پاش ئەو هەموو ئازارو کوشتوبڕە توانیی وا بفڕێت، جوگرافیای جیهان و سیاسەتی جیهان لەبن و بێخ دەربێنێت.
ئێستا هەموو جیهان چاوەڕێی دەستی کوردن لەو تراژیدییە تیرۆریستییە ڕزگاریان بکات، کە ساڵەهای ساڵە پێوەی دەناڵێنن، نەك کورد کیسەڵ بێت و بەگاڵتەوە پێی بوترێت: کیسەڵەکانیش دەفڕن.

بەهمەن و نەبوونی بیرۆکەیەك لەسەر کوردی عیراق و شۆڕشی گەلی کوردی کوردستانی عیراق
بەهمەن منداڵێکی زۆڵی کردبوو بە بیرۆکەی بەعس و لەکۆتاییدا خنکانی و لەناویبرد، ئەمەش مەبەستی ئەوەبوو دەبێت ئەو بیرە پیسە لەناوبچێت، (بۆچوونێکی جوان و شیکارێکی زۆر نەفام و سەقەت).
مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە دەڵێم: بەڕێز کاك بەهمەن بیرۆکەی بەعس و کاراکتەری بەعس ناتوانرێت بەمنداڵێکی کوێر گوزارشتی لێ بکرێت و وێنەی بۆ بکێشرێت، چونکە بوونی بەعس بیرۆکەیەکی زۆر کۆنەو ئەوەی کۆن و نوێ لەدژایەتیکردن زیاتر هیچ تێڕوانینێکی تریان نەبووە بەرامبەر بەعس، نەك وەك لەفیلمەکەی تۆدا.

جیهانی نوێ خۆی بۆ بەکوشت بدات و هەوڵبدات بە ڕۆژی سەرما لەمردن ڕزگاری بکات و لەبنی دەریا ماسیی سووری بۆ پەیدا بکات و چاکی بکاتەوە، نەخێر.. نەخێر.. ئەمە تاوانە بەرامبەر بە نەوەی نوێ و نەوەی عیراقی نوێ، چونکە مێژوو شاهیدە کە شۆڕشی کوردی عیراق لەم ساڵانەی سەردەمی بەعسدا چەند شەهیدی داوەو، چەند زەرەرمەند بووە لەچوارچێوەی بەرەنگاری و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەردا، تەنانەت کە بەعس و دەسەڵاتی سەدام بەگەورەترین کۆسپ دادەنرا، لەچوارچێوەی ئاسایشی ناوچەکەدا، کورد بووە فاکتەری گرنگ و مەزنی ڕووخاندن و لەناوبردنی. ئاشکرایشە ئێستا بەچاوی خۆمان شکستی ئەو خوێنڕێژە دیکتاتۆرە دەبینین لەزیندانەدا، پاش لەدەستدانی خێزان و کوڕو دەسەڵات و سەروەرو کورسیی دەسەڵات.


بەهمەن و کۆتایی فیلمەکەی، ئەنجامی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق
یەکێك لەکارە هەرە گەورەکانی نووسەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئەمڕۆ بابەتێك دەنووسێت و پێشبینیی ڕووداوێکی ئایندەی تیادا دەکات، بێگومان ئەمەش بەهۆی ئەزموونی تاکەکەسی و پسپۆڕییەوە دەبێت، لەچاودێریکردنی جیهان و ڕووداوەکانی جیهان، بەڵام لەکۆتایی فیلمەکەی بەهمەنداو لە دوا گفتوگۆدا دەبینین کوڕە بێ قۆڵەکە بە سەتەلایت دەڵێت: (شەڕێکی زۆر شووم و گەورە بەڕێوەیە)، بەڵام ئاشکرایە ڕووداوەکان وا دەرنەچوون و منداڵە پێشبینیکەرەکە درۆی کردو ئەمجارەیان بەڕاستی حەیای سەتەلایت چوو، چونکە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سەدام خۆشی و شادی هەموو کوردستان و عیراق و جیهانیشی گرتەوەو زەماوەندی گەورەو جوان بەو بۆنەیەوە سازکرا، دیکتاتۆریش چاوەڕێی مەرگ دەکات لەزینداندا.
ئاخۆ ئەو کوڕە بێ قۆڵەش بەهەمان شێوەی هاوواڵاتییانی تری کوردستان بەئیمزایەك سەدام ڕەوانەی دۆزەخ دەکات..؟

# کۆدی داڤنشی
# ڕۆمانێکە هەرایەک لەجیهاندا دەنێتەوە

نوسینی/ سعید البرغوپی
وەرگێڕانی/ هیشام تاهر

گرنگی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە پشت بە چەند ڕاستیەکی بەڵگەدار دەبەستێ, چیرۆکی ئەو دژایەتیە نهێنیانە دەگێڕێتەوە لە نێوان شوێنکەوتوانی کەنیسەی کاسۆلیکی‌دا ئەوانەی باوەڕیان بە خوایەتی مەسیح هەیە بۆ بەدەستهێنانی (پەرداخی پیرۆز) ئەو پەرداخە پیرۆزەی کە مەسیح لە (دوا خوان) دا لێی خواردەوە و دواتر خوێنەکەی تیادا کۆکرایەوە دوای لەخاچدانی, لەگەڵ شوێنکەوتوانی کۆمەڵە نهێنیەکاندا, لەسەرویانەوە (برایانی سیۆن) ,ئەوانەی باوەڕیان وایە مەسیح مرۆڤێکە خاوەنی پەیامێکە و پەرداخی پیرۆزیش منداڵدانی (مریەمی مەجدەلیە) یە کە ژنی یەسوعە و نەوەیەکی لێ کەوتۆتەوە (بە پێی ڕۆمانەکە), کە دواتر بووە بە نەوەی (پادشای پیرۆز),ئەمانەش لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکیەوە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ ڕاونراون. ئەم دژایەتیکردنە هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جار بە نهێنی پەرەی سەندووە. لەم نێوەندەشدا چەندین ملیۆن لە شوێنکەوتوانی (مێینەی پیرۆز) بوونەتە قوربانی.

پێش ئەوەی بچینە ناو دارشتنی ڕۆمانەکەوە و ڕایەڵە سەرسوڕهێنەرەکەی پێویستە ئاماژە بە




کۆمەڵێك ڕاستی مێژوویی بدەین, ئەوانەی کە نووسەر جێگیری کردوون لە پێشەکی کارەکەیدا و کردوونی بە خاڵی سەرەکی بۆ

دارشتنی. لەوانەش (کۆمەڵەی سیۆن) ی ئاینی، کۆمەڵەیەکی ئەوروپیە لە ساڵی 1099 دروستبوون، ساڵی 1975 لە کتێبخانەی نیشتمانی پاریس چەند دەستنووسێکی نهێنی دۆزرایەوە ناوی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە نهێنیەیان تیادا هاتبوو، لەوانەش چەندین کەسی ناودار لە مێژووی داهێنان و ڕۆشنبیری دا وەك: لیۆناردۆ داڤنشی، ئیسحاق نیوتن، ساندرو بوتشلی، ڤیکتۆر هۆگۆ ...

ڕاستیەکی تر وەك نووسەر دەیگێڕێتەوە (برایانی ئۆپۆس دای) ی توندرەوە، کە سەر بە ئەسقوفیەتی ڤاتیکانە، لە ساڵی 1928 لەسەر دەستی قەشەیەکی ئیسپانی دروست بووە بە ناوی (خۆسێ ماریا ئەسکریڤا)وە. ئەمانەش بەوە ناسرابوون کە ئازاری خۆیان ئەدا، وە بارەگایەکی جیهانیان کردەوە لە (نیۆرك) لەلایەکی ترەوە نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات، وردەکاریەکانی ناو ڕۆمانەکە وەسفێکی ڕاست و دروستی ئەو — گڤوس — و کارە هونەری و بیناسازی و بەڵگەنامانەیە کە لە واقیعدا بوونیان هەیە.

## تاوانێك لە (لۆڤەر)دا

ڕۆمانەکە بە تاوانی کوشتنی ئاڵۆزی (جاك سۆنێر) دەستپێدەکات، کە لێپرسراوی مۆزەخانەی لۆڤەرە، هەرچەندە نووسەر لە سەرەتاوە ناسنامەی بکوژەکەی ئاشکرا دەکات، ئەویش (سیرس) ە یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئۆپۆس دای، بەڵام لە ئاڵۆزی و — تشویف — و وروژاندن کەم ناکاتەوە کە دواتر لە ڕووداوەکاندا ئاشکرا دەبێت، بە تایبەتی کاتێك لای خوێنەر ئاشکرا دەبێت کە (سۆنێر) ی لێپرسراوی مۆزەخانەکە یەکێکە لە چوار سەرۆکە گەورەکانی کۆمەڵەی (سیۆن) ی نهێنی. هۆکاری کوشتنەکەش لەپێناوی بەدەستهێنانی (کلیلە بەردینە) کەدایە کە دەیانگەیەنێتە شوێنی (پەرداخی پیرۆز) ، ئامانجیش پەیداکردنی بەڵگەنامە نهێنیەکانە بۆ سووتاندنیان و شاردنەوەی یەکجارەکی، بۆ ئەوەی سنوورێك دابنرێت بۆ مەسەلەیەك کە سەردەمێکە هەڕەشەیە لە بوونی ڤاتیکان.

کارەکە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێ خوێنەر پێدەزانێ هەرسێ سەرۆکی کۆمەڵەکە پێش سۆنێر کوژراون، بەڵام هەموویان زانیاری هەڵەیان داوە لەسەر شوێنی (کلیلە بەردینە) کە، بەمەش بکوژەکە دڵنیابوو لە ڕاستی ئەو زانیاریانەی کە پێچەوانەی یەکتر بوون. بۆ ئەوەی ئەو نهێنیە ون نەبێت (سۆنێر) لە شوێنی ڕووداوەکەدا کۆدێکی جێهێشت کە ئاماژەیە بۆ بوونی (پەرداخی پیرۆز) داوای کردووە لە (صوفی نوڤو) ی کچەزای کە کاردەکات لە بەشی کردنەوەی کۆدەکان لە پۆلیسی دادوەری فەرەنسی پشت ببەستێ بە (لانگدۆن) کە شارەزایە لە کردنەوەی هێماکانی (خواوەندی پیرۆز) ، هەر لەو کاتەدا لە پاریس بووە بۆ وتنەوەی — محاچرە — لەبارەی کردنەوەی نهێنیەکانەوە.

بەڵام ناوی لانگدۆن لە شوێنی تاواننەکەدا و لەسەرەوەی — مەوعیدەکانی — سۆنێردا، وایانکرد پۆلیسی دادوەری گومان بکەن کە ئەو بکوژەکەیە، بەمەش دەبێت بە تاوانبارێك بەلایانەوە. لەم جومگە گرنگەدا ڕۆمانەکە دابەش دەبێت بۆ دوو هێڵی سەرەکی و لێك ئاڵاو لەیەك کاتدا. هێڵی یەکەم ئێستایە کاتی گێڕانەوەکەیە بۆماوەی سێ ڕۆژ درێژەی هەیە، نووسەر تیایدا — ملابسات — ی تاوانەکە و ڕاکردنی لانگدۆن و صۆڤی دەگێڕێتەوە لەدەستی پۆلیسی دادوەری فەرەنسی و ئەو هەوڵانەی ئەیدەن بۆ کردنەوەی هێمای کۆدەکان بە یارمەتی زانای بەریتانی (سیر تیبینگ)، دواتر ڕووداوەکان دەریدەخەن کەسی سەرەکیە لە تاوانەکاندا — ئەمەش هێڵێکی خوازراوە — (مفترچ) خەیاڵی نووسەرەکە دروستی کردووە بە هەموو ڕووداو و کەسایەتیەکانەوە.

هێڵی دووەم هێڵی مێژووە، ئەو لێشاوی زانیاریانەیە لەسەر ڕابردووی پڕ نهێنی دژایەتی نێوان ڤاتیکان و پەیڕەوانی پەرستنی (مێینەی پیرۆز) دا، کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ، مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو و کەسایەتی و دژایەتی

خوێناوی و تاوانی کوشتنی ڕاستەقینە, کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی, دەستەیەك لە شارەزایانی بواری (زانستی جیاکاری ئاینەکان) ئەنجامیان داوە. ئەمانیش لە توێژینەوەکانیاندا پەنایان بردووە بۆ چەندین بەڵگەنامەی نهێنی و نووسراو کە پەردەیان لەسەر لادراوە, لەوانەش نووسینەکانی (دەریای مردوو). هەر لەم بارەیەوە نووسەر پەردە هەڵدەماڵێت لەسەر بیروباوەڕی کۆمەڵەی نهێنی (سیۆن) و — سروتیان و مێژوویان و گرنگترین ناودارەکانیان لەناویشیاندا داڤنشی یە کە ئالودەی هێما و کۆدەکان بووە لە تابلۆ بەناوبانگەکانیدا. ئەو نهێنیە ترسناکەی کە ئەم کۆمەڵەی پاراستووە پتر لە هەزار ساڵ نهێنی (پەرداخی پیرۆزە), نووسەر ویستویەتی لەم ڕۆمانەدا بەشێوازێکی پۆلیسی و بەچێژ پەردەی لەسەر هەڵماڵێ.

کۆمەڵەی نهێنی (سیۆن)

ئەم ڕۆمانە لەلایەن کەسایەتیەکانەوە دەریدەخات (برایانی سیۆن) یەکێکە لە کۆنترین کۆمەڵ نهێنیەکان لە جیهاندا, تاوەکو ئەمڕۆ چالاکی و کاریگەری خۆی هەیە, بارەگا سەرەکیەکەشی لە فەرەنسایە. بەردەوام هەوڵ ئەدات ئەو ئەندامانە لەخۆی کۆبکاتەوە کە کەسایەتی دەستڕۆشتوون لە ئەوروپا و ڕۆژئاوادا. لەو زانیاریانەی کە ڕۆمانەکە ئاماژەی پێ ئەدات لیۆناردۆ داڤنشی سەرۆکی کۆمەڵە و مامۆستایەکی پایەبەرزی بووە لە نێوانی ساڵەکانی 1510–1519ز دا. دروستکەری کۆمەڵەکەش (گود فروا دوبویون) ی مەلیکی فەرەنسا بووە, لەشاری (قودس) دا ساڵی 1099 دروستی کردووە, ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی قودس. مەبەستیش لەم دروستکردنە پاراستنی نهێنیەکی خێزانەکەی بووە لەسەردەمی مەسیحەوە و گواستنەوەی نهێنیەکە بووە بۆ نەوەکانی داهاتووی. بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم نهێنیە ئەندامانی کۆمەڵەکە لەو ساڵانەدا لە قودسدا بوون هەستان بە پێکهێنانی تیپێکی سەربازی بەناوی (سوارچاکانی هەیکەل)ەوە وەك ئاماژەیەك بە هەیکەلی سلێمان. ئەرکی ئەم تیپە گەڕان بوو بەدوای ئەو بەڵگەنامە نهێنی و شاراوانەدا لەژێر کەلاوەی پەرستگای (هیرودوت) دا (بەپێی باوەڕی ئەندامانی کۆمەڵەکە) کە لەسەر کەلاوەی هەیکەلی سلێمان دروست کراوە و لە ژوورێکدا لەژێر (قدس الّقداس) دا کە مەڵبەندی ئاینی جولەکەیە. بەپێی بڕوای (برایان) بەڵگەنامەکان نهێنی (گودفروا) دەسەلمێنێ, کە چەندین بەڵگەنامەی ترسناکن, تا ئەو ئاستەی کەنیسە هەموو شتێك دەکات بۆئەوەی بەدەستیانبهێنێ.

سوارچاکانی هەیکەل لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو بەڵگەنامانەدا ماوەی نۆ ساڵ گەڕان تا دۆزیانەوە و دواتر گواستیانەوە بۆ ئەوروپا, بەمەش بوون بە خاوەنی پلە و پایەیەکی بەربڵاو لەئەنجامی — مساوەمەکردنێکی — زۆر لەگەڵ پاپا ئینۆسی دووهەمدا, بۆئەوەی نهێنیەکە بپارێزن. ئەوەبوو فەرمانێکی فەرمی پاپایی دەرکرد, تیایدا ئازادی دینی و سیاسی بەخشیە (سوارچاکانی هەیکەل) تا ساڵی 1300ز سوارچاکانی هەیکەل توانیان هێزێکی گەورە لەخۆیان کۆبکەنەوە.


پاپا کلیمانتی پێنجەم هەستی بە ترسناکی ڕۆڵی (سوارچاکانی هایکەل) کردبوو, بۆیە بە هاوکاری فیلیپی چوارەمی پاشای فەرەنسا کەوتنە بیرکردنەوە لە لەناوبردنیان, لە 13ی ئۆکتۆبەری 1307ز دەستیان کرد بە هەڵمەتێکی گەورە لە هەموو ئەوروپادا, بۆ کوشتن و لەناوبردنی (سوارچاکانی هەیکەل), ژمارەیەکی زۆریان لێ سوتێنرا و ژمارەیەکیشیان بەدیل گیران. ئامانجی ئەم هەڵمەتە کوشندەیە بەدەستهێنانی بەڵگەنامە نهێنیەکان بوو, بەڵام بەڵگەنامەکان لای سەرکردەکانی سوارچاکان بوو. (برایانی سیۆن) ئەمانیش زۆر بەنهێنی پاراستبوویان بۆئەوەی دووربێت لە دەستی پیاوانی ڤاتیکان. ئەم بەڵگەنامانە بە نهێنی مانەوە, هەر ماوەیەك دەیانگواستنەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر, بەو شێوەیە شەش جار شوێنگۆڕکێیان پێکراوە, تازەترین بڕوا لەم بارەیەوە مەزەنەدەکەن لە جێگایەکدایە لە بەریتانیادا.

ئەم کارەش ناوی لیّ نراوە (سانگریاڵ) یان (پەرداخی پیرۆز), برایانی سیۆن بە گوڵێکی پێنج پەڕە هێمایان کردووە, ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاینە کۆنەکاندا کە لەسەر پەرستنی (مێینەی پیرۆز) دروستبوون, و لەگەڵ ئەو قۆناغانەی کە لە ژیانی مێینەدا بەرجەستەیە: لەدایکبوون — کەوتنە سەرخوێن — دایکایەتی — تەمەنی نائومێدی — مردن.

(برایانی سیۆن) بۆ پاراستنی شوێنی نهێنی (گریل) سیستمێکی ئاڵۆزی زانیاریان دانابوو تەنها مامۆستای گەورە و سیان لە شوێنکەوتوانی پێیان دەزانی, لەسەرجەم ئەندامەکانی تر دەشارایەوە لەبەرئەوەی داڤنشی مامۆستایەکی گەورە بووە, لێکۆڵینەوەیەکی هونەری قووڵی تابلۆکانی کراوە, لەو تابلۆیانەدا کۆدی شوێنی (گریل) بوونی هەیە, بەتایبەتی تابلۆکانی (خانمی بەردەکان) و (مۆنالیزا) و (دواشێو). بەپیّی بۆچوونی چەند لێکۆڵەرەوەیەکی مێژوویی لە تابلۆی (دوا شێو)دا وێنەی مریەمی مەجدەلی تیادایە, کە یەکێکە لە دوانزە هاوڕێکەی مەسیح و بە تەنیشتیەوە وەستاوە, ئەم تابلۆیەش شێوێنراوە و گۆڕانکاری تیادا کراوە لەلایەن کەنیسەوە, بۆ شاردنەوەی وێنەی مریەمی مەجدەلی.

## گۆڕانکاری گەورە

یەکێك لەو بابەتە وروژێنراوانەی ناو ڕۆمانەکە ئەوەیە, (برایانی سیۆن) بڕوایان وایە خاڵی گەورە و گرنگی گۆڕانکاری لەوەدابوو (کوستەنتین) ئیمپراتۆری ڕۆما بوو بە مەسیحی و کردیشی بە دینی ئیمپراتۆریەتەکە, بەمەش پێگە و جێگای (مێینەی پیرۆز)ی لە ئاینە نوێکەدا سڕیەوە, ئەوەش بە ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی گەورەی تانەوتەشەر بەدرێژی سیّ سەدە دوای خۆی. کوستەنتین و نەوەکانی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کاتیّ توانیان جیهان بگۆڕن لە پەرستنی مێینەوە بۆ مەسیحیەتی نێرینە, ئەوەش بە ترساندن و تۆقاندن و خوێن ڕشتن کە لە مێژوودا وێنەیان کەمە.




دادگای پشکنینی کەنیسەی کاسۆلیکی پەرتوکێکیان بڵاوکردەوە بە ناوی (مالوس مالفیکا روم) یان (چەکوشی سیحربازەکان), تیایدا ئاماژەیان کردبوو بە مەترسی بیروباوەڕی ژنە ئازادیخوازەکان لە زاناکان و قەشەکان و قەرەجەکان خواپەرستان و هەوادارانی سروشت, لەو سۆنگەیەوە سیحربازن و پێویستە دەریکرێن و ئەشکەنجە بدرێن و بکوژرێن. لەماوەی سیّ سەدەدا بەو شێوەیە کەنیسە توانی پێنج ملیۆن ژن بکوژێت و بسووتێنی, بەتایبەتی ئەوانەی گومانیان لیّ بکردنایە کە هاوسۆزیەکیان هەیە لەگەڵ جیهانی سروشتدا, ئەو مامانانەشیان دەکوشت کە زانیاری پزیشکیان بەکاردەهێنا بۆ کەمکردنەوەی ئازاری دایك لەکاتی منداڵبووندا, (بە پیّی ڕای ئەوان) ئەو ئازارە خودا داوێتی بەسەریاندا بەرانبەر یەکەم گوناه کە کردوویانە.

وەك لەسەرزاری کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هاتووە, کوستەنتین هەستاوە بە کۆکردنەوەی ئەو (ئینجیل) ەی ئەمڕۆ دەیبینین, تیایدا پێشنیازی بیرۆکەی (کوڕی خوا) ی بەشێوەیەکی فەرمی کردووە, دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار سەدە لەلایەن ئەنجومەنی (النیقاوی) دەنگی لەسەر درا, بەمەش مەسیح بوو بە گیانلەبەرێکی ئاسمانی لەسەرووی مرۆڤەوە, شوێنکەوتوانی ناتوانن لە گوناهەکانیان پاك ببنەوە لە ڕێگای پیرۆزی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆماوە نەبێت, ئەو ئینجیلە نوێیەی کە کوستەنتین بڕیاری لەسەرداوە, هەموو ئینجیلەکانی پێشووتری هەڵوەشانەوە کە باسیان لە سیمای مرۆڤانەی مەسیح دەکرد, هەموویان سووتێنران (ژمارەیان هەشت ئینجیل بوو), هەرکەسێك باوەڕی بەو ئینجیلە کۆنانە هەبوایە تاوانبار دەکران بە گومڕا و لادەر و ڕاودەنران و لەسێدارە دەدران.

وەك لە بەڵگەنامەکانی (دەریای مردوو) دا هاتووە کە لە ساڵی 1950دا دۆزراوەتەوە لە حەشارگەیەکدا لە ئەشکەوتێکی نزیك (قمران) لە بیابانی (نەقەب)دا, چەند ئینجیلێك ڕزگاریان بووە لە سووتان, لە بەڵگەنامە قیبتیەکانیشدا کە لە ساڵی 1945 دا دۆزراوەتەوە لە نزیك دەریاچەی (حمادی) دا هاتووە کە (گریل) چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە, بۆیە ڤاتیکان هەوڵی داوە بەدەستیان بهێنێ و بیانشارێتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە لە ئینجیلەکاندا چەندبارە دەبێتەوە کەنیسە دانی پیادا نەناون, هاوسەرێتی (مەسیحە) لەگەڵ (مریەمی مەجدەلی) دا کە لە خێزانی بنیامینە و تیرەیەکی شاهانەیە. بەپێی ئینجیلی (مەتی) بێت یەسوع لە خێزانی داودە و دەچێتەوە سەر مەلیك سلێمانی پاشای جولەکەکان, بە هاوسەربوونی لەگەڵ مریەمدا ئەم دوو تیرە شاهانەیە تێکەڵ دەبن, بەمەش ڕێگا خۆش دەبێت بۆئەوەی نەوەکانیان داوای عەرش بکەن و نەوەی پاشاکان بگەڕێنەوە وەك لەسەردەمی سلێماندا هەبووە. بە مانایەکی تر چیرۆکی پەرداخی پیرۆز, چیرۆکی خوێنی شاهانەیە, ئەو پەرداخەیە کە خوێنی مەسیح و مریەمی مەجدەلی تیادابووە, یان ئەو منداڵانەیە کە نەوەی شاهانەی مەسیحی هەلگرتووە.

بەپێی ئەم ڕۆمانە بێت (بوترس) ئەو هاوڕێیە نەبووە کە مەسیح نهێنی کەنیسە و چۆنێتی درووستبوونی داوەتێ, بەڵکو ئەو نهێنیەی داوە بە مریەمی مەجدەلی. بەڵام کەنیسەی کاسۆلیکی لەپێناوی مانەوەی خۆیدا هەستا بە شێواندنی وێنەی مریەمی مەجدەلی و بە سۆزانی لەقەڵەمی دا, لەهەمان کاتدا ئەو بەڵگەنامانەی شاردەوە کە دەیسەلمێنن شووی کردووە بە مەسیح, وە شەڕێکی ڕاگەیاند دژی بانگەشەی (سولالەی مەسیح) و مرۆڤایەتی مەسیح. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (برایانی سیۆن) بەڕاستی دەزانن, مریەمی مەجدەلی لەکاتی لەخاچدانی مەسیحدا سکی پڕبووە, بەمەبەستی پاراستنی مناڵەکەی بەیارمەتی (یوسف)ی مامی مەسیح لە خاکی پیرۆزەوە هەڵهات بۆ وڵاتی (گال) لە فەرەنسا, لەوێ لەناو کۆمەڵێ جولەکەدا مایەوە تاوەکو منداڵەکەی بوو و ناوی نا (سارە), شوێنی ڕاستی شاردنەوەی پەرداخی پیرۆز ئەو گۆڕەیە کە تەرمی مەریەمی مەجدەلی و بەڵگەنامەکانی گرتۆتە خۆ, کە چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی دەگێڕێتەوە, دەشگێڕنەوە بەناوی مریەمی مەجدەلیەوە ئینجیلێك هەیە چیرۆکی ئەو پادشایە دەگێڕێتەوە کە نەخرایە سەر عەرش.

لەکاتێکدا نەوەی مەسیح بەبەردەوامی و بەنهێنی پەرەیان دەسەند لەژێر ناوی جۆراوجۆردا, لە سەدەی پێنجەمدا لەڕێگای ژنخوازیەوە لەگەڵ پاشایەتی فەرەنسادا تێکەڵ بوون, ئەنجامەکەی — سولالەی — (میروفجیەی) لێ کەوتەوە کە بوون بە دروستکەری شاری پاریس, (گود فروا دوبویون) کە دروستکەری (برایانی سیۆن)ە یەکێکە لە نەوەکانی ئەم سولالەیە. ئامانجیش لە دروستکردنی (برایانی سیۆن) پاراستنی بەڵگەنامەکانی سانگریال و گۆڕی مریەمی مەجدەلی و پاراستنی نەوەکانی مەسیح بووە. زۆر لە لێکۆڵەرەوەکانی ئەم مێژووە مەزەنەیان

کردووە کە پەرداخی پیرۆز لەسەرەتای هەزارەی تازەدا بدۆزرێتەوە.

ئەم زانیاریە گرنگانەی ناو جیهانی ڕۆمانەکەی (دان براون) دژ بە چیرۆکە فەرمیەکانی کەنیسەی کاسۆلیکین، ڕۆمانێکە سیخناخە بە وروورژاندن و ڕووداوی سەیر لە فۆرمێکی پۆلیسیدا لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ڤاتیکاندا.

لەئەنجامدا (صوفی و لانگدۆن) توانیان نهێنی کۆدەکە بکەنەوە و دەستنیشانی جێگای شاردنەوەی (گریل) بکەن، کە مەزەنەدەکرێت بکەوێتە ژێر هەرەمێکی شووشەییەوە لە دەرگای تازەی چوونە ژوورەوەی (لۆڤەر)دا، کە سەرۆکی فەرەنسی (میتران) دروستی کردوە، نەخشەکەشی لەلایەن ئەندازیارێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەك چینی کراوە. لەسەر داوای میتران (666) پارچە شووشە لەو هەرەمەدا بەکارهاتووە، ئەو ژمارەیەش بەپێی باوەڕە باوەکان ژمارەی ئیبلیسە.

مەسەلەیەکی تری سەرسوڕهێنەر لە ڕۆمانەکەدا، دوو سێگۆشەی یەکتربڕە کە شێوەی ئەستێرەی شەش گۆشەی داوەدە، کە هێمایە بۆ یەکگرتنەوەی کۆئەندامی زاووزێی مێینە و نێرینە. ئەمەش چەندین پرسیاری گەورە دەوروژێنێ، ئەگەر چەند لایەنێکی تری وەربگرین کە ئاماژە دەکات بە تیرەی پادشایەتی پیرۆز، ئایا لەم کارەدا جۆرێك لە داشکانەوە هەیە بەلای وتەی (گەلی هەڵبژاردەی خودا)دا.

چەندین پرسیاری گەورە بە هەڵواستراوی ماوەنەتەوە کە ڕۆمانەکە ویستوویەتی لوغزەکانیان بکاتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە (دان براون) سەرکەوتوانە توانیویەتی بە بنیادنانی ئەم ڕایەڵە لێك ئاڵاوە خەیاڵی گێڕانەوە و زانیاریە ئەکادیمیەکان لە چوارچێوەی ڕۆمانێکی سەرسوڕهێنەردا کۆبکاتەوە.

*ئەم ڕۆمانەی ڕۆماننوسی ئینگلیزی (دان براون) کەپێش سی ساڵ بڵاو بۆتەوە هەرایەکی فراوانی لەنێوان ڕەخنە گران و خوێنەراندا ناوەتەوە بۆ 32 زمان وەرگێڕاوە 50 ملێنی لێفرۆشراوە.

# دۆسیە



<u>***بەشدار بووان***</u>

**هیوا دۆمان**

**بەختیار سەعید**


**مەریوان جەلال**

**هاوڕێ محەمەد**

**نامیق حەمە**

**جەزا بەکر**

**بەسەرپەرشتی: بەختیار سەعید**






# ئەم دۆسێیە بۆچی....؟

بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بیرمان لەوە دەکردەوە کە دۆسێیەک بۆ یەکێک لە هونەرمەندە شێوەکارەکان بکەینەوە، دواتر بڕیارمان دا لەم ژمارەیەدا دۆسێیەکەمان تایبەت بکەین بەهونەرمەندی شێوەکار (جەزا بەکر) کە یەکێکە لەو شێوەکارە دەست ڕەنگینانەی کە پێویستە بوو ئەم دۆسێیە تایبەت بێت بە ژیان و بەرهەمەکانی و لەو نێوەندەوە پەیوەندیمان بەو ژمارە کەمەوە کرد کە لەبواری هونەری شێوەکاریدا دەنوسن و ئەنجام ئەم بەڕێزانە توانیان بە بابەتەکانیان دۆسییەکەمان دەوڵەمەند بکەن، هیوادارین بە ئەرکی پێویستی خۆمان لە بەرامبەر داهێنانەکانی هونەرمەنددا هەستابین.

هەروەها بڕیارە لە ژمارەی داهاتودا دۆسییەکی تایبەت بە نوسەرو شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد) ئامادە بکەین، هەربۆیە داوا لە نوسەران دەکەین بە بابەتەکانیان ئەو دۆسێیە دەوڵەمەند بکەن.


**گەلاوێژی نوێ**



## جەزا بەکر:

# قەڵەم بۆیە ماتریاڵێکی جوان و ناسك و شەفافەو نزیکیشیە لە ئاوییەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە، ڕەنگی ئاویم زیاتر خۆشبوێت،


سازدانی: بەختیار سەعید



جەزا بەکر یەکێکە لەو شێوەکارانەی کە بەنەوەی هەشتاکانی شاری سلێمانی ناسراوەو هونەرمەندێکی سەنگینی بواری شێوەکاریی کوردییە، هونەرمەند ئێستا خوێندکاری بڕوانامەی ماستەرەو لەهەمانکاتدا مامۆستایە لەکۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی.

هونەرمەند ساڵی (1963) لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو ساڵی (1988) ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووەو خاوەنی دوو پێشانگەی تایبەتییە لەساڵانی (1994-2000)داو ساڵی (1992) خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووەو بەشداریی زیاتر لە(40) پێشانگەی هاوبەشدا کردووە لەکوردستان و دەرەوەدا.

- چەندین نووسینی لەبواری هونەری شێوەکاریدا هەیە, تازە ترین بەرهەمیشی کتێبێك بوو بەنێوی (فەلسەفەو تەکنیکی بزافە هونەرییەکان) ئە مە بێجگە لەوەی کەبۆماوەیەك ئەندامی دەستەی نووسەران بووە لەگۆڤاری ئاینده, ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانە لەگۆڤاری (شاکار).



***با بەو پرسیارە تەقلیدییە دەستپێبکەین، سەرەتاکانی جەزا بەکر بۆ دونیای هونەر چۆن دەستپێکرد..؟**

– پێش ئەوەی ئاماژە بەسەرەتای چوونە نێو دنیای هونەر بکەم، بەمانا جدییەکەی وەلێ تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییش بۆخۆی کاریگەریی زۆری بەسەر منەوە جێهێشتووە، بەتایبەتی جیهانە ئەفسووناوییەکەی منداڵی، لەنێو گەڕەکی (مەڵکەندی) کە تیایدا لەدایکبووم و زۆربەی تەمەنی هەرزەکاریشم تیایدا بەسەر بردووە، بۆ من وەکو ئاوێنەیەکە بەئێستایشەوە گەلێکجار بەپەنا دیوارو
لەسایەی سێبەرەکانیدا یادەوەرییەکانی خۆمی تێدا دەبینمەوە.

بەڵام پێش ئەوەی بچمە وردەکارییەکانی خولیای ئەوسای منداڵیم، پێویستە ئاماژە بەلایەکی دیکەی منداڵیم بکەم، ئەویش دوورخستنەوەی (نەفیکردن)ـی خێزانەکەمان بوو بۆ باشووری عیراق بۆ شاری (ناصریە)، کە چەند ساڵێکمان لەوێ بەسەربرد، ئەمەیش لەپای ڕەوشی نالەباری ئەوسای کوردستان بوو، کە هەر خاوەن وەزیفەیەك پاڵپشتی شۆڕشی بکردایە دوور دەخرایەوە، بەوەش باوکم بەخێزانەوە دوورخرایەوە. ئەم لایەنە بووە هۆی ئەوەی کە دوو ساڵ لەقوتابخانە دوابکەوم، بەڵام دواتر چوومە قوتابخانەی (پیرەمەگروون)، چوومە نێو دونیایەکی دیکەوە.

حەزی خوێندن و هۆگربوون بەخولیاکانم، کە دەکاتە سەرەتای حەفتاکان، بەجۆرێك بوو کە لەو سەردەمەدا خەڵك زۆر گرنگی بەخوێندن نەدەدا، بەتایبەتی خێزانە هەژارەکان، بەڵام ئەوەی کە بۆ من مایەی بەختەوەری بوو، دایك و باوکم هەرچەندە نەخوێندەوار بوون و هەژاریش بوون، بەڵام زۆر حەزیان بەخوێندەواری دەکرد. ئەم پاڵپشتییەی ئەوان بۆ من کە منداڵ بووم کاریگەریی گەورەی لەسەر جێهێشتم، فێری جدی و ئیلتیزامیان کردم، کە تائێستاش قەردباری ئەوانم.

بەڵام سەبارەت بەخولیاکانی سەردەمی منداڵیی ئێمە، ئەوا خولیاکان زۆر بچووك بوون،





***لەراستەوە بۆجەب هاوری هونەرمەند– ئومێد برای هونەرمەند– جەزا بەکر هونەرمەند***

بریتی بوون لە هەڵماتێن و هەلووکێن و فوتبۆڵێن، تەنانەت لەو سەردەمەدا بەتۆپێك کە لەتۆپ بچێت یاریمان نەکردووە.

کێشەیەکی دیکە ئەوەبوو، ئەگەر تۆ خولیایەکیشت هەبووایە، کەس نەبوو یارمەتیت بدات و بزانێت تۆ مەیلی چ دەکەیت و خولیای تۆ چییە..؟ بەپێچەوانەوە کە منداڵ و هەرزەرەکارانی ئێستا بەختەوەرترن، چونکە زۆر شت فەراهەم کراوە.

لایەنێکی دیکە تر سەبارەت بەژیانی خۆم، ئەوەبوو باوکم دەنگی زۆر خۆشبوو، شەوان کە ئەوسا زیاتر رادیۆ هەبوو، گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیقی بۆ دەوتم، شەوانی زستانیش بە لاوك و حەیران حکایەتی (ناسرو ماڵ ماڵ)ـی بۆ دەخوێندم، لەگەڵ (مەم و زین)، بە ڕاستی زۆر سەرسامیان دەکردم، زۆرجار خۆم بە ناسرو مەم و فەرهاد دەهاتە پێشچاو، ئەم کەشە کە زۆر کاری تێکردم سۆزی هەست بەجوانی و تێڕامانی لەنێو ناخمدا چاند.





1983 قۆناغی یەکەم – ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا.

دواتریش لەپۆلی پێنج و شەشی سەرەتاییدا بەهۆی وانەی (وێنە)وە، کە مامۆستا (جەمال)ێك پێی دەوتین، هەستی حەزکردن بەوێنەکێشان لەلام زیاتر بوو، لەبەرئەوەی وێنەکێشانیش پێویستی بە گۆشەگیری و هەوڵی تاکە کەسی هەیە، زیاتر بەرەو ئەو دونیایەی بردم.

ئەم حەزە لە ناوەندی و ئامادەیی درێژەی هەبوو، لەوانەش (م.عەلی جۆڵا، عەتا قەزاز، کوردۆ، ئیسماعیل خەیات)، ئیدی بەتەواوی کەوتمە دنیای هونەرەوە.

ئیدی لەودەمەوە خەریکی کاری هونەری بووم، واتە تابلۆی زەیتیم دەکێشا، هەروەها بە پاستیل وێنەمان دەکێشا، تەنانەت بە نەحتی بارز پۆرترێتی (حەسەن زیرەك)م دروست دەکردو لەلای ئۆرزدی باك لە دوکانی برادەرێکدا دامدەنا بۆ فرۆشتن، بەڵام ناوی خۆمم لەسەر نەدەنووسی.

هەروەها مەیلی نووسینی ئەدەبیشم هەبوو، بەتایبەتی پەخشان، ئیدی لەدوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی زانستی لەساڵی (1983)دا کە بە نمرەی (80)وە چوومە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا، لەو کاتەدا لە زۆر شوێنی دیکە وەردەگیرام، بەڵام بڕیارمدا خوێندنی ئەکادیمیا تەواوبکەم.


کەواتە سەبارەت بەپرسیارەکەت کە چۆن دەستم بەهونەر کرد، بەمانا جدییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەو بۆ ئەو پێشەنگە هاوبەشەی کە لەگەڵ هونەرمەند (چیمەن ئیسماعیل)دا مامۆستا ئیسماعیل خەیات بۆی کردینەوە، لەڕێی چالاکیی قوتابخانەکانەوە.


ئەمە سەرەتایەکی گرنگبوو بۆ دەستپێکردنی هونەر، ئەو کارانەی کە لەو پێشانگەیەدا بەشداریم پێکرد، بە (قەڵەم جاف) دروستکرابوون، کە ئێستاش پارێزراون، ئیدی دواتر کە چوومە ئەکادیمیا زانیم هونەر چییەو لەوێوە کاروانەکە دەستپێکرد.

***سەرەتای کارکردن بە قەڵەمی جاف بوو، پاشان قۆناغێك هاتووەتە پێشەوە کە ئەویش قۆناغی کارکردن بووە بە قەڵەم بۆیە، ئەو**




1986 لەگەڵ هونەرمەند سامان کەریم لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا






ناوی تابلۆ: ئەبستراکت پێوانە 35سم ×50سم ساڵی 1995

کەرەستە: قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر کارتۆنی کانسۆن







ناوی تابلۆ: گوندی خێڵی حەمە   پێوانە 35سم× 50سم   کەرەستە: رەنگی ناوی لەسەر کارتۆنی کانسۆن  ساڵ : 2004


**تایبەتمەندییە چیبووە کە تۆ لە قەڵەم جافدا دۆزیوتەتەوە، کە ببێتە سەرەتای کارکردنت..؟**

– مەسەلەکە تایبەتمەندێتی نەبوو، بەڵکو وەکو باسمان کرد، کەس نەبوو زانیاریی دروستت بداتێ سەبارەت بە مادەکانی تر، هەروەها

قەڵەم جاف هەرزانترین کەرەستە بوو، ئەگەرنا قەڵەم جاف لەڕووی هونەرییەوە بۆ کاری هونەری نابێت.

راستە ئێمە لەقۆناغی ئامادەییدا هەندێك شت فێربووین، کە ئەمە زەیتە، جوودایە، لە رەنگی پۆستەر، یان لە رەنگی ئاوی، بەڵام وانەی هونەر هەفتەی جارێك بەس نەبوو بۆ شارەزابوونی تەواو لە کەرەسەکانی دی، بەڵام دواتر کە چوومە ئەکادیمیا شارەزای کەرەستەکان بووم، هەروەها فێربووم کە چۆن تابلۆ بۆ زەیت ئامادە دەکرێت، زانیم هێڵکاری چییە..؟ یان گرافیك، لەمیانەی خوێندندا فێری لایەنی تیۆری و پراکتیکی بووم، هەروەها زۆربەی پێشانگە جیهانی و عەرەبییەکانی بەغدامان بینیووە، هەروەها خۆم بە قەردباری مامۆستاکانم دەزانم، کە ئاشنایان کردم بەدنیای هونەر، لەوانەش (محەمەد صبری، وەلید شیت، فایەق حەسەن)، کە زۆر سوودی هونەریم لێ وەرگرتوون.

وەکو خوێندکارە کوردەکانیش، ئێمە کۆمەڵێك خوێندکاری جدی بووین، هەمیشە پێکەوە گفتوگۆو کارمان دەکرد، بەتایبەتی (سامان کەریم، وەهبی رەسوڵ، چیمەن ئیسماعیل، ئاکۆ ئەحمەد)، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە چۆن لەسلێمانی کاربکەین، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا، هەروا سانا نەبوو کاربکەیت، بەتایبەتی رووبەڕووی هەڵهاتن و رۆیشتن بۆ سەربازی دەبوویتەوە.



دواجار وا ڕێکەوت من و سامان پێکەوە چووین بۆ سەربازی، هەر لەوێشەوە بڕیارماندا کاری بچووك بکەین، چونکە لە سەربازگە ناتوانیت کاری گەورە بکەیت، بەڵکو قەدەغەش بوو، بۆ ئەم خولیایەش ڕەنگی (قەڵەم بۆیە)مان هەڵبژارد، هەرچەندە پێشتر هەموومان بەبۆیەی قەڵەمی کارمان کردبوو، چونکە لە ئەکادیمیا دەمانخوێند، ئەم سەرەتایە لەلای هەریەك لەئێمە بەجۆرێك ئاقاری وەرگرت. ئەوەشم لەبیرنەچێت، ئەو کاتەی لە بەغدا بووین، هونەرمەندێکی (فەرەنسی) پێشانگەیەکی بە قەڵەم بۆیەی ڕەنگاڵەیی کردەووە، کە کاریگەریی زۆری بەسەر زۆربەمانەوە جێهێشت، بەتایبەتی بەسەر منەوە.

***ئەو تایبەتمەندییە چییە کە تۆ لە قەڵەم بۆیەدا دۆزیوتەتەوە، کە لە ئاوی یاخود پاستیل و زەیتدا نەتدۆزیوەتەوە، کە بتوانن پێکەوە وەك گرووپێك کاری پێبکەن؟**

– قەڵەم بۆیە ماتریاڵێکی جوان و ناسك و شەفافەو نزیکیشیە لە ئاوییەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە، ڕەنگی ئاویم زیاتر خۆشبوێت، تەنانەت ئێستاش وانەی ئاوی بەوپەڕی شەوقەوە دەڵێمەوە. بەمجۆرە لەڕێی ڕەنگی قەڵەمە دارینەکانەوە بڕەوم بەکاری هونەریدا، ئیدی کە لە دەربەندیخان سەرباز بووم، وێنەی دیمەنی شاخەکانی بەمۆو گوڵان و..هتد دەکرد، دواتر ساڵی (1989) لەگەڵ هونەرمەند (سامان کەریم)دا کە بەمۆڵەت هاتبووینەوە پیشانگەیەکی هاوبەشمان کردەوە، لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بەنێوی (پێشکەشە بە پاییزی شارەکەم)، دواتریش لەگەڵ هونەرمەندان (سامان کەریم و چیمەن ئیسماعیل)، پیشانگەیەکی تری هاوبەشمان بەنێوی (ئاوازو ڕەنگی پایین) کردەوە. لە پیشانگەی (پێشکەشە بە پاییزی شارەکەم) پیانۆژەن هونەرمەند (د.کۆرش) بەشداریی پیشانگەکەی بە ژەنینی زیندوو کرد، ئەمە بێجگە لەوەی کە هۆڵەکە پڕکرابوو لەگەڵای




لەراستەوە بۆچەوپ: شاهۆ موزیکار– هاودەم موزیکار– دانا ڕەئوف شانۆکار– دلاوەرقەرەداغی شاعیر
ئەوانەی کەراوەستاون لەراستەوە جەزا بەکر– خوێندکارێکی میسری 1986 بەغدا.

زەردی پاییز. ئەم ئاوێتەکردنە، جۆرێك نزیکیی لەهونەری (مفاهیمی–ئەنستەلەیشن)بوو.

ئیدی دواتر، دوای دامەزراندنی گرووپی هاوڕێیانی شێوەکار، کاری وێنەکردن بەقەڵەم، هونەرمەند (وەهبی ڕەسوڵ)یش بەشداریی پیشانگە قەڵەمییەکەی کرد، ئەمە بێجگە لەوەی کە بۆخۆی چەند پیشانگەی تایبەتی بەو مەتریاڵە کردۆتەوە، بەمجۆرە هەریەکە لەئێمە بەشێوازی خۆی گەشەی بەم ماتریاڵە دا، هەرچەندە ئەم ماتریاڵە پێشتر بەشتێکی هاکەزایی سەیردەکرا، بەڵام کارکردن بەم ماتریاڵە زۆر گرانە، بەڵام دەتوانرێت لەسەر ئاستی (داهێنان) کاری پێبکرێت.

دیارە هەر ماتریاڵێك بۆخۆی تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، لەبەرئەوە بەگشت ماتریاڵەکان کارم کردووەو هەریەکەشیان هەڵگری بەهایەکی ستاتیکیی قەشەنگە، بەڵام حوکمی ئەو شتانەی کە باسمانکرد وەکو نەبوونی کات و شوێنی گونجاوو سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستاندا، لەساڵانی نەوەدەکاندا کە تازە ئێمە دەستبەکاربووین لەدوای تەواوکردنی ئەکادیمیا، گرانی و بەدەست نەکەوتنی





پێشانگای وەرزێك لەسێو بەسەرپەرشتی، مامۆستای گەورە شێرکۆ بێکەس کرایەوە ساڵی 2000


ماتریاڵی دیکە، هۆکارێکی دیکە بوو، کە زیاتر لە رەنگی قەڵەمیدا قاڵبببینەوە، ئەگەرنا، لەکاتی خوێندکاریدا زیاتر بەتابلۆی زەیتیی گەورە دەناسرام، بەڵکو پرۆژەی دەرچوونەکەم کە لەسەر (چوار وەرزەکە) بوو، بەزەیتی کردوومە.
بەهەرحاڵ، رەنگی قەڵەمی شەفافە و لەهەمانکاتدا گران و ناسکە، چونکە نزیکیشیە لە رەنگی ئاوی کە زۆر حەزم لێیەتی، بەلام لەگەڵ ئەم ماتریاڵەدا رەنگی ئەکریلیك و گواش و ماتریاڵی دیکەی وەکو کۆلاج بەکاربراوە، بەلام بەهەمان شێوە خۆم لە ماتریاڵەکانی دیکەشدا دۆزیوەتەوە. تەنانەت پرۆژەی دەرچوونم بەپلەی (نایاب) تەواوکرد کە هەرهەموویان زەیتی بوون.
زۆربەی خەڵکی وا دەزانێت کە تۆ بە ماتریاڵێك کارتکرد ئیدی نابێت کار بە ماتریاڵی دیکە بکەیت، بەلام بەردەوام دەمەوێت ئەو هاوکێشەیە رەتبکەمەوە، هەر جارەو بەپێی خواستە هونەرییەکان ماتریاڵی جۆراوجۆر بەکاردەبەم.
ئێمەش وەك گرووپ توانیمان ئەم ماتریاڵە گەشە پێبدەین و بیگەیەنینە ئاستی داهێنان. هەر ماتریاڵەو رۆحێکی شاراوەی تێدایە، هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە کە بەسەلیقەی خۆی ئەو رۆحە شاراوەیە وەدەرخات. ئا بەمجۆرە تەکنیکی بەرزمان تێدا بەکاردەبرد، کە پیشانگەکانمان شاهیدی ئەو راستییەن، ئەمە بێجگە لەوەی ئەم ماتریاڵە لەلایەن کەسانی دیکەوە خۆشەویست بوو.

***کردنەوەی ئەو پیشانگەیانە بۆ چاوی بینەری شاری سلێمانی ئاسایی بوو، کە ئەوان راهاتبوون بە رەنگی ئاوی یان زەیتی..؟**

–بەڵێ شتێکی نوێ بوو، وەرگرو هونەرمەندەکانیش چێژیان لێدەبینی، چونکە ئەو ماتریاڵە زیاتر وەکو شتێکی هاکەزایی ناسرابوو، باشترین بەڵگەش ئەو بیانییانە بوون کە هاتبوونە کوردستان، بەجۆرێك زۆرترین ژمارەی تابلۆیان لێ کڕین و باشترین کڕیاری تابلۆکانمان بوون، کە زۆربەی تابلۆ باشەکانمان فرۆشراون، ئەمەش گۆڕانکارییەکی باشبوو لە رووی بواری کڕین و فرۆشتنی تابلۆوە، کە شتێکی زۆر ناسراو نەبوو لەلای ئێمە.

***لەدوای تەواوکردنی ئەکادیمیاو هاتنەوەتان بۆ شاری سلێمانی، کێ بوون ئەو هونەرمەندانەی بەردەوامبوونیان هەبوو لەکاری هونەریدا؟**

– دیارە هونەرمەندی چالاك هەبوون، لەشاری سلێمانی، کە بەردەوامییان هەبووە، بەلام رەنگە ئێستا ناوی هەموویانم بەبیردا نەیەت، بەلام بریتیبوون لەدەرچووانی ئەکادیمیاو پەیمانگاکان، بەلام لەبەرئەوەی ئێمە مۆزەخانەیەکمان نییە تاکو بزانین کێ زۆر کارابووەو کێ بەردەوام بووە..؟ دەبێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێین گەلێك هونەرمەندی بەتوانا هەبوون لەوکاتەدا کە رۆڵی خۆیان



هەبووە، جا لەبەرئەوەی ناوی کەس لەبیرنەکەم واباشترە ناوەکان نەڵێم، چونکە ناوەکان زۆرن، بۆیە نامەوێت ناهەقی بەرامبەر کەس بکەم.

***چۆنیەتیی بیرکردنەوە لەدامەزراندنی گرووپێك، کە گرووپی هاوڕێیانی شێوەکارە چۆن لەدایك بوو؟**

– ئێمە ئەو کاتەی خوێندکاربووین، بەردەوام بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئێمەش وەکو هونەرمەرندە جیهانییەکان، یان وەکو هونەرمەندە عیراقییەکان، پێمان باشە گرووپێکمان هەبێت، چونکە ئێمە لەڕێی مێژووی هونەرەوە ئەو راستیەمان دەزانی کە کاری دەستەجەمعی– گرووپگەرایی زۆر کاریگەرترە لە پیشانگەی تایبەتی، چونکە گرووپ لەڕووی بەرنامەوە کاردەکات و ئابووریی تایبەتیشی دەبێت. ئیدی ئەوەبوو ئەو خەونەمان کردە واقیع، بەتایبەتی لەساڵی (1992)دا ئیعلانی گرووپەکەمان کرد.

ئێمە دامەزراندنی گرووپێکی هونەریمان بەلاوە شتێکی گرنگ و نوێ بوو، چونکە کولتووری بینین لەلای ئێمە کزەو بەرفراوان نییە، بۆ ئەمەیش چەند پیشانگەیەکمان لە گەلەری (سالار مەجید) و گەلەرییەکانی دیکەی شارەکان کردەوە. هاوکات توانیمان لەڕووی تیۆرییەوە یەکەم گۆڤاری شێوەکاری بەناوی (پەیڤی رەنگ) دەربکەین، کە مەخابن بەهۆی هاوکاری نەکردنمانەوە نەمانتوانی ژمارەی دیکەی لێدەربکەین، بەڵام گرووپی هاوڕێیانی شێوەکار کە مانیفێستی خۆی هەبوو، زیاتر




قۆناغی سێهەمی وێنە کێشان 2004 لەکۆلیژی هونەر زانکۆی سلێمانی

ئامانجی گەشەپێدانی بزاوتی شێوەکاریی هەبوو، چونکە بەستێڵی جیاواز کارمان دەکرد، بەڵام ئامانجی سەرەکیی برەودان بوو بەڕۆشنبیریی هونەری، چونکە هونەری شێوەکاری بەمانا مۆدێرنەکەی بۆخۆی شتێکی نوێیە، تەنانەت لەناوچەی کەنداویشدا لەساڵانی (1940)ەوە هاتووەتە کایەوە.

ئەم رەوتی کارکردنەش لەڕێی گرووپەوە بۆخۆی جۆرێکە لە تازەگەری، کە توانیمان بیگەیەنینە شارەکانی هەولێرو دهۆك و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش.


***تاچەند بڕوات بەوە هەیە کە پێویستە کاری هونەرمەندێك تایبەتمەندییەکی هەبێت، بۆ نموونە کاتێك من سەیری کارێکی تۆ بکەم، بزانم ئەمە کارێکی هونەرمەند (جەزا بەکر)ە، ئەگەر بڕوات پێی هەیە، ئەو تایبەتمەندییە چییە کە لەکارەکانی تۆدا هەیەو بینەر بتوانێت بیناسێتەوە؟**

– تایبەتمەندێتی یانی کاراکردنی خەسڵەتە (خود)یەکای هونەرمەند لەنێو گوتاری هونەریی خۆیداو وەدەرخستنی لەڕێی تەکنیك و دەربڕینی راستگۆیانەوە. تایبەتمەندێتی گەلێك



لایەنی هونەری دەگەیەنێت، لەهەموو کاتێکدا هونەرمەند دەبێت بەپێی میکانیزمێکی تایبەتیی خۆی کاربکات، بەواتایەکی دی خاوەنی (ستێڵی) خۆی بێت، ساناترین پێناسەش سەبارەت بە ستێڵ ئەوەیە، کە دەڵێت: (ستایڵ خودی مرۆڤ خۆیەتی)، کەواتە هەموو مرۆڤێك ستێڵی خۆی هەیە، تەنانەت لە بچووکترین بابەتی ڕۆژانەشدا وەکو ئاخاوتن، ڕۆیشتن، هەڵسوکەوت..هتد، بەلام خودی ستێڵی تایبەتی هەر هونەرمەندێك دیسان پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، کە ڕەنگە لێرەدا نەتوانین بەتەواوی ڕوونی بکەینەوە، بەڵام تایبەتمەندێتی لەکاری هونەریدا لەزۆر لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێك لەو خەسڵەتانە وەکو تایبەتمەندێتی لە تەکنیك، قەوارەی تابلۆ، بابەت، شێوەی نمایشکردن، هەمەجۆریی پەیڕەوکردنی ستێڵی جۆراوجۆر، دیسان جۆرێکە لە تایبەتمەندێتی، یان هەندێك هونەرمەند لەڕووی فۆرمیولاکردنی ڕەگەزەکانەوە، تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، یان لەڕێی مەتریاڵی بەکارهاتووەوە، یان لەڕووی دووبارەکردنەوەی چەند ڕەگەزێکەوە، یان لەڕێی دووبارەکردنەوەی چەند ڕەنگێکەوە، یان لەڕووی (ملمس)ەوە. لەبەرئەوە تایبەتمەندێتی لەزۆر لایەنەوە پیادە دەکرێت، بەڵام دواجار تایبەتمەندێتی لەهەموو کاتێکدا هەر دیارە، ئیدی هونەرمەندەکە بەهەر شێوازو کەرەستەیەك کاربکات، ئەوا خودی هونەرمەندی پێوە دیارە، تایبەتمەندێتی لەبچووکترین پنت و بەشدا خۆی حەشارداوە.
لەو باوەڕەشدام کارەکانم چ قەڵەمییەکان بێت یان زەیتییەکان راستەوخۆی پێناسی خودی (جەزا بەکر)ی پێوە دیارە، بەهەر مادەو قەوارەیەکیش دروست کرابێت. بۆ ئەمەیش دەتوانین چەند تایبەتمەندییەك دەستنیشان بکەین، لەنێو کارەکانمدا، وەك فشاری بەکاربردنی قەڵەم و فڵچەکان، جۆری وەشاندنی، بەکاربردنی ملمس، یان قەوارەی تابلۆو قەوارەی فڵچەکان، یان لەوانەیە لەڕووی چەند ڕەنگێکی تایبەتییەوە بناسرێتەوە، وەك مۆرو شین و پەمەیی، کە زۆر نزیکن لەمنەوە.

تایبەتمەندێتی وەك باسمان لێوەکرد، خودی هونەرمەند خۆیەتی لەبچووکترین هەناسەدا، بەئاوایەکی دی بەکاربردنی راستەقینەی خەسڵەتە (خود)یەکانە، ئەم قسەیە بۆ هەر هونەرمەندێکی دیکە راستە، واتە ئەگەر کۆمەڵێك هونەرمەند پێکەوە هەمان بابەت ڕەسم بکەن و هەمان کەرەستەو هەمان قەوارەی تابلۆیان هەبێت، ئەوا دیسان هەر یەکەو تایبەتمەندێتیی خۆی هەیەو دەبێت بپارێزرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لایەنی دەروونی و بەتایبەتی (لاشعور) زۆر ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەدیاریکردنی تایبەتمەندێتیدا.
تایبەتمەندێتی لەلایەکی دیکەوە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی دەوێت، واتا مومارەسەی هۆشیارانەی دەوێت، کە چۆن بتوانن خەسڵەتە خودیەکانی خۆت بگۆڕیت بۆ سەر ڕووکەشی تابلۆ، گرنگ ئەوەیە تایبەتمەندییەکە بە راستی مۆرکی هونەریی پێوە بێت، ئەگەرنا هەموو هونەرمەندێك ڕەنگە کارەکەی بناسیتەوە، بەلام ناسینەوەکە ڕەنگە لەڕێی لاوازیی هونەرەکەیەوە بێت.
یەکێکی دی لەو تایبەتمەندییانە لەڕێی تەوزیفکردنی چەندین نیشانەوە پیادەکراوە، کە ڕەنگە کەشو هەوایەکی فەنتازیی پێوە دیاربێت، بەتایبەتی کارە قەڵەمییەکان، جۆرێك لە (واقعی سیحری)ی پێوە دیارە، کە تایبەتە بەو (مرجعە–ژێدەرە) فکری و سایکۆلۆژییە ژینگەییانەوە کە کاریان تێکردووم.
بەهەمان شێوە کارەکانی ئێستاشم ئەگەر سەیریان بکەیت، بەشێکی گەورەکراوە لە قەڵەمییەکان، بەلام بە زووم گەورە کراوە و بەرەو ئەبستراکت ڕۆیشتووە، دواجار گرنگترین تایبەتمەندێتی ئەوەیە بەردەوام (مرجع)ی تایبەتیی خۆم هەیە لەهەموو ڕوویەکی هونەرییەوە.
***تا چەند بڕوات بەوە هەیە کە پێویستە هونەرمەند چەند ستایڵێك تاقیبکاتەوەو کاری لەسەر بکات، لەهەمانکاتدا هونەرمەند هەیە سەرتاسەری تەمەنی یەك شێوازی وەرگرتووەو کاری پێدەکات، تا چەندە بڕوات بەوە هەیە کە پێویستە هونەرمەند ئەو شێوازانە تاقیبکاتەوە**








پۆرترێتی باوکم      ئاوی لەگەڵ قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ

**یاخود لە یەك شێوازدا بمێنێتەوە، هەروەها ئەو شێوازانە چین کە تا ئەمڕۆ تاقیتکردوونەتەوە؟**

– ئەمڕۆ چەمکی (ستایڵ) گۆڕاوە، چونکە (مەرکەزییەت) بۆ هیچ بیرۆکەیەك نەماوە، چیدی ناتوانین خۆمان لەتەنیا بیرۆکەیەکدا بهێڵینەوە، گۆڕانەکان زۆر خێران، ئێمەش ناچارین بەو ئاقارەدا ستێڵی خۆمان دیاری بکەین.

دیارە هەر هونەرمەندەو ئازادە چۆن کاردەکات، ڕەنگە هونەرمەندێك سەرتاسەری تەمەنی یەك شێواز بەکاربهێنێت و کاری جوانیش بکات، گرنگ نییە هونەرمەند چەند ستێڵ بەکاردەبات، گرنگ ئەوەیە ئاستی کارەکانی چۆنە، ئایا دەتوانێت داهێنانی تێدا بکات..؟ نموونەی هونەرمەندی جیهانی زۆرن کە بەیەك شێواز کاریانکردووەو باشترین داهێنانیان کردووە، ئەوە دەکەوێتە سەر کارامەیی و سەلیقەو کەسایەتیی ئەو هونەرمەندە، هونەرمەند هەیە مۆرکێکی جێگیری پێوەیەو کەمتر بزێوی دەکات، وەك (مۆندریان) تەنانەت ڕەنگەکانیشی دیاریکراون، کەچی هونەرمەندێکی بزێوی وەك (پیکاسۆ) نەك بە وێنەکردن وازناهێنێت، بەڵکو پەیکەرو سیرامیك و گرافیك و گەلێك شتی سەیرتریش دەکات، کەچی (مۆندریان) و (بیکاسۆ) هەردووکیان هونەرمەندن لەجێی خۆیاندا.

بەپێی ئەزموونەکانی خۆم، حەز بەجۆرێك لە ئەزموونگەرایی دەکەم لەڕووی بەکاربردنی ماتریاڵ و قەوارەو تەنانەت بابەتیشەوە، لەبەرئەوە زۆر ستایلم بەکاربردووە، چونکە ڕەنگە خەیاڵەکانم بەردەوام بەدووی جیهانی نادیارو تازەدا وێڵ بن، ئەو شێوازانەش کە تاقیمکردوونەتەوە یان خۆشمدەوێن، زیاتر تایبەتە بەخۆم و ناتوانم بیخەمە ژێر ناوێکەوە، بەڵام جۆرێك لەواقعی سیحری و تەجریدی و ئێستاش تەعبیری تەجریدیی پێوە دیارە،





لەراستەوە بۆچەپ
جەزا بەکر – ئازاد ئەحمەد–سامان کەریم–ئازاد صابر – دکتۆر کۆرش 1992/7/16 هۆڵی مۆزە خانە.

چونکە تەعبیری تەجریدی گوتاری زاڵی نێو تابلۆکانم پێک دەهێنێت.

هەروەها ماتریاڵی نوێشم بەکارهێناوە، وەك (وەتەر پروڤ) کە یەکەمجارە لێرە بەکاریبرێت، هەروەها ئەو ئەزموونەم بەخوێندکارانی کۆلێژی هونەریش کردووەتەوە.

***لە سەرتاسەری کاری هونەریتاندا کەمتر بیرتان لەکردنەوەی پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە، بۆچی؟**

– مەسەلەی کردنەوەی پیشانگەی (تایبەت) ئامرازێك نییە بۆ پێودانگ کردنی کارایی و بەردەوامیی هونەرمەند، یەکێك لەدیاردە گرنگەکان ئەوەیە کە ئێمە پێویستە کاری هونەریی خۆیی بکەین بە پێودانگ، دواجار کاری هونەری نەمرە، نەك ژمارەی پیشانگەی تایبەتی، چونکە ئێستا لەم سەردەمەدا زیاتر کاری دەستەجەمعی کاریگەرترە لەڕوی هونەرییەوە, هەروەها لەڕوی دیکەشەوە پیشەنگای تایبەتی لەسەرت دەکەوێت وەك ئەوەی رەنگە دووبارە کردنەوەی زۆری پێوە دیاربێت.


پێموایە خۆپاراستن لەپیشانگەی تایبەتی، بۆخۆی جۆرێکە لەشێوازی کارکردنم، کە زیاتر دەمەوێت لەپیشانگە هاوبەشەکاندا دەربکەوم، چونکە کاریگەریی زیاتر جێدەهێڵێت لەهەموو روویەکەوە، هەرچەندە دوو پیشانگەی تایبەتیم هەیە، یەکەمیان بەناوی (کەڤاڵی چیا)وە بوو، لەساڵی (1994)دا، پیشانگەی دووەمیش بەناوی (وەرزێك لە سێو)بوو، لەساڵی (2000)دا.

ئەگەر سەیری جیهانیش بکەین، دەبینین زۆر هونەرمەندی گەورە پیشانگەی تایبەتیان نەکردۆتەوە، بەڵام تابلۆکانیان لەپێشەوەی داهێنانەکاندان. ئەم قسەیە لەگۆرانییشدا راستە، گۆرانیبێژ هەیە چەند گۆرانییەکی هەیە، کەچی لەئاستی (ئەستێرە)دایە، هونەرمەندیش هەیە چەندین سیدیی هەیە، بەڵام نەبووە بەگۆرانیبێژ، لەبەرئەوەیە هونەرمەند چی پێشکەش دەکات..؟ ئایا کارەکەی لەچ ئاستێکدایە؟.

***پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

– بەدڵنیاییەوە پرۆژەم هەیە، لەئێستادا تواناکانی خۆم بۆ نووسینەوەی ماستەرنامەکەم تەرخانکردووە، بەو هیوایەی ئیزافەیەك بێت بۆ سەر لایەنی مەعریفی، تاکو بتوانم گرنگی بە لایەنی تیۆری بدەم، لەڕووی نووسینی شێوەکارییەوە کە لەلای ئێمە زۆر سستە. لەبەر ئەوە یەکێك لەو پرۆژانە، نووسینی چەند بابەتێکە دەربارەی هونەری شێوەکاری.

لەداهاتووی دوورتریشدا دیارە دەمەوێت گەشە بەو ستایڵە بدەم کە بۆ ماستەرنامەکەم پێشکەشم کردووە.





# رایەڵی گۆڕان لای هونەرمەند جەزا بەکر

هیوا دۆمان


سەرەتا بۆچوونە نێو جیهان و بەرهەمەکانی هونەرمەند (جەزا بەکر) پێم باشبوو چەند وشەیەك لەسەر بوونی کەسایەتیی هونەرمەند بدوێم، چونکە ئەم ڕێگایە لەبارێکی سایکۆلۆژییەوە پەیوەندییە هونەرییەکانی هونەرمەندانی پلاستیکی (شێوەکار)ی لەگەڵ ناوەندەکەی خۆی و دەوروپشتی دیاری دەکات و جیاکردنەوەیەك دەبێت لەنێوان لقەکانی تری هونەردا.

هونەرمەند (جەزا بەکر) کەسایەتییەکی کەم دوو و بێدەنگ، لەهەمانکاتیشدا بەشێوەیەکی کەم دەرکەوتن و تێکەڵاویی هەیە لەنێوان دیدارو کۆڕو کۆبوونەوە هونەرییەکاندا، ئەمەیش ڕەنگە گەڕانەوەیەك بێت بۆ ئەو پەیوەندییە ناوهێنانەی باس لەبوونی پەیوەندیی هونەرمەندانی پلاستیکی (شێوەکار)ی دەکرێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، بەپێچەوانەی لقەکانی تری هونەری کە شێوەیەکی دەستەکۆمەڵی بوونی هەیەو هەوڵی دەرخستنی بوارەکەیان دەدەن، بەڵام هونەری پلاستیکی (شێوەکار)ی بەرهەمە هونەرییەکانی دەبنە زمانی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەی هونەرمەندان و گواستنەوەی بۆ ناو کۆمەڵ، بەڵام ئەم بۆچوونانە لە دنیای هونەری پۆست مۆدێرندا بەپێچەوانەی گوزارشتەکانەوە دەبێت، تێکەڵبوون و لێك نزیکبوونەوەیەك ئەنجام



هیوا دۆمان

دەدرێت لەنێوان پەیوەندیکردنە لقەکانی هونەرو رایەڵەکانی تری ژیاندا، هونەرمەند (جەزا بەکر) لەناساندن و دەرخستنی کەسایەتیی خۆیدا ڕێچکەی یەکەمی گرتووەو تێکەڵبوونی لەڕێگای تەنیا هونەرەکەی بۆتە دەروازەی پەیوەندییەکان، گفتوگۆو شارەزابوونی کەسایەتیی ئەم هونەرمەندە لەئەنجامی شارەزابوون و ئاشنایی تابلۆو بەرهەمەکانییەوە دەبێت.. من هێندەی باس لە ڕێچکەو بەردەوامیی هونەرمەند دەکەم، تەنیا بوونێکی تایبەتمەندی خۆمەو لەڕێگای بەردەوامیی تەماشاکردنی ئەزموون و نموونەی بینراوی بەرهەمەکانییەوە ئاماژە بەڕایەڵی پەیوەندییە گۆڕاوەکانی هونەریی هونەرمەند




دەکەم. من لێرەدا دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو ئاماژە بۆکردنەی (بۆدلێر) کە باس لەوە دەکات هونەرمەندان خۆیان دەتوانن خوێندنەوەو پێناسی هونەری لەدنیای رەخنەو هەڵسەنگاندنەوە ئاماژەی بۆ بکەن.

رایەڵەی گۆڕان لە جیهانی هونەری رابردوو و ئێستای هونەرمەندا، هێندەی بینەرو وەرگرانی هونەرمەند ئاشنایەتییان لەگەڵ بەرهەمەکانی هونەرمەنددا هەبوو بێت لەجیهانێکی کەڤاڵی رەنگینەوە پەیوەندییەکان بەرکەوتنی تێدابوون: ئەو جیهانە کەڤاڵییەی هونەرمەند بەگەڕانەوەی بۆ سروشت و گۆڕانەکانی سروشت لەڕووی ئاوو هەواو پێکهاتەی کاتەوە، بەڵام ئەو سروشتە واقعی نییە، بەڵکو شێوە کارکردنێکە دوور لە کۆپیکردنەوەی سروشت، کاردانەوەو گۆڕانە بەردەوامەکانی سروشت لەڕووی پێکهاتەی سروشتییەوە، دەرئەنجامێکی کاراو ئەکتیڤ بوونی هەیە لەدنیای هونەری پلاستیکیداو لەهەموو نووسینەوەو داڕشتنە مێژووییەکانی هونەر ئاماژەیەکی کاریگەرانە بۆ رەنگدانەوەی سروشت لەدنیای هونەرمەنداندا دەکەن و بە بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی رەنگی و فۆرمان و هێڵییەکاندا پەنجەی بۆ رادەکێشن. بەدەر لەدنیای سروشت، لایەنێکی ئاکتیڤکراو هەیە، کە ئەویش هۆکارێکی گرنگی دەبێت لە رەنگدانەوەو گۆڕانە هونەرییەکاندا بوونی کولتوورو فەرهەنگی نەتەوەیی بەهەموو بوونە بەرجەستەکراوەکانییەوە بەشێک دەبن لەشوناسکردنی هونەرمەندان، کولتوور لەڕووی کەرەستەکانییەوە کەڤاڵێکی رەنگی پێکهێناوە کە دەتوانێت ئاماژەیەك بێت بۆ ناسینەوەو شوناسی بەشێك لەو نەتەوانەی لەم ناوچانەدا گوزەران دەکەن و لەڕووی دابەشکردنی هێڵ و رەنگ و فۆرمی فیگەرەکانەوە بەجیا لەگەڵ ناوچەیەکی تردا، لێرەوە هەست بەبوونی کۆمەڵگایەك دەکرێت، بەشێکی گرنگ و سەرەکی لەکاردانەوەیەکی کاراو ئاکتیڤ کراو لەنێو خودی رۆشنبیران بەگشتی و هونەرمەندان بەتایبەتی، لەناساندنی کولتوورو فەرهەنگیدا.

لەم دیدگا جیاکارییانەوە هونەرمەند (جەزا بەکر) پەیوەندییەکانی خودی هونەریی خۆی بەرجەستە کردووە. چ لە رێگای قەڵەمە رەنگینە دارینەکانییەوە بێت یان لە رێگای رەنگە ئاوییەکانییەوەو توانیویەتی کەڤاڵێکی رەنگینی بێ سنوور لەسەر رووبەرو پانتاییەکان ببەخشێنێت. ئاماژەکردن بۆ رەنگینییەتی سنوورەکان، بەو مانایەی رەنگەکان لای هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی پاراستنی ئیستاتیکیی خۆی و ئاوێتەی یەکتربوون و هیچ جۆرە سنوورێکی سانسۆر کراو نییە، کە خۆی بکاتە خاوەنی سنووری رەنگەکان، بەڵکو هێمایەکی پەرچەکرداری پەلکەزێڕینەیی دابەشکراون لەسەرەوەی تابلۆکانیدا.


*رەنگ.. هێڵ.. فیگۆر، لای هونەرمەند (جەزا بەکر) لەرابردوودا بە بەشێکی گرنگ و ئاراستەکراو بوونی هەبوو، سنووری نێوانیانی بەزاندبوو، بەتێکەڵبوونێك لەنێوان رەنگ و فیگەردا هەندێك جار بوونی نییەو هەستکردن بەهاوسەنگی بوونی نێوانیان بوون، ئەگەرچی فیگەرەکانی کاردانەوەو بوونێکی واقعییانەی لەخۆی گرتبوو، هەڵقوڵاوی واقعی کۆمەڵگاکەی بووە، لەدەربڕین و داڕشتنی پانتاییەکانیدا رایەڵی پەیوەندیی لەنێوان ئەم سێ بەشەی باسمان لێوەکردووە بێ سنوور تێکەڵاوییەکی وای بەخۆیەوە بینیووە، کە بینەر وا هەست دەکات کە لە یەك گۆشەنیگاوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی کاراتر هەوڵی بەرجەستەکردن و تەجسیم بوونی بەرهەمەکانی داوە لەدابەشبوونی سێ بنکەی هونەرییەوە، بابەتی داڕشتنەکانی لەگەڵ رەنگ و بوونی (کات) هاوسەنگییەکی تا ئەندازەیەك باشیان پێکاوە، ئەمەش وا دەبەخشێت رووداوە کاتییەکانی رۆژانە بەشێکی گرنگ بوون لەو داڕشتنانەدا.

ئاماژەکردنمان بۆ بیناکردنی کولتوورو کاریگەرێتییەکانیان لە دنیای هونەریدا، دەتوانم بڵێم بە بەشێکی گرنگ لە لای هونەرمەند (جەزا بەکر) ئاوڕی لێدراوەتەوە، لە کۆمەڵە بەرهەمی (کەڤاڵی چیاکاندا) بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەوە دەسەلمێنێت کە نەریتی کۆمەڵایەتی و هۆکاری بەکارهێنانی لای هونەرمەند، بە






زەیت + ئەکریلیک 100سم × 120سم



شێوەیەکی راستەوخۆ بوونیان لە پانتایی بەرهەمەکانیدا هەیە، لە زۆرپاو جۆری زۆرپا (دارین و نەوتی) یان پەنجەرەو دەروازەی چوونە نێو ماڵەکان کە لێرەدا پەیوەندییەکی ناوچەگەری و نەریتێکی کولتوری لای ئێمەیە دارشتنێکی زەخرەفی رەنگی هەمان هۆکاری کولتووری هونەرمەندە، یان ئەو پەیوەندییە بیرۆکەیەی کە (کات) وەك دەستنیشان کراوێکی سەرەکییە لەگونجاندن و دەرکەوتە رەنگییەکان، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد، دەرکەوتنی (کات) پەیوەندیی بە بیرۆکەکەیشەوە هەم ئاهەنگە.
*ریتمی کارکردن لەرابردوویدا هەست بەشێوە پێچاوپێچێك (حەرلەزۆنی) زیاتر دەکرێت لەبوونی رەنگ و هێڵەکاندا، بوونی پێچاوپێچێك بەشێوەیەکی سیادەی بوونی خۆی دەسەلمێنێت دوورە لەشێوەیەکی ئەندازەی چوارگۆشە یان لاکێشەییەوە، تەنیا رووبەری تابلۆکە وەك درێژی و پانی ئاماژەی بەئەندازەی ئەبستراکی کردووە، ئێمە لەئاماژەکردن بۆ سروشت و کاریگەرێتییەکان دەتوانین بڵێین هونەرمەندیش هەمان پشکی بەرکەوتووە لەچۆنیەتیی جیۆپۆلەتیکی سروشتی ناوچەکە بۆ ئاوردانەوەو یەکگرتنەوەی لەگەڵ ریتمی (ئیقاع) هێڵ و رەنگەکانی ئەودا.. لێرەوە دەتوانین رایەڵی گۆران لە رووی پێکهاتەی دارشتنی هونەری هونەرمەندا درك پێ بکرێت کە چۆن؟ بۆ؟ گۆرانێکی خێرا لە رووی دارشتنە رەنگییەکانی و ستایلی کێشانی رووبەرەکان و دابەشکردنە ئەندازەییە ئەبستراکتییەکان بۆتە نوێترین بەرهەمی ئەم هونەرمەندە.
لە کۆمەڵە بەرهەمە پێشاندراوەی (ماستەر—نامە)کەی، بینەر بەشێوەیەکی ترو دیدگایەکی نوێوە هونەرمەند بەدی دەکات. لە رووی گۆرانی قەبارەی تابلۆکانی و لێك نزیکبوونی یەکتری لەپێوانەو کارکردن لەماتریاڵی جیاوازداو دابەشکردنی رووبەرەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی، ئەبستراکتی ئەندازەیی (تجرید هندسی) چۆنیەتیی دروستکردنی گۆران و هەنگاونان بووە؟ یان پەیوەندییە بەبوونی خۆی لەناوەندی خوێندنی (ماستەر—نامە)و کاریگەرێتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پرۆفیشناڵەکانی خوێندنیاندا؟ یان هەنگاوەکان کتوپربوون لەبازدانی لەئەبستراکتێکی ریالیزمی دەربرین خوازییەوە بەرەو ئەبستراکتێکی ئەندازەیی روون یان هۆکاری نەبینراوی بەرهەمەکانیەتی لەلایەن وەرگرەوە. بوونی ئەندازەیی و دابەشکردنی لە رووبەرێکی ئەندازەییدا، مانای میکانیزمکردنی سنوورێکی کێشراو و دیاریکراو دەبێت بۆ رەنگ و فیگەرەکان، هەرچەندە لە رووی فیگەرەوە لەبوونێکی وەهادا ونەدەبن و لەپشت بیرۆکەکانەوە خۆی حەشار دەدات، تەنیا جوانییەکان (ئیستاتیکی) رەنگ و دابەشکردنە ئەندازەییەکان بوونی خۆیان دەسەلمێنن.
هونەرمەند لەم کۆمەڵە بەرهەمەیدا هەوڵیداوە لەچەند گۆشەیەکەوە ماتریاڵی جیاواز بە رووبەرەکەدا لەرێگای لکاندنەوە بەکاربهێنێت و شێوە تێکستچەرێکی نوێی لێ دابرێژێت بەجیا لەگەڵ رووبەرەکەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هونەرمەند ریتمی (ئیقاعی) رەنگەکان وەك وەشاندنی پەرەمووچەکان هەست بە پارچە پارچەکردنی پەرە مووچەکەی دەکەیت، هونەرمەند تەنیا لە رووی دارشتنەوە گۆرانی لەخۆیدا بەدی نەکرد، بەڵکو لە رووی پێکهاتەی رەنگیشەوە لەماتریاڵی رەنگێکەوە بۆ رەنگێکی تر لە رەنگی ئاوی و قەڵەمداری رەنگییەوە بەرەو رەنگی دروستکردنی پارستەییەك (سومك) کە هونەرمەندان ئەو رەنگانەی کە ئەو بارستەییە دروستدەکەن یان بەتێکەڵکردنی چەند کەرەستەیەك کە دەبنە هۆکاری ئەو بارستاییە، ئەمەش بەشێکی تری گۆرانەکان بووە لەهونەرمەند (جەزا بەکر)دا، بەڵام ئەوەی من لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەم رەنگە بەگومان بم لەو گۆرانەدا پەیوەندیی (کات) لەگەڵ (شوێن)، (زمان و مکان)ی کارکردنەکەیەوە هەبووبێت لە دنیای خوێندن و بەردەوامیی بەشتێك دەبێت لەو گەرانەی کە هونەرمەندان هەوڵی بۆ دەدەن و هەست بەبوونی نوێ و دەرچوون لەجیهانێکی دۆگما بوون و وابەستەکردنی خۆی لەشێوازێکدا.. کات






100سم × 120سم   زەیت + ئەکریلیک

لەگۆڕاندا لای هونەرمەند ئەم ساتە وەختەی خوێندنییەتی و چوونەوە نێو دنیای خوێندن و هەوڵدان بۆ گەڕان و چاوگێڕان بەدنیای گۆڕانی ژیان پەیوەندییەکانی هونەر لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرایانەدا.

(شوێن)ـیش خوێندنی زانکۆیەتی لە (ماستەر-نامە)دا، کە جێگایەکە بوونی ئەو گۆڕانانە لەدنیای زانستی و فەلسەفی و هونەریدا بەبەشێکی گرنگ و جێگایەکی شیاو دەژمێرێت لەسەر ئاستی جیهان و هەوڵێك دەبێت لە گۆڕینە ژیانییەکانی کۆمەڵگا، لەهۆکارو ئامانج و گرفتەکانی ژیان و کۆمەڵ.. گەڕانەوە بۆ لای رابردوو و ئێستای هونەرمەندا، یەك شێوازو ستایڵی کارکردن بەشێکی گرنگ نییە لەژیانی هونەرمەندا، بەڵکو گەڕان و دیاریکردن لەستایڵی جیاوازو مەتریاڵی جیاوازدا بەشێك دەبێت لەو گەشتە هونەرییەی کە هونەرمەندان هەنگاوی بۆ دەنێن، بەڵام لێرەدا دەبێت هونەرمەندان هێندە پابەندبوونێکی باوەڕبوون بەو گۆڕان و ستایڵی جیاوازو مارتیاڵانەدا بکات، کە دووربێت لە رووکەشکردنی دنیای هونەری و رازیکردنی وەرگردا.



# هونەرمەند جەزا بەکر و ئەزموونێکی بێدەنگ

مەریوان جەلال- لەندەن

هونەر کاردانەوەی خودی هونەرمەندە پاشان دەوروبەری بۆ ئەوەش کاتێك بەهرە لەدایك دەبێت و روو لەیەك بوار دەکات لێرەدا هونەرمەند هەوڵ دەدات خۆی بەرجەستە بکات تا سەرەتایەك بۆ خۆی دروست بکات و لە رێگایەوە هزرو بۆچوونەکانی بخاتە روو.

هونەرمەند جەزا بەکر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خودی خۆی بەشێوەیەکی دیار لەکارەکانیدا رەنگی داوەتەوە لە رێگای کارەکانییەوە دەتوانێت هونەرمەند بناسیت.

کەسێتییەکی بەسەلیقەو پڕ ئەزموون و شارەزا لە بوارەکەیدا پاشان پەل هاویشتنی بۆ نووسین وە کارکردنی وەك مامۆستایەك کە ئەمەیان بە پلەی یەك دێت لەلای من، ئەگەر بە وردی بڕوانینە کارەکانی سەرەتایەك هەیەو پاشان کۆتایی.


بیرکردنەوەی هونەرمەند بۆ دامەزراندنی کارێك بە سەرەتایەك دەست پێدەکات لە خەیاڵیدا کارەکە تەواو دەبێت و پاشان سکێچ و ئینجا داڕشتنی رێگاو شوێنی کارەکەو تا دەگاتە کۆتایی.

هونەرمەند لەگەڵ تەواوکردنی کارەکەیدا هیچ دوو دڵییەك بەجێ ناهێڵێ، ئەگەر کارەکەشی وابینرا کە تەواو نەبووە ئەوا لای هونەرمەند دوا هەناسەی فڵچەیان قەڵەمەکەی لەسەرە، ئەمەش لەو کارانەدا بەشێوەیەکی زەق دەبینرێت کە بە قەڵەمی رەنگاو رەنگ کێشراوون.




مەریوان جەلال- لەندەن

هەندێ جار جۆرییەتی ماتریاڵ خۆی بەسەر هونەرمەنددا زاڵ دەکات، سەلیقەی هونەرمەند جەزا بەکر لەوەدایە کە لە بەکارهێنانی ماتریاڵی جیاوازدا وەبەکارهێنانی بۆ خزمەتی کارەکەی و دۆزینەوەی تەکنیکی ترو نیشاندانی کاری جۆراو جۆر درێغی نەکردووەو زۆر بەسەرکەوتووانە بە ئەنجامی گەیاندووە، هەروەها تەجرەبەکردن لەگەڵ بۆیەی ئاوی و بۆیەی رۆنی و پاستیل و هەروەها بەکارهێنانی کۆلاج لە کارەکانیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری زۆر بەرزی پێ نەخشاندووە.






زەیت + ئەکریلیک 120سم × 100سم





ستایلی هونەرمەند دیارە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، هونەرمەند کەسێکی هەست ناسکە و کاردانەوەی دەوروبەر زۆر زیاترە لەسەری وەك لە کەسێکی ئاسایی، ئەمەش زۆر جار دەبێتە ئەوەی دەرچوونێك لە کارەکانیدا بکات کە جیاواز بێت لەو کارانەی پێشووی دیارە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ کاری نوێ و ستایلێکی تازە.
من بڕوام وایە سەرکەوتنی هونەرمەند پەیوەستە بەوەی کە لەیەك قاڵبدا نیش نەکات خۆی بەیەك شێوە ئیشکردنەوە نەبەستێتەوە هەرچەندە ئەمە پەیوەستە بە هونەرمەند خۆیەوە بەڵام گۆڕانکاری لە ماددەو ستایل و رووکردنە تاقی کردنەوە کاری تازەتر لەدایك دەبێت.
بۆیە گۆڕانکاری لە ستایلی کارکردن پەیوەستە بەو ئایدیاو ماتریال و کاردانەوەی دەوروبەر لەسەر هونەرمەند، هونەرمەند جەزا بەکر کە هەمیشە لە بەدوا گەڕان و گۆڕانکاری نوێدا بووە، کاتێك بیرۆکەکەی دەگەیشتە ئاستی تەنفیزکردن ئەو کات بیری لە جۆری داڕشتنی کارەکەی دەکردەوەو ماتریاڵی لە خزمەتی کارەکەیدا بەکاردەهێنا.
لەبەکارهێنانی رەنگ و کەلتورو سوود وەرگرتن لە داستانە کوردییەکان هونەرمەند زۆر کارامە کاری پێکردووە، هەمیشە پێوانەی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بەهەڵە دانەچێت وردەکارییەکی باشی بۆ ئەکرد، لە رێگای کارەکانییەوە جەزا ئەوەمان پێ دەڵێت ئەو لە وڵاتێکی دەوڵەمەند بە رەنگ و کەلتووردا دەژی، لە ئاست نیشاندانی ئازارەکانی میللەتەکەماندا کەم تەرخەم نەبووە، هەرگیز ئەو کاتەم بیرناچێتەوە کە لە پیشانگەیەکی تایبەتی هونەرمەند خۆیدا بووم، کەسێکی ناو هۆڵەکە کردو جەزا ئەو کاتە سەرقاڵی کارێکی تر بوو من وەڵامی ئەو کەسەم دایەوە وتم فەرموو: ئەم تابلۆیە مانای چییە؟
پرسیارەکەی بە پێکەنینەوە کرد پرسیاری لەسەر تابلۆیەك بوو کە مێرد منداڵێك بەدیار عەلادینێکی بەستووە دانشتووە پێدەکەنێت کەباسی لە خۆڕاگری دەکرد منیش وتم ئەوە خۆمانین لەسەر نەبوونی پێداویستیەکانی ژیان و دابین نەکردنی لە کارەباو نەوت و هەتا دوایی، کەچیی هەرچی پێدەکەنین وتم چونکە
ئێمە ئەممان پێ خۆشترە لە ژێر دەستەیی و ئازاردان و چەوسانەوە.
بابەتەکانی هونەرمەند هەریەکەیان چیرۆکێکە، یان









هۆنراوەیەکە کە دەکرێت بۆ هەریەکەیان کاتێک تەرخان بکرێت.
کارەکانی ئەم دواییەی هونەرمەند کە لە رێگای

(ئیمەیلەوە) بە دەستم گەیشت بریتی بوون لە 8 کاری ئەبستراکت بە قەوارەی جیاواز ماددەی جیاواز کاری کردووە، ئەم جارەش هونەرمەند، ئەوەی سەلماند کە ئەو بەدوای تازەگەری و مجازەفە کردن بە بیرۆکەو بە تەکنیکی کارکردن ئەکات.
ئەمجارە کانی رەنگ و هێڵ دوو فاکتەرن بە زەقی لە کارەکاندا دەیبینێت یەك ئەوی تر تەواو دەکات و هێڵی رەش وەك هێزێك

ددەیەوێت خۆی بسەپێنێت بەسەر تابلۆکەدا، بەڵام رەنگ بوار نادات چاوت بەرەو رەنگەکان دەڕوات.

ئەگەرچی کارەکان وەك ستایل جیاوازن، بەڵام هێڵێکی هاوبەشی لەنێوانیاندا دەبینیت کە یاری کردنە بە رەنگ، بە شێوەیەکی زۆر جوان.
لە دوو کاریاندا کە پێم وایە بە بۆیەو پاستیلی وشك کرابن وردەکارییەکی زۆر بەکارەکەوە

دیارەو لەو رێگایەوە یادگارییەکانی هونەرمەند بەدی دەکەیت و زۆر سەرکەوتوانە ماددەی بەکارهاتووی بەکارهێناووە.
ئەمەش هەر ئەوەیە کە لە سەرەتا باسم کرد لێوەکرد، هونەرمەند دەیەوێت یاری بە ماددەی جیاواز بکات و تاقیکردنەوەیان لەگەڵدا بکات، ئەمەش وای کردووە کە وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتوو هەمیشە لەبەرچاو بێت.
کارکردن و ئەزموونی ئەم هونەرمەندە وای کردووە کە ئەمڕۆ کەسێکی چالاك لە بواری مامۆستایەتی و نووسینیشدا رەنگ بداتەوەو هەمیشە وەك ئاگرێکی بە کڵپەو بۆ هەتاهەتایە نەکوژێتەوەو بەردەوامە.





# خوێندنەوەیەك بۆ ڕێبازی هونەریی جەزا بەکر

نامیق دەمە

خوێندنەوە و پرۆسەی خوێندنەوە بۆ هەر یەکێك لە کایە ڕۆشنبیرییەکان و پەیام و خوێندنەوەی خۆی هەیە و پێگەی خۆی دروست دەکات لەنێو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا، دەبێت ئاماژەیەکی دروست و تەندروست بۆ کاری سەرکەوتوو خوێندنەوەیەکی بەپێزی هەبێت، دەتوانین بڵێین خوێندنەوە یان خوێندنەوەی بۆ هەر کارێك جێگا و ڕێگای خۆی دەبێت و لەخزمەت کارە هونەرییەکەدا دەبێت، یەکێك لەو هەوڵە باشانەی کە دەتوانین کاری باشی تێدا بەدی بکەین لە دنیای هونەر گوزەرمان پێ بکات و ئاشنامان بکات بە دنیای خەیاڵ و فەنتازیای هونەرە جوانەکان، لە دنیای هونەردا هەست زۆر نهێنیمان بۆ ئاشکرا دەکات و پرۆسەی خوێندنەوە لێرەدا کاریگەریی خۆی دەبێت، دیارە سەرچاوەگرتنی خوێندنەوە لە بینینەوە سەرهەڵدەدات و دنیایەك جوانی لای بینەرەکەی دروستدەکات و دەبێتە یەکەمین هەنگاوی خوێندنەوەی دروست بۆ شاکارە هونەرییەکان، زۆر خوێندنەوە هەیە بۆچوونی جیاوازو لە ریتمی جیاجیاوە



نامیق دەمە

سەرچاوەی گرتووە، بەڵام چەند دەتوانین کاری باش دەستنیشان بکەین و بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی کارە هونەرییەکاندا بکەین؟ بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی جوانمان هەبێت، تا بتوانین لەخزمەت کاری هونەریدا بێت، یەکێك لەو پاڵنەرو کاریگەرانەی لەئەنجامی خۆشەویستی ئەودەقەدا پرۆسەی خوێندنەوە سەرچاوە دەگرێت دەبێتە نووسینێکی نوێ بۆ کارێکی نوێ







ئەکریلیك + زەیت    120سم × 100سم



دەتوانین لەزۆرێك لەنووسراوە باشەکاندا بەدیی بکەین، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەسەرپێییەوە لەسەر کارێك بنووسم کە نەتوانم هەقی خۆی بدەمێ یاخود لەبەرزیی کارەکە کەم بکەمەوە، ئەمەش مافێکی خۆمە کە دەتوانم راستگۆ بم لەگەڵ خۆم و ئەزموونی نووسینم.

(جەزا بەکر) یەکێکە لەو هونەرمەندە دیارانە کە لەگەڵ پێگەو رەوشی هونەرییدا بوونی هەبووە، چ وەك چالاکی، مەبەست لە ئامادەبوونی لەنێو هۆڵی پیشانگەکانە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین خاوەنی ئەزموونی خۆیەتی لەبوارەکەی خۆیدا. هونەرمەند وەك لایەنی تیۆری جێ دەستی دیارەو نووسراوەکانی شایەتی حاڵن، ئەمەش خۆشویستن و بەتەنگەوە هاتنی پەروەردەی رۆحییە بۆ هونەرەکەی، بۆیە دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان (جەزا بەکر) ببینین، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەم و لەم نووسینەدا ئەو گۆڕانکارییانەو جۆری کارکردنی هونەرمەندە کە لەو ساڵانەی رابردووەوە هەتا ئێستا ئیشی لەسەردەکات.

گومانی تێدا نییە لەدوای تەواوبوونی وەك خوێندکارێك لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکان وەك کارێك لەئەکادیمی و بەجۆرێك لەجۆرەکان وەك دەربازبوون لەقاوغی ئەکادیمی بەشوێن فۆرم و ستایلی تایبەتیی خۆیدا دەگەڕا، کە ئەمەش مافێکی سروشتیی هەر هونەرمەندێکە. هونەرمەند ئەوەندەی دەیویست بەرۆشنبیرییەکی باش و نوێگەرایەتی لەکارەکەیدا هەبێت بەپێی کات و سەردەمی خۆی، ئەمەش خەمێکی گەورەی هونەرمەند بوو، بۆ ئەوەی هەمیشە بەدەوڵەمەندی کارەکانی نمایش بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوە باشانەی کە دەبێت هەموو هونەرمەندێك باکگراوندێکی هونەری و رۆشنبیری لەپشت کارەکانیەوە هەبێت، تا چێژی تایبەتی و کاریگەریی خۆی هەبێت لەسەر بینەرەکەی. یەکێك لەو رێگایانەی کە هونەرمەند کاری تێدا دەکرد لەسەرەتای دوای تەواوبوونی پلەی خوێندنی ئەوەی بەرچاو دەکەوت، زیاتر بەقەڵەمی رەنگاوڕەنگ کاری دەکرد، ئەم ماتریاڵە وا کاریگەریی هەبوو لەسەر هونەرمەند، بەشێوەیەك لەشێوەکان منداڵیی خۆی دەبینی لەکارەکانیدا، وەك ئەوەی هەر لەمنداڵییەوە پەیوەندییەکی رۆحی و پراکتیکیی لەنێوان خۆی و قەڵەمە رەنگییەکاندا دروست کردبوو، ئەو پەیوەندییە زۆر رەگەزی منداڵیی هەڵگرتبوو، بۆیە لەئێستای گەورەییدا قووڵبوونەوەو وردەکاری و لێك ئاڵاندنی رەنگەکان دنیایەکی جوانی لای (جەزا بەکر) دروست کردووە.

ئەمە لەلایەك ئەگەر باس لەمێژووی ئەم جۆرە کارکردنە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتانەی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی کە وەك هونەرمەندو لەدیدو بۆچووندا هاوشێوەی یەك بوون، یاخود کاریان بۆ ئەوە دەکرد ببن بە بەشێك لەجموجووڵە هونەرییەکانی کوردستان، ئەمەش گرووپێکی لێکەوتەوە، دواتر بوون بەخاوەنی چەند پێشانگەیەك و (پەیڤێکیان) دەرکرد، کە دەتوانین بڵێین سەرەتای کارکردن و دنیابینییان بۆ هونەر لێرەوە سەرچاوەی گرت، بۆیە دەبینین لێك نزیکبوونەوە لەجۆری کارکردنیان بەئاشکرا هەست پێ دەکرا، بەتایبەتی هونەرمەندان (سامان کەریم، وەهبی رەسوڵ، جەزا بەکر) لەسەر یەك ریتم ئیشیان دەکرد، بەڵام ئەوەی زوو دەربازبوو خۆی قوتارکرد، سەرەتا لە (سامان کەریم)ـەوە دەستی پێکرد، ئەمەش بەهۆی پیشانگەیەکەوە لەگەڵەریی (سالار مەجید) بەئاشکرا هەستت بەو گۆڕانە دەکرد، دواتر هونەرمەند (وەهبی رەسوڵ) هەرچەند وەك خۆی ماوەتەوەو قووڵبۆتەوە لەڕووی تیۆری و فەلسەفییەوە کارەکانی خۆی برەو پێدا، دەتوانم بڵێم تاکە هونەرمەند کە درەنگ گۆڕانکاریی بەسەردا هات (جەزا بەکر) بوو، یان ماوەیەك لەبەرچاومان ونبوو، ئەمەش سەرقاڵبوونی بەدنیای هونەرو ستایل و ئەزموونی تایبەتیی خۆی دەگەڕا، هونەرمەند لەو ماوەیەدا ئەوەندە سەرقاڵی خوێندنەوەو کاری تیۆری بوو، دەرئەنجامەکەی کۆمەڵێك کاری تەجریدیی لێکەوتەوە، کە دەتوانین بڵێین زۆر جیاواز لەکارەکانی رابردووی. ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین








60 سم × 45 سم بۆیەی پەڵەیی لەسەر پانەرێ

تـەنها خۆدزینـەوەی هونەرمەنـدە بـۆ دنیـای تازەگـەری و بـەکارهێنانی کۆمـەڵێك ماتریـاڵی جۆراوجۆر، کە دەتـوانم بڵـێم کاریگـەریی خۆیـان هەیە بەسەر هونەرمەندەوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ سەلیقەو ئەزموونی هونەرمەند، چەند دەتوانێت رەگـەزەکانی نوێگەرایـەتی وەك خـۆی کاریـان پـێ بکات، دەتوانێت کاری نوێمان بـۆ نمـایش بکـات؟. ئەوەنـدەی لەنزیکـەوە کارەکـانم بـەدی کردبێـت و لەمـسم کردبێـت و تێـڕوانینی خـۆم هـەبێت بـۆی، کـۆی هـەموو کارەکـانی خۆدەربازبوونـە لـەو وردەکـاری و سـیمبولانەی کـە لـەڕابردوودا کـاری پێکـردوون، لەئێـستادا بوونەتـە کۆمـەڵێك رەنـگ و پانتاییەکانی دونیای رۆحی خۆی لێـرەوە فەراهـەم دەکات، ئەم تازەگەرییە یان ئەم دونیـای بینییـەی (جـەزا بـەکر) لـەدوای سـەرقاڵبوونی بەخوێنـدن و ئێستا کە وەکو

قوتابییەك لەبواری هێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر خـۆ دەوڵەمەندکردن و رۆشنبیربوون ئەم

کارانـەی لێکەوتۆتـەوە، یـاخود کۆمـەڵێك کاریگـەری و دەورووپـشت، یـاخود بینـینی دونیـای نوێ بەشێوە پانتاییە فراوانەکەی کۆمەڵێك جوانیی تـر لای هونەرمەنـد دروسـتبووە، بۆیـە دەبیـنین جێگـای فڵـچەکان و پانتاییـەکان لێکئـاڵان و هاوتەریبـی و لەیـەك نزیکبوونـەوەی رەگـەزەکان یان فۆرمەکان لێك نزیکبوونەوەیەك هەیە، ئەمـەش بووەتـە سـتایڵێکی نـوێ بـۆ هونەرمەنـد، بـەڵام ئەوەی گرنگە هونەرمەند پەڵە رەشەکانی لـەجێگاو شـوێنی شـیاو یـان دەتـوانم بڵـێم وەك پێویـست دانـەنرابوون، بۆیـە دەتـوانم بڵـێم لەخزمـەت کارەکەیدا نییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کـاری بـاش و شـیاوی نـەکردبێت، بۆیـە لەکۆتاییـدا ماوەتەوە بڵێم: هیوادارم ئەم نووسینەم لەخزمـەت پرۆسـەی خوێندنـەوەدا بێـت یـاخود خزمـەتی هونەرمەندی کردبێت.



# حاڵەتی پارادۆکس و هارمۆنیەت لە تابلۆی شێوەکاریدا لەلای هونەرمەند جەزا بەکر


هاوڕێ محەمەد

کاری هونەریی بریتیە لە گوزارشت کردن بەشێوەیەکی ئاگایی یان نائاگایی لە هەموو ئەو دیاردانەی کە بەشێوەیەکی راستەخۆ یان ناراستەخۆ بەر ئیحساس و ویژدان و شعوری هونەرمەند ئەکەون لەو ژینگەیەیی کە تیایدا ئەژی جا لەرێ ی هەستەوەری بیستنەوە بێت یان بینین دواتر بەهۆی ئەو رەگەزە ماددی و مەعنەوییانەی کە لەبەردەستی هونەرمەندەکەدایە سوودی لێ ئەبینێت و هەوڵ ئەدات پەیوەندیەك دروست بكات لە نێوان ئەو واقیعەی کە تایدا ئەژی و ئەو جیهانەی کە خۆی ئەیەوێت تیایدا بژی هەربۆیە ئەبینین بەرهەمە هونەرییەکە ئەبێتە چرکراوەی واتە (ئختزال) روئیای هونەری وەك حاڵەتێکی داهێنان کە بینینەکانی کەسی هونەرمەند تایدا تۆمار ئەکرێت دواتر رەنگدانەوەی (ریفلێکشنی– Reflection) ئەو واقعە کە کاری کردووەتەسەر هونەرمەندەکە وەك چەند فۆرمێك لە چەند دۆخێکی جیاوازدا بەجەستە ئەبێت و وە هونەرمەندەکە تەوزیفیان ئەکات لە ناو پانتایی تابلۆکەدا جا چ وەك کوتلە یان چ وەك هێڵ یان چ وەك پانتایی رەنگ بە تۆناتی جیاواز.



هاوڕێ محەمەد


هەربۆیە خوێندنەوەی بەرهەمێکی شێوەکاری لەروی رەخنەی هونەریەوە بەتایبەتی بۆ بەرهەمێك کە بە ستایڵی ئەبستراکت ئەنجام درا بێت لە ناو چوارچێوەی تابلۆیەکی پێوانە 100سم × 120سم بە بەکارهێنانی رەنگی رۆنی یان زەیتیی هەروا کارێکی ئاسان و سانا و ساکار نیە وە کارەکە زیاتریش بەر پرسیارتریش ئەبێت کاتێك بەرهەمی هونەرمەندێك بێت کە خاوەن







زەیت + ئەکریلیک 100سم × 120سم



ئەزمونێکی بەتەمەن بێت لە بواری شێوەکاریدا و وە بەتایبەتی ئەزمونی بەکارهێنان و مامەڵەکردن لە گەڵ رەنگەکان و تۆنە جیاوازەکانی دا، وە هەڵبژاردنی کەرەستەی وێنەکێشان چ وەك کەرەستەی رەنگ کردن چ وەك ئەو کەرەستەیەی کە وێنەی لەسەر ئەکێشێت وە بەەبکارهێنانی تەکنیکێکی هونەریی بەهێز بەشێوەیك جۆرێك لە هارمۆنیەتێکی تەواوکار ئەبینین لە تابلۆکەدا


لە لە هەمان کاتدا تیشك خستنەسەر دەرخستنی توانای بەکارهێنانی جۆرو قەبارەی ئەو فڵچانەی کە بەکارهاتون لە تێکەڵاوکردنی رەنگەکان و دانانی تۆنەکاندا کەئەمەش بەرای من ئەچێتەوە سەر بەشێکی گرنگی توانای هونەرمەندەکە و کاریگەری شوێنی فڵچە لەسەر پانتای تابلۆکە بەگشتی و تێکەڵ نەبونی رەنگەکان بە شێوەیەك هەر رەنگەو توانیویەتی تایبەتمەندێتی و پلەی کاڵی و تۆخی خۆی بپارێزیت کەواتە ووردی هونەرمەند لە دانانی رەنگەکان و جیاکردنەوەی تۆنەکانی لە یەکتری لەم تابلۆیەدا سەرەکی ترین خاڵە کە تابلۆکەی بە گشتی بە هێز کردووەو بۆوەتە سەرنجی بینەر رائەکێشێت وە هەروەها پاکی و رەونەقی رەنگەکان و ئەو هارمۆنیەتەی کە لە نێوان رەنگەکاندا هەیە خۆی لە خۆیدا بووەتە هێنانە ئاراوەی رەهەندی چوارەم کە ئەویش رەهەندی ویژدانیە لە تابلۆدا کە دوای دێمەوە سەر باس کردنی پاش سێ رەهەندەکەی تر.

لێرەوە ئەچمە سەر خوێندنەوەی تابلۆیەکی هونەرمەند جەزا بەکر کە یەکێك بوو لەو تابلۆیانەی سالّی 2005 بەرهەمی هێنابوو وەك ئتروحەی دەرچونی لە خوێندنی ماستەرنامە.

پێوانەی بەرهەمەکە 1م * 1م لەسەر قوماشی کانفاس بەبەکارهێنانی بۆیەیی رۆنی یان تیوپی زەیت ئەنجامدانی بەرهەمەکە بەگشتی بە بەبەکارهێنانی فڵچە بە قەبارەی جیاواز، ستایلی کارکردن (ئەبسترکت) واتە بونی فۆرم بەلاّم بە شێوەیەکی چڕکراوە و موختەزەل وە ئەبینین زیاتر رەنگ بە تۆنی جیاواز جیاواز لەگەڵ هێڵەکان جیگەی شێوەیان گرتۆتەوە ن لە هەمان کاتدا هونەرمەند هەستاوە بە دابەشکردنی روبەری تابلۆکە بۆ چەند ناوچەیەکی جیا جیا واتە کاتێك کە تەماشایی تابلۆکە ئەکەین چەند ناوچەیەك یان چەند پانتاییەك ئەبینین کە هەندێکیان وەك شێوەی ئەندازەیی بەرجەستە بوون وەك لاکێشەیەك لە بەشی خوارەوەی تابلۆکە وە لەلای راست و چەپی تابلۆکەشدا بونی دوو کوتلە وەلەبەشی ناوەراستی تابلۆکە بونی باکگراوندێك بەلاّم بە فلاتی بەلاّم لەهەر ئەم سێ بەشەدا هارمۆنیەتی رەنگەکان چ وەك رەنگە ساردەکان چ وەك رەنگە گەرمەکان بەسەر سەرتاپای تابلۆکەدا زاڵن و وایان کردووە کە بینەر وەك یەك پارچە تەماشای بەرهەمەکە بکات و حسابی یەك پانتایی بۆ بکات لە کاتێکدا وا نیە هونەرمەند هەستاوە بە جیاکردنەوەی ئەو بەشانەو هەر بەشەو بە جیا کاری خۆی تیا کردووەو حساباتی هێڵ و رەنگی بە جیا بۆ کردووە وە لەلایەکی تریشەوە هارمۆنیەتێکی تەواو هەیە لە نێوان شەفافیەتی هێڵ و تۆنی رەنگەکاندا وەك شێوازێکی تایبەتی هونەرمەند جەزا بەکر کە بینەری وا راهێنانەوە هەمیشە هارمۆنیەت تۆری چاوەکان تێر بکات.

وە لەئەم بەرهەمەدا ئەبینین هونەرمەند وەك هێڵی گشتی کارکردنی خۆی چوار جۆر رەهەندی بەکارهێناوە لە تابلۆکەیدا یاخود نزیکتر بلێین بینەر ئەتوانێت چوار جۆر رەهەند بەرجەستە بکات لەو تابلۆیەدا بەم شێوەیە:

رەهەندی یەکەم و دووەم واتە بەرزی و پانی کە بە ئاشکرا لە بەشی خوارەوەی تابلۆکەدا لەلای راستەوە دیارە وە لە شێوەی لاکێشەیەکدا بەرجەستە بووەو وەك پانتاییەکی جیا بینەر ئەتوانێت جیایی بکاتەوە لە بەشەکانی تری تابلۆکە بەلاّم لەروی ناوەرۆکی تابلۆکەوە دورنەکەوتۆتەوە و هەمان رەنگ و هەمان تۆن هێڵ و هەمان جوڵە هەیە لە پانتاییەدا، هەروەها رەهەندی سێیەم هەیە لە تابلۆکەدا کە ئەویش بریتیە لە پانی و بەرزی و قولایی کە ئەمەش لە بەشی ناوەراستی تابلۆکەدا دیارە و زیاتریش بە قولایی تابلۆکە بەرجەستە بووە بەهۆی دانانی چەندین تۆنی






ڕەنگە ساردەکان کە کەوتونەتـە نێوان ڕەنگـی سـپی و شـین و مـۆر و وە هـەروەها وەك هاوسەنگییەك بۆ کۆی تابلۆکە بە هەمان شێوە بـەکارهێنانی ڕەنگـە گەرمـەکان و ئەوانـەی ئەکەونە نێوان ڕەنگی زەرد و سوور و پرتەقاڵی یە.

ڕەهەندی چوارەم ڕەهەندی کاتە یـا (زەمـەن)ە کـە لـە تـەواوی تابلۆکـەدا بەرجەسـتە بـووە ئەویش لەڕێ ی دابەشکردنی تابلۆکە دیسان بۆ دوو بەشی تر وە بۆ پێکهێنـانی دوو فـۆرمی دژ بەیەك واتە هێنانە ئـاراوەی حاڵـەتی پـارادۆکس لە تابلۆکەدا بەم شێوەیە:

فـۆرمی یەکـەم ئـەبینین بەشـی زۆری پانتـایی تابلۆکەی پێکهێنـاوە ئـەویش بـە دروسـتکردنی جوگرافیایەکی جوڵا و ناجێگیر وەك تـەقینەوەی بورکانێك کە زەمەنێکە مۆڵی خواردۆتەوە لـەژێر زەمین و دواتر ئەبینین هونەرمەنـد توانیویـەتی بە هۆی وەشاندنی فڵچەوە زۆر بـە جورئەتـەوە جێی فڵچەکان بکاتە ئەلتـەناتیفێك بـۆ زەمـەنی بـەردەوامی موختـەزەل لـە نـاو تابلۆکـەداو لـە هـەمان کاتیـشدا هێمایـەك بێت بـۆ ئـەو هێـزە شارراوەیەی کـە وەرگـیراوە لـە سروشـتەوە چ وەك هێـزی جـوانی بـەخش (سـتاتیکا) لـە ئەنجامی تەقینەوەی سەرچاوەیەکی بورکانی چ وەك هێزی ئەو ڕەنگانەی کە لە کاتی هەڵچونی بورکانەکەدا دروست ئەبن و ئـەبینرێن یـان ئـەو ڕەنگانـەی کـە دروسـت ئـەبن دوای هێوربونـەوە و ئـەرام بونەوەی سەرچاوە بورکانیەکە، ئەمەی مـن هێمـای بـۆ ئەکـەم و ئەیـشوبهێنم بـە هەڵـچونی سەرچاوەیەکی بورکانی ڕای منە و خوێندنەوەی منە بـۆ تابلۆکـە ئەگـەر چـی ئەشـێت لـەلای هونەرمەند جەزا بەکر خۆی یـان لەلای بینەر شتێکی تر بێت.

بەشێکی تری تابلۆکە یـا دووەم فـۆرم کـە وجـودی هەیـە وەك فـۆرمێکی دژ بـە فـۆرمی یەکـەم ئەویش بوونی چـەندین شـێوەی تەکعیبیە لـە بەشـی ناوەڕاسـتی تابلۆکەو لە بەشی خوارەوەی تابلۆکەدا کە ئەم حاڵەتەش بە هەمان شێوە هێمایە بـۆ نـە بـونی جوڵە یا وەستان یان چەقبەستن (جمود)) واتـە شێوە تەکعیبیەکان لە حاڵەتی جێگیربوندان وە بە ڕەنگـی شـین و سـپی بەرجەسـتە کـراون وە بـونی ئـەم کۆمەڵـە شـێوە تەکعیبیـە وەك کوتلەیەك لە چیای سەهۆڵیی (کتلـە مـن الجبـل الجلیـدی) وایـە کـە بـە تەماشـا کردنـی بینـەر ئەخاتە ناو حاڵەتێکی ئارام و جێگیرەوە وە لـە هەمان کاتدا بۆ هاوسەنگی بەرامبەر بـە فـۆرمی یەکەم کەواتە من پێم وایە بـونی دوو فـۆرم کـە وەرگیراو بێت لە دیـاردەی سروشـتیەوە چ وەك هـەڵونی بورکـان یـان چ وەك کوتلەیـەك لـە چیایەکی سەهۆڵیی زیاتر هەوڵی هونەرمەنـد بـۆ سوود وەرگرتن لە ماهیـەت و سـەتحی بینـراوی ئـەو دوو دیاردەیـە وە بەرجەسـتەکردنی ئیحساس لـە هەردووکیانـدا بـەهۆی وەرگرتنـی ڕەنگەکایان و شێوە و ڕواڵـەتیان ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ئیحـساس و شـعوری بینـەر وەك چەمکێکی جوانی وە دواتر تێکهـەڵکێش کردنـی هەردوو فۆرمەکە تـاوەکو ئاسـتی هارمۆنیـەت و شەفافیت بەشێوەیەك کە بینەر تەواو پشوو بە چاوەکاتی ئەدات تاوەکو ببێتـە وەرگـر و دواتـر بگاتە ئاستی چێژ وەرگرتن.





# شیکردنەوەیەکی سیمیۆلۆژیی ئاماژەکانی ڕەنگ

## لە تابلۆی (نهێنییەکانی ئەودیو شین)ـی هونەرمەند هاوڕێ ئەنوەر

جەزا بەکر

زانیاری دەربارەی کەڤاڵ

ناوی تابلۆ: نهێنییەکانی ئەودیو شین

ناوی هونەرمەند: هاوڕێ ئەنوەر


ماتریاڵ و ڕووکەشی بەکاربراو: زەیت لەسەر کانفاس

پێوانە: (120سم ×70سم)

مێژووی بەرهەم: 1995

جێگەی تابلۆ: فرۆشراوە

خوێندنەوەی: جەزا بەکر







ناوی تابلۆ: نهێنییەکانی ئەودیو شین

هونەرمەند: هاوڕێ ئەنوەر

1–چاو پیاخشاندن.

2–دیاریکردنی خەسڵەتەکان.

3–شیکاری نیشانەیی.

**1- چاو پیاخشاندن:**


رووکەشی تابلۆکە لەڕێی دوو پێکهاتەی دیاریکراوەوە بونیادنراوە: بەشی سەرەوەی جەستەی رووتی ژنێکی راوەستاو دەنوێنێ و پۆشاکەکەی بەرەو سەرەوەی کەڤاڵەکە هەڵماڵیوە، کەڤاڵەکە
لەسەر رووکەشێکی (شینباو) بونیادنراوەو خەسڵەتی رەگەزەکانی نێو کارە هونەرییەکە، لەمیانەی سێ رەنگەوە دیاریکراوە، کە بریتین لەم رەنگانە: (ئۆکەر، پەمەیی، شین).
کەڤاڵەکە لەسەر بنەمای ئەکتیڤکردنی کرداری کۆنتراس لەنێوان (سێبەرو رووناکی)دا دامەزراوە، بەجۆرێك رووناکییەکە بەشێوەیەکی دراماتیکی، لەسەر جەستەی ژنەکەو پۆشاکەکەی پەخش بۆتەوە، لەکاتێکدا سەرجەم زەمینەی (باکگراوندی) کەڤاڵەکەو بەشێکی دیاریکراو لەجەستەی ژنەکە سێبەر دایپۆشیوە:

سێبەرو رووناکی ⟵ [ ئۆکەر+ پەمەیی= رووناکی / شین+ پەمەیی= سێبەر ] ⟵ بەدەرخستنی ئاماژە تەعبیرییەکانی رەنگ

جەستەی ژنەکە، سێبەرەکەی لە تۆناتە شینەکانی دەوروبەری خۆیەوە وەرگرتووە. بەهەمان شێوە سێبەری سەرپۆشاکەکەشی لەدەوروبەری خۆی خواستووە.

**2-دیاریکردنی خەسڵەتەکان:**

ژنەکە لەسەر بنەمای سیستمی لێکچوواندنی، (وێنای ئایکۆنی) دامەزراوە، کە بەهۆی شێوازی پێکهاتن و راوەستان و درێژبوونەوە شاقوولییەکەی بۆتە (سەنتەری) کارە هونەرییەکە، ئەمە بێجگە لەوەی کە رەنگەکانی ئیحائاتی فکری لەنێو بونیادی نمایشەکەدا هەڵگرتووە. بە ئاوایەکی دی کێشمەکێشی نێوان رەنگە ساردو گەرمەکانی لەخۆگرتووەو سێ تۆناتی رووناکی تەعبیرئامێز لەسەر جەستەی ژنەکە وەدەردەکەوێت، کە ئەمانەن:
سێبەر/ رووناکی/ سێبەر





سێبەر نەملاولای جەستەو ناوقەدی داپۆشیوەو ڕووناکییش لەسەر سنگ و مەمکەکانی پەخشبۆتەوە، بەمەش سێبەرەکە لەملاولاوە جەستەی ژنەکە دادەپۆشێت (تۆناتی شین و سەون)، لەکاتێکدا ڕووناکییەکە، کار بۆ بەدەرخستنی نهێنییەکانی سەرسنگی دەکات، بەتایبەتی مەمکەکانی و چەند نیشانەیەکی هاوەڵ لەتەکیدا: (ملوانکە، چەند پارچە کاغەزێکی پەرش و بڵاو)و تێبینیی شوێنەواری چرچ بوون لەسەر سکی وەدیدەکرێت، بەوەش دەتوانین خەسڵەتە هەرە دیارو ناوازەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بەدیاربخەین:

ئاماژە تەعبیرییەکانی ڕەنگ
- ئۆکەر ← نیشانەیەکی زاڵ
- تۆناتی شین ← نیشانەیەکی هێمایی (تارمایی)

لەسەر بونیاتنانێکی ڕەنگی تەلارسازی فۆرمیولاکراوە

فەزا (سپەیس) ← (نیشانەیەکی هێمایی) تارمایی

بۆ ئیزافەکردنی ئیمائاتە ڕەنگییە فیکرییەکان

فۆرم و ئیحائاتی تەعبیری
- ملوانکە/ نیشانەیەکی ڕەمزی
- کاغەزی پەرش وبڵاو/ نیشانەیەکی ڕەمزی
- وەدەرخستنی هەردوو مەمك/نیشانەیەکی ئاماژەیی
- چرچولۆچیی سك/نیشانەیەکی ڕەمزی (زەمەن)
- داپۆشینی سەری ژنەکە بە کوتاڵ/ نیشانەیەکی هێمایی

پەیوەندیی ڕەنگی بەدەلالەتی ساو (ملمس)
- فەزا ← لەسەر بونیادێکی تەلارسازی فۆرمیولاکراوە
- جەستە ← لەسەر چرچولۆچییە تەعبیرییەکانی (سادی پێست) بەدەلالەتی زەمەن بونیاتنراوە.

فۆرم + رەنگ ←—— چرچولۆچیی پێست ←—— کاریگەرییەکانی زەمەن

جەستەی ژنەکە لەگەڵ پۆشاکە هەڵماڵراوەکەی کەوتووەتە ململانێیەکی دراماتیکی تەعبیریی توندەوە، جەستەی ژنەکە لەرێی قەوارەو ئەو رووناکییە بەهێزەی کە لەسەریەتی هەژموونێکی دراماتیکی لەسەر بونیادی نمایشەکە داناوە، لەکاتێکدا (کوتاڵەکە – پۆشاک) لەمیانەی رەنگە شینەکەی فەزای دەورووبەریەوە جەستەی ژنەکەی لەخۆگرتووە. بەمەش جەستەی ژنەکەو کوتاڵەکە پێکەوە لەسەر ئاستی بونیادو دەلالەت کار بۆ وەدەرخستنی دەلالەتە تەعبیرییەکانی رەنگ دەکەن:

ئۆکەر= نزیکی

شـــین= دووری

پەیوەندیی نێوان ژنەکەو کوتاڵەکە لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

نزیکی ←—— ئۆکەر ←——وەدەرخستن

دووری ←—— شین ←—— تارمایی (داپۆشین)

### 3- شێکاری نیشانەیی:

ئاراستە: کارە هونەرییەکە، جۆرەها نیشانەی لەخۆ گرتووەو لێرەدا تێبینیی ئاراستە دەکەین وەك (نیشانە): ژنەکەو کوتاڵەکە (پۆشاکەکەی) بەرەو سەرەوەی کەڤاڵەکە ئاراستەیان وەرگرتووەو بەپێچەوانەی ئەوەشەوە هەریەك لە چرچولۆچیی سك و هەردوو مەمکی ئاراستەیەکی پێچەوانەیان وەرگرتووە بەرەو خوارەوەی کەڤاڵەکە. بیرۆکەی کێشمەکێش بەمجۆرە بونیاتنراوە:

ژن+ ئۆکەر (رووناکی)= بەدەرکەوتن/ ئامادەگی.

پۆشاك + شین (سێبەر)= شاردنەوە/بزربوون.

بەمەیش خەسڵەتەکانی رەنگ بەپێی سیستمی (کۆنتراس) وەك نیشانەیەکی ئاماژەبەخش لەنێوان رەنگە ساردەکان و رەنگە گەرمەکان کاردەکات، لەپێناو کاراکردنی ئاماژە رەنگییەکان، هەروەك رەنگی (ئۆکەر) بۆ ژنەکەو رەنگی (شین) بۆ پۆشاکەکەی.

لەلایەکی دیکەوەو بەئاوایەکی دیکە، بونیادی رووناکی لەسەر سیستمی کۆنتراس دامەزراوەو ئەمەیش بونیادی سیستمی رووناکی دراماتیکی هونەرمەندێکی وەك (رامبرانت)ت وەبیردەهێنێتەوە:

رووناکی × سێبەر

گەرم × سارد

دەرکەوتن × شاردنەوە

ئامادەگی × بزربوون

مەیل × چەپاندن ⟵ من × بەرزە (من)

قەوارە: دەتوانین بەپێی زانستی نیشانە ناسی، کەڤاڵەکە دابەشبکەین بۆ چەند یەکەیەک:

ژن: لەسەر قەوارەیەکی بچووکتر لەکوتاڵەکە بونیادنراوە.

رەنگ: گەرم.

رووناکی: تۆنێکی رۆشنی دراماتیکیی بەهێز.

جووڵە: ئازادبوون.

بەلام دەتوانین دژبەیەکییەک لەسەر ئاستی (مرجع– ژێدەر) بەم شێوەیەی لای خوارەوە بدۆزینەوە:

بچووک + گەرم + دراماتیکی= ئازادی.

بەلام پۆشاکەکە (کوتاڵ) لەسەر ئەم سیستمە بونیادنراوە:

قەوارە: گەورە= بارگرانی.

رەنگ: سارد= خەمناک.

رووناکی: مات = سستی


جووڵە: بەهێز= رەتکردنەوە.

گەورە + سارد + مات + رەتکردنەوە = دوورخستنەوە.

لێرەدا دەتوانین رێکخستنی نیشانەکان لەسەر ئاستی فۆرم و رەنگ و ئاماژە بەم شێوەیەی لای خوارەوە رێکبخەین:

ژن = مەیل ⟵ جووڵە ⟵ ئامادەگی ⟵ ئازادی.

پۆشاک = چەپاندن ⟵ دامرکاندن ⟵ بزربوون ⟵ جەورو ستەم.



# نامەی هونەرمەندان

**بۆ هاوڕێی خۆشەویستم جەزا بەکر**

هیوای کامەرانیت بۆ ئەخوازم و پیرۆزبایی ساڵی نوێت لێ بێت...بەڕاستی زۆر لەلام ناخۆشە کەماوەیەکە هەواڵتان نازانم و لێتان دورم وەداوای لێبوردن ئەکەم ئەمماوەیە بەهۆی لجوئەکەم و وەزعی کەمپەوە استقرار نەبووم تا بتوانم نامە بنێرم ئەوە بەولاوە هیچ کەمتەرخەمییەك نەبووە... وە لەمەولا باشتر ئەبێ وەزعم لەبەر ئەوەی لجوئەکەم وەرگرتوەو بە سیاسی قبوڵ کراوم بەڵام دوای ماندووبوونێکی زۆرو موجازەفەکردنم ئەوەم چنگ کەوتووە...

بەهیوام خەبەرو هەواڵی جەنابیشتان بزانم بەوردی وەزعی خۆتم پێ بگەیەنە.

برات

بەختیار ولاتی غەریبی

بۆ هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویستم کاك جەزا بەکر بە گەرمی لە هەواڵت دەپرسم و رووومەتەکانت ماچ دەکەم، زۆر رێزم هەیە بۆ باوکت و دەستی دایکت ماچ دەکەم.


هەواڵی خوشك و برایان دەپرسم.

کاکە جەزا گیان ئالانی برام زۆر هەواڵت دەپرسێت هەروەها دەستگیرانەکەم زۆر رێزی بۆت هەیە.

برام بەنیسبەت پیشانگەکەوە من لەهەوڵی خۆم بەردەوامم بەڵام لێرە واتە لە ئەوروپا ئەگەر هونەرمەندێ نەناسراو بێت زۆر زەحمەتە بەشداری بکات یان پیشانگەی تایبەتی بۆ بکرێتەوە لە شوێنە ناسراوەکاندا، ئێستا من بەهۆی هاوڕێیەکی خۆمەوە هەوڵێکی زۆرمان داوە لە لەندەن پیشانگەیەك بکەینەوە بە زۆربەی کۆمەڵ و رێکخراوە کوردییەکانمان ووتوە یارمەتیمان بدەن چاوەڕێی وەڵامین نوسخەی داواکاریەکەشمان بۆ ناردنەوە لەگەڵ ئەم نامەیەدا، ئەوە بێجگە لە هەوڵی زۆری شادمان لەسویسراو فەرەنساو منیش لە ئەڵمانیا.


کاك جەزا زۆر سڵاوم هەیە بۆ وەهبی رەسوڵ ومەریوان جەلال و بێگەرد عوسمان.

تلیفۆنی هەمیشەیی ونامە گۆڕینەوەمان بەردەوامە لەگەڵ کاك ئومێدی برات پێری قسەم لەگەڵ کردو بەتلفۆن هەواڵی باشەو هەواڵتان دەپرسێت هەروەها ئازاد صابر لە ئەسینایە و زوو زوو تلفۆنم بۆ دەکات زۆر قسە دەکەین بەیەکەوە وەکو خۆی باسی دەکات لەتورکیا پیشانگەی باشی کردۆتەوەو دەلیلی رەنگاورەنگی زۆر جوانیان بۆ طبع کردوە هەروەها لە ئەسینا بەشداری پیشانگەی



کـردووە هەرچـەندە ئیـشی نەفرۆشـراوە بـەڵام ئیشەکانی جێگای سەرنجی بینەران بوە.
هــەروەها ســیروان فتــاح ئــازاد دەبــینێ لــە ئەسیناو سیروان ژنێکی یۆنـانی هێنـاوە ئێـستا حامیلەیـە لـەوە دەچـێت بـەم زوانـە منـداڵیان ببێت.


ئازاد بەم زووانـە دەردەچـێت بـۆ لەنـدەن ئـیتر ئێمــە پەیوەنــدیمان بەیەکــەوە دەمێنێتــەوە، هیــوادارم کــاك جــەزا گیــان زوو زوو نامــەم بــۆ بنێری و چاو لە من مەکە...
هاوڕێ وبرات
ئاکۆ ئەحمەد
ئەڵمانیا/ نۆرنبیرگ
1998/8/1




١

بۆ هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویستم کاکە جەزا بەکر

بەگەرمی لە هەواڵت دەپرسم و ڕووخسارەکانت ماچ دەکەم.
زۆر [illegible] هەیە بۆ باوکت و [illegible] دایکت ماچ دەکەم.
هەواڵی خوشک و براکانت دەپرسم.
کاکە جەزا گیان [illegible] بەڵام زۆر هەواڵت [illegible]
[illegible]
بەڵام بەنسبەت پیشانگەکەوە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] ئێستا [illegible]
[illegible] لە لەندەن
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] زۆری [illegible]
لە سویسرا [illegible] لە ئەڵمانیا.
کاکە جەزا زۆر [illegible]
[illegible]




SYRIA/BOSRA - AMPHITHEATER
سورية /بصرى - مدرج بصرى

Rezgar. Amin
Branden Burgse plein 407
6834 BL. Arnhem
Holland

7.6.99. Arnhem

PHOTO VANE SHAHINIAN

2017


هاوڕێ ی ئازیزو خۆشەویستم
کاك جەزای هونەرمەند
1993/11/11

زۆر زۆر زۆر زۆر سلاوت لیٚ بێت وهیوای شادی بـۆ ئـەخوازم، وە سلاویـشم بـۆ هـەموو خێزانەکەتان و بەتایبەتی سلاوم هەیە بۆ کـاك بـەختیار، کـاك جـەزا گیـان داوای لـیٚ بـوردن ئەکـەم کـە تـا ئێـستا نامـەم بـۆ نـەناردووی، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك بووە، بڕوات هـەبێت کەسـم لـە یـاد نەچـووە، بـەلام بـە ناشـکوری نەبێت نامە ناردن زۆر زەحمەتە لەم باروودۆخە ناهەموارەدا، بەڕاسـتی هـەردوو گوێم بـووە بـە رادار، تا هەوالٚ بزانم گوایە یەکیٚ ئەڕواتـەوە بـۆ کوردستان، بەشکو ئەمـە خوایـە بتـوانم چـەند نامەیـەکی پیابنرمـەوە، بەهـەرحالٚ هیـوادارم نامـەی تۆشـم بەدەسـت بگـات لـە هـەوالٚت شارەزابم و بزانم دەنگ و باست چۆنە.

برای بەڕێزم هەروەکو لەنامەکەی کاك ئاکۆشدا باسـم کـردووە، هونـەر لێـرە تـەواو بـووەو هونەرمەنـدەکانی ئێـرە وا دەسـت و پەنجـە ئەلێسنەوە، من نالێم خوانەخواستە ئێوە تـازە بەرکولٚ ئەکەن، نەخێر، بگرە ئێوەش هیچتان لە هونەرمەندی ئەوروپا کەمتر نی یە، وە بەلای منەوە لە مانیش بەرزترن بەلام بەداخـەوە چـی بکـەین؟ خـۆ زروفی ئـەمرۆژە هـەروەکو مۆتەکـە وایەو سـواری شـانمان بـووە، بەڕاسـتی جـیٚ ی داخـە، بـەلام زۆر چـاکیش ئـەزانم کـە ئێـوەی بەتوانا هەمیشە ورەتان هەر بـەرزەو هـەر سـەر بلٚندن.

برای بەڕێز بڕوات هەبیٚ ئەم سەرزەمینە جیٚ ی حەوانەوەی تیا نەماوە، بەلام مـرۆڤ هـەر هـەولٚ ئەدا بۆ ژیان، بڕوات هەبیٚ منیش لێرە مورتـاح نـیم و زۆر جـار ئـاوات بـە سـەعاتێکی بـەر حەدیقـەی شـەعب ئـەخوازم، خۆزگـە عـەلاف ئـەبووم لـە ژێـر پردەکـەیا، کاکـە بەڕاسـتی خۆشترە، چوونکە ئەوان ئاسوودەترن.

کوڕە برای ئازیزم گویٚ مەدەریٚ لە کوێدا بـچڕا گریٚ ی دە، جـاخوا یـار بێـت لـە مـانگی (4)دا ئەگەڕێمـەوەو پێتـان شـاد ئەبمـەوە ئـەو کاتـە




لەنووکەوە باسی ئێرەت بۆ ئەکەم، کاك جەزا گیان تکایە سلاوم بگەیەنە بەگشت برادەران بەتایبەت کاك سامان، هەرچەندە وڵامی نامەکەی نەداوومەتەوە کە بۆم نارد، وە کاك وەهبی، کاك سیروان (نەحات) وە بەتایبەتیش سلاوم هەیە بۆ جەمال حاجی موشیر تو ئەوخوایە ئەگەر بینیت تێر لە باتی من ماچی کە، ئیتر هەر شادو سەرکەوتوبیت.

هاوڕێت محەمەد

بگات بەدەستی جەزا بەکر

سلاوێکی گەرم ڕێزم هەیە بۆ یەکە یەکەی ماڵەواتان کاکە گیان بەماڵی خاڵی ڕۆشنا نامەی تایبەتیم بۆ ناردوویت لەمانگی (6)دا دێمەوە ئومێدەوارم وەڵامم بدەیتەوە.
حەزم کرد هەواڵت بزانم، من تا ئێستاکە لە ژورەوەم یەك بارانەو شەو خۆم ئامادەکردووە کارەکانم بگرمە چوارچێوەی کارتۆن چونکە 99/6/11 دوا تاقیکردنەوەمە خۆم ئامادە دەکەم و مقابەلەیەکم کردووە بۆتان ڕەوانە دەکەم ئەگەر هێشتیان بۆم بلاوبکەنەوە ئەگەر نەبوو لەلای خۆتانەوە بیدەن بە یەکتری ودەمەوێت وەرەقەت بۆ نێرمەوە چ جۆرێکت پێویستە تکایە ئاگادارم بکەرەوە.

ڕزگار ئەمین
99/6/7



لەگەڵ ڕێزمدا بە کاك جەزا بەکر پێشکەشە.
ئەم کاتەت باش خوای گەلاو گوڵ گەنمە جۆ، هیوای لەش ساغیت بۆ دەخوازم وەدووربیت لە تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی بە ڕاستی کاکەجەزا زۆرتان بیردەکەم ئینشاللە بەدیدارتان شاد دەبمەوە، وا لێرە خەریکی هونەرم زیاتر (فن التنقیگی)و لەجۆرەکانی محەمەد عارف وجار جار ئەلوان مائی بەڕاستی موادی فنی زۆر گرانە تصورکە سەمیرەی خوشکم زەیت و دهنەکتان وفلچەی بۆ ناردووم وهەر خەریکم، بەهەرحاڵ هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم هەواڵی کاك (مامە یاسین) ئەپرسم، هەرخۆشیت.
ئەم تابلۆیەم لەبەر ئەوە نارد لە ئیشەکانی (محەمەد بن مهزول) دەچێت.

برات
نەوزادی حاجی خوارەحم
94/7/10

# گەلەری ئارام
# سەنتەرێك بۆ شێوەكارانی كوردستان



ئامادەكردنی: بەختیار سەعید

لەناو هەموو گەلاندا یەکێك لەوسیمایانەی کەدەکرێت ببێتە بنەما بۆ ناوو مێژووی گەلان بوونی گەلەرییە کە هۆکار دەبێت بۆ بەرەو پێشەوەچوونی کاری هونەری و تیایدا ئەومێژووە دەبێتە دەمڕاست بۆ داهاتوو ئەوداهاتووەی کە رابردوو داهاتووش پێکەوە دەبەستێتەوە، هەربۆیە گەلان لەبەر ئەوهۆیانە گرنگییەکی تەواو دەدەن بۆ دروستکردن و گرنگیدانیان بە بوونی گەلەری جیاواز لەناو شارو وڵاتدا،دیارە کوردستانیش بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی سیاسییەوە نەیتوانیووە گرنگی بەو بوارە گرنگە بدات و هەر ئەوەشە کەنەمانتوانیووە ببینە خاوەنی ئەرشیفێکی هونەری کوردی، بەڵام لەدوای راپەڕینەوە ئەو دیاردە لەهەرێمی کوردستاندا رووی لەگەشانەوە کردو چەند گەلەرییەك بۆ خزمەتکردنی هونەری شێوەکاری کوردی دامەزرا کە گەلەری زاموا و دواتر گەلەری دهۆك و پاشان گەلەری ئارام و دواتریش گەلەری کۆیە.

ئەمانە پێکەوە بوونەتە هۆکارێك کەخزمەتێکی شیاو بە هونەری شێوەکاری کوردی بگەیەنن، بەڵام لەنێو هەموو ئەو گەلەرییانەدا بەجیاواز گەلەری ئارام جگە لەکردنەوەی خولی تایبەت وبوار رەخساندن بۆ پیشانگەی هونەرمەندان ئەرکێکی گەورەی تری لەئەستۆ گرتووە کە ئەویش سازدانی گفتووگۆیە لەسەر کارەهونەرییەکان بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم گەلەرییە ئەم دیدارەمان لەگەڵ هونەرمەند (ئارام عەلی) خاوەنی گەلەری ئارام سازدا.

* سەرەتا با لەوەوە دەستپێبکەین چۆنێتی بیرۆکەی دامەزراندنی گەلەری ئارام لەدایك بوو؟

– یەکێك لەو رەهەندە سەرەکیانەی کە بیری لێکرایەوە بۆ دامەزراندنی گەلەرییەکە ئەوە بوو چۆن شێوازێکی کارکردنی جدی تر، شێوازێکی کارکردنی جیاواز، لەگەڵ زۆرێك لەو برادەرانە گفتووگۆمان کرد کە شوێنێکی ئاوا هەیە دەمانەوێت بیکەینە گەلەری، چی بکەین باشە، هەڵبەتە زۆرێك لەو برادەرانەی کە جدیانە کاریاندەکرد پێیان باش بوو کە شێوازێکی جیاوازبێت، هەر بۆخۆشم لەو بڕوایەدا بووم کە بواری گفتووگۆ بکرێتە یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە شانبەشانی هۆڵەکە دەکرێت تابلۆی پیادا هەڵبواسرێت، واتا تۆ فەزایەکت هەیە چواردەورەکەیت هەمووی بە تابلۆ هەڵواسیووەو تۆ دەتوانیت لەناو ئەوفەزایەدا کۆمەڵێك گفتووگۆو کۆمەڵێك دیالۆگی زۆر جوان دروست بکەین.

سەرەتای بیرۆکەکە بەمشێوەیە بووە، ئەوە بوو خولی یەکەمی گەلەرییە بەناوی هونەرمەندی کۆچکردوو (سەروەت سەوز)ەوە بوو، وەك سونەتێکی ئاسایی بۆ ناساندنی گەلەرییەکە خولەکە دەبێت بکرێتەوەو پاشان بۆ دەسپێکردن بەکۆڕەکان هەڵبەت لە دوای دوو مانگ یەکەمین کۆڕ کە بیرمە بۆ هونەرمەند (ستار قادر) بوو لەسەر هونەری ئەکادیمی بوو، یەکەمین ئەزموونی کۆڕو گفتووگۆ بوو کەگەلەرییەکە سازیدا.

هەربۆیە خولەکەش بەناوی (سەروەت سەوز)ی رەحمەتییە بوو چونکە یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە سەرەتا گفتووگۆم لەگەڵیدا کردبوو لەسەر شێوازی گەلەرییەکەو هاندەرەرێکیش بوو لەهەمانکاتدا، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو رووداوەوە تەنانەت نەیتوانی گەلەرییەکەش ببینێت، پێم خۆش بوو وەك وەفایەك یەکەمین خول بەناوی ئەو بەرێزەوە بێت.

* لەلای خۆمان کە وتراوە گەلەری واتا ئەوشوێنەیە کە تابلۆی تێدا هەڵدەواسرێت، چۆن بیر لەوەکرایەوە کارێکی تر یاخود شێوازێکی جیاوازتر لەگەلەری و شوێنە تایبەتییە هونەرییەکانی تر بێتە پێشەوەکە ئەویش دانانی بەرنامەیەکە بۆ گفتووگۆ کردن کە یەکێکەلەوکێشانەی کەهونەرمەندی کورد هەیەتی شوێنێك نییە گفتووگۆی تێدا بکات، دەکرێت بڵێن ئەمە هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە



کۆڕی جیاواز لەسەر بابەتە هونەرییە جیاوازەکان سازبکەیت تاکو هونەرمەندان بتوانن بۆ خۆیان گفتووگۆیەکی راستەوخۆ بکەن؟

– بەدڵنیایی ئەوە یەکێك بووە لەهۆکارەکان، ئێمە لەزۆربەی پیشانگەکاندا دادەنیشتین تەنها ئەوکاتانە یەکتریمان دەبینی و گفتووگۆمان لەسەر کارە هونەرییەکان دەکرد، بۆ من زۆر گرنگ بوو ئەو بەریەك کەوتنە زۆر نزیکتر بێت و بەردەوامییەکی هەبێت، هەڵبەتە ئەوە دەبێت یەکێك بێت لەو بنەما سەرەکیانەی دروستبوونی گەلەرییەکە، دیارە ئەوە خەونی زۆر لە شێوەکاران بوو، دەمانووت کە شێوەکار بێدەنگە، قسەی نییە،خەونمان بەوەوە دەبینی کە شوێنێکی لەوجۆرە هەبێت، هەرچەندە من مەبەستم بەتەنها هونەری شێوەکار نەبوو، چونکە من لەو بڕوایەدام هونەر وەك چەند ئەڵقەیەکی ئاوێتە بووی یەکتر وایە ناکرێت جیابکرێتەوە، هەربۆیە شێوەکار بەدەر نییە لە موزیك، موزیك لە شانۆ، شانۆ بەدەر نییە لەوانی تر هەربۆیە هەست دەکەیت پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوانیان، هەربۆیەکاتێك من تابلۆ دەکێشم ناتوانم گوێ لە موزیك نەگرم، یاخود نەچمە شانۆ، گفتووگۆو کێشەکانی هەموومان هەمووی پێکەوەیە هەریەکەمان لە یەکێك لە رەهەندە پەیوەندیمان بەیەکەوە هەیە، هەربۆیە کارەکان بەتەنها شێوەکاری نەبوو، بواری فیلم بگرێتەوە،بواری شانۆ بگرێتەوە، بواری موزیك بگرێتەوە.

* گەلەری ئارام توانیوێتی ببێتە ئەو سەنتەرەی کە ئەوە جیاوازەکانی هونەری تێدا کۆببێتەوە؟

– دەکرێت بڵێین زیاتر شوێنی لاوەکانە هەرچەندە تصنیف نەکراوە کە گەلەرییەکە بەتەنها جێگەی لاوانە یاخود نەوەیەکی دیاریکراوە،بەبڕوای من بەکێ دەوترێت پیرێکی خاوەن پڕۆژەو خاوەن چالاکی لەو بڕوایەدام کە کەسێکی لاوە لەبەر ئەوە لەوبڕوایەدام ئەم جێگایە بۆتەجێگای ئەوکەسانەی کەبەدوای پڕۆژەی زۆر چالاکدا دەگەڕێن، ئایا لاو بێت یاخود تەمەندار بێت،لاوەکان زۆربەی کات کاتەکانیان لێرە بەسەر دەبەن وگەرمووگوڕییەکی زۆریان هەیە بۆ کارکردن، لە سەرەتای یەکەمین کۆڕدا خوێندکارێکی پەیمانگە هات بۆ کۆڕەکە کە بۆ هونەرمەند (ستار قادر) سازکرابوو کەگوێی لەگفتووگۆکان بوو ئاواتی خواست ئەوە دوایەمین کۆڕ نەبێت، چونکە ئەو گفتووگۆیەی لە پەیمانگەدا نەبیستبوو تەنها کۆمەڵێك زانیاری ئاسایی زیاتر هیچی بەرگوێ نەکەوتبوو، یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەو لاوانە پێوەی پەیوەستبوون،هەربۆیە ئەم گەلەرییە

شوێنێکی زۆر ئازادە هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و هیچ گروپێکەوە نییە، هیچ شێوازێکی سیستمێکی ئیداری لەم گەلەرییەدا نییە کە بە پرسگەیەکدا تێپەڕیت و پاشان بچیتە ناو هۆڵێکەوە، لە بەر ئەوە گەلەری ئارام شوێنێکە بۆ هەمووان.

* پەیوەندی گەلەری ئارام لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، و رێکخراوە هونەرییەکان چییە؟

– من بۆ زۆربەی کارەکانم دەگەڕێمەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئەوەی ئەوان ئەرکی لایەنی مادی چالاکییەکان لە ئەستۆ بگرن، چونکە ئەوە ئەرکێکە کەمن ناتوانم خۆم بەئەنجامدانی هەستم، هەڵبەتە من زۆر سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم کە هاوکاری ئەو چالاکییانەیان کردووم، هەروەها لەگەڵ یەکێتی هونەرمەندانی کوردستاندا وەکو رێکخراوێک کەخۆم ئەندامی ئەو رێکخراوەم بەلام هیچ هاوکارییەکم لەو رێخراوە وەرنەگرتووەو داواشم نەکردووە لێیان، لەوانەشە نەتوانن ئەو هاوکاریەم بکەن کە بەقەد ئەو چالاکییانەی من بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی سلێمانی یەکێتی هونەرمەندان دروست بوو یەکەمین پیشانگەیان لەم گەلەرییەدا کردەوەو من گەلەرییەکەم خستۆتە خزمەتیانەوە.

* ئێوە پرۆژەیەکتان هەیە کە ئەویش کۆکردنەوەو پاراستنی هێڵکاری هونەرمەندانە، ئایا تا ئەمڕۆ ئەو هونەرمەندانە چەندن کەبەشداری ئەو پرۆژەیەیان کردووە، ئایا بانگهێشتی هەموو هونەرمەندان کراوە بۆ ئەو بەشداری کردنە؟

– زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی کە سەردانی ئێرەیان کردووە من داوام لێکردوون، چونکە من هیچ کەناڵێکی ئەوتۆم نییە تاکو بانگهێشتی بۆ بکەم، بۆ نموونە من کە چوومە شاری دهۆك بەهونەرمەندانم وتووە، بەلام بەداخەوە تاکو ئێستا هێڵکاری تەنها یەك هونەرمەندم پێگەیشتووە، هەروەها ژمارەیەك هونەرمەندی کوردستانی ئێران سەردانی گەلەرییان کرد داوام لێکردن کە کارەکانیان بنێرن تاکو بچێتە ئەو پرۆژەیەوە، بەلام تاکو ئێستا هیچم بە دەست نەگەیشتووە، تەنانەت لە هونەرمەندانی ناو شاری سلێمانی ژمارەیەکیان کارەکانیان هێناوە، بەلام زۆریش هەیەکە کارەکانیان نەهێناوە، هەربۆیە منیش بەپێی توانا دەتوانم ئەو کارانە ئەنجام بدەم چونکە سەرقاڵی بژێوی ژیانیشم کە ئەوەش بۆخۆی کاتی دەوێت.

* ئەو مەرجانە چییە کە گەلەری ئارام دایناوە بۆ هونەرمەند تاکو پیشانگەی بۆ بکاتەوە؟

– لە سەرەتاوە ئەوەمان دانا پیشانگەیەك کەدەکرێتەوە دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت، یەکەمیان پێویستە یەك فلتەر هەبێت و بەو فلتەرەدا تێپەڕێت، مەرج نییە ئەو فلتەرە یەك کۆمەڵ هونەرمەند بێت وهیچ گۆڕانیان بەسەردا نەیەت، بەڵکو ئەو هونەرمەندانە بینە لیژنەیەك وەك فلتەرێك ئەو نیشانەی پیادا تێپەڕێت، دووەم مەرجە ئەو هونەرمەندەی کە پیشانگەکە دەکاتەوە لە سەرەتای پیشانگەکە یاخود لە دوا رۆژی پیشانگەکەدا گفتووگۆیەك لەسەر پیشانگەکە بکات، واتا بیرۆکەکە ئەوەبوو کە بتوانرێت قسە لەسەر کارەکانی خۆمان بکەین، هەروەها بۆ کۆڕەکانیش دەبێت فلتەر هەبێت.

* لە سەرجەم ئەو پیشانگەو کۆڕانەی کە سازکراوە کامیان بەسەرکەوتوو دەزانیت؟

– زۆربەی ئەو چالاکیانە شانازیيان پێوە دەکەم و بەسەرکەوتوویان دەزانم، لەکۆڕەکاندا نمایشکردنی فیلمەکانی تارکۆفسکی زۆر شانازی پێوەدەکەم، هەروەها پیشانگەی فۆتۆگراف پرۆژەی باڵندە باران کە بۆ فۆتۆگرافەرێکی چینی کرایەوە، هەروەها کۆڕەکانی هونەرمەند (نیاز بەیاتی)و زۆری تر کەناتوانم لێرەدا ناوەکان بهێنم لەبەر زۆریان.





* بیرۆکەیەک هەیە بۆ داهاتوو تاکو کارو چالاکییەکانی گەلەری ئارام روو لە فراوان بوو بنێت؟

– یەکێك لەو هۆکارانەی کە روو لە فراوان بوون دەکات کە لەو چەند مانگەی رابردوودا هونەمەند (کوێستان جەمال) کە لەولاتی نەرویج نیشتەجێیەو هاتبۆوە لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکی جدی لەنێوان گەلەری ئارام وگەلەرییەکانی نەرویج لەگەڵ ئەواندا دروست بکات کە ئەوە جێگای دڵخۆشیمەو بەهیوام سەرکەوتوو بێت، هەروەها هونەرمەند (حەمە بەهادین) دەیەوێت زۆربەی ئەو فۆتۆیانەی کە لە گەلەرییەکەدا گیراوە لەسایتێکی خۆیدا نمایشی بکات تاکو زۆرترین کەس بیبینێت.

*پرۆژەی داهاتووی گەلەری ئارام چییە؟

– بڕیارە چەند کۆرێك بۆ مامۆستا (رێبوار سیوەیلی) کە تایبەتە بە چەمکی ئیستاتیکا لەبواری فکر، هەروەها نمایشکردنی چەند فیلمێك لەسەرەتای سکێچی فیلمەکەوە تاکو کۆتایی بۆ هونەرمەند (نیاز بەیاتی)، هەروەها سازدانی ژمارەیەك کۆڕ، واتا من بەرنامەی تەواوی ساڵێکم هەیە، هەروەها خولی دووەمی گەلەرییەکەم تابلۆ هەڵواسین نییە بەڵکو کاری ڤیدیۆ ئارتە.





# ڕۆشنبیرانێکی بێ غیرەت..!!

ن: ڤالیریۆ نیڤانجیلیستی*
وەرگێڕان و کورتکردنەوەی: فەرەیدون پێنجوێنی

لەناو ڕۆشنبیرە دەرکەوتووەکاندا کەسانێکی کەم لایەنگری حکومەتی ئێستای ئیتالیان، کە تاکوتەرایەکیان لەڕیزی نووسەران و سینەماکاراندان و لەوانیش کەمتریان لەڕیزی شێوەکاران و موزیککاراندان، بۆیە بەڕێز (سیلڤیۆ برلیسکۆنی)خەریکی دارودەستە گرتنە لەڕیزی (سەروتارنووس)ی ڕۆژنامە گەورەکان و مامۆستایانی زانکۆدا، وەکو: (ئەنجیلۆ، بانیبیانکۆ، ئەرنستۆ غالی دیلالۆجی، پاولۆمیلی.. و هتد).. لەنێوان ئەمانەو توانجدەران (المعلقین)ی بەری ئەوبەریاندا (بەری ئەویەر لەڕووی تیۆرییەوە) بەری پەیمانی (درەختی زەیتوون)، جۆرە هاوکاری و هاوپشتییەکی پیشەیی، لەسەر بنەمای (یەکخستنی بیرورا)، دەربارەی بەرژەوەندییەکانی لیبرالییەتی درندەو جیهانگیری، لەئارادایە.
لەبەرئەوە چ لەبارەی جەنگی ئەفغانستانەوە، چ لەبارەی بزوتنەوەی بەرپەرچدانەوەی جیهانگیرییەوە، چ لەبارەی داکۆکیکردن لەژیاری ڕۆژئاواوە، لەڕووی بەربەریەتدا، یان لەبارەی دەرکردن و دەرپەڕاندنی کۆچبەرانەوە، هەروەها لەبارەی سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە، سەختە لەجێیەکدا پەی ببرێت بەجیاوازییەکی گەورە لەنێوان بیرورای (سەروتارنووسان)ی (لاریبۆبلیکا)و (لاسبرسۆ) (جیمینلۆ ئولفی، ئەنتۆنیۆ بۆلیتۆ، یۆجینیۆ سکالفاری، ماریۆ بیرانی و..هتد)و هاوڕێیانیاندا لەڕۆژنامەکانی دۆستی حکومەت، بەڵام لەڕاستیدا لایەنگرانی سەرۆکی حکومەت لەنێوان نووسەران و سینەماکاران و هونەرمەندانی دیکەدا، دەگمەنن. ئەوەتا هەر ئەو گۆڤارەی کە گەورەترین کۆمەکی پێدەبەخشرێت (پانۆراما) گەیشتە ئەو رادەیەی ژنە ڕۆژنامەنووس (ئۆریانا ڤالاچی) بە (گرنگترین نووسەری ئیتاڵیا) ناوزەد بکات، ئەمە دوای ئەوەی کە (ڤالاچی) وتارێکی ڕەخنەیی بڵاوکردەوە، تیایدا ڕق و کینەیەکی زۆری بەرامبەر بەبیانییەکان دەربڕیبوو و داوای لەخوێنەران کردبوو تف و نەفرەت لەموسوڵمانان بکەن و وەها وەسفی سۆماڵییەکان (کەکەمینەیەکن کەمترین گیروگرفت لەئیتالیادا دروستدەکەن)و ئەفریقییەکانی بەگشتی کردبوو، گوایە ئەوان هەر بەتەبیعەت ناشیرین و پیس و پۆخڵن، چ لەڕووی لەشولار و چ لەڕووی مەعنەوییەوە..
هەروەها حکومەت، بەهۆی نەبوونی کاندیدێکی (کردەو کارامە)وە، پیشەوەرانێکی (نەکردەو ناکارامە)ی دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی سینەمایی بوندوقیە (لاموسترا)و پەیمانگای نیشتمانی بۆ سینەما، لەولایشەوە (ڤیتۆریۆ سەغاریی)ی زماندرێژ، بوو بەباڵیۆزی ڕۆشنبیریی ئیتاڵیا لەجیهاندا، کە چەند مانگێك لەوەوبەر خەریکی ریکلامی تەلەفزیۆنی بوو بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی (قاوە)و، لەبارەی سێکس بزواندنەوە وانەی دەدا. بەرامبەر بەم بۆشاییە، دەکرا پێشبینی بکرێت کەڕۆشنبیران شان بکەن بەبەر وەزیفەی ڕەخنەگرانەو ناڕازییانەی تایبەت بەبارودۆخی خۆیاندا وەکو ڕۆشنبیر، بەڵام تۆزە تۆزەیەك نەبێت وادەرنەچوو!!.

ئەو رۆشنبیرانەشی کە (دەستدرێژیی بۆ سەر شەرعییەت)یان بەرپەرچدایەوە (نموونەی هەرە دیارو رۆشن.. نانی مۆریتییە)، مەسەلەکەیان نەبەستەوە بەسروشت و مەسئولییەتی چینایەتیی حکومەتەکەی (برلسکۆنی)یەوە، کەنوێنەری بۆرژوازییەتی تازەپەیدابووی هەڵقوڵاوی بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان و کەرتی پەیوەندییەکان و یەکتربڕینی بازاڕی (سەهمەکان)ە، هەروەها نەشیانبەستەوە بەهەلومەرجی نێودەوڵەتییەوە، کەهەلومەرجێکی ئیمپریالیستی و ئیستیعماریی نوێیە!.

ئەوەی ئیتالیا پەکی کەوتووە لەسەری، کەسانی وەکو (بیار بۆردیۆ، غۆر فیداڵ، سوزان جۆرج)ە، ئەوەتا ئێستا ئەگەر (ناڕەزایی)ش روویدات، تەنها توخنی بابەتگەلێکی بەرتەسك دەکەوێت.

بەهەرحاڵ، چ رەخنەیەك پێشبینی دەکرێت لەکەسانێك کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، دەربارەی هەموو ئەم مەسەلانە یەکانگیرو یەکدەنگن؟. کەس ئەو هەڵمەتی رق و کینەیەی لەبیرناچێتەوە کەنووسەری یاخی (ئەلبێرتۆ ئەرباسینۆ) کردیە سەر کۆچبەران، هەروەها ئەوەش لەبیرناچێتەوە کە (ئەمبێرتۆ ئیکۆ–نووسەری رۆمانی: ناوی گوڵ–اسم الوردە)و یەکەم کەس بوو داوای بەتایبەتکردن (خصخصە)ی زانکۆی کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا لادانەکانی حکومەت بەبەرچاوەوەن و پێشبینی دەکرێت ئابڕوچوونی گەورەیان لێبکەوێتەوە.

رای گشتیی بیانییش هیچی دیکە نابینێت جگە لەحاڵەتە زەق و زڕاوەکان، کە لەگەڵ ناڕەزایی حزبەکانی (چەپی ناوەڕاست)و رۆشنبیرانی نزیك لێیانەوە رووبەڕوون.. دابینەکردنی ئاسایشی ئەو دادوەرانەی کە لەکێشەکانی مافیا دەکۆڵنەوە، وەلاوەنان و گۆڕینی ئەو دادوەرەی کە لەکێشەیەکی دژی (برلسکۆنی) و پارێزەرەکەی پێشوویدا (سیزارە بریفتی) خەریکی دادوەری بوو، ئەم وەلاوەنان و گۆڕینەش رێك لەکاتی لێکۆڵینەوەدا. بەڵام حاڵەتە رۆژانەییەکانی زۆرداری و وردەکاریی کاروبارەکان، زۆریەی جار دەنگدانەوەیان ناگاتە ئەودیو سنوورەکان، بۆ نموونە: لەناوچەی پۆلۆنیا یەکێك لەپەرلەمانتارانی سەر بەحزبەکەی برلسکۆنی (فۆرسیا ئیکایا)، هێڵێکی تەلەفۆنیی خۆڕایی تەرخانکردووە بۆ ئەو قوتابییانەی ئارەزوومەندی ئەوەن خەبەر لەو مامۆستایانە بدەن کەڕەخنە لەحکومەت دەگرن.. لەئەنجامی کێشەکەشدا، پرۆسەیەکی فراوانی پشکنین ئەنجامدرا، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کەقوتابخانەکانی ناوچەی پۆلۆنیا سەلمێنەری کارامەیی و باڵادەستیی رۆژئاوان بەمل جیهانی ئیسلامیداو بۆ دڵنیابوونەوە لەوەش کەئایا ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونیان بەشێوەیەکی شیاو تێدا سازدەدرێت یان نا..؟

هەروەها چەندین حاڵەتی دیکە، وەکو دەرپەڕاندنی (1500) کەس لەپەناهەندەی نایاسایی، کەپۆلیس لەتەنها یەك شەودا، پاش راوەدوونانیان بەناو شەقام و لەناو خانەو لانەی تایبەتیی خۆیاندا، دەستگیری کردبوون و راستەوخۆ دیپۆرتی کردبوون، کەئەمە(شەوی بلوور)ی نازییەکانە لەفۆرمێکی ئیتالیدا.

سەرجەمی ئەم کاروکردەوانە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لەجیهانی رۆشنبیرییدا حسابێکیان بۆ دەکرێت، رووبەڕووی هیچ شتێك نەبوونەوە، جگە لەبێدەنگی.. بەڵام ئەوەی روودەدات و دەگوزەرێت، بەزۆری پراکتیزەکردنی یاساو رێساگەلێکە کە(چەپی ناوەڕاست) دایڕشتوون و کاتی خۆی کەبڕیاریان لێدرا، رۆشنبیران ناڕەزاییان لەدژ دەرنەبڕی، ئەگەر ناڕەزاییەکیش دەرکەوتبێت، ئاراستەی خودی سەرەك وەزیران کراوە (کەشایانی ئەم جۆرە رەخنە لێگرتنەیە، ئەگەرچی ئەمە مافی تەواوی مەسەلەکە نادات)، یان رەخنەبووە لەپێشێلکردنی زەق و ئاشکرای چوارچێوە دەستوورییەکە.

هەروەها بێدەنگییەکی هاوشێوە لەئاست هەوڵی گەندەڵکردنی کۆمەڵگە لەقووڵاییدا. ڕۆشنبیران بەبێزارییەوە پشتیان دەکردە جموجووڵی ئۆپۆزسیۆن، کە لەسەر زەویی واقیعدا بوونی هەیە.
قوتابیان قوتابخانە سانەوییەکانیان داگیردەکرد، مامۆستایان دەڕژێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان بەرپێدەخەن دژی ریفۆرمە پەروەردەییە شێتانەکانی وەزیری فێرکردن (لیسیا مۆریتی)، (لیسیا یەکێکە لەلیستی درێژی ئەو ژنە سەرمایەگوزارانەی کە لەپێگەی ستراتیژیدا دامەزرێنراون). لایەنگرانی ئاشتی سەدان هەزار خۆپێشاندەر دەبزوێنن. کرێکاران دژی (سەرفی کەیفی)ی رەها تێدەکۆشن. کۆچبەرانی بەر هەڕەشەی یاسای (بۆسینی–فینی)، خەریکی تەیکردنی شەقامەکانن. هەرهەموو ئەمانە جێی بایەخی بەشی هەرە زۆری جیهانی ڕۆشنبیری نەبوو. بێگومان هەندێك نووسەر (کە لەلایەن ئەکادیمیاوە پۆلێننەکراون) لەم حاڵەتە بەدەربوون، بەڵام بەگشتی ڕۆشنبیرەکان گوێیان بەوە نەدا کەقوتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای (نیو لیبرالیزم) تۆوی سەرکەوتنی برلسکۆنی و حکومەتەکەی هەڵگرتووە، یان بنیاتنانی سەربازگەی راپێچکردن بۆ ئەوانەی کەڤیزاو ئیقامەی شەرعییان نییە، هەروەها تیۆریزەکردن بەقازانجی چەمکی شەڕی رەوا (الحرب العادلە)و پەرەپێدانی شێوازەکانی کرێگرتەیی کاتی (العمالە المؤقتە)، بنەماکانی کۆنەپەرستی تۆکمەدەکەن.
دەبیستین کە (ئەنتۆنیۆ تابوکی) و (ئەندرێی کامیلیری) دژی گەڕانەوەی فاشیزم دەنەڕێنن و گوێمان لێدەبێت کە (نانی مۆریتی) بێتوانایی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن ئیدانەدەکات، بەڵام کەسیان جارێك نەیانپرسی: هەموو ئەمە لەکوێوە سەری دەرهێنا..؟
کێشەی (جەنوا)ش کە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (2000) دا روویدا، هەروا بەماناداری دەمێنێتەوە، چونکە یەکەم تاقیکردنەوەی گەورەی حکومەتەکەی برلسکۆنی بوو. بۆ زانیاریی، دەرهێنەری ڕووداوەکانی (جەنوا) سەرکردەی نوێی فاشیست (جیانفرانکۆ فینی) بوو. کردەوە گەلێکی توندوتیژی وەها کەبڕوا ناکرێت، دەرحەق بەخۆپیشاندەرە هەرە بێوەیەکان.. گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی شێوازەکانی تەعزیبدان.. دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنانی راپێچکراو و دەستبەسەر.. دڵنیایی هێزەکانی پۆلیس لەوەی کەناکەونە بەر سزا، سەرەڕای خوێنڕێژییان لەناو شەقامەکانی شارەکەدا... ئەو دیمەنە هێندە دڕندانەبوو، سەختە بەرگەی بگیرێت.
کارمەندگەلێکی پۆلیسیش جێبەجێیان کرد، کەخودی (چەپی ناوەڕاست) هەڵیبژاردبوون و چەند مانگێك لەوەوبەر لەشاری ناپۆلی، لەسەر ئەم کوشتارگایە راهێنانی پێکردبوون.
لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو نووسەرانە چەندە کەدەنگیان هەڵبڕی؟! چەند کەس لەوانەی کەئیمکانییەتیان لەبەردەستدایە، شتێکی لەچەشنی ناڕەزاییان دەربڕی؟!.
هەمان دیاردە لەئاست شەڕو رەگەزپەرستیدا دووبارە بووەوە. ئەو کەسانەی کەدژی ئابڕووچوونەکەی ئەفغانستان هەڵوێستێکی ئاشکرایان وەرگرت، تاکو تەرایەك بوون.
دەربارەی سۆماڵ و کۆسۆڤۆو شوێنەکانی دیکەی سەرکێشییە سەربازییەکان، کەئیتالیا بەشداریی تێداکردن، بەهەمان شێوە..
لێرەدا مەبەست لەبێدەنگی، بێدەنگی نییە لەسەر ئاستی وتارنووسین و موداخەلەو بەس، بەڵکو ئەم ڕووداوانە وەکو ڕووداوەکانی دیکە، بەکردەوە بزرو ئائامادەن، پێش هەر شتێك بزرو ئائامادەن لەنووسین و کتێبی نووسەرە ئیتالییەکاندا.
دەربارەی هەڵاواردنی رەگەزییش، بانموونەیەکی سادە بهێنینەوە، کەهاوسێیەتیی ئایدیۆلۆژیاکان و بەردەوامیی

ئەو ڕەوتە دەردەخات کەبنەمای ئەزموونی دەسەڵاتدارێتیی حکومەتەکەی برلسکۆنییە.
ڕۆژی سێشەممە (15)ی کانوونی دووەمی (2001) ڕۆژنامەی (کۆرییێلا دیلاسیرا) وتارێکی کورتی بەئیمزای (جیلمینلۆ ئولفی) بڵاوکردەوە، کەپسپۆڕێکی ئابوورییەو بەوە ناسراوە کەیارمەتیدەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە (چەپی ناوەڕاست)ە.. ئەودەم باس باسی پیسبوونی ژینگەبوو، ئەم توێژەرە بلیمەتەش تێزەکەی خۆی خستەڕوو، کەتیادا هاتووە:
پیسبوونی ژینگە، بەرەنجامێکی سروشتیی گەشەی دانیشتووانە.. ئیدی پاش ئەوەی کە ناتۆرە باوەکەی نا لەبەرهەڵستکارانی جیهانگیری و تۆمەتباریکردن بەوەی کە(هەر دەزانن وەکو کەسانێکی لەپشتەوە پێوەدراوو گەستە، یەکڕیز هەڵبەزن و ڕاکەن) ئەم هاوڕێیەمان دەگاتە پوختەو کورتەی باسەکەی و دەڵێت: ئێمە ملیۆنەها کۆچبەر دێنینە ناوەوە کەهەوا پیسدەکەن!. ڕەنگە خوێنەری نائیتالی بڕوا نەکات شتی لەمجۆرە لەگەورەترین ڕۆژنامەی ئیتالیادا بڵاودەبێتەوە، تەنانەت بەڕێزان (یۆرگ هایدەر)و (جان ماری لۆپین)، سەرەڕای ڕەزامەندیشیان لەسەر ئەوەی کەنابێت کۆچبەری نوێ وەربگیرێن، قبووڵیان نەکرد ئەو وتارە تەواوبکرێت، بەهۆی ناوەڕۆکە سەخیفەکەیەوە، بەڵام ئەمە ئەو هوشیارییەیە کەئاستی ناوەنجی (متوسگ المدی)ی توانجدەرو موعەلیقەکانمان لێوەی سەرچاوەی گرتووە، ئەو موعەلیقانەی کەڕۆژانە لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامە موجامیلەکان خەریکی پەخشکردنی ڕق و کینەی (ڕەگەزپەرستانەی چینایەتی و ئایینین) و بەتوندوتیژییەکی بێوێنەوە پەلاماری هەر کەسێك دەدەن کە لەم جیهانە ڕەوشت چەقبەستووەدا بەرگری بکات، بۆخۆیشیان دامەنگیری ئایدیالیزمن.

ئەمە ئەو شتەیە کەهەردوو سەربازگە لەڕواڵەتدا بەیەکتر ناتەباکە، یەکدەخات..ئەوەتا چەپی ناوەڕاست کەوتووەتە دوای بۆرژوازییەتی پەرەسەندوو و دەستبەرداری هەموو فیکرەیەکی هاوپشتی بووەو (نیو لیبرالیزم)ـی کردووەتە ئەو ئایدیۆلۆژیا تاقانەیەی کەدەکرێت بەخەیاڵدابێت.
ڕاستیی ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە باوەشی کردووە بەهەمان میراتداو تەنها ڕەنگێکی فاشیستانەی نوێ و باقوبریقێکی پۆست مۆدێرنانەی بۆ زیادکردووەو هیچی تر.
دواجار:
ئایا ئەوان دەزانن کەبرلسکۆنی دیاردەیەکی ناسروشتییە.. ئەگەرچی بەهیچ جۆرێك دیاردەیەکی دابڕاو نییە..؟!
پێناچێت بیزانن، بەوەدا کە لەبەردەم لێکحاڵیبوونەکەی نێوان برلسکۆنی و بەڕێز (تۆنی بلێر)دا شڵەژاون!. بەڵام چرکەساتی یەکلاییکەرەوە لە (جەنوا)بوو، ئەو کەسەی کە ئەو چرکەساتە خۆی لەبێدەنگییداو بەچپەیەك بڕاندییەوە، لەمەودواش هەر درێژە بەبێدەنگییەکەی دەداو مۆرێکی شەرمەزاریی وەها لەڕۆشنبیریی ئیتالیا دەدات، کەسڕینەوەی نییە..
*(نووسەرێکی ئیتالییە)
سەرچاوە: سایتی: (mone Diplomatique)، العالم الدبلوماسی ومفهوم..

# دانەرو پەیوەندیی بەدەقە ئەدەبییەکانەوە

نا: عەبدولخالد سابیر

دانەر لەو کاتانەوە ناوی هاتووەتە ئاراوە کە دەقە ئەدەبییەکان لەبەر دەکران، ئەوەش دەبووە هۆی لەدەستدانی پێگەی خاوەنە راستەقینەکەی بەرهەمەکان، چ بەرێگای سەهوو بێت یاخود بەرێگای ئەنقەست، بەلام پاش ئەوەش دەقە ئەدەبییەکان دەنووسرانەوە، بەشێك لەو دەقانە لەکاتی نووسینەوەیاندا ناوی دانەرەکانیان لەبیر دەکران، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك کاری لەو جۆرە روویان دەداو هەتا دەگەیشتە رادەی دووبارەبوونەوەش، بۆ نموونە چیرۆکی (کلیلەو دیمنە) بەتەواوەتی نەزانراوە خاوەنەکەی کێیە، ئەگەرچی هەندێك وای بۆ دەچن خاوەنەکەی (بەیدەبا)ی فەیلەسووفی بەرچەڵەك هیندییە، یان کتێبی (الفهرست) گومان لەدانەرەکەی دەکرێت کە (ابن ندیم) بێت، هەروەها هەڵبەستی (یادم کەرەوە)ی (ئەلفرێد دوموسیە) کە لەلایەن دوو کەسەوە بەم ناوانە وەرگێڕدراوە (ئیلیاس، نیکولافیان) بەتەواوەتی نازانرێت کامەیان وەرگێڕی راستەقینەیە، کە ئەم حاڵەتە لەناو ئەدەبی کوردییشدا لەچەند بەرهەمێکدا بەرچاو دەکەون، بەتایبەت لەبواری شیعردا کە چەند شیعرێك هەن لەدوو دیوانە شیعردا بڵاوکراونەتەوە، کە تائێستاش مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە کە داخۆ دانەرە راستەقینەکەی کێ بێت( )..؟

هەندێکجار ئەو حاڵەتانە لەئەنجامی ئەوەوە روودەدەن کە دانەرەکە لەبەر هەر هۆیەك بوویێت ناوی خۆی لەدەقە ئەسڵییەکەدا نەنووسیوە، لەم جۆرەیان دەیان نموونە هەیە، لەوانە (ئەدۆنیس)ی شاعیر لەچاپی چوارەمی دیوانەکەیدا (الاعمال الشعریە الکاملە)دا ئاماژە بەو چاپە نوێیەی دیوانەکەی دەدات و دەڵێت: ئەوەی لەم دیوانەدا جێم نەکردۆتەوە بەشیعری خۆمی نازانم.

لەپەیوەندیی ئەدەبی دەستخەتیدا –دەقە رەسەنەکە– ئاماژە بەوشەی دانەر دەکرێت، دانەرەکە دەگونجێت تاکە کەسێك بێت هەروەك بەرهەمەکانی (گۆتە، شکسپیر، جۆل فێرن، ئەمین زەکی بەگ، ئەحمەد شاملو..هتد) یاخود دانەر لەکۆمەڵە کەسانێك پێکهاتبێت وەکو (ئێرکمن و شتریان، بوالوو نرسجاك) لەم حاڵەتانەدا دانەر بوونێکی مێژوویی جێگیر بۆخۆی دەستەبەر دەکات، کە مەحاڵە بتوانرێت ئەو ناوانە جێگۆڕکێ یان کەم و زیادیان پێ بکرێت، بەلام سەربارى ئەوانە لەهەندێك حاڵەتی تردا دەکرێت ناوی دانەرەکە دیارنەبێت، هەروەك ئەوەی لە سروودەکانی (رۆلان)دا یان لەحیکایەتە میللییەکان یاخود وەك ئەو ناوەی کە نیمچە ئەفسانەییەکی وەرگرتووە، لەنموونەی ئەمەیان (هۆمیرۆس)ـە، کە بۆ سالأنێکی دوورودرێژە دوو داستانی (ئیلیادەو ئۆدیسە)ی خراوەتە پاڵ.

نووسینی نووسەران و لێکۆڵەرە ئەوروپاییەکان لەسەدەکانی رۆمانسیدا سەبارەت بە دەقە میللییەکان و سروودە پاڵەوانییەکان کە بۆ

---

1-لەم لایەنەوە لە ئەدەبی کوردی و لە ناو ئەدەبی جیهانییشدا دەیان نموونە هەن کە ناکرێت لە باسێکی وادا ناویان بهێنرێت.

چاخەکانی ناوەڕاست دەگەڕانەوە هەموو ئەو بەرهەمانە بۆ کۆمەڵە دانەرێك یان بۆ خودی میللەتەکە دەگەڕێنرانەوە، لێرەدا بلیمەتیی دانەرەکانی تری بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی جیادەکردەوە، بەواتایەکی تر جیاکردنەوەی بەرهەمی نووسەرە بلیمەتەکان لەبەرهەمەکانی تر، بەڵام ئەم تیۆرە ماف دەقە نووسراوەکانی دانەرانی پشتگوێ دەخست.
هەر هەڵبژاردنێك کە خەڵکی لەبارەی ئەو دەقانەوە دەیانزانی چ بەشێوەی زارەکی یاخود بەشێوەی دەستخەتیی، ئەوا لەم حاڵەتانەدا ئەو هەڵبژاردنانە بەدروست دانەدەنرا، ئەگەر لەڕێگای دانەرەکەیەوە نەبووایە، دوو مەسەلە لێرەدا دێتە ئاراوە، یەکەمیان ناوی دانەر کە خاوەنی بابەتەکەیە ناوی لەسەر بەرگی دەرەوەی کتێبەکە دیاریدەکرێت، کە لەتوانایدایە ناوی خۆی بخاتە بەردەم خوێنەران، ئەویش بەدوو ڕێگا، یەکێکیان ئەوەیە ناوی خۆی وەك ناوی پێناسنامەکەی بخاتەڕوو، ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە ناوێکی خوازراو بەکاربهێنێت، بەو مەرجەی وەك دانەرێکی کتێبەکە خۆی ببینێتەوە، ئەم حاڵەتە بەهۆی سێ پاڵنەرەوە ئەنجامدەدرێت:
1–دانەر ئارەزووی لەوەیە کە کەسایەتیی خۆی وەك نووسەرێك جیابکاتەوە لەکەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی، لەنموونەی ئەم جۆرە دانەرە (جان باتیست بوکلین) ناو خواستراوی (مۆلێر)ی هەڵبژارد لەو کاتەی کە بوو بەئەکتەرو نووسەری شانۆو هەروەها دەرهێنەریش، ناوبراو ئەگەرچی لەخێزانێکی بۆرژوازی بوو، بەڵام ئەو کارەی بۆیە ئەنجامدا، چونکە لەو سەردەمەدا –سەدەی حەڤدەهەم– خەڵکی بەچاوی نزمەوە دەیانڕوانییە شانۆ، هەروەها (ئەدریە) ناوی خواستراوی (ڤۆڵتێر)ی بۆ خۆی هەڵبژارد.
2–دانەر ناوی خواستراو لەزۆر حاڵەتی تردا بەکاردەهێنێت وەك حاڵەتی دوورخستنەوەی سانسۆری ئایینی و ڕەوشتی و سیاسی و کارگێڕی، لەنموونەی ئەم جۆرەیان، دانەر (جان برولە) کتێبەکەی (خۆڕاگریی دەریا)ی لەساڵی (1942)دا بەناوی (ڤیرکۆن) بڵاوکردووەتەوە، هەروەها (بۆریس فیان) ناوی خواستراوی (ڤیرتون سولیڤان)ی بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی (تف دەکەمە سەر گۆڕەکەتان)ی هەڵبژارد، کە لەساڵی (1946)دا خستییە بەردەم خوێنەران بەو پێیەی کە کتێبێکی وەرگێڕدراوی ئەدەبی ئەمریکییە، هەروەها جاری وا ڕێدەکەوێت دانەرەکە نادیارە هەروەك (باسکاڵ) لەکتێبەکەیدا (نامەکان بۆ ئەسقەف ئەبرەشی 1656–1657) هیچ ناوێکی لەسەر ئەو کتێبەی دانەناوە، تەنانەت ناوی خوازراویش.
3–ئەم جۆرەیان زۆر بەکاردەهێنرێت کە بۆ پاڵنەرە دەروونییەکان دەگەڕێتەوەو پەیوەندییان بەو پێگەیەوە هەیە کە دانەرەکە ئارەزووی لێیەتی کە سەبارەت بەدەسەڵاتە باوك سالارییەکەیە، وەك ئەوەی (جۆن لۆك) لەو کاتەی قسە لەبارەی (پترۆس بۆریل)ەوە دەکات و دەڵێت: (با ناوی خۆی بنووسێت، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە وەسفی خۆی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەو هەستەوەرییەیەتی بۆ گەنجینەی وتەکانی ئەم ناوەی لێی پێکهاتووە(–) کە پێگەی باوکی دیاریدەکات و پێگەی دایکی فەرامۆش دەکات، کە لەدواییدا ڕووبەڕووی تەنگ بوونەوەیەك دێت کە ئازارو ئەشکەنجەی پێوەیە، کە ئەم حاڵەتە لەئەفسانەی ئۆدیبدا ڕەنگیداوەتەوە)( ).
بەم شێوەیە لەهەڵبژاردنی ناوی خواستراودا زۆرجار ناوی خێزانەکە فەرامۆشدەکرێت. دانەر ئارەزووی لەوەیە کە جەخت لەو مافەی تەنها بەدانانی ناوی خۆی بکات، لەدانانی کتێبێکدا

---

2-نیشانەی (-) مەبەست لەوەیە کە ناوی دانەرەکە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو کەوانەیەوە.

ئەوا لەو حاڵەتەدا لەگەڵ باوکیدا دەچێت قاڵبی رکابەرییەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دانەر سوورە لەسەر ئەوەی کە کارەکەی دووچاری رەخنەو گازاندە نابێتەوە، کە ناوی خۆی بەپێی پێناسنامەکەی دابنێت، بەڵام لەم بارەیەوە نووسەر (هنری بایل) چەند ناوێکی خواستراوی بەکارهێناوە لەو ساتەوەی دەستی بەنووسین کردووە، تاکو دوا ناوی خواستراوی خۆی بەناوی (ستندال)ەوە جێگیرکرد، ئەم ناوەی لەناوی گوندێکەوە وەرگرتووە کە کەوتووەتە باکووری خۆرهەلاتی ئەڵمانیاوە، ئەوەش بۆ ئەو دەمە دەگەڕێتەوە کە ناوبراو لەکاتی شاڵاوەکانی ناپلیۆندا بەشداریی کردووەو بەو شوێنەدا تێپەڕیوە، لەکتێبەکەیدا (سوورو رەش) پێگەی باوکی داوەتە ناپلیۆن، هەر لەم میانەدا (ئورو دوبین) ناوی خێزانەکەی و هاوسەرەکەی (بارون کنریمیر دوڤان)ی لەسەر کتێبەکەی دانانێت، بەڵکو ناوی (جۆرج ساند) هەڵدەبژێرێت، کە ئەوەش ناوێکی خواستراوە کە بریتییە لەناوی خۆشەویستەکەی (جول ساندو)، لەوێدا ناوی (جۆرج)ی نێر لەبری ناوی (جول)ی مێ، لەبەرئەوە دانراوە کە لەو سەردەمانەدا کۆمەڵگای ئەورووپایی ناوی رەگەزی نێرو مێیان لەیەکتر جیادەکردەوە، دانەری کتێبەکە لەرەگەزی مێ بووەو نەیویستووە ناوی بەکاربهێنێت.

هەروەها لەنموونەی ئەو جۆرە حاڵەتانە، نووسەر (جیرار لابردونی) ناوی خێزانەکەی واز لێهێناو ناوی (جیرار دونرڤال)ی هەڵبژارد کە ئەو ناوە لەگەڵ گیانی سەردەمەکەیدا دەگونجا، هاوکات ناوبراو ئارەزووی لەوە بووە کە خۆی بەکەسوکاری دایکییەوە ببەستێتەوە کە ناوی (فاتوان)ە لەبەر ئەوەی ناوی (نرڤال) لەناوی ئەو زەوییەوە هاتووە کە خاوەنەکەی نەنکی ئەم بووە لەدایکییەوە، دانەری ناوبراو ناوی کەسوکاری باوکی لەبەر ئەوە فەرامۆشکردووە، چونکە کاتی خۆی باوکی ئەم (دانەرەکە) بووبووە هۆی مردنی دایکی لەساڵی (1810)دا، یەك لەوانەی کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ناوی خواستراوی بەکارهێنابێت (ئیزۆدۆر دۆکاس 1846-1870)یە، ئەو یەکەم سرووده بڵاوکراوەکانی بەناوی (سروودەکانی ملدورور)ەوە لەساڵی (1868)دا بڵاوکردەوە، بۆ ساڵی ئایندە کۆمەڵە سروودێکی دیکەی لەشاری (بۆرۆن) بەناوێکی ترەوە خستەڕوو، هەروەها لەکۆتایی ساڵی (1869)دا شەش سروودی یەکەمی لەپاریس بەناوێکی خواستراوی ترەوە (کۆنت دۆلۆتریامون) بڵاوکردەوە، هەر لەم لایەنەوە لەساڵی (1838)دا بەشی یەکەمی رۆمانی (لاتریومون)ی (ئومبین سو) لەلایەن (فازی گسلین) لەهەمان شار بڵاوکرایەوە، لێك نزیکبوونی دوو ناوی لوتریامون و ناوی ئەو رۆمانە واتای ئەوە نییە کە (دۆکاس) ئەو ناوەی لەو رۆمانەوە وەرگرتبێت، بەڵکو خاڵی بەیەك گەیشتنی ئەو دوو ناوە لەڕێگای رێکەوتەوەیە، هەروەها چەند خاڵێکی هاویەشیش لەنێوان دوو بەرهەمی سروودەکان و رۆمانەکەدا هەیە. ئەو رۆمانە لەسەر رووداوێکی واقعی نووسراوە، چیرۆکی پیلانێکە لەدژی (لویسی چواردەیەم) کە سوارچاکی (دوروهان) و کەسێك لەخانەدانەکانی نورماندیا بەناوی (دوهمیل دولاتریومون) بەرپاکراوە، ئەوەی دواییان -کەسی دووەمیان- لەکاتی زینداني کردنیدا گیانی لەدەستدا، بەڵام دوروهان و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەساڵی (1674)دا لەسێدارەدران، لەکاتێکدا پاڵەوانەکانی سروودەکانی دۆکاس بریتین لە: ملدورور، شەیتانی نوێ، هەڵگری بەرەبەیانی نەفرەتلێکراو.

مەسەلەی دووەم لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دانەر لەچەند پەیوەندییەکدا دێتە بەرچاو کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، وەك پەیوەندیی دانەر بەدەقە رەسەنەکەوە، پەیوەندیی دانەر بەنەریتی نووسینەکە، بەجۆری ئەدەبی،


بەداهێنانی بەرهەمەکەی..هتد. وێڕای ئەمانە، دانەر لەچەند بوارێکی تردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش لەو کاتەی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی بەرهەمەکەیەوە ئەنجامدەدرێت، وەك بواری یاسایی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، دەروونی، هونەری..هتد. لەئەنجامی ئەوەدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە دانەر پێگەیەکی دیارو بەبایەخی لەبواری ئەدەبیدا هەیەو ئەو پێگەیەش لەدانەرێکەوە بۆ دانەرێکی تر دەگۆڕێت.

سەرچاوەکان:

1-أميل فوجيه، مدخل الى الأدب، 1958، بيروت.
2-محمد غنيمي هلال، الموقف الأدبي، 1977، مصر.
3-طه حسين، كتب ومؤلفون، 1980، مصر.
4-سلامه موسى، الأدب الانجليزي الحديث، 1948، مصر.
5-مجله الأقلام، مجموعه أعداد (1970-1972).
6-فائز محسن، دراسات في الأدب الكردي، 1973، بغداد.

# لۆرکا
# ئایا نیوە شیعرییەکەی کوشتی..؟

ن: محەمەد عەلی شەمسەدین
و: تەبا




چەندەها شاعیر هەن کە پاش مردنیشیان بەردەوام سەربوردەی ژیانیان بەرهەمدەهێنرێتەوە، وەك: موتەنەبی و دیك ئەلجن و مەعەڕی و جەبران لەلای عەرەبەکان، لەلای فەرەنسییەکانیش وەك: لوتریامون و رامبۆ.. لۆرکاش لەلای ئیسپانییەکان.
هۆی ئەم بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی سەربوردەی ژیانی شاعیران، دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی ژیانیان، کەچەندەها نهێنیی وەخۆگرتووە، ئەمەش وادەکات ژیانیان ببێتە بابەتێك بۆ پرسیارکردن (پرسیاری کراوە)و پەیبردن و دۆزینەوەی بەردەوام.
بۆ نموونە، لەهەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هێشتا بەردەوام لەبارەی موتەنەبییەوە پرسیاردەکرێت: موتەنەبی کێیە..؟ کوڕی کێیە..؟ نهێنیی شیعرو سەرکێشییەکانی چین..؟ ئایا شیعر کوشتی، یان خوو و رەوشتە سیاسییەکەی و بیروڕا شیعی و قرمتییەکەی..؟ ئامانجی ئەم پیاوە کەم وێنەیە چیبوو..؟
ئەوەتا هەر خۆیشی وەك ئەوەی بزانێت چی لەزەینی خەڵکدایەو بیەوێت زیاتر ئاڵۆزو نارۆشنیان بکات، دەڵێت:

يقولون لی ما انت فی كل بلدە
وما تبتغی ما أبتغی جل أن يسمی

وێڕای هەبوونی دەیان ئەگەرو گریمانە دەربارەی موتەنەبی و نهێنیی ئامانجەکانی، ئەو هەر گەردەلوولی شیعرو نەفس بەرزییەکی نارۆشنە. گەردەلوولێك لەچەشنی ئەڵقەی ئاگر لەئاسمانی عەرەب و جیهاندا.
بەهەرحاڵ سەرباری جیاوازی لەزمان و گەوهەری شیعردا، سەرباری جیاوازی لەشوێن

و کاتدا، شاعیری ئیسپانی فیدریکۆ گارسیا لۆرکا یەکێکی ترە وەکو موتەنەبی و هەموو ئەو
شاعیرانەی کەگومان پاش مردنیشیان بەردەوام سەربوردەی ژیانیان بەرهەمدەهێنرێتەوە.
لۆرکا، سالّی 1936، واتە لەبەرایی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا تیرۆرکرا، ئەو کە لە سەرسنگەوە پێکرا ئێستا گۆڕبزرە.
ئەمیش هەروەکتر لەڕێی سەربوردەو شیعرو مردنە دلّتەزێن و کارەساتبارەکەیەوە خۆیمان پیشاندەداو کەسێکە قابیلی پشکنین و دووبارە پەی پێبردنەوە (هەتا هەتایە).
ئەوەی کە لەڕێی سەربوردەو شیعری لۆرکاوە دەربارەی لۆرکا بەئێمە گەیشتووە، تەنها ناوی لۆرکاو کوژرانەکەیەتی، ئەمەش بەگوێرەی بۆچوونی توێژەرو لێکۆلّیاران، بەشێکی بچکۆلەی ژیان و سەربوردەی ئەوە، وەك شاخێکی سەهۆلّین کە بەئاستەم لەئۆقیانووسەوە ملی دەردەهێنێ، بەلاّم لەشولارە گەورەو قەبەو مەترسیدارەکەی لەناو ئاودا نوقم و شاردراوەیە.
دوایین شت کە دەربارەی ئەم شاعیرەو بەهرە زۆرو زەوەندەکانی خوێندمەوە، فەسلّێك بوو بەناونیشانی (فیدریکۆ گارسیا لۆرکا وەك مۆسیقار)، نووسینی: توێژەری عیراقیی دوورەولاّت (عەلی شوك)بوو، کە بەشێکە لەکتێبە سەرسوڕهێنەرە بەچێژەکەی (نهێنییەکانی مۆسیقا).
پرسیاری کتوپڕ کەعەلی شوك لەم فەسلّەدا دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە: ئایا گارسیا لۆرکا نیوە شیعرییەکەی کوشتی..؟ ئایا نیوە مۆسیقییەکەی کەزۆر زالّ نەبوو بەسەر لۆرکاداو تەنها لە ناخ و سایەیدا دەژیا، دەیتوانی ئەو لەکوژران رزگاریکات..؟
بەمانایەکی تر، ئایا ئەوەندەی کەلۆرکا لەبواری شیعردا بەهرەمەند و بالاّدەست بوو، ئەگەر لەبواری مۆسیقادا بەهرەمەندو بالاّدەست بووایەو مۆسیقای بکردایە بەپیشە، مۆسیقا کاریگەریی لەسەر شەخسییەتی دادەناو لەمەرگ و تیرۆر رزگاریدەکرد؟. بەو پێیەی بەبەرچاوەوەیەو هەمووان لێی تێدەگەن و مۆسیقا زمانێکی نهێنی ئامێزو ناڕۆشنە؟.
لۆرکا دەیتوانی لەڕێی شیعرەوە هاواربکات: (وەرن تەماشای خوێن بکەن لەشەقامەکاندا)و ئینتیماو جێوریی خۆی بخاتەڕوو، بەلاّم چ مۆسیقایەك هەیە بتوانێت ئەمە بخاتەڕوو؟!.
کەواتە بەکورتی ئەگەر لۆرکا سەر بەمۆسیقا بوایە نەك شیعر، رزگاری دەبوو..!
باشە..!
ئەمە گریمانەی (عەلی شوك)ـە.. دیارە ئەمە لەباشترین حالّەتدا گریمانەیەکی فەنتازییە، بەلاّم بەبڕوای من (لۆرکا) لەو گۆشە تاریکەی ئەو شەوە زستانیەدا و لەسەر دەستی فاشیستەکان، سالّی (1936)، هەر دەکوژراو خوێنی دەڕژایە سەر خاك و گۆڕبزر دەبوو، نەك لەبەرئەوەی شاعیر بوو، ئەگەر مۆسیقار بووایە رزگاری دەبوو، یان ئەگەر ئەمەو ئەوە بووایە رزگاری دەبوو، بەلّکو لەبەرئەوەی کە ئەو خۆی مەرگی خۆی و شێوازی مەرگی خۆیی، بەهەلّوێست و ئینتیماکەی خۆی هەلّبژاردبوو.
لۆرکا رێك لەسالّی (1936)، پاش تێپەڕبوونی پێنج رۆژ بەسەر جەژنی سی و هەشتەمین سالّەی لەدایکبوونیدا، لەدیمانەیەکی دوورودرێژدا بۆ رۆژنامەی (ئەلسول)، کەهونەرمەندی کاریکاتێریست و بەناوبانگ (لویس باجاریا) لەگەلّی سازیدابوو، لەدەرگای چەندین باسی دابوو، لەشیعرەوە بیگرە بۆ سیاسەت و لەزۆرانبازیی (گا)وە بۆ گۆرانیی قەرەجان.
لەو دیمانەیەدا دووپاتی کردبووەوە کەهونەرمەند لەم سەروەختەی ئێستادا (سەروەختی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا) پێویستە لەپێناوی دادپەروەریی مرۆیی و کۆمەلاّیەتیدا خەبات بکاو دەستبەرداری



چەپکە گوڵەکە ببێت و تا کەمەر نوقمی قوڕولیتە بێت، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتی ئەوانەی کە لەهەوڵی پەیداکردنی گوڵدان.

هەر لەو دیمانەیەدا ئیدانەی رەوتی نەتەوەپەرستیی کردبوو و (داگیرکردنی غەرناتەی-عەرەبی-ی لەلایەن ئیسپانییە کاسۆلیکییەکانەوە لەساڵی (1492)دا بەچرکەساتێکی شووم وەسفکردبوو و گوتبووی ئەگەرچی ئەوان لەقوتابخانەکاندا پێچەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، بەڵام ئێمە شارستانییەتێکی سەیرو سەرنجڕکێشمان لەدەستچوو، بەشیعرو فەلەکناسی و بیناسازییەوە.. ئایا ئەم بیروڕایانە گارسیا لۆرکایان کوشت؟. دەپرسین و وەڵامیش دەدەینەوە: بەڵێ.. لەوانەیە.

بەڵام ئایا دەکرێت لۆرکای شاعیرو لۆرکای مۆسیقارو لۆرکای شانۆکار لەبیرخۆمان بەرینەوە؟. لەوانەیە هەزاران کەسی ئیسپانی لەشەڕی ناوخۆدا، لەمەتەرێزو شەقام و کێڵگەکاندا، لەسەر ئەم بیروڕایانە کوژرابن، بەڵام لەنێوان هەموو ئەواندا لۆرکا لۆرکایە.

لۆرکا جوانترین کوژراوە لەسەر خاکی ئیسپانیادا، بگرە جوانترین کوژراوە لەسەر گۆی زەویدا. لۆرکا پاشماوەی وەچەی خوێنێکی ئەندەلووسیی قووڵە.. شیعرەکانیشی وەکو د. بەدرو فوتابت دەڵێت: (هەمیشە وێڵن بەدوای رەحم و زادگەی خۆیاندا)، غەرناتەو ئەندەلوس. بەهەرحاڵ لۆرکای مۆسیقار لەلۆرکای شاعیردا گلا..!

ئەو بەپەنجەگەلێکی کارەبایی پیانۆو قیسارەی دەژەنی (وەك دەگوترا).. هەروەها مەزنە مۆسیقاری ئیسپانیا (مانویل دی فایا) بەشداریی ژەنین و ئاوازدانانی لەگەڵ دەکرد.

لۆرکا کەدەیگوت (من بەر لەهەر شتێك مۆسیقارم) مەبەستی ئەوەبوو کەشاعیرە، چونکە شیعر مۆسیقایەو مۆسیقاش شیعرە.

سەرچاوە: مجلە العربی، العدد 560، یولیو 2005، ص116.

# ئیتالو کالڤینۆو نووسین لەناوەوە

و: ئاوات حەسەن ئەمین

ئیتالوکالفینۆ–نازناوو ناو، هەریەکەیان شێوەی خۆی هەیە، کە دیارە واتای دیاریکراوی خۆیان تێپەڕاندووە.
یەکەمیان ئاماژەیە بۆ پەیوەستبوون، بۆ بنەچە (واتە: ئاماژەیە بۆ خێزان). دووەمیان: ئاماژەیە بۆ رۆشنبیرییەکی شۆڕشگێڕانە.
زۆر وێنەی تیادا دەردەکەوێت، کە دەریدەخات خاوەن وردبینییە، خاوەنی زیرەکییەکی زۆرە تا ئەندازەی زیرەکیی گاڵتەجاڕی، بەڵام بەردەوام کالفینۆ جۆرێك لە دڵەڕاوکێی دەردەخست کە بە دوای هەرێمی نوێدا دەگەڕا، کە زیاتر هەنگاوی بە ئاراستەی ئەدەب و زانست هەڵدەنا بە چالاکیی کامڵانەوە. بۆیە بەرهەمە رۆمانەکانی وەلاوە ناو بەردەوام خۆی بۆ کاری نوێ لەملاولا تەرخانکرد، لە بوارەکانی سینەماو شێوەکاری و مۆزیکدا، بەردەوام لە گفتوگۆکاندا ئامادەبوونی هەبوو.
ئەو پێی وابوو کە ئەو رەخنەیەی ئاراستەی دەکرێت لە پێناوی دروستکردنیدا بووە.
ئەگەر بە کەمترین پێناسە ئەم پیاوە لە ئەدەبی ئیتاڵیادا باسبکەین، وەکو کۆنراد،



کاریگەریی خۆی لەسەر کردەی نووسین جێهێشتووە، ئەم نووسەرە بە تەنیاو چیتر نییە، ئەم وەستایی و دەستڕەنگینییەی لە ئەدەبدا بەدەستهێناوەو لە واقعییەت قوتاری کردووە، کە دیارە بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ دوو لایەنی لە بیرکراو گێڕاویەتییەوە، کە دیارە لە پێکهاتەی فەنتازیایی دروستدەبێت و لە

قووڵاییەکی سەرچیخانەش. بۆیە شێوازی نووسینی بووەتە چێژ نەوەك ناساندن، ئەم جارێکی تر ئاوتیومێکی بەپیت دەدۆزێتەوە بۆ بیرکردنەوە.

کالفینۆ ئاماژەی بەدەروازەیەکی تری نوێ دا بەسەر جیهانی تازەدا، کە پێویستیی ناساندن لەگەڵ نەهامەتی و پێداگرتن بەرجەستەبوو، بەبێ ئەوەی دەستکەوتەکانی رابردووش فەرامۆشبکەین.

لەسۆنگەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، کالفینۆ نووسەری رۆشنبیرییەکە کە زۆر ئیعتیباردەدات بەو نووسەرانەی خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندایە، کە دیارە دەبێت ئاماژە بە هەندێك لەو کتێبانە بدرێت کە ئەم لە لاوێتییدا خوێندویەتییەوە، ئەو خوێندنەوانەی دواتر کاریگەریی لەسەری دەبێت لە ئایندەدا. لەو کتێبانە (دانپێدانانەکانی کورێکی هەشتا ساڵە، لە نووسینی لاییۆلیتۆنیفیو)، کە تەنیا رۆمانە لە ئەدەبی ئیتالیادا لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە ئەو جۆرە سەرنجراکێشییەی تێدابێت.

بەهەرحاڵ لەگەڵ هاوشێوەی لەچارەسەرکردنەکانیدا لە زۆرجاردا لەگەڵ واقیعدا هاوجۆردەبێتەوە، کالفینۆ ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە سەرەتا دەستی بەنووسین کردووە، زۆر ئاگاداریی بارەکە نەبووە. بۆیە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکەی داوە، لە رێی کتێبی منداڵانەوە، کە بەبڕوای ئەو (پینوشیو) وەك نموونەی سەرد وەرگرتووە، کە تیایدا بۆچوونێکی سەرەکیی هەیەو رەزمێکی میسالییانەی تێدایە، لەهەر زنجیرەیەکدا ئەرك و پێویستییەك لە ئامانجدا هەیە، کە خۆی لە روونییەکی ئاشکراو زمانێکی پاکی دەگمەندا بینیوەتەوە، کە ئەمەش لە میانەی کەسایەتییەکانەوە.

ئەگەر بلوێت بتوانین بگەینە چاوگەکانی رۆشنبیریی ئەم لە ساڵانی تەمەنی 3 تا 23 ساڵی، ئەوا ئەم بەردەوامییە لەپینۆشییەوە بۆ نووسەرێکی تری ئەمریکایی دەگوازرێتەوە، کە چوارچێوەی ژیانی ئەمی دیاریکردووە. ئەم پوختەی ئەوی وەکو رۆمان بە ناوازە لە ئەدەبی سەدەی بیستەمدا وەرگرتبوو، کە دیارە نەك ئێستای، بەڵکو سەدەی دواتریشی گواستبووەوە. ئەو پێکهاتەیەش کە ئەم هەموو شتەی یەکخستبوو: سەرکێشی و دابڕانی مرۆڤێکی ونە لەم جیهانە فراوانەدا، ئەمەش بە مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی ناوەوەو گوتاربێژی.

دیارە ئەو پێکهاتانەی رۆڵیان هەیە، دروستکردنی جیهانی شیعرییەو زۆرن، کە دیارە هەریەکێك لەو سەرچاوانە لە توانایدایە رێنیشاندەربێت بۆ دیاریکردنی جۆری خوێندنەوەی لاوەکان.

لە بارەی ئەمەوە کالفینۆ دەڵێت: هەریەکێك لەم پێکهاتانە لە توانایدایە رێنیشاندەربێت بۆ دیاریکردنی جۆری خوێندنەوەی لاوان. لێرەدا کالفینۆ دەڵێت: کاتێك من دیمەنی راو دەخوێنمەوە لە داستانی سان جۆلیانی ئوسبیتالیادا، من بەشێوەیەکی تەواو لەو ساتەدا ژیام، یان چێژی وێنەکێشان کە دیارە لە چیرۆکێکی وەکو (سزا لە دواوە دێت)دا، یان ئەو چیرۆکانەی ئەو سەروبەندە.

ئەگەر ئێمە سەرجەم کاریگەرییەکان و کارلێکراوەکانمان وەلاوە نا، ئەوا زمانی نووسەر گرنگییەکی زۆری هەیە، کە دیارە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەخوازێت دژبێت یان باڵاتر بێت لە زمانەکانی تر، بەم پێودانگە کالفینۆ چۆن پێناسەی زمان تەفسیر دەکات..؟

کالفینۆ دەڵێت: لەم رووەوە دەبێت رەخنەگرەکان دووبارە ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەنەوە، لە بارەی ئەم پرسیارەوە تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم: من هەوڵدەدەم بەربەرەکانیی ئەو تەمەڵییە زهنییە بکەم، کە زۆرێك لە هاورێکانم تووشی بوون (دیارە مەبەستم لە رۆماننووسەکانە) کە زۆرجار زمانێکی چاوەڕوانکراوی بێبایەخ بەکاردەهێنن.

من پێموایە کە دەبێت پەخشان دووبارە سەرچاوەکانی وتنی خۆی ئامادە بکاتەوە، هەموو شتێك وەکو شیعر، هۆش دادەگیرسێنێت، بۆیە وردیی لە هەڵبژاردندا—هەڵبژاردنی دەستەواژەو چڕکردنەوەو دووبارە بەزیرەکی داڕشتنەوە لەو سەرچاوانەو

ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی زیندوو و دینامیکی، وا لە ڕستە دەکات کە دڵەڕاوکێی تێدابێت و ناسکی و کاریگەریی لەسەر گوێزانەوە دەبێت لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، یان لە مۆسیقایەکەوە بۆ مۆسیقایەکی تر، بۆ نموونە ئەو کەسانەی شتیان بە ئاشکرا بەکارهێناوە، بە شێوەیەکی دوور لەسوودبەخشین، یان خوازیاربوون کە ڕاستییەك بچڕن کە نەیانتوانیوە گوزارشتی لێبکەن. بەشێوەیەکی ساکارو دیاریکراو یان بە واتایەکی نائەخلاقی لە هەموو بارەکاندا، ئەمانە ئەو کەسانەنین کە متمانەیان پێبکەین.
دیارە من دەخوازم زیاتر پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ناتوانم هاوپۆچوونی ئەو کەسانە بم کە ڕستە ئاوس دەکەن بە مەبەست و تەمومژو بێزراوی و میزاجی خۆیان، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە دەبێت بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی باشترین ئەنجامدابین. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە گەیشتن بەو ئەنجامە دەتوانرێت بە هۆکاری کەمتر بەدەستبهێنرێت، یان بە هەندێك هۆکاری تر کە لەگەڵ یەکدا نەگونجاوو هاوشێوە نەبوون.
لەو ماوەیەدا کە بابەتی نووسینم لەگەڵ خۆمدا باسکرد، واتا: سەرەتای چلەکان. لەوانەیە ئەمەش بۆ من مابێتەوە لە دواتردا، لەو کەشەی ئیتالیای ئەوسادا لەگەڵ ئەو ماوە درێژەشا کە ئێستا لە ناواندایە.
لێرەدا دەقێك هەڵدەبژێرم کە لە ساڵی (1948)دا لە ناو یەکێك لە کتێبخانەکانمدایە بڵاوکرایەوە کە لە چلەکاندا نووسراوە.
(لە قەدی گراموندۆی رووتەنیا چادرمان هەڵدا، هەر کە کەژەکە بەرەو خراپبوون چوو، ڕەشەبای ڕۆژئاوا بە خێرایی هەڵیکرد، خۆشیی ئەو ڕەشەبایە لەسەر قاچم هەرماوە، بۆیە هەموو شتێك بە هۆی یەکەم خشانەوە سووتاوە، ئەمەش ڕێگربوو بۆ ئەوەی چادرەکەم هەڵبدەم، بۆیە بۆ ناو کەمپەکە چوومەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەمان بوو کە سەرەڕۆ بوو، لەگەڵ ماندووبوونەکەیدا واتای ئەو بەردکونکردنە چیبوو؟ دروست بۆ بەرەنگاریی فەرەنسییەکان، نەك لەگەڵ کەسەکانی تردا بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە چەند کیلۆمەترێك بە سەلامەتی.. دیارە ئەمە ئازایەتی نەبوو، بەڵکو لە ترسدابوو.- دیارە کە ئەفسەرەکە بە سەریدا قیژاندی و ئاماژەی بەو مەترسییە کرد کە لەوانەیە تووشی بێت..
هەستم پێکرد یان زانیم کە من لە سەر لوتکەکەم و جەنگیش تەنیا ماوەی چەند سەعاتێك یان چەند دەقیقەیەکی ماوە..).
لێرەدا دوو پرسیار لە ناو یەك پرسیاردا خۆیان قوتدەکەنەوە، ئایا پێشکەوتنی داهێنان لە دەقدا لە میانەی ڕستەی ئەزموونکاریی واقعییەوە گوزەردەکات..؟
ئەمە دەڵێین، چونکە کالفینۆ هیوایەکی زۆری لەسەر (جیهانی مومکن)ـی داهێنان هەڵچنیبوو، هەروەها لە نێوان پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە هەڵیبژاردووە.
واتە: لە چوارچێوەی بەرهەمی ناو دەقەوە، یان ئەوانەی بە پێویستی وەلاوە نراون، بەڵام کالفینۆ بەبەردەوامی بۆ ئەوە بوو تا لە بیری نەچێتەوە، کەواتە ئەو هیوایە چییە کە کالفینۆ لەسەر ئەو قسەیە دروستیکردووە..؟ بە شێوەیەکی گشتی: ئەم وتەیە هی ئیتالۆ کالفینۆیە: بیرۆکەکەت بۆ چەند ساڵێك بهێڵەوە پێش ئەوەی لەسەر کاغەز گوزارشتی لێبکەیت.. هەندێك جار لەمیانەی ئەم پێشبینییەوە بابەتەکە دەمرێت. بابەتەکە کەدەمرێت ئەگەر کارەکە هەرچییەك بێت یان برسیاری دەستکردن بە نووسین بێت، هیچ جۆرە شتێك بوونی نابێت تەنیا ئەو هەوڵانە نەبێت کە پرۆسێسی نووسینەکە بە ئاکام دەگەیەنێت.. لەوانە لەیەکتر نزیکبووبنەوە، کێشمەکێش لەگەڵ هۆکارەکانی گوزارشت...هتد. کەواتە لە پێناو دەستکردن بە نووسینی هەندێك شت.. هەوڵێکی زیاترم سەرف دەکرد، چونکە پێشبینیی ئەوەم کردبوو کە چی چاوەڕوانمە لە هیلاکبوون و رازی نەبوون بەو نووسینەو دووبارەکردنەوەی کردەی نووسینەکە، ڕاستکردنەوەو دووبارە پێداچوونەوەی.
عەفەوییەت چرکەساتی خۆی هەیە، لە سەرەتادا زۆر جاریش بۆ ماوەیەکی درێژ

بەردەوام نابێت، هەندێك جاریش وەكو هەڵچوونێك وایە كە خوێنەر دەجووڵێنێت و بە خێراییەكی زیاتر رووەو ئامانج پەلكێشی دەكات، بەڵام ئایا عەفەوییەت سیفەتێكە..؟ هەندێكی.. بەڵێ، چونكە وادەكات مرۆڤ بە هیلاكبوونێكی كەمتر بنووسێت، بە بێ ئەوەی رۆژانە تووشی تەنگژە ببێتەوە، بەڵام خۆ ئەمەش وا ناكات كە كارێك بێت بەردەوام سوودی هەبێت. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەو (عەفەوییەتەیە) بەو پێودانگەی كە هەستكردن دەتوانرێت لە كاردا بەرجەستە بكرێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ئێمە لە میانەی (عەفەوییەتەوە دەگەینە ئاكام). وەكو شێوازیش: لە هەندێك حاڵەتدا (عەفەوییەت) هەڵبژاردەیەك زیاتر نییە بۆ شیكارێكی بەختەوەرترو زیاتر روونتر لە دیاریكراودا—لە ئاشكرادا.

هەموو دەقێك خاوەنی مێژووی خۆیەتی یان شێوازی خۆیەتی، زۆر كتێب هەبووە كە لە رێگای قەدەغەكردنەوە دەركەوتوون، لەبەردەم كۆمەڵێكی زۆر لە بابەتدا دەوەستم دواتر دەستدەكەم بە جیاكردنەوەو پۆلێن، ئیتر وردە وردە دركی ئەوە دەكەم كەكام لەم بابەتانە دەكەونە ناو نەخشەی نووسینەكەوەو كامانەن كە وەلایان دەنێم.. (بۆ نموونە كتێبەكەی بالومار) بەئەنجام گەیشتنەكەی لەئەنجامی ئەم جۆرە بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە. كە زۆرجار كردەی دابڕانی تێدایەو گرنگیی گەورەتری لە چارەسەركردنەكەی هەبووە.

ئیتالۆ كالفینۆ لە ناو ناوەندە رۆشنبیری و ئاساییەكاندا لە شارەكانی (تۆرین، رۆما، پاریس)ژیاوە، لێرەدا پرسیارێك دەردەكەوێت: ئایا ئەم شارانەی پێی باشبووە و هەڵیبژاردوون یان زیاتر دابڕانی خۆی لەوێدا دۆزیوەتەوە..؟

لەم بوارەدا كالفینۆ دەڵێت: ئەو شارەی كە هەستمكردووە زیاتر لە جێگاكانی تر بە شاری خۆمی دەزانم ئەوە (نیۆیۆرك)ـە. جاران وەكو ستندالّ بیرمدەكردەوە، كە ئەگەر مردم لەسەر گۆڕەكەم بنووسرێت (ئەمە نیۆیۆركییە)، ئەمە لە ساڵی (1960)دا روویدا، ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە، هەرچەندە من ماوەی ژیانی پرشنگداری خۆم لە پاریس بەسەربردووە، (پاریس) ئەو شارەیە كە بۆ ماوەیەكی كەم و پچڕ پچڕ نەبێت بەجێم نەهێشتووە، ئەگەر هەڵبژاردنیش بە دەست خۆم بێت ئەوا خوازیارم لەوێ بمرم، بەڵام هەر جارێك سەردانی نیویۆرك دەكەمەوە، جوانتر دەیبینم و زۆرتر لە هزرمدا ئامادەیی هەیە، لەوانەیە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە بەشارێكی ئەندازەیی و كریستاڵیی بەبێ رابردوو، بەبێ قووڵی بێ نهێنی دێتە بەردیدە. هەر ئەم هۆكارەشە كە بەشارێكی ترسناك ناوزەدی كردووە، ئەو شارەی كە پێموایە لە هەستمدا دەستی بەسەردا دەگرم، لەگەڵ ئەوەشدا چەند نیویۆركێك لە ناو چیرۆكەكانمدا دووبارە بووەتەوە..؟

بە دڵنیاییەوە دەڵێم: كەم جار، دووجار، بەڵام بۆ پاریس كارەكە جیاوازە، لە راستیدا هەندێك لە چیرۆكەكانم رووداوەكانی لە جێگای زانراودا روویان نەداوە، چونكە رەوگەی وێنەكان هێڵی بەیانی تایبەت بەخۆیان هەیە، كە لەوانەیە لەگەڵ هێڵەكانی ژیاندا یەكانگیر نەبنەوە، بەڵام سەبارەت بە ناوەندی سروشتییەوە، من ناتوانم دیمەنی جێگای (خێزان) بشارمەوە. سان ریمۆ لە كتێبەكانمدا بزربوون.. كاتێك باسی سان ریمۆ دەكەم، بە شێوەیەكی سروشتی وەكو سی ساڵ یان سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر باسی دەكەم، كاتێك منداڵبووم.. دیارە هەموو گەڕانێك ئەم كرۆكە ناپێكێت، وەكو گەشەی خەیاڵ و زمان و دەروون. ئەمە پێداگرتنێكی بەهێزبوو لە ناخی خۆمدا.

دوای جەنگ زۆر لایەنگیریی ئەوە بووم لە دەوروبەرێكی سەلەفیدا جێگیرببم، كەدیارە دوای گۆڕینی شارە گەورەكان لە میلانۆو تۆرین دواتر حەزم بەوەكرد تۆرین بەكاربەرم، ئەمەش چەند هۆكارێكی لە پشتەوە بوو. كەواتە دژە بەریەككەوتن لە نێوان میلان/تۆرین لە رەهەندی جێگاوە روویدا، بەڵام بەحەزكردنێكی بەهێز بۆ گرێدانی ئەو دوو پەیوەندییە، لە راستیشدا لەو ساڵانەی لە تۆرین بەشێوەیەكی جێگیرو ناجێگیر ژیانم بەسەربردووە، وایكرد كە لە هەردوو شارەكەدا بژیم. لەلایەكی ترەوە ئایا

ئەوە کارێکی گرانبوو کەوا بکات رۆما ببێتە ناوەندێك بۆ زۆرێك لەوانەی کە سەرقاڵی نووسینن.. لەسەرجەم جێگاکان و ئاراستە جیاجیاکانەوە، کە دیارە بۆ دۆزینەوەی هێڵی هاوبەش بوو، (هێڵی رۆمی) بۆ بەگژداچوونەوەی هێڵەکەی تر. بەکورتی ئێستا من پێموایە نەخشەی ئەدەبی ئیتاڵی زۆر جیاوازو سەربەخۆترە لە نەخشە جوگرافییەکەی، بۆ نموونە هەر لە رۆمادا لەم دوو سەدەیەی پێشووەوە چەندان نووسەری جیاجیای جیهانی ژیاون، هەندێکیان سەرقافڵەی دۆزینەوە نوێیەکان بوون و زۆر تەباو هاوڕای گیانی شارەکە بوون، هەندێکی تریان زۆر سوودیان لە هەستکردن بە غوربەت وەرگرتووە.

دوای جەنگ گرفتێك سەریهەڵدا—هەتا ئێستاش بەردەوامە—ئەویش لەلای نووسەرەکان دەرکەوتووە، خۆی بەکردەی هاوشێوەیی و گونجاندنی پێکهاتە بەیەکدا چووەکاندا دەبینێتەوە لەوانە—بابەت —بە کۆمەڵگا—بە زمان.. ئەوەبوو کافینۆ لە ساڵی (1947)دا (دەروازەکانی گیا)ی نووسی ئەلبومی تۆرینی زۆر بە قووڵی بۆ (توێژەکانی ژیانی مێگەلی) گەڕایەوە، کە زۆر دابڕاوە لە هەموو رەهەندێکی مێژوویی.

دیارە ئەم دژایەتییە زۆر بەتوندی لە نێوان نەوە گەنجەکەی نووسەراندا سەریهەڵدا، کە لایەنگیریی (بۆچوونە سوورەکان) بوون—مەبەست (هەڵچوونی سوورە) کە کالفینۆی لە ساڵی (1944)ەوە والێکرد لە ناو ریزەکانیدا دیسپلین بێت. ئەمەش لە ناونووسیندا رەنگیدایەوە، هەروەها بەئەرکی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیاوە سەریهەڵدا. چۆن وابەستەی رامیاری لە دەقێکی ئەدەبیدا سەرهەڵدەدات بەبێ رۆچوون و هەڵخلیسکان لەگەڵ (پێکهاتەکانی) ژیان لەگەڵ هەستکردن بەسەربەستیی ئەزموونی ئیستاتیکیی؟؟؟؟؟ ئەرکی..؟

بێگومان هەڵوێستی نووسەرەکان بنەمایەکە بۆ لایەنگیریی چێژ لە نووسینی هاوچەرخدا، کە لەو سەروبەندەدا بابەتەکانی کالفینۆ خۆی لە قەرەیان دەدات.

لە ساڵی (1956)دا بە بێ رووپۆش ئەمەی درکاندووە، کاریگەریی ئەدەب وەکو کاریگەریی سوپا وایە لەسەر مێژوو، بەڵام دوای پێنج ساڵ کە وازی لە پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵی هێنا، ئەوسا جۆرێك لە بۆچوون هەبوو کەدژی ئەدەبی دەستەگەری بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کالفینۆ رەغبەتی تێپەڕاندنی ئەم جۆرە دژایەتییەی هەبووە کە زۆر رازی بوو بۆی لە ئەزموونی رۆماننووسیی خۆیدا (ئەوەی پابەندە بە خودی خۆمەوە، بەمەبەستی روونکردنەوەی رەزمی ژیانی نوێم، لەوە باشترم نەدۆزییەوە کە باسی بکەم، وەکو زۆرانبازیی شارلمانی سوارچاك).

هزری دامەزراوەی خەیاڵی کالفین (جیهانێکی رووپۆشە بەدەرچوون)، لێرەوە تەئویلکردن ئاراستەی خۆی وەردەگرێت، کە دیارە بەپێی ئاراستەکانی واقعییەت دابەشکراوە، لە سەرجەم واتاکانی وشەکاندا یاریدەکات و دەروازەی چیرۆکەکە بەسەر چەند ئاستێکی واتادا دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی گەڕانەوە بۆ واقیع بەدوور بگرێت، گەڕانەوەیەکی نێوەندکاری، کلێشەکاری لە میانەی شێوازێکی تایبەتەوە، وەکو هاوسەنگیی لە نێوان وەستایی و کردەی وتەدا، ئەو هاوسەنگییەی (رۆلان بارت)بە (ئالییەتی ئەفسوون) ناوزەدی کردووە، ئەو هاوسەنگییەی کارەکانی کالفینۆ دیاریی دەکات بە خەیاڵی دامەزراندن.

(ئەو پێکهاتەیەی کە کالفینۆ ئامادەی دەکات لە میانەی (داهێنانی شێوان)ەوە بێ بنەما نییە، هەروەها کاریگەریی سیزار بافیز—ی لەسەرە کە ئەو یەکێك بوو بۆ دیاریکردنی خەسڵەتی گرەو لە ئەدەبیاتی سەدەی هەژدەهەمدا لە نێوان هزری گەڕانەوەی پێشکەوتوو و گوتاردا.. سیستمی رەمزەکان بۆ یەکەمین وێنەکان شێوازی حاڵەتی جیهان (هەستکردن بە کەمی)و (عەدەمییەت) ئامادە دەکات یان لە رێڕەوی بەردەوامیدا، ئەگەر ئەم گوتارە جۆرێك بێت لە ئەفسانە ئەوا لە هیوادا هەیە کە مێژوو دەیکاتە دروستکەری رۆمان).

ئەو بەرەنگارییە (توناوتوونەی) کە کالفینۆ لە سەرەتای شەستەکاندا باسی لێوە دەکرد، دەگونجێت وای لێ تێبگەین کە جۆرێك بوو لە بەرەنگاریکردنی لەسەرخۆ بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبێك کە زۆر پێکهاتەو هێزی جیا چنیویانە. دەرهاویشتەی دەرەوەی خۆیەتی تا بتوانێت باس لەجیهان بکات، مەبەستیشی لە خودی خۆیدا ئەوەیە ئاشکرای بکات کە هەیە، وەکو جوگرافیا ئەوا لە جێگایەکی نەشیاودایە و جێگایەکی گریمانە بۆ دانراو هەیە لە نێوان هەردووکیاندا. زۆر تۆباوییە، لە بارەی ئەمەوە (فیلیب دارۆس)ی رەخنەگر لە نووسینی (ئیتالۆ کالفینۆو رۆمانی نوێ)دا دەڵێت: عیبارەتەکانی کالفینۆ لەسەر رۆمانی نوێ لەو سەروبەندەدا زاراوەیەکی رەوشتیی بوون بۆ نەفیکردن (رەفزکردن) و زاراوەیەکی نووسین بوون بۆ پرسیارکردن، بەڵام رەخنەکانی گومانی تێدایە، چونکە کاری بۆ چەسپاندنی (تەسلیمبوون بە تووناوتوونی) کردووە. هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دارۆس دەڵێت: کالفینۆ رازیبوونی بە میتافیزیکیای نووسەرەکانی رەتکردەوە، وەك جۆرێك لە تێگەیشتن لە بەرەنگاری بۆ (بێمانایی جیهان) و گوزارشتی لە پێویستیی رەوشتی کرد بۆ ئەو رەخنانەی (کە پێدراوە چەسپاوەکان) لەلای رێگاکانی تووناوتوون لای ئالان رۆب گرییە. ئەمە بووە قوربانیی دیالەکتیکی ماددەو مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا ویژدان بە شێوازی نووسین یەکسان دەکات، وەك سنووری ئەزموون و دروستکەرێکی خەیاڵیی.

دیارە قسەکردن لەسەر سەردەمی دابڕانەکان لە شەستەکاندا بەتایبەت چڕکردنەوەی دەوێت، چونکە تێکچوون نەبێت لەجەدەلداو لەتەوزیفی ئەو جەدەلەدا، هیچیی تر نەمایەوە، چونکە نووسینی ناوەوە بە دوای شیکاردا دەگەڕاو زۆرجار بە دوای گۆڕانی رێگادا دەگەڕا، ئەمەش وەکو ئاراستە گۆڕین لە کاروانەکەدا دیارە. بەدڵنیاییەوە، پێویستیی بە ئامادەبوونی تێکشکانەکان هەبوو، ئەو تێکشکانانەی رەوینەوەی یۆتۆپیا دروستیکردبوون دوای جەنگ، بەڵام بێگومان وابەستەی بنەمای تر بوون لە ناوەوەی خۆیدا.

دیارە کالفینۆ ستراتیژییەکی شێوازیی هەست پێکرد، کەکاریگەریی گەورەی لەسەر جیهان هەبوو لە میانەی دەقەکەوەو هەروەها کاریگەریی لەسەر دژ هەبوو لە جیهانی گێڕانەوەدا، کە هەموو وەرگرتنێکی لە جیهانی تۆمارنەکراوەوە رەتکردەوە.

پەراوێز:

1–پینۆشیو: پاڵەوانی رۆمانێکی لاوانە، (1883)ی رۆماننووسی ئیتاڵی کولودییە، کە ناوەرۆکەکەی ئەوەیە... بووکێك دەبێتە منداڵێکی چەتوون.

2–کوشتنی باوك و دایك بەبێ مەبەست (داستانە)..

سەرچاوە:

ئافاق عربیە، ئاباری 1990، ساڵی پانزەهەمین، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: کامل عامری.

# ئەسیری
# لەنامەکەی بۆ مامۆستا گیوی موکریانی

فەیسەڵ هەمەوەندی

زۆر زەحمەتە باسێك بەدوورودرێژی لەسەر ئەو رۆژگارو بەسەرهاتەی شاعیرێك بکەی ئەوەندەت لەسەرچاوە لەبەردەستدا نەبێت. غەیری ئەوەی لەدەمی ئەم و ئەو گوێمان لێبووە. نەك هەر ئەسیری، بەڵکو زۆربەی زۆری شاعیران بەو دەردەوە بوونەتە قوربانیی مێژوو.

وابزانم کەمیی سەرچاوە دەبێتە کەمیی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کەلێکۆڵینەوەکان نەبێتە دەرئەنجامێکی ئەکادیمیانەو نەبێتە دەرهاویشتەیەکی باش بۆ شرۆڤەکردنی هەموو ئەو دەقانەی لەنێوان گومان و گومانکردندا وەك دەقێکی موتەکامیل، هەموو ئەو کەلێنانە پڕیکاتەوە جێی سەرهەڵدانی گفتوگۆبن بۆ شۆڕبوونەوە بۆ جیهانەکانی فیکرو فەلسەفەو رامان.

دەبینین مێژووی ئەدەبی کوردی هەندێك لەو دەرهاویشتانەی بەیانکردووە، بەڵام زۆری لەدوای خۆی هەڵوەراندووە، کەبۆ ئەمڕۆ زۆر زۆر پێویستبوون، ئەوەتا نزیکەی چەند سەد شاعیرێکی لەو کاروانەدا هەڵوەراندووە، کەبێجگە لەناوی سیانی و رۆژی لەدایکبوون و کۆچی دواییان نەبێت بەحەرفێکی لەسەریان نەنووسیوە. خۆ ئەگەر پاساو بۆ ئەوە بهێنینەوە کەتەنها دکتۆر عیززەدین مستەفا رەسوڵ هەر ئەوەندەی بۆ بووە لەتاقەت، خۆ چاکتر وابوو لەباتی چاپی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەمان کتێب، با بەردەوامی بووایە بەوانی تر.

ئەگەر کەسێکی وەك کاك مستەفا عەسکەری نەبووایە، ئەویش وەك وەفایەك بۆ ئەو شاعیری بنەماڵەیەی خۆی، رەنگە ئەویش فەنا ببووایە لەجیهانی مێژوونووسان و بگرە لەگێڕانەوەی سەر زمانیش.

بەهەرحاڵ، دەستخۆشی لەکاك مستەفا دەکەین و دەڵێین ئەو نەبووایە ئەو قلە سەرچاوانەشمان بە ناکامڵی رەنگە دەست نەکەوتایە. ئەوسا دەبوو بەقودرەتی قادر یان سیحری ساحیرێك یان خەیاڵی خەیاڵبازێك هەندێکی لەسەر بوترایە، کەمەحاڵبوو ئەسیریمان بەو مانایە ناسیبا کەدەمێك لەهەموو لەززەتەکان یاخی دەبێت و توێشەبەرە دەداتە کۆڵ تا هەڵکشێ.

ئەسیری لەدیوارێکی شووشە لێڵ، خەیاڵێکە لایەك لەشیعر دەکات و لایەك لەخەمێکی قورس، سەرێکی تر دەبێتە وەهمی هەموو وانەیەك. تەنانەت غوباری سەر لاپەڕەی ئەو زاتە بەتەئریخیش ئەوەندەی دێڕێك لەو قەسیدەیەی خۆی لەسەر نەنووسیوە کەدەفەرمووێت:

ئەی ئەسیری هێندە عیشقی کوردستانت هەیە
بشمری لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ

مامۆستا عەسکەری بەحوکمی ئەوەی حەوت ساڵ لەماڵی شاعیر بووە بۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، وەك کەسێکی بنەماڵە

ئاگاداری دەمێك دەبێت لەژیانی و بگرە لەشیعرەکانیشی، بەڵام ئەویش وەك هەموومان نەیزانیوە لایەنی نهێنییەکانی ئەو شاعیرە چیبووە کاتێك لەژووری تەسەوف و ژووری زیکردا موناجاتی چی دەکات.
بەڕای من مەگەر ئەسیری خۆی بێت و لەدیدارێکدا پێمان بڵێت.. ئەوی لێرەدا مەبەستە ژیانی ئەو شاعیرەیە لەدوای پەنجا ساڵ لە ماڵئاوایی گەیشتینە چی لەو بەرهەمانەی دەستمان کەوتوون و ئەوانەی دەستمان نەکەوتوون. ئەمە ئەو پرسیارەیە رەنگە دکتۆر کوردستان موکریانی وەڵامێکی لا هەبێت بۆی.
ئەوەی کەکاك مستەفا عەسکەری بەدوویدا دەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەق و نامەکانی ئەسیری تەنها ئەوەندەی لەدکتۆر بەدەستکەوتووە دەڵێت: (هەموو ئەو دەستووسانەی ئەسیری کە بۆ بابمی ناردوون لەگەڵ بڕێ کتێبی تری کتێبخانەکە فەوتاون).
خۆ دەبوو دکتۆر کوردستان بەنزیکی ژمارەی دەق و نامەکانی زانیبا.. یان هەر هیچ نەبێت ناوی هەندێك لەقەسیدەکانی زانیبا، یان بەسەرهاتی ئەو نامەیەی ئەسیری بۆ بابی زانیبا کەبۆچی و لەبەرچی و چیی تێدا نووسرابوو. نازانم کاك مستەفا بۆچی نشینگەیی ماڵی یان کتێبخانەکەی موکریانی بەزیندان ناوبردووە، لەکاتێکدا کەس لاریی لەڕووحی کوردایەتیی ئەو زاتە نییە.
لەنزیکەوە بەسەرهاتی ئەو دەستنووسانەی شاعیر نازانین، کەچییەو چیی لێهاتووە لای مامۆستا موکریانی و دکتۆر کوردستان، بەڵام وەك دیارە لە سەرگوزەشتەی ناردنی نامەیەك بۆ مامۆستا موکریانی کە گوایە یەکێکیتر ژیاننامەی ئەسیریی نووسیوەو ناردوویەتی بۆ مامۆستا موکریانی، ئیتر وەك کاك مستەفا عەسکەری درێژەی نامەکەی لەبەرگی دووەمی کتێبەکەی دایگرتووە.. دوای ئەوەی نامەکەم بەوردی خوێندەوە، بەڕای من ئەسیری وەك درکی بەخۆی کردووە، کەزۆر دواکەوتووە لەکاروانی شۆڕشگێڕایەتی، ئەو ماوەیەی دوای گەڕانەوەی لەئەستەنبوڵ، گەڕان بەدووی کەسێك ئیعتیرافاتی لەتەکا بکات و ناخی خۆی پاکبکاتەوە، ئەو نامەیەی بۆ موکریانی نووسیبێت.. مامۆستا موکریانیش لەبەر هەر هۆیە بووبێت تایبەت بەئەسیری ئەو شتانەی شاردووەتەوە، لەدوو بۆچوونەوە، یەك: دەکرێت مامۆستا موکریانی لەبەر چەند هۆیەکی رامیاری بەیانی نەکردبێت، نەبادا ئەسیری بەو هەموو حەماسەوە دەستبەسەر بکرێت. رەنگە ئەسیریش هەر مەبەستی زیندان بووبێت تا لەدیدی کوردەواری لەو سەردەمی بێئاگاییەی نەبێتە وێردی سەر زمانێك کەئەسیری ئەوەندەی عاشقی ئافرەت بووە، بیری بۆ میللەتەکەی نەچووە.
دوو: موکریانی نەیویستووە ئەوە بەکۆمەڵ رابگەیەنێت کە ئەسیری پەشیمانە لەو شیعرانەی و دەیەوێت ببێتە شۆڕشگێڕ، ئەو واتا مامۆستا موکریانی خیلافەتێکی رووحیی لەئەسیری بەدەی دەکرد، بۆیە پێویستی بەوە نەبوو کۆمەڵ حوکم لەسەر پێش و پاشی ئەو دوو قۆناغە بکات.
منیش بۆ خۆم باوەڕم بەو بیردۆزەیە کەدەڵێت: کاسە کەپڕبوو لێی دەڕژێت. مرۆڤیش ئامادەیە خۆی لەپێناو مەقسەدێکی پیرۆزدا بکات بەقوربانی، بەمەرجێك هەموو کۆمەڵگا ئەو مەقسەدەیان پێ دروست بێت.
ئەسیری کۆی شیعرەکانی مەقسەدێکی پیرۆز بوون، من پێموایە شیعرە غەزەلەکانیشی کە بە دەستی خۆی سووتاندوویەتی لەپیرۆزەیی لەشیعرە شۆڕشگێڕانەکەیەی کەمتر نەبوون. بەداخەوە فەنای کردوون، بەڵگەش ئەوەتا ئەسیری نازناوی ئەسیری ناسووتێنێت و لەهەردوو قۆناخی شیعر نووسیندا نازناوی ئەسیری دەستبەرداری نەبووە، کەئەمیش دەگەڕێتەوە ماڵی موکریان و دەبێت مامۆستا رێنمایی کردبێت، کەدەستبەرداری ئەو نازناوە نەبێت. هەڵبەتە وابووە، چونکە ئەسیری لە نامەکەیدا نازناوی ئەسیریی نەنووسیوە، تەنها بە ناوی سیانیی نەبێت، کە دەکرێت لەو بارەیەشەوە ئەگەر ئەسیری خۆی یان موکریانی ئاماژەیان بۆ کردبێت.

ئەسیری ئەوەندە بە قووڵایی ناخی کوردەواریدا رۆچووبوو، تەنانەت پێشبینییەکانی گەورەبوون، ئەمڕۆ ئەگەر بەوردی لا لەو دەقانەی شاعیر بکرێتەوە، هەست دەکەین ئەسیری بۆ ئەمڕۆ شیعری نووسیوە، کەدەڵێت:

گڕ بە فن و علم و صنعت کەی عەزیزم اعتماد
بێ شك ممکن دەبێ اوجارە دوژمن خســـــتنت

بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ چەك کردبێت باس لەسێ تەوەری بەرەوپێش چوون دەکات، ئیتیجاهی سیاسی فیکریی ئەسیری بۆ بوونە دەوڵەت و ئیستیقلالیەتی کوردستان بەچەك نەبووە، بەڵکو لەڕێی حیوارو دامەزراندنی وردە وردەیی بۆ نزیکبوونەوە لەو هۆکارانەی کەدەشێن بۆ دەوڵەتبوون، ئەمڕۆ کورد بەپێوەری عەقلییەتی ئەو شاعیرە شەڕ لەچەکەوە دەگوێزێتەوە ناو عەقڵ، کەکاردانەوەیەکی بەرچاوی هەیە لەجیهاندا. کورد لەو مەرحەلەیەی کەناسیونالیستی عەرەبی بۆ رۆژئاوای هەڵڕشتبوو کەمیللەتێکی ناشارستانی و بەشاخەوەن، لەئەورووپا ئەمڕۆ کورد و کوردستان بووەتە پێشەنگی ئازادی و دیموکراسییەت کەدەوڵەتانی وەك عەرەب و فارس و تورك دەبێت سوود لەعەقڵی کوردی وەربگرن.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە موتەکاملبێت لەڕووی شرۆڤەکردنی شیعرەکانی شاعیر، بەپێویستم زانی قەسیدەیەکی بۆ نموونەو بۆ وردەکارییەکانی بهێنمەوە، کە بەڕای من (نامەوێت بە ناوی ئەو سەرچاوانەوە بدوێم کەبۆ ئەدەبی ئەو مەزنە حەرفێکمان نەنووسیوە) بەڕای من هەموو قەسیدەکانی زادەی ئەو هەستانەن کە بەیەك ناخ نووسیونی. گەشتێکم لە گەشتەکەی خالۆ شاعیر هەڵبژارد. بەم بۆنەیەوە ئەسیری لەزۆریەی زۆری ژیانیدا هەر بە (خالۆ) ناویان بردووە، زۆرم پێخۆشە کە منیش نازناوی (خالۆ) شاعیری لێ بنێم.

گەشتێك بۆ خۆرئاوا

ئەی ئەسیری، تووشی دەردێ بوویت (داو المیللە)یە
ناگــرێ زارت، هەتــا دەمــری لەگــۆڕا کڕ ئەبی

ئیبداع شۆڕشی تاکە لەنێو کۆمەڵگەدا، ئیبداع لای شاعیری نیشتمانپەروەر (ئەسیری) ئەگەر لەلایەك بەشیعری نەستەوە، پەیوەست بووبێت، بێگومان لەلایەکی تر کەوتووەتە سەر هەستەوە، بەهەموو ئەو کەلێنانەی لەدەرفەتێك، ئاگا مەعریفییەکانی پڕکردووەتەوە.

ئەسیری ئەو ئاگا مەعریفییانەی گەمەکردن نییە لەگەڵ زمانی شیعر، بەڵکو تا ئاستی دروستی رەتکردنەوەی ئەو هەست و نەستە دروستکراوانەن، کە شیعریان لەسەر بنەمایەکی سۆزداریدا، دوور لەواقعی سەپێنراو دەنووسییەوە. ئەسیری بەمەفهوومێکی عەقڵانی دەست لە ناخی خۆی وەردەدات و دەکەوێتە سۆراخی ئەو پەیامەی خەونێ بوو لەڕووی راستگۆیی ئەزموون (صدق التجربە)، کەهەموو دەرفەتێك رووناك دەکاتەوە.

ئەسیری دوای گەڕانەوەی لەئەستەنبوڵ، وەرچەرخانێکی سەرتاسەریی بەناخی خۆیدا دەهێنێت و دەرئەنجامێك بۆ شیعرییەتی سەردەمێکی تازەتر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، کەهێزی دەربڕین، هێزێکی ناوەڕۆکی زۆر قووڵتری دەوێت، بۆ گەیشتن بەو پێکهاتە عەقڵانییانەی زەمەنێکی زۆرتر لەنێو کۆمەڵگادا بەئیبداعی دەمێننەوە، دیارە مانەوەی بەدروستی لەناکامڵی جیادەکاتەوە. مەبەستمان لەدروستیی شیعر و ناکامڵی دیاریکردنی هەموو چەمکەکانی شیعرەو، خەیاڵ بەستنەوە نییە بە ناواقیعی بوونی خەیاڵەکان.

ئەمڕۆ دوای پتر لەچل ساڵ، پاش کۆچکردنی ئەسیری، بەهەمان هێزی ناوەکی چەمکەکانی شیعر بۆ شیعرەکانی ئەسیری لێکدەدرێتەوە، وەك دروستبوونی خەیاڵێکی واقعییانە پەی بردن بەو ئازارانەی لەنیشتمانپەروەریدا کۆمەڵێك کێشە رەتدەکرێنەوە. ئەو لەو سەردەمەی خۆیدا بیری لەهۆشیاریی میللەتەکەی کردووەتەوە، کەدیارە یەکە ئەستەنگی کۆمەڵگا بێت و لەدوای گەشتەکەی ئەستەنبوڵ، بەتەواوی خەمخواری بیری ناهۆشیاری کۆمەڵگەکەی بووە.

ئەسیری بەپێی ئەو بەڵگەنامە شیعرییانەی کەباس لەکۆمەڵێك ئازارو ئەشکەنجەی کورد دەکەن، دەردەکەوێت کەئەودەمە خەڵکی ئاگادارکردووەتەوە، کە بەس سەرقاڵی رووبەڕوو بوونەوەی سەختی ژیان بن، میللەتی کورد سەرقاڵی بیری ئازادی نەبوون، پێش ئەو سەردەمەش شاعیرانی کورد خەمخۆری ئەو بیرە بوونە، وادیارە هەموو ئەو شاعیرانەی کەخۆیان بەبەرپرسی واڵاکردنی ئەو بیرە زانیوە، شیعریان لەو بوارەدا نووسیوە. ئەوەی جێی ئاماژەیە لێرەدا ئەوەیە کەئەسیری رووبەڕووی نەیارەکان نەبووەتەوە، بەقەد ئەوەی رووبەڕووی میللەتەکەی خۆی بووەتەوە، ئەمەش دەمانباتەوە لای ئەو قسە بەنرخەی کەدەڵێت: (هەق ئەسێنرێت نادرێت).
تەوەری پاش گەڕانەوەی ئەسیری لەئەستەنبوڵ، تەوەری گشت ئەو گۆڕانکارییانەیە کەدەکرێت باس لەهەموو ئەو ئەزموونانە بکەین، کەشیعر زادەی هەستە یان گەڕان بەدووی ئەو ئەستانەی لێی خافڵبووە. بەلای شیعرەکانی ئەسیرییەوە ئەو بەئاگا مەعریفییە بریتی نەبووە لەدیراسەیەکی ئەکادیمیانەی شیعر، بەڵکو دەستوەردانە لەشوێن گۆڕکێ لەهەست و ئەستەکانی مرۆڤ، بەعەقڵێکی جیاوازتر بۆ تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر لە خۆبەگێلزانی.
دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد، شیعرەکانیان لەبونیادێکی فەلسەفییانەی رووبەڕووبوونەوە لەمەڕ چەمکەکانی رامیاریی مەسەلەی کورد، بۆیە هەچ شاعیرێکی نەتەوەیی خۆی بەبەرپرسیار زانیوە لەکولتوورێکی شایستە بۆ دامەزراندنی شۆڕشێك بۆ سەرفرازبوون، بۆیە دەبینین یەکە دەستەواژەی ئەو جۆرە شیعرانە خاك و زمان بوونە، بۆ بیری دروستی رێڕەوی شیعرییەتی کوردی، هەر لەسەر ئەو بیردۆزەیە ئەسیری پاش گەڕانەوەی لەئەستەنبوڵ ئەو ئاگا مەعریفییەی تێدا سەرهەڵدەدات و بەعەقڵێکی نەتەوایەتیی دەکەوێتە رێ. ئەسیری تێدەگات بۆ ئەوەی لەو بوارە رووحی کوردایەتییەکەی لەحاجی قادر کەمتر نەبێت، دەبێت دەستبەرداری عەشق بێت و سەروماڵی عەشقی ببەخشێت بەکوردستان، بێ ئەوەی بۆ زاکیرەی مێژوو شیعرێك.. دیڕێك.. وشەیەك جێبهێڵێت لە(قەسیدە غەزەلییەکانی) هەر هەمووی دەسووتێنێت، بەبیری خۆی کەمێژوو بێ رەحمە لە سەربهوردیدا، تا نەبێتە بەڵگەنامەی عەشقی لەمەڕ کچێکەوە یان لەهەستی نیشتمانپەروەریی کەم نەکاتەوە. سەدجار مەخابن ئەو شیعرانە وەك لایەك لەمێژووی کورد بەگومانلێکراوی فەنابوون بێنینەوە سەر لابوردی ئەو ژوورەی عەقڵی ئەسیری، ئەو هەموو عەشقەی بەخشییە فەنابوون و بیری نەتەوایەتی، چی وایلێکرد پاش گەڕانەوەی لەئەستەنبوڵ لەشەوو رۆژێك مەدرەسەیەکی تازە بۆ ئیدراکبوونەوەی عەقڵی کوردی دابمەزرێنێت..؟ ئەسیری دوای ئەوەی چاوی بەو هەموو تەقەنیاتەی رۆژئاوا دەکەوێت، دوای ئەوەی دەزانێت مەدەنیەت هەر ئەوە نییە عورف و عادەت و ئایین سەپاندبێتی بەسەر خەڵکییەوە، مرۆڤ خودی خۆی کایەیەکی بەرفراوانە لەعەقڵ، وەلێ هۆکارێك هەیە بۆ خستنەکاری ئەو کایەیە، رەنگە ئەوەی کە بەسەر ئەسیریدا هاتووە ئەو هۆکارە بووبێت، ئەوەتا زۆر بەسەرسوڕماوییەوە کاریگەریی خستنەکاری ئەو عەقڵە مەعریفییانە بەشیعر دەردەبڕێت:

خەڵکی خۆرئاوا بزانی چی ئەزانن، وڕ ئەبی
گەشتی شارو کارخانەو کردەیان کەی، سڕئەبی

ئەسیری دوای ئەوەی لەهەوەڵین دێری قەسیدەکەیدا ئیشارت بەوشەی خەڵکی دەکات، مەبەستی ئەوەبووە کەخۆرئاوا تەنیا قەومێك نییە، بەڵکو زۆربەی هەر زۆری رووبەری گێتییە کەجێی سەرسوڕمانە، ئەو هەموو خەڵکە گەیشتبێتن بەو هەموو عیلمەو ئێمەش لەدواترین خاڵی کاروانەکەدابن. هەموو هۆکاری ئەم پاشکەوتنەشمان دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقڵییەتی کورد، پاشان سوورەتێکی واقعییانەی ئەو پاشکەوتنەمان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کەکورد هەر خەریکی دابڕان و یەك نەگرتنەوەیان بووە.

بۆچی وەك گەل، گەل تۆ نابی هۆگری پیاو گەلت
وا لەبەر چیتە پەشێو و هەر لەیەك بڕبڕ ئەبی..؟

دیاریکردنی مێژوویەكی گومانلێكراو و فەناكراو دەگەڕێنێتەوە بۆ كورد خۆی. دیارە ئەسیری بەڕای من ویستوویەتی بچێتە ناو كۆمەڵێك لەفەلسەفەو دەروونناسی، كەهۆكارێك بووە لەململانێی لایەنە مرۆڤایەتییەكە، كە بەپێی عادات و عورف و ئایین نەیتوانیوە زۆر بەئاشكرا لێی بدوێت، دیارە نەخشەیەكی كوشندە بووە لەبۆ بیری نەتەوایەتی. ئاماژەكردنی ئەسیری لەو بارودۆخەی كوردستان بۆ مەدەنییەتی خۆرئاوا دەگەڕێنێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆ، یەك نەگرتنەوەی كوردو پارچە پارچەبوونی دیاریكردنی كەسایەتیی ناودار بۆ بڵاوكردنەوەی پەیامی شۆڕش، هەروەها ئەو هۆكارانەی كەئەسیری راستەوخۆ باسی لێوە نەكردوون، دژ بەو دەسەڵاتانەی رەتی مەدەنییەتیان دەكردەوە بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆیان. ئەوەی جێی ئاماژەپێكردنە لێرەدا، مرۆڤ بەدوو خەسڵەتی سەرەكی لەبێئاگایی خۆی بەئاگا دێتەوە، ئەویش رەوشت و كردەوەیە كەئەسیری باسی لێوە كردووە، بەهەردوو خەسڵەتەكەش هەڵسوكەوت دەگرێتەوە، بۆیە كەچاوی لەهەڵسوكەوتی خۆرئاوا كەوت، هاتەوە تا ئەوە بەیانبكات (ئەگەر وا بێت رەوشت و كردەوەتان، میللەتێكی پەشێوو ملكەچ و جل شڕ دەبن) ئەسیری بۆ جل شڕی كۆمەڵێك مەفهومی هەیە، كەمن پێموایە مەبەستی عەقڵییەتی كۆن بووە، كەهەرگیز ئینسجامیان نابێت لەگەڵ رەوتی پێشكەوتندا، هۆكاری سەرەكیش بەلای ئەسیرییەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە فەرزكراوەی بەناوی كولتوور و ئایینەوە كەهەرگیز موناقەشاتی تێدا ناكرێت. ئەوەتا بەزمانێكی جوان دەئاخاوتێ و دەڵێت:

لاوی كوردی من، نەمامی نەورەسیدی میللەتی
وەك پێشوونانت، بجوولێی، دیارە تۆشم زڕ ئەبی
ئەوجا لەدوا مەتاق حەسرەت و خەمی گەلەكەی مەلەل نابێتە ئەستەنگی تا دواڕۆژی مردنی هەر هاواردەكات.

زۆر مەبەستە بڵێین: ئەسیری پەنجەی بۆ زۆر هۆكار راكێشتووە، كە لەئەورووپا بووەتە مایەی پێشكەوتن، دوای ئەو هەموو موعاناتەی ئەسیری بەو دێڕە شیعرە قەسیدەكەی تەواو دەكات كەدەڵێت:

ئەی ئەسیری تووشی دەردێ بوویت (دائوالمیللە)یە
ناگری زارت، هەتـــا دەمـری لەگـــۆڕا كرێەبی

من پێموایە ئەسیری دوو هۆكاری لەم دێڕەدا مەبەست بووە، یەك: ئەگەر وەك شاعیرێك شیعرەكانی ئەو سەردەمە مقۆمقۆی لەسەر بووە، تا نەبێتە باری رەخنەگرانەی تەتبیقی لەسەر شیعرەكانی ئەو دێڕەی هێناوەتەوە كەناتوانێت دەستبەداری ئەو پەیامە بێت ئەوەی لەسەری بووە زۆر گەورەترە لەوەی نەینووسێتەوە، دوو: هوشیاركردنەوەی ئەو رۆشنبیرو شاعیرانەی دوای خۆی كەئەو پەیامە كپ نەكەنەوەو دوای خۆی نەمرێت.

# نیوکۆڵ کرۆس:
# تایبەتمەندیی رۆمان وایە کەکەمتر گوزارشتە لەخودی نووسەر

و: ئاوات حەسەن ئەمین

نیکۆلّ کرۆس، رۆماننووس و رەخنەگرێکی ئەمریکاییە، ساڵی (1974) لەنیویۆرك لەدایکبووەو زانکۆی ستانفۆردی تەواوکردووە. لەزۆربەی بڵاوکراوەکانی وەکو نیویۆرك تایمزدا نووسینە رەخنەییەکانی بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمە شیعرییەکانیشی لەبڵاوکراوەکانی پاریس و ریفیۆو بلوتیرز و ریلتیك- دا رووناکییان بینیوە. ئێستا نیشتەجێی شاری نیویۆرکە.

یەکەمین رۆمانی ئەم ژنە نووسەرە، کە لەژێر ناونیشانی (پیاوێك بەناو ژوورەکەدا دەڕوات) بوو، بووە جێگای سەرنج و مشتومڕی زۆر نووسەری ناودار، لەوانە گەورە نووسەری کۆچکردوو سوزان سونتاگ. هەروەها (ا، هـ، هومز) لەبارەی ئەو رۆمانەوە وتوویەتی (ئەوەی دەگمەنە ئەوەیە کە ئەمە یەکەمین رۆمانە یادەوەری و هەست بەشێوەیەکی جوان ئەجووڵێنێ و تۆماری ئەکات، کەدیارە بەرهەمێکی راستی هونەری چیرۆکە).

لەمانگی ئایاری ئەمساڵدا (2006) رۆمانێکی تری چاپ و بڵاوکردەوە، لەژێر ناونیشانی (مێژووی خۆشەویستی). لێرەوە بەشێك لەچاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم رۆماننووسەدا دەکەینە کوردی، کە گۆڤاری (العالم الأدبی- جیهانی ئەدەبی) لەگەڵیدا سازیان کردبوو:

*رۆمانی یەکەمت رەنگدانەوەیەکی گەورەو کاردانەوەیەکی دیاری هەبوو لەنێوەندە رۆشنبیری و بەتایبەتی لەلای رەخنەگرانیش، تۆ پێشبینیی ئەو جۆرە کارەت کردبوو..؟

-زۆر لەوە تێناگەم کەچەند کتێبەکانم لەناو خەڵکیدا دەمێننەوە، هەندێك خوێندنەوەم لەسەر ئەو بەرهەمە بینیوە، قسەشم لەگەڵ کەسانێك کردووە، کەئەو بەرهەمەیان خوێندووەتەوە، ئەمە پاداشتە بۆمن، هەرچەندە ئێستا کە بەناو کتێبخانەکاندا گوزەر دەکەم و بەرهەمی خۆم لێرەو لەوێ بەرچاودەکەوێت، ئەستەمە کەبڕوا بکەم کەسانێك هەن ئەو بەرهەمانەم دەخوێننەوەو بەدڵیانە.

*لەپێش رۆمانی (پیاوێك بەناو ژوورەکەدا دەڕوات)دا، تۆ شیعرت ئەنووسی، بۆچی ئەم بڕیارەت دا بەوەی لەنووسینی شیعرەوە دەستبکەیت بەنووسینی چیرۆك..؟ ئێستاش هەر شیعر ئەنووسی..؟

-زۆرجار لەنووسینی شیعردا ئاماژە بۆ خودی دەروونی شاعیرەکە دەکرێت، بەو واتایە.. ئەگەر راست بێت یان نا ئەوا خوێنەر وا هەست

ئەكات كەكەسی قسەكەری یەكەم خودی شاعیرەكەیە، بەڵام ئەوەی كەزانراوە ئەوەیە لەڕۆماندا كەمتر گوزارشتە لەخودی نووسەر، دیارە بۆچی رۆمان ئەنووسم، ئەمەیان بۆ رێكەوت ئەگێڕمەوە، جاری یەكەم نووسیم و دواتر حەزم كرد كەدوویارەی بكەمەوە، حەزم كرد كە بەنووسینی شتێكی گەورەوە خەریك بم، كەهەڵگری فەوزابێت، شتێك لەگەڵ زەماندا گەشەبكات، لەناو دەستا سەنگی هەبێت، لەوانەیە ئێستا یان لەئایندەدا بگەڕێمەوە سەر نووسینی شیعر، چونكە ئەو زۆرترین كاریگەریی لەسەر ئەو گوزارشتە هەیە كە لەزماندا ئەتوانین بیكەین.

*ئەتوانین بڵێین كەڕۆمانی (پیاوێك بەناو ژوورەكەدا دەڕوات) بەتەواوەتی رۆمانێكی ئەمریكاییە لەكەشفكردنی داستان و میسۆلۆژیایەكی دیاریكراودا، كەتەواو سەر بەكولتووری ئەمریكایە. دیارە ئەم جۆرە رەهەندە لەنووسیندا ئامانجی هەندێك لەنووسەرانە، كەواتە چۆن ئەو بڕیارەت دا لەنووسینی ئەم رۆمانەو بەو رەهەندە..؟

-من ئامانجم نەبووە كە هەوڵی نوسینی (رۆمانێكی ئەمریكی) بدەم، ویستم رۆمانێك بنوسم كە رەنكدانەوەی خۆمی تێدابێت، دیارە من بە رێكەوت ئەمریكیم، هیچ كام لە باپیرانم لێرە لەدایك نەبوون، ئەوان (زۆربەی خێزانەكەمان) پەرشوبڵاون لێرەو لەوێ. دیارە من هەندێك لە ژیانم لە ئەورووپا بەسەر بردووە، بۆیە بڕیارەكەم نەخشە بۆكێشراو بوو، كە باری رۆمانەكەم لەبیابانی ئەمریكادا بێت، نەك لەنیویۆرك و كالیفۆرنیادا.

دیارە من لێرەدا مافت ئەدەمێ كەوایە، چونكە رۆمانەكە لەسەر ئەوەیە كەمرۆڤ كۆچبەربێت، دیارە من ئەمەم زیاتر لەوە مەبەست بووە كەڕۆمانێكی ئەمریكایی بنووسم، ئەمەش بەڕێكەوت واكەوتەوە كەزۆربەی خێزانەكەمان وان، ژیانیان لەجێگایەكی نوێ دەستپێكردووە، ئەمانەش بابەتی ئەمریكایی هاوبەشن لەكتێبی داهاتوومدا. دەنگی سەرەكی لەوێدا كەسێكی جوولەكەیە لەئەورووپا لەدایكبووە، هەتا دوای كۆتایی جەنگ لەوێ ژیاوە، دواتر درێژكراوەی بابەتی چیرۆكەكە نیویۆركی ئێستایە. كەواتە: ئایا ئەم رۆمانە ئەمریكاییە ئەورووپاییە؟.

بەڕاستی نازانم، كاتیش لەوەدا بەسەر نابەم كەئەوە بزانم، من ئەوە ئەنووسم كەئەزانم چۆن بینووسم، هیوادارم كەكەسێكی تر نەیتوانیبێت بینووسێت.

سەرچاوە: الصباح-الپقافیە، العدد (872)، 2006/6/28، ترجمە: عادل عامل.

# چالاکییەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2006 دا

*لە رۆژانی (11و 12و 13/مارتی/2006)دا بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی، زنجیرە کۆڕێکیان لەمەڕ ماستەر پلانی شاری سولەیمانی سازکرد، چالاکییەکان لە هۆڵی بازرگانی بەڕێوەچوو، تیایدا لەژێر دروشمی (سلێمانی: لە راپەڕینەوە بۆ ماستەر پلان.. تێڕامانی لە ئێستا پلاندانان بۆ ئاییندە)، ئەم بەرنامەیە داڕێژراو پێشکەشکراو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیاران و فەرمانبەران و نووسەران و خەڵکی خەمخۆری مۆدێرن ئامادەبوون و گوێبیستی ئەم تێکستانە بوون:

1–رۆژی یەکەم 3/11 دوای ئاهەنگی دەستپێکردنی بەرنامەکە، ئەم بابەتانە پێشکەشکران:

أ)(کورتەیەك دەربارەی پرۆژەکە)، لە لایەن ئەندازیار (شێخ عومەر مەحوی) ەوە پێشکەشکرا.

ب)ماستەر پلان و پەوەیندیی بە سیستمی (G.I.S)، لە لایەن ئەندازیاران (نیاز سەعیدو بەهادین محەمەد)ەوە پێشکەشکرا.

ج)پرینسیپەکانی پلاندانانی شارو هەرێم، کێشەو گرفتەکانی لە ئێستای کوردستاندا، لە لایەن ئەندازیار (سەربەست حسێن) ەوە پێشکەشکرا.

د)رێکخستنی شارو سیستمی پاکوخاوێنی، لەلایەن ئەندازیار (شەماڵ عەبدولخالق محەمەد) ەوە پێشکەشکرا.

2–رۆژی دووەم (3/12)، ئەم بابەتانە پێشکەشکران:

أ)گەشەی دانیشتوان لەشاری سلێمانیدا، لەلایەن ئەندازیار (بەیان عەلی حسێن) ەوە پێشکەشکرا.

ب)رەشەباو کاریگەریی لەسەر نەخشەسازیی شاری سلێمانی، لەلایەن مامۆستا (جەزا تۆفیق تالیب) ەوە پێشکەشکرا.

3–رۆژی سێیەم (3/13)، ئەم بابەتانە پێشکەشکران:

أ)ونبوونی رەهەندی ئێستاتیکی لە هونەری بیناسازیی ئێستای کوردستاندا، لەلایەن نووسەر (رێبوار سیوەیلی) ەوە پێشکەشکرا.

جەژنی رۆژی جیهانیی شیعر

*لە رۆژانی (20 بۆ 2006/3/23)، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ بە هاوکاریی وزارەتی رۆشنبیری، سێیەمین یادی رۆژی جەژنی جیهانیی شیعر کرایەوە. مەراسیمەکە لە هۆڵی مۆزەخانە بەڕێوەچوو، سەرەتا (یاسین فەقێ سەعید) سەرۆکی بنکە وێڕای پیرۆزبایی لە شاعیران، وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد، دواتر شاعیری گەورەی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس) وتەیەکی پەخشان ئامێزی خوێندەوە، هەر لەو بۆنەیەدا هەر یەك



لە (جەوهەر کرمانج)و (هاوڕێ سەنگاو)و (سابیر سدیق) وتەیەکیان پێشکەشکرد، جێی سەرنجە لەم پێشانگایەدا زیاتر لە (50) تابلۆ لەگەڵ بەشێك لە شیعرەکانی شاعیرانی بەشداربوو نمایشکرابوو، هەروەها ئامادەبوونێکی باش لە بینەران و عاشقانی شیعری بەخۆیەوە بینی.

دراماى کوردی.. خوێندنەوەیەکی رەخنەیی (گەردەلوول) وەك نموونە

هەر لە درێژەی چالاکییەکانی بنکەی گەلاوێژدا، دوو ئێوارە کۆڕی سازکرد بە ناونیشانی دراماى کوردی.. خوێندنەوەیەکی رەخنەیی (گەردەلوول) وەك نموونە، هەردوو کۆڕەکە لە رۆژانی (7-2006/5/8) لە هۆڵی دیالۆگ- مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بەڕێوەچوو، بەم جۆرە:

ئێوارەی یەکەم: هەر یەك لە بەڕێزان (دەروێش عومەر، عوسمان عەبدولڕەحمان، کامەران جەمال) لێکۆڵینەوەو رەخنەیان تێدا ئەنجامدا.

ئێوارەی دووەم: بەڕێز (ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی) بابەتێکی بە ناونیشانی (سیناریۆ لە دراماى کوردیدا) پێشکەشکرد.

شیاوی باسە هەردوو ئێوارە کۆڕەکە باس و خواسێکی تێرو تەسەلی لەسەرکراو جەماوەرێکی هونەردۆست ئامادەی هەردوو دیدارەکە بوون.

*(گەلێکی هۆشیار.. شارێکی خاوێن) ئەمە دروشمی دوو ئێوارە کۆڕ بوو لەمەڕ ژینگە پارێزی و دانانی بنەمای نوێ بۆ پاراستنی ژینگەی وڵاتەکەمان.

ئەم دوو ئێوارە کۆڕە لە رۆژانی (21و 2006/5/22) لە هۆڵی ژووری بازرگانی لەلایەن (سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی) بە هاوکاریی بنکەکەمان سازکرا، بەرنامەکەش بەم شێوەیە بوو:

کۆڕی یەکەم: رۆژی یەك شەممە 2006/5/21 سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ پێشکەش کرا، کە بریتیبوو لەم بابەتانە:

أ)(پرۆژەی کۆکردنەوەو لابردن و چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك)، کە لە لایەن ئەندازیار (رەنج عەباس نوری ساحێبقڕان)ـەوە پێشکەشکرا.

ب)(میکانیزمی ئێستای کارکردنی شارەوانی بۆ خاوێنیی شار)، کە لە لایەن ئەندازیار (رێبوار فەرەج مەحمود)ەوە پێشکەشکرا.

ج)(باسێك دەربارەی بایەخ و پێداویستیی ژینگەپارێزیی)، کە لە لایەن (نوێنەری کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز)ەوە پێشکەشکرا.

کۆڕی دووەم: رۆژی دوو شەممە 2006/5/22 سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ پێشکەش کرا، کە بریتیبوو لەم بابەتانە:

أ)(ژینگەو پیس پەرستەکان)، کە لە لایەن نووسەر (شێرزاد حەسەن)ـەوە پێشکەشکرا.

ب)(بایەخ و میکانیزمی ژینگە پارێزیی لە شاردا)، گە لە لایەن نووسەر (هەڵکەوت عەبدوڵڵا)وە پێشکەشکرا.

ج)(ژینگەو پارادیگمی تێڕامان..)، کە لە لایەن رووناکبیر (رۆبیتان کاکەزاڵ)ـەوە پێشکەشکرا.

*لە درێژەی چالاکییەکانیدا، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لە رووی وەفاو خۆشەویستیی بۆ گەورە شاعیری کورد

مامۆستا (ئەحمەد هەردی)، لە ئێوارە کۆڕێکی قەشەنگدا مێژووی ئەدەبی و شۆڕشگێڕیی ئەو شاعیرەی بەرز نرخاند و بە دروشمی (ئێوارە رازێك بۆ ئەحمەد هەردی و شریتی عومری رابردوو) هۆڵی سولەیمانیی سەنتەری گەنجان لەناو ئاپۆرەی ئامادەبووانی عاشقی شیعری هەردی چەندین پارچە شیعری هەردی لە لایەن کاك (حەمید عەبدوڵلا بانەیی) خوێندرایەوە، هەروەها لە لایەن مامۆستایانی بەڕێز




(د.ئیحسان فوئاد و مستەفا سالح کەریم)ـەوە یادداشتی خۆیان لەگەڵ هەردیی شاعیردا گێڕایەوە، هەروەها شاعیری گەورەمان (شێرکۆ بێکەس) قەسیدەیەکی تایبەت بە ژیان و شیعرو خەباتی هەردیی پێشکەشکرد. هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ کاك (حەمە جەزا) قەسیدەیەکی لە شێوەی مەقامدا وت.

هەروەها دەستەی باڵای بنکە بڕیاریدا بە پێی توانا ئاوڕ لەو بەهرەمەندە داهێنەرانە بداتەوە کە بوون بە بەشێکی ئۆرگانی لە کاروانی ئەدەب و هونەری گەلەکەمان، بە تایبەتی تا خۆیان ماون یادیان بکەینە نەریتێك لە بەرنامەکانی داهاتوومانداا.

هەروەها دەستەی باڵای بنکە بڕیاریدا ساڵانە خەڵاتێك بە ناوی خەڵاتی هەردی ببەخشێتە داهێنەرێکی لاوو بەردەوامبێت لەسەر ئەو کارەی، پاشان لە کۆتاییدا کاك (ئاسۆس هەردی) وتاری بنەماڵەی خوێندەوەو سوپاسی بنکەی گەلاوێژو جەماوەری ئامادەبووی کرد.

*ڕۆژی چوار شەممە (2006/6/7)، بەشی ڕووناکبیریی بنکەکەمان لە هۆڵی دیالۆگی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، کۆڕێکی پڕ بایەخی بۆ نووسەری بەڕێز (د.بورهان یاسین) سازکرد، ئەو ئێوارە کۆڕە لە ژێر دروشمی (بەراوردێك لە




نێوان جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست و ئەنفال) دابوو.
تیایدا بە وردی بەراوردی خرایە روو، کە ژمارەیەکی لەبەرچاو ئامادەبوون و بەشدارییان کرد.

*لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژدا بانگێشتی (گرووپی موزیکی بابل) کرا بۆ شاری سلێمانی لە ژێر دروشمی (سلێمانی و باوەشێك بۆ ئاوازە بریندارەکانی بەغدا) بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان، نمایشگەلێك بۆ پارچە موزیك و گۆرانیی بەغدادی و مەقامی عیراقی کرا.. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان ئامادەی نمایشەکە بوون.
هەروەها لە نێو چالاکییەکاندا کچە هونەرمەندی بە توانا (کیژان ئیبراهیم خەیات) بە گۆرانییەکی کوردیی بەشداریی کردو پارچە موزیکی (بۆ هەڵەبجە)ش یەکێك بوو لە بەرهەمە قەشەنگەکانی نمایشەکە.
شایانی باسە گرووپی بابل یەکێکە لەو گرووپە بە توانایانەی شاری بەغدا کە لە ساڵی (1996)ەوە دامەزراوەو کۆمەڵێك هونەرمەندی لێهاتوو کاری تێدا کردووە.
هونەرمەندانی بابل پێکهاتەیەکن لە هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکانی عیراق و لە عەرەبی شیعەو سوننە و کوردو کلدۆ ئاشووری پێکهاتووەو ژمارەی ئەندامانی (17) کەسن و هەرچەندە هەموویان نەیانتوانی ئامادەبن، بە هۆی ئەوەی هەندێکیان عیراقیان بەجێهێشتووەو ژمارەیەکیشیان لە ترسی هەڕەشەی تیرۆریستان نەیانتوانی ئامادەبن.

# وێنەیەك بەپێنوس

بە پێنوسی: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



لە ئەدەبو هونەرو رۆشنبیریی کوردیدا هەن پزیشککارن یان ئەندازیارن لەناو مەشغەڵەتی دنیای پزیشکیو نەخۆشخانەو بیناسازیو رێگاوبانو نەخشەسازیدا دەستیان بە ئەدەبو هونەرەوە گرتووە، رەنگە تیایاندا هەبێت لە بایەخپێداندا پیشەی رۆژانەی خۆی دوای ئەدەبو هونەر خستبێت یان بەقەد ئەو بایەخی پێداوەو زەمەنێکی لە ژیانی داگیرکردووە.
نمونەی ئەمانە لە ئەدەبی جیهانیدا زۆرە. ئەندازیارو دکتۆرو زانایانێکی دیارو لەبەرچاو هەبوون یان وازیان لە پیشەکەی خۆیان هێناوە بۆ ئەدەب یان هەر هاوکات لەگەڵ پیشەکەیاندا وەك مۆم بۆ ئەدەبیش سوتاون.
تشیخۆف چ نمونەیەکی گەورەی ئەم بوارەیە یان شاعیری ئەڵمانی گۆتفرید بین، کە ژیانی پزیشکی لە ئەدەبەکەیاندا رەنگیداوەتەوە.
لێرەدا ناکەوینە بەراوردکاری نێوان ئەدیبو هونەرمەندی ئێمەو ئەوانی دی. ئەمانە دوو حاڵەتو دوو ئاستی جیاوازن. بەڵام لە ئەدەبی هونەری ئێمەشدا چەندین دکتۆرو ئەندازیاری ئەدیب بەرچاو دەکەون.
پتر لە (30) سی ساڵ دەبێت هاورێم تەیب جەبار ئەمین ئەندازیارەو لە بواری ئەندازەدا کار دەکات. زۆربەی شارەزایانو چاودێرانی ئەم وڵاتە شایەتی بۆ تواناو دەستڕەنگینیو شارەزاییو دڵسۆزی ئەم ئەندازیارە دەدەن بەڵام کەسانی نزیك لە کاك تەیبو زۆر لە ئەدیبان ئەزانن بەقەدەر ئەوەو بگرە زیاتریش دڵسۆزی ئەدەبو هۆگری کتێبە. من وای بۆ دەچم کتێب ژەمی دووەمی ژیانی بێت ناڵێم دوای ئەندازە، بەڵام دەڵێم دوای خواردنی هاتووە. دۆستایەتی ئەم لەگەڵ کتێبدا لەسەر شێوازو بنەمای عەشقو راستییە.. بە رادەیەك کە ئارەزو دەکات هەموو کات ئاگایی تەواوی لەسەر روداوی رۆشنبیریو دنیای چاپەمەنی هەبێت، لە بەیروت یا لە میسر کتێبێك یا گۆڤارێکی سەرنجڕاکێش

دەردەچێت باسی دەکاتو خەم دایدەگرێتو پاش بیرکردنەوە لەشێوەی پرسیاردا دەڵێت: باشە چۆن دەستمان بکەوێت؟ جاری وا هەبووە نوسەرێکی عەرەبم لەگەڵدا بووەو رێککەوت چاومان بە کاك تەیب کەوتووە، نوسەرە عەرەبەکە وایدەزانی لەم شارەدا کەس نایناسێت بەڵام کە لەگەڵ کاك تەیبدا دەوەستاین یەکسەر ناوی یەك دوو کتێبی دەهێنا، ئاماژەی بۆ فلانە وتارو لێکۆڵینەوەی دەکرد، ئیتر نوسەرەکە خۆشییەك دەیگرتو منیش وام هەستدەکرد کە ئەم دوو نوسەرە زەمانێکە یەکتر دەناسن. تەیب زاکیرەیەکی رۆشنبیری فراوانە، بەڵام بیرگەیەکی پتەوو بەهێز کە ئاگای تەواوی لە دنیای رۆشنبیری کۆنو نوێو نەوەکانی رابردو وە نەوەی نوێ هەیە، تەنانەت ئەو قەڵەمانەش کە ئەوەندە بەهێز نین.

ئەگەر بلوێ دەڵێم مەساحی دەیە رۆشنبیرییەکانمانە، ئەگەر بلوێ دەڵێم: لەپاڵ نوسینەکانیا رۆشنبیرێکی زارەکییە، راستە لە نوسیندا کەمکارە بەڵام ئەو بەدوادا چوونو پەرۆشییەی بۆ کتێبو سەرچاوە سیفەتێکی نوسەرێکی راستەقینەیەو لای زۆر لە نوسەرە زۆر کارەکاندا کەم بەدیدەکرێ.

کاك تەیب حسێکی رەخنەیی جوانی هەیە، وا بۆ ئەویشم لە رێگای خوێندنەوەی چەند نوسینێکی رەخنەییو راگۆڕینەوەو دانیشتنەوە.. وردەکاری لە خوێندنەوەی دەقدا رەچاو دەکات، وردەکارییەك کەلە زەبتو رەبتی ئەندازەیی دەچێت، حەز لە زۆر بلێییو زمانی فشەڵو درێژدادڕی ناکات، هۆکاری ئەمیش سەرەڕای بەئاگایی لە سەرچاوەو پەیڕەوی رەخنەیی، پەیوەندی بە پسپۆڕی خۆیەوە هەیە لە بواری ئەندازەدا. خۆ ئەمە شتێکی دروستە وردبینی شاعیر دەبێت لە بیناکاریدا لە شارەزایی ئەندازیار بچێت لە بیناسازیدا. بۆشاییەك یان دانانی خشتێکی زیاد جوانکاریو سوودی بینایەك تێکدەدات، دەقی ئەدەبیش ئاوەهایە.

پێموایە وەك لە وتارێکمدا وتوومە، جاری وا هەبووە کە گوێم لێگرتووەو شارو خوێندنەوەی شاری، لەسەر ئاستی ئەندازەیی وەك دەقێك، بەڵام دەقێکی ئەدەبی، یا تابلۆیەك خوێندووەتەوە. دیسانەوە ئەمەش بۆ خوێندنەوەو کاریگەری رۆشنبیری ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ئەندازەییو ئەدەبی دەگەڕێتەوە.

لەپاڵ ئەمانەدا راستیو دڵسۆزی تەیبم بەلاوە ئێجگار گرنگە، دۆستایەتی راستەقینە لەگەڵ دۆستە راستەکاندا، دڵسۆزی بۆ کار، خەمخواردنی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان، وەفا، رۆشنبیری لای ئەم شتێکە لەگۆڕا ندایە، دیارە ئەمە کارێکی چاکو ویستراوە لە رۆشنبیری، بەڵام دڵسۆزیو وەفای راستەقینەی لەگەڵ کەسە راستەکاندا هەمیشە نەگۆڕ بووە. نەك تەنها من بەڵکو زۆربەمان رۆشنبیری مرۆڤ و ئاستی رۆشنبیری لە خیلالی چەندو چۆنیەتی فلان یا فیسار لە کتێبەوە دەپێوین، واتە دورکەوتنەوەی یان نزیکبوونەوەی لە کتێب. یان ئاستی کۆمەڵایەتیو دڵسۆزی بۆ دۆستایەتی، لە خیلالی گۆڕینی پلەو پایەوە دەپێوم. من هەموو کات بە درێژایی دۆستایەتیم لەگەڵ تەیب جەباردا بە کەسێکی ئێجگار نزیکم بینیوە لە کتێبەوە، ئەندازیار بووبێت یان بەڕێوەبەر یا وەکیلی وەزیر هەر بە تەیبێکی دڵسۆزو پاکو ئێجگار پاك بینیومە.